


# شەهید پێشەوا قازی محەممەد؛

# میراتێک بۆ هەموو نەوەکانی کوردستان

## کۆمەڵێک ”بابەت“ و ”دیمانە“

---------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- سەروەری شەهیدم، پێشەوا قازی محمد ........................................ رەشید قازی ..... ٤

٢- ڕوحی ڕێبەر و سەرداری گەورەمان، پێشەوا قازی و هاوڕێیانی شاد بێت .................... محەممەد سولێمانی ..... ٧

٣- قازی محەممەد پێشەوای «دامەزراوە (نهاد) سازی»ی کوردی ................................ ئازاد محەممەدیانی ..... ١٢

٤- پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر ........................................................ ناسر باباخانی ..... ١٥

٥- دادگاییکرانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان؛ دیلبوونی یاسا بە دەست سیاسەتی فاشیزمەوە ....... لوقمان مێهفەر ..... ١٩

٦- هیچ کاردانەوەیەک بە دژی لە سێدارەدانی قازییەکان نەبوو! ................................. حەسەن قازی ..... ٢٨

٧- "محاکەمە"ی قازیی محەممەد و یارانی بەپێی ڕیوایەتی نەجەفقوڵی پێسیان ...................... حەسەن قازی ..... ٣٠

٨- شا لە زبڵدانی مێژوودایە و پێشەوا لە ئارامگەی خۆیدا! ..................................... هاشم رۆستەمی ..... ٤٣

٩- ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستان ................................................ موعتەسەم نوورانی ..... ٤٧

١٠- ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدە ........................................ محەممەد حەسەن ..... ٥٠

١١- قازی محەممەد، کارێکی کرد کە دۆزی کورد لە هەر ٤ پارچە بڵاو ببێتەوە ..................... رۆژهات ئامەدی ..... ٥٨

١٢- چوارچرا لە ١٠ی خاکەلێوەدا ......................................................... شیروان شەریف ..... ٦١

١٣- قازیی محەممەد لە ڕوانگەی هێندێک کەسی کە چاویان پێی کەوتووە .......................... حەسەن قازی ..... ٦٦

١٤- قازی و ئەو ئامانجەی هەتا سەر پێی وەفادار مایەوە .................................. حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٧٤

١٥- وردەکاریی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێکانی ............................................ پەیسەر ..... ٧٨

١٦- سەدری قازی، یەکەم بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان ................................... پەیسەر ..... ٨٧

١٧- سەیفی قازی لە بازرگانییەوە بۆ وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان ................................ پەیسەر ..... ٩٣

١٨- پێشەوا قازی محەممەد لە نێوان نەریت و مودێرنیتەدا ....................................... مووسا باباخانی ..... ٩٨

١٩- کەسایەتیی پێشەوا قازی لە چاوگەی سێ تیوریدا ............................................. شاهۆ مەتین ..... ١٠٠

٢٠- ئەوەی پێشەوا کردنی ........................................................... عومەر باڵەکی ..... ١٠٥

٢١- بۆ گەل ژیا و بۆ گەل مرد ........ سمایل شەرەفی ..... ١١١

٢٢- کوردو دوانەی مێژو و سیاسەت: قسەیەک لە یادی ١٠ی خاکەلێوەدا ........ بورهان أ. یاسین ..... ١١٦

٢٣- بە بۆنەی یادی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا ... هوشیار ئەحمەدی .... ١٢٠

٢٤- لە یادی پێشەوای مەزنی بێ ڕکەبەردا ........ دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز ...... ١٢٥

٢٥- عومەر باڵەکی: پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو ....... وتوویژ: کاروان مێراوی ..... ١٢٧

٢٦- کۆماری کوردستان لە بازنەی گێڕانەوەکانی ئێرانیزمدا ........ ڕابون کرماشانی ..... ١٣٤

٢٧- ڕێچکەیەک لە پێشەوا قازی محەممەدەوە هەتا ئەمڕۆ ........ قادر وریا ..... ١٣٩

٢٨- دەی خاکەلێوە ڕۆژی هەموو شەهیدانی کوردستان ........ مەجید حەقی ..... ١٤٨

٢٩- کاتی! کارەسات و شوناس! ........ عەلی لەیلاخ ..... ١٥١

٣٠- نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ........ ئەنور کەریمی ..... ١٥٤

٣١- ئەو بڕیارانەی بوون بە نەریت! ........ ناسر باباخانی ..... ١٥٦

٣٢- شەهید بە ژیانی نیشتمانێک بونیات دەنێ ........ کەریم پەرویزی ..... ١٦١

٣٣- بەیاننامەی ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ........... کوردستان میدیا ..... ١٦٥

٣٤- ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان ........ شۆڕش ئەسەدزادە ..... ١٧٠

٣٥- هێمن لە یادی پێشەوا دا ........ فەیسبووکی ناسر حیسامی ..... ١٧٢

٣٦- میراتێک بۆ هەموو نەسڵەکان ........ مەجید حەقی ..... ١٧٤

٣٧- شەهید کێیە؟ ........ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٧٨

٣٨- ١٠ی خاکەلێوە ........ ڕەزا کەعبی ..... ١٨١

٣٩- داخوازێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە: با چیترئەو وێنەیەی پێشەوا بڵانەکەینەوە ............. خەلیل غەزەلی ..... ١٨٣

٤٠- ڕێزگرتن لە شەهیدان، وەفاداریە، نەک دواکەوتوویی و لادان لە ڕێبازی سیاسی ............ محمد سلێمانی ..... ١٨٤

٤١- یادێک لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ........ عوسمان کەوکەبی شاد ..... ١٩١

٤٢- سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانیدا ........ ئاشق ئیسماعیلی ..... ١٩٤

٤٣- ئاسوودە بنوو حەزرەتی پێشەوا! ........ ڕەزا دانشجوو ..... ١٩٨

٤٤- ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و باسێک لەسەر کەسایەتی پێشەوا ................ عومەر بالەکی ..... ٢٠٣

٤٥- سەرکەوتنی هەرەگەورەی ئێمە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتە ..................... د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو ..... ٢١٠

## سەروەری شەهیدم، پێشەوا قازی محمد




**رەشید قازی**

**لە ٧٣ ساڵەی کۆچەکەتاندا هەروا سەربازی رێبازەکەتانم.**

٧٣ ساڵ لەمەوبەر لەوها شەوێکی تاریک و کپ و بێ دەنگدا، سێ ئەستێرەی روناکیدەری کورد رێک لەو شوێنەی کە بانگی ئازادیتان بە گوێ تاکی کورد داچرپاند و ئاڵاتان لێهەڵدا، راخوشین و بۆ هەمیشە بوونە داستانی خۆڕاگری و سونبول و هیمایی نەتەوەیەک. ئێوە هەرچەند بە جەستە نەمان بەڵم لە دڵ و دەروونی تاک تاکی کورد هەمیشە وەک ئەستێرەیەک دەدرەوشێنەوە و هەربۆیە بە نەمانی ئێوە سەدان پێشەوای دیک لەدایک بوونەوە.

پێمخۆش بوو لە ٧٣ سالەی شەهید بونتان چەند راستێکت بۆ باس بکەم. ئیستا بەتەواوی دەستبەسەر نەکرابوون کە عەشایر و ناپاکانی سەردەم کە ئیستاش بە خەروار لە پێناو چەند عانەیەکدا، ناموس و خاک و نیشتمان، بە بیگان دەفرۆشن لە رکێفی نەیار و شانبەشانی پۆستالی بیگانەدا، شاڕیان داگیر کردەوە. ئەوان بەوەش ڕانەوەستان و لە سێ رەهەندی دەربار، لە لای هومایونی واتە شا و سەرۆکوەزیران واتە قەوام و سوپاوە واتە رەزمئاراوە شەو شەونەخونیان کێشت نەک بۆ ڕەزگاری ئێوە و نیشتمان، بەلکو بۆ کۆکردنەوەی وواژوو و نوسینی نامە و بوختان هەڵبەستن بۆ لە سیدارەدان

و ڕادەستکردنەوەی نیشتمان بۆ ژێر پۆستالی بیگانە. شیخ عبدولڕەحیم کوردی شیخ بورهان و مەلا خەلیل و مەلا حوسینی مەجدی وەزیری دادگوستری کۆمار و ١٠٨ خائین و خۆفرۆشی دیکە ناپاکیان لیکردی و بە فرۆشتنی ناموس و ئاوو و خاک، بە پەلە داوای لەسیدارەدانی ئێوەیان کرد. سەرەنجام بە تێکەلکردنی ئەم پیلانە دەگەل پیلانی ئیستالین خائین بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی قەفقاز کە هەردووک کۆماری ئازەری و کوردی کردە قوربانی، بە هاوکاری ڕەزمئارا، لەوەها شەوێکدا ناجوامێرانە حوکمی دادگای نیزامی بەرێوە برد.

پاش ئەو کارەساتە ٧٣ ساڵ تێدەپەری.خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوین بە گشتی و خەلکی کورد بەتایبەتی ئیستاش ئاسایش و ئەمنیەتیان بەخۆوە نەدیوە. لە هەردووک نیزامی سێکۆلاری حەمە ڕەزا شا و نیزامی دینی و ئیسلامی نابی محمدی، کورد ئاهێکی ئاسودی هەڵنەکێشا و هەموو ویستەکانی بە پەلامار و کوشت و ویرانی و قەلاچۆکردن ولام درایەوە. هەرچەند کوردستانی باشوور ماوەیەک بە قوربانیکردنی ڕۆلەکانی هەموو خاکی نیشتمانیان لە ژێر پۆستاڵی ذرندەترین ئیسلامی سیاسی وەک ئیسلامی حاکم لە ئێران و تورکیە ڕەزگار کرد، بەلام چەند مەلاخەتی سەردەم هەر وەک مەلا خەتی سەردەمی میر محمد ڕەواندز و مەلا خەلیل و شیخ عەبدولرەحیم سەردەمی جەنابت هەموو حەز و خولیای کوردیان کردەوە بلقی سەرئاوو و رووسەکانی سەردەمی پۆتینیش شاری کوردنشین عیفرینیان هەروەک رووسەکانی سەردەمی ئیستالین سمێل فش لەبەرچاووی کۆمەلگەی جیهانی بە تورکە مەغولەکانی سەردەم گورگخواردوو کرد.

لە ساڵیادی ٧٣ سالەی شەهیدکردنی ئێوەدا دەبی عەرزتان بکەم ئیستاش ئەو حیزبە دیمۆکراتەی ئێوەی سەروەران بە خوێنی سوور و ئاڵتان، مێژووتان ڕەنگین کرد و بەردی بناغەی حیزبێکی مۆدرێن و سەردەمێانەتان دارشت ، بەداخەوە بەدوور لە ئامۆژگار و ئەزموون و وەسییەتەکەی ئێوە لە دوو جەستەی لاوازدا بێپسانەوە خەبات دەکەن...

سەروەرانم ئیستا جیهان بەدەست ویروسێکی چووکەوە دەنالێنێ. زلهێزەکان چ ئەوانەی بە چەکی ئەتۆمی و لەیزێری تەیارن و بەربەرەکانی حاکم لە ئیران و ناوچەکە واتە چە ئەوانەی بە چەکی دین و جەهل و خورافە تەیارن ولاتانی پێشکەوتو مروف دۆست واتە چ ئەوانەی ڕێز لە بەها ئینسانیەکان دەگرن هەر هەمویان لە حاست سەرهەلدانی ئەم پەتایە دەستەوەستان ماونەوە. بەوحالەش کۆمەلگەی بەشەری هەروەک کورد نەیتوانیوە یەکگرتوو هەنگاوو بنی بۆ بەربەرەکانی دژی ئەم ویروسە کە تەمەدون و شارستانییەتی خستۆتە مترسیەوە.

سەرەرای هەموو ئەوانەش گەورەم ژیان بەهەموو کەم کۆریەکانیەوە بەردەوامە هەر ئێمرۆ شارە جۆانەکەی بەریزتان شاری

دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

سەروەرانی شەهید، وەک زۆربەی شارە کوردیەکانی دیکە بە دەستی بەتاڵ، پێشەواکانی خۆبەخشانە خەریکی بەهاناچوونی یەکتر و خۆپاراستن و خۆتەیارکردنن بۆ گژداچوونەوەی ئەم پەتایەن تا نەسلی داهاوو کاوە ئاسا مەشخەڵ بەدەست بویرانە و ئازایانە بەرەو لوتکە هەنگاوو بنێ.

لە ٧٣ ساڵەی کۆچەکەتان هەروا سەربازی بێ ناونیشانی ڕێبازەکەتم گەورەم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٠

## ڕوحی ڕێبەر و سەرداری گەورەمان، پێشەوا قازی و هاوڕێیانی شاد بێت



محەممەد سولێمانی

١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە، لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا شای خائین و دژە کورد،

بڕیاری لە سێدارەدانی بە سەر بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبدا سەپاندوو و کە ئامانج لەو کردەوە چەپەڵەی شای دیکتاتۆر لە نێوبردن قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان بوو.

ڕوحی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری سیاسی و نیشتمانی گەلی کورد شادبێت و هەر لەوکاتەشدا ئەمڕۆ دەرفەتە بۆ ئەوەی جارێکی تر پەیمان و بەڵێنی وەفاداری بە ڕێبازی ئەوان و شەهیددانی ڕزگاری کوردستان نوێ بکەینەوە.

پێشەوای نەمر خاوەنی پێگەیەکی هەتا بڵێی بە هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بەرفراوان بووە لە سەر ئاستی ئێران و کوردستاندا و، شای کۆنەپەرست و دژ بە کورد و بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەکەمان لە نیگەرانی و لاوازبوونی پێگەی سیاسی و دەسەڵاتی دژبەرە کاریگەرەکانی لە سەر ڕێگای خۆی بە شێوەی ترسەنۆکانە و بە دوور لە هەموو جۆرە ڕیسا و یاسایەکی نێونەتەوەیی شەهیدکردن.

شا و حکوومەتەکەی پێش ئەوەی حکوومەتی کوردستان و ڕێبەرایەتی سیاسی و نیزامی حیزب بڕیاری بڵاوە پێکردن بە هێزەکانیان بدەن و حکوومەتی کوردستان هەڵبوەشێتەوە بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و نێودەوڵەتی و پشت تێکردنی سووڤیەت لە بەڵێنیەکانی بە گەلی کورد دابووی، حکوومەتی ناوەندی بەرەو مەهاباد هێزەکانی جووڵاند.

بۆیە بە خێرای بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر ڕێبەرانی دیاری کورددا سەپاند، چوونکی شا و دەربارەکانی بەتەواوی نیگەرانی بیرۆکەی بەهێزی سیاسی و نەتەوەیی قازی محەممەد و هاوڕێیانی بوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان، بێگومان شتێک نەبووە بە دڵی دەسەڵاتی تاران بێ و بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکرد.

کاتیک ئاگری شەڕی دووهەمی گێتی دامرکایەوە و براوەکانی شەڕ ڕێککەتوون لە سەر پاراستنی بەرژەوەندی و سنووری نفووز و دەسەڵاتیان، ئێران یەکێک لەو وڵاتانەبوو کە بە هۆی دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتی و هەبوونی نەوتی زۆر، زلهێزە نوێ کان پشتی دەسەڵاتی ناوەندیان گرتووە هەر وەک هەمیشە پیشەیانبووە و ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیان بەداخەوە هێشتاش هەر درێژەی هەیە.

کاتێک پێشەوا خۆی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا بینیەوە،بەڵام زۆر زوو لەو ڕاستیە گەیشت کە گەلی کورد بەو ئیرادە و هێزەی کە هەیەتی، لازمە هێزێکی پێک بێنێت کە بەرنامەی بەرفراوان و ڕوانینی بەتەواوی دێمۆکڕاتیک و سیاسی بێ و خۆی لە تێکەڵاوی و چوونە بەرەوەدا لە خەبات و تێکۆشان، پەراوێز و تەریک نەخاتەوە.

ژێکاف ئەو دەرفەتەی بۆ پێشەوا ڕەخساند بۆ ئەوەی توانا و لێهاتووی سیاسی و نەتەوەیەکانی بە تەواوی گەڵاڵە و ئامادە بکا وپاشان بە دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خەباتی نەتەوەی کورد پێنایە قۆناغێکی بە تەواوی جیاو و هەرلەوکاتەشدا هەستیار.

چوونکی هێزێکی لەو چەشنە هەم دەبوو خەڵک ئامادەبکات و پاشان بە شێوەیەکی شارستانی بە دوور لە دەمارگژی، ڕێبەریان بکات.

کۆمەڵگای کوردستان ڕاستە لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە بەباشی پێش نەکەوتبوو٠

بەڵام هەستی نەتەوەیی و خەونی پێک هێنانی دەوڵەتی کوردستان، مێژوویەکی دێرینی لە نێو گەلی کورد داهەبووە، هەربۆیەش حیزب بە خێرای بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەی بە نێو چین و توێژەگلەیکاندا بڵاو بوویەووە.

خەڵکی کوردستان بە دڵ و هەستی نەتەوەیەوە خۆیان لە ڕێزەکانی حیزبدا ڕێکخست و بڕیاری سیاسی و تێکۆشانی نەتەوەیان لە ژێر ڕێبەری پێشەوای مەزن بە کۆمەڵ ڕاگەیاند.

قازی محەممەد کە دواجار بوو بە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان،ل ەماوەیەکی زۆر کورتدا و، بە پشتیووانی و هاوکاری ڕێبەری حیزب و خەڵکی کوردستان، هەنگاوی گەورە و دیاری ناووە و مێژووی ڕزگاریخوازی بەشانازییەوە باسی ڕۆڵی بوێرانەی دەکات.

پێشەوای مەزن بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان، بە هەق بڕیارێکی بەتەواوی سیاسی و مێژوویدا، ئەو بڕیارەسیاسیەی لە کاتێکدا دەرکرد کە گەلی کورد لەچوار لاوە بە داگیرکەر تەنرابوو.

ئیدی ئەو بوێریەی بەها و گەورەی پێشەوای هێندەی تر لە نێو گەلی کورددا بردۆتەسەریَ و ئەو مرۆڤێکی کرداری بووە هەرگیز بە لێنی و قسەیەکی نەکردووە کە بۆ جێ بەجێ نەکرێت.

جیاوازی ڕێبەرانی حێزبی دێمۆکڕات کە بۆتە هێماو سروشتی سیاسی و ڕێکخراوەی ئەو حیزبە، ڕێبەرەکانی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیاندا خەباتیان نەکردوە، بەڵکوو پێشەنگی نیشاندانی کولتورێکی جوانی سیاسی و نەتەوەیی بوونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

حیزبی دێمۆکرات بە ڕێبەری پێشەوای مەزن، لەکاتێکدا بڕیاری سیاسی و نیشتیمانیدا کە کورستان بە سەرچوار دەوڵەتی بە هێزی ناوچەکەدا دابەشکرابوو.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە توانای حوکمڕانی و دەوڵەتمەداری باشی هەیە و ئەگەر سەیری دەسکەوتەکانی حکوومەتی کوردستان بکەین، ئەوکات باشتر لەو ڕاستیە بگەین کە بەو ئیمکانەتە کەم و گەمارۆ سیاسی و ئابووریەی لە سەر کوردستانبووە، ژیان و گوزەرانی خەڵک بە چ شێوەیەک خۆش و بەتەواوی لە ئاسایشی سیاسی و ئابووری

و کۆمەڵایەتی دا ژیاون.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو پێشکەوتنە سیاسی و ئابووریە دەگەرێتەوە بۆ دڵسۆزی و برِا بە حکوومەت و گەل دۆستیان هۆکاری بنەرِەتی ئەو سەرکەوتنە بووە. رِێشووە و دزی و بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی وەک تاوانێکی گەورە و هەتا سنووری خەیانەت بە گەل تەماشاکراووە و سزای توندی بۆ دانراووە.

حکوومەتی شا هەر لە خۆیەوە ئەو برِیارەی نەدا، بەڵکوو لە بەر سەداقەتی و کوردبوونی پێشەوا، بە خێرای لە سێدارەیدا وئەو برِیارەش لە ١٠ی خاکەلێوەدا بەرێووەچوو. گەلی کورد لە پێناوی بە دی هێنانی مافی سیاسیدازۆر رِێبەری ناودار و شۆرِشگێرِیَ شەهید بوونەو گیانی بەنرخیان فیدای ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان کردووە.

شانازیەکانی پێشەوە زۆرن و هەربۆیەش بە درێژایی مێژووی سیاسی و بزووتنەوەی مۆدێرِن لە رِۆژهەڵاتی کوردستاندا، حیزبی دێمۆکرات بە تەواوی وەفادار بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەکان بووە و بەو پەرِی بەرپرسیارەتیەوە، رِەساڵەتی مێژووی خۆی پاراستووە و کارێکی پێچەوانەی خەونی گەورەی پێشەوای مەزن ئەنجام نەداوە.

ئەو ژیانی خۆی فیداکرد بۆ ئەوەی گەلی کورد بە هۆی حکوومەتی دیکتاتۆر و دژی گەلی شا، رِۆڵەکانی شەهید نەکرێن. برِیاری خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا بێگومان بەرئەنجامی تێگەیشتن و خوێندنەوەی ژیرانەی بۆ قۆناخی ئەوسای بەتەواوی لە شوێنی خۆیدا بووە و دەلیلیک نیە ئەوە رِەد بکاتەوە. ئەگەر لە شاخدا بەرگریکردبایە،هەر بەو شێوەیەکی دەیتوانی متمانەی خەڵک بپارێز.

ئەو برِیارەی لە پێناوی سەلامەتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیدا، کە سەدجار جێگای ئافەرین و شانازی پێکردنە. پێشەوا بە هەق پێشەوای سیاسی و نەتەوەی کورد بووو هەرواش دەمێنێتەوە.

پاشان باوەرِی بە هاوکار ی و هاخەباتی لە گەڵ بەشەکانی کوردستان و گەلانی بندەستی ئێران هەبووە. شارەزایەکی باشی سیاسی و دیپلۆماسی هەبووە و بە چاوە گەش و هەڵسوکەوتی نەجیبانە و ئارامی و بەگورِ لە بەیانی هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکاندا، بەخێرای دەرووباری رِازیکرووە.

پێشەوا زۆر بە باشی هەستی بەو باروودۆخەی کردبوو کە حیزب و بەرپرسانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێیکەوتبوون، بەداخەوە هەلومەرجێک زاڵببوو کە کەس پەیدا نەبووە کە بوێرانە بێتە مەیدانێ و هێزەکان بەمەبەستی بەرگریکرن ڕێکبخات.

هێندێک بەرگری کرا و سەرکەوتنی باشیش بەدەست هات، بەڵام پاش ئەوەی شا نوێنەری خۆی نارده مەهاباد و بەڵێنیدا کە گیانی پێشەوا و بەرپرسانی سیاسی و نیزامی حیزب و کۆماری کوردستان پارێزراو دەبێت.

هەستی بەرگریکرن و ڕووبەڕووبوونەوە بە تەواوی بە هۆی بارودۆخی نێو خۆی حکوومەت و ڕێبەری حێزب و و زاڵبوونی تەرکیبی نالەباری کۆمەڵایەتی خاو بوویەوە و بەشێک لە سەرکردەکان لە ژێرەووە پشتی خۆیان بە دەسەڵاتی تاران گەرم کردبوو و بەڵێنی ئەوەیان بەشا دابوو کە کارێک بۆ پاراستنی دەسەڵاتی کوردستان بە دژی ناوەندلە کوردستان ئەنجام نادەن.

سڵاو لە حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، کە بەوپەڕی سەربەرزییەوە، ئەو ڕێبازەی درێژە پێداوە و لەپێناوی ئامانجە سیاسی و نەتەوەیەکاندا خەبات دەکات.

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ڕێبوارانی بە وەفای ئەو ڕێبازە پیرۆزە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٠

# قازی محەممەد پێشەوای «دامەزراوە (نهاد) سازی»ی کوردی



ئازاد محەممەدیانی

لە سەردەمێکدا کە بەشی زۆری دامەزراوە حکوومەتییەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و داگیرکردنی ئێران لە لایەن دوو زلهێزی ئەو سەردەمەدا هاتبوونە هەڵوەشانەوە و، لە بنەمادا پێش ئەو ڕووداوانەش بەدەر لە دامەزراوە حکوومەتییەکان شتێک بە ناوی دامەزراوەی ناحوکمی بوونی نەبوو، لە کوردستانی وەدواخراو و لە کاتێکدا هێشتاش نیزامی ئەرباب و ڕەعیەتی بەشێکی هەرە گرینگی (نیزامی قشر بەندی) کۆمەڵگەی کوردیی پێک دێنا و، هیچ "موناسباتێکی" کۆمەڵایەتیی بەدەر لەم شێوەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئارادا نەبوو و نەشیدەتوانی شکڵ بگرێ، کۆماری کوردستان وەک گرینگترین و مەزنترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کورد تا ئەو سەردەم لەسەر بنەمای دامەزراوەیەکی دیکەی نوێی کورد، واتە حیزبی دێموکرات و نیزامی حیزبایەتی وەک بەردی بناغەی دەسەڵاتی کۆماری و دامەزراوەخواز پێک دێ.

ئەگەر کۆماری کوردستان وەک دامەزراوەیەکی مەزن لەسەر بنەمای دامەزراوەیەکی دیکە بە ناوی حیزب شکڵ دەگرێ، بۆخۆیشی دەبێتە هەوێنی و بنەمای هێندێک دامەزراوەی دیکەی وەک؛

١- «سوپای میللی کوردستان»،
٢- سیستمێکی قەزایی سەربەخۆ،
٣- «کومیتەی یایە» بە هەوڵ و سەرپەرستیی هاوژینی پێشەوا؛ مینا خانم،

٤- نیزامی پەروەردە لەسەر بنەمای زمانی کوردی،

٥- هەوڵ دان بۆ لابردنی هەندێک نەریتی کۆنی بنەماڵە بۆ سەقامگیر کردنی نەهادی بنەماڵە لەسەر بنەماکانی دنیای مودێڕن وەک ژن بە ژنە و ژن هەڵگرتن و...،

٦- «ڕۆژنامەی کوردستان» و هێندێک بڵاڤۆکی دیکە کە دواتر بوونە هۆی درێژەدار بوونی ئەو جۆرە لە کاری فەرهەنگی لە کوردستاندا،

٧- بە فەرمی کردنی «سروودی ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەیی کورد کە ئێستاش بۆتە هۆی گرێدانەوەی سەرجەم بەشەکانی کوردستان و هەندێک دامەزروەی دیکە، کە تا ئەو دەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورددا نە تەنیا وێنەی نەبوو بەڵکوو توانی وەک شۆڕشێک چەند کاریگەریی گرینگی لە سەر کۆمەڵگەی کوردی و ڕەوتی سیاسیی کوردستان هەبێ.

### هەندێک لەو کاریگەرییە گرینگانە بریتین لە:

ئەلف: توانی کەلێنێکی گەورە بخاتە نیزامی قشربەندیی کۆمەڵایەتیی کوردستان لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا و زەمینەیەکی لەبار بۆ گۆڕانکارییەکانی دوایی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد پێک بێنێ، بە شێوەیەک کە نیزامی ڕیشەداری دەرەبەگایەتی لە داهاتوودا بە کەمترین کێشە هەرەس دێنێ و کەلێنی هەڵوەشانەوەی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتی یا نیزامە چینایەتییە بە هەبوونی دامەزراوەیەکی وەک حیزب و باقیی ئەو نەهادانە کە دامەزران، نابێتە کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لە ئێرانی سەردەمی گۆڕان و شۆڕشدا. وەک دواتر دەبیندرێ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە پەنجاو حەوتدا، هەوڵێک دەدرێ بۆ بووژاندنەوەی ئەم نیزامە چینایەتییە کە هەبوونی حیزب وەک دامەزراوەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی بە کەلکوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەبێتە بەربەستێک بۆ ئەم جموجۆڵانە.

ب: گرینگترین کاریگەریی ئەو دامەزراوە سازییانە لەو سەردەمەدا ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی داناوە، بە چەشنێک کوردستان وەک ڕێکخراوترین بەشی ئێران ناوی دێت. چون کورد ئەزموونی دامەزراوە سازیی بووە و توانیویەتی خۆی لە چوارچێوەی دامەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان بە پێچەوانەی ئێران کە دەگوترێ کۆمەڵگەیەکی "تەحەززوب گوریزە" و کەمتر بە ڕێکخراوە دەبێ، ڕێک بخا. دەبیندرێ دوای هەرەسهێنانی کۆماریش ئەو دامەزراوانە هەر ماونەتەوە و بە ڕەنگ و بۆنی تازەوە لە ساحەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا بوونیان هەیە.

ج: ئەم دامەزراوانە لە چوارچێوەی ئەندێشەی پێشەوا و کۆمارەکەیدا توانیویانە ڕۆحی نەتەوەخوازی زیندوو ڕاگرن و، بۆتە

هۆی ئەوەیکە شوناسی کوردی وەک نەخشە ڕێگەی ئەم ساڵانەی دوای کۆمار ڕۆحی زیندووی نەوەکانی کورد بێت.

د: ئاسان کردنی وەرگرتنی واتا و باوەڕە نوێ و دێموکراتیکەکان لە کوردستانێکدا کە بە چەند قات دواکەوتووتر بوو لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو باوەڕانەی کە ئێستا مایەی شانازیی نەتەوەیی کوردن لەم بەشەی کوردستان و ئێراندا.

دیارە کۆماری کوردستان و حیزبەکەی وەک دامەزراوە و سیستمێک ئەرک و کاری خۆیان بەجێ گەیاندووە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو شتانەی وەک دامەزراوە و بەرهەمەکانیان دەبیندرێ لە چوارچێوەی ئەندێشەی پێشەوا وەک پێشەوای ئەم ڕەوتە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورددا بووە، پێشەوایەک کە باوەڕی بەو پرەنسیپ و بنەمایانە بوو کە دواتریش کۆمەڵگەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بە دوایدا ڕۆیشت و ڕاست ئەو بنەما و چەمک و پرەنسیپانەن کە شانازیی نەتەوەیی ئەم گەلەن.

وەرگیراو لە لاپەڕەی تایبەتی نووسەر

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢٠

## پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر



**ناسر باباخانی**

لە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، کارەکتێری کاریزما و چەمکی کاریزمایی دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. دیارە نموونە زۆرن کە دەکرێ بە نیسبەت کاریگەریی بەربڵاویان، یا ئاستێکی سنووردارتر، باسیان لێوە بکەین، بۆ وێنە کەسایەتییەکی کاریزما دەتوانێ تەنیا سەرۆک عەشیرەتێکی کورد بێ یان سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری یان گشتگیرتر، وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

هەندێ کەسایەتی لە پاش مەرگیان لایەنە کاریزماتییەکەیان تۆختر دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەمیش بەشێکی بگەڕێتەوە سەر چەمکی مەرگ بە تایبەتی لە قالبی کوژران بە دەستی نەتەوەی باڵادەست کە دواجار دەبێتە چەمکێکی ڕەمزی وەک شەهید بۆ نەتەوەی بندەست. ئەم شەهید بوونە لە پێناو گەل و نەتەوە جۆرە پیرۆزییەک دەبەخشێتە کاریزما، کە شوورەیەکی پۆڵایین لە خۆشەویستیی خەڵک بە دەوریدا دەکێشێ و تەنانەت ئەوەندە ئەم ڕێز و سۆزە بەرز دەبێتەوە کە بە هیچ کلۆجێک کۆمەڵگە تابشتی بچووکترین ڕەخنەی لە کاریزما نامێنێ و ڕەنگە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی بێبەش لە هەموو مافەکانی، شتێکی سەیر نەبێ وەها پارێزگارییەک لە کاریزماکەی خۆی. بۆیە ماکس ڤێبەر گوتەنی جۆری پەیوەندی کاریزما و خەڵک، زیاتر دێتە خانەی هەست و سۆزدارییەوە، بەتایبەتی کاریزمایەک کە ڕەهەندی ڕووناکبیریشی پێوە دیار بێ.

سەبارەت بە ڕەهەندە ڕووناکبیرییەکەوە ڕەنگە کەلکوەرگرتن لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعید بۆ جۆرەکانی ڕووناکبیر بۆ شرۆڤەی

باسەکەمان بەسوود بێ. سەعید قایل بە بوونی دوو جۆرە ڕووناکبیرە: ڕووناکبیرە سوننەتییەکان و ڕووناکبیرە ئۆرگانیکەکان. بە باوەڕی ئەو، ڕووناکبیری سوننەتی - وەک مامۆستایانی ئایینی - زیاتر لە ڕوانگەی پەند و نسحەتەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەکان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیری ئۆرگانیک بوونەوەرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگرە. ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەگەڵ بارودۆخی وڵات و زرووفی زەمانی بیر و باوەڕیان بیچم دەگرێ و دەبن بە بەرهەمهێنەری گوتار.

بەم تایبەتمەندییانە دەکرێ پێشەوا قازی محەممەد وەک کاریزمایەکی ڕووناکبیر لە قەڵەم بدرێ. دەکرێ بڵێین پێشەوا لەسەر بنەمای پاشخانێکی فکریی لەوەپێش، لەگەڵ هاوڕێیانی بە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە و لە هەمان کاتدا پێویست، بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشت لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکا کە توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم گوتارە وامداری کەسایەتیی کاریزما و هزری ڕووناکبیری پێشەوایە. گوتارێک کە دواجار دەبێتە گوتاری زاڵی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا هەندێ ئاماڵ گوتاری ئایینی و ئاماڵ گوتاری "کۆیلە - ئاغا" و سوننەتیش باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە، لەڕاستیدا لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بەڕوونی دەدیترێ. بۆ وێنە ژن بە گشتی، منداڵ، چینی هەژاری لادێیی، چینی مامناوەندی شار، ڕووناکبیری پەراوێزخراو و... هەموو لەم هاوکێشەیەدا دەچەوسێندرێنەوە.

تا سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیرانی سوننەتی، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابوورییان لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون و هێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو، بەڵام توانایی گوتارسازی و جەرەیانیان نەبوو، چون لە حەقیقەتدا نە بە تیۆری پشتئەستوور بوون و نە بە پێشوازییەکی ئەوتۆی خەڵکی چەوساوە. هەر بۆیە لەگەڵ هەرەسی کۆمار هەر ئەوانن کە دەبنە هاودەست و هاوداستانی ئەرتەشی پاشایەتی. بەڵام بە پێچەوانەوە ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، بە ناسینی دۆخی وڵات و کەڵکوەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو، بەرەبەرە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای پێناسە و شوناسی نەتەوایەتی دەکەن بە گوتاری زاڵ بۆ ڕووخاندنی ئاماڵ گوتارە سوننەتییەکان و دواجار لەنێو بردنی هاوکێشەی چەوسێنەر - چەوساوە.

"دەسکەوت"ەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا وەک دەرکەوتە و دەرئەنجام گرینگترین چەمکی لێکدانەوەی شرۆڤەکارانە بۆ ئەم کۆمارە ساوایە، کە زۆربەی دەسکەوتەکان خۆی لە هەندێ دامەزراوە و ڕێکخراوەی تایبەتدا دەبینێتەوە کە لەوە پێش بوونیان نەبووە و سەرجەمیان تەعبیر لە دەسەڵاتی خەڵکی دەکەن، وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەری جووڵانەوە بە دەست

ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێک هاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو."

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دەسکەوتانە بەرهەمی ئاڵوگۆڕێکی مێژوویین، یان وردتر بڵێم خاڵگۆڕانێکی مێژوویی کە لەسەر دەستی پێشەوا ڕوو دەدا کە بریتی بوو لە گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە تەعبیری مامۆستا هەژار حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر داروپەردووی ژێکاف سەرهەڵدەداتەوە، ڕێک ئەوەی نەمر زەبیحی باس لێوە دەکا کە حیزبی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕاستیدا یەک حیزب بوون بەڵام لە سێ قۆناغی زەمەنیی جیاوازدا.

دەکرێ جۆری خوێندنەوەمان بۆ ئەم خاڵگۆڕانە ئاوا بێ کە ئەوە پێشەوایە کە هزرەکەی کۆمەڵەی ژێکاف لە چینی ڕووناکبیرەوە دەگوازێتەوە قالبی دامەزراوەیەک وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەم جارەیان نەک هەر ئێلیتەکان و بژاردەکان، بەڵکوو کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بە یەکجاری لەنێو بچێ. ئەوە ڕێک بەشینەوەی ناسنامەیەکە بە سەرجەم تاکەکانی نەتەوەیەکی حاشالێکراو و لە هەمان کاتدا کردنی پرسێکی نهێنی و دەروونی و خۆجێیی، بە پرسێکی سەرانسەری و هەروەها تێوەردان و سەرنج ڕاکێشانی زلهێزەکانی جێگیر لە ناوچەکە بۆ پرسی کورد.

پێشەوا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە وەک ڕەئیس جمهووری کۆمار کاری کردوە بەردەوام هەندێ کۆدی تایبەتی بڵاو کردۆتەوە کە لە زۆر شوێنی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا - ئۆرگانی حیزب - دەدیترێ، کە دەکرێ وەک کلیل وشەکانی گوتاری کۆماری کوردستان سەیر بکرێن، ئیتر لە قۆناغی بوونی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک دەسپێک، کەسایەتیی کاریزمای پێشەوا ئەم حەولە بە ئەنجام دەگەیەنێ، لەمەوبەدوا دەوری پێشەوا جگە لە دەوری کارگێڕێکی کاریزما، دەوری ڕووناکبیرێکی بەرهەمهێنەری گوتاریش بەخۆوە دەبینێ.

ئەگەر سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە بکەین: ئاڵا، پێشمەرگە، کۆمار، سروودی نەتەوەیی، میللەت، سەربەخۆیی، ئیستقلال و... ئەمانە هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەردەوام وەک مۆتیڤی سەرەکی دووپات دەبنەوە. لە پاڵ ئەمانەوە

پێشەوا هەندێ کۆد دەدادتە دەرەوە کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی مافی چارەنووسی دوارۆژ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پشتیان پێوە ببەسرێ. بۆ نموونە پێداگری پێشەوا لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک وەک جاڕنامەیەک کە ڕێز لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، کاتێ ڕاستەخۆ لە ڕۆژنامەی کوردستان سوێند بە شەرافەتی میلیی کورد و بە ئالای موقەددەسی کوردستان دەخوا بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، کاتێ کاروباری دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان دەسپێرێتە زەبیحی، کاتێ چەمکەکانی سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەدا دەبنە مۆتیڤی سەرەکی، کاتێ خەریتەی کوردستانی گەورە لە ژووری کارەکەی هەڵداوسێ و... هەمووی ئەوانە تەعبیر لەوە دەکەن کە پێشەوا چاوی بڕیوتە دوارۆژی گەلەکەی.

کۆی ئەم کۆدانە و هەروەها مێژووی زارەکی تایبەت بە کۆماری کوردستان، پێمان دەڵێ کە پێشەوا مرۆڤێکی دوورەدەست ڕوان بووە، بیری هەر لە سەردەمی خۆیدا قەتیس نەماوە و گەشبین بووە بە داهاتوو، ئەگینا هەرگیز گیانی خۆی بەخت نەدەکرد. ئەو بێگومان گیانی لە پێناو ئامانجێک دانا کە لە سەردەمی ئێستادا بۆتە خولیای تاکی کورد کە ئەویش پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووسە!

❊❊❊


**پەراوێز**:

١) وەک کەوانەیەک، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هەندێ جار سنوورێکی زۆر ورد لە نێوان کاریزماتیسم و دیماگۆژیسم هەیە. دیماگۆژیسم لەسەر بنەمای درۆ و فریو و بەلاڕێدا بردنی خەڵک دامەزراوە و بەپێی بەرەوپێشچوونی زەمان ڕووە شاراوەکەی وەدەردەکەوێ و خۆ دەدۆڕێنێ، کەچی ئەم جۆرە کاریزمایەی وەک لە سەرەوە باسم کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیشەکانی زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی هەست و ئاوەزی خەڵکەکەیەوە.

٢) ڕەنگە من لەگەڵ دەستەواژەی ڕووناکبیری سوننەتی گرفتم هەبێ، بەڵام ئەم دابەشکردنەم بۆ ئەم بابەتە پێ گونجاو بوو!

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

# دادگاییکرانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان؛
# دیلبوونی یاسا بە دەست سیاسەتی فاشیزمەوە



لوقمان مێهفەر

## پێشەکی

بزووتنەوەی کورد لە کۆتاییبییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودواتوانی خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی خۆی بگەیەنێتە لووتکە و لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاویدا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە شاری مەهاباد بە بەشداری نوێنەرانی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕاگەیەندرا و نزیک بە ساڵێک وەک یەکەمین ئەزموونی کورد لە دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی حکومەتی سەربەخۆی کوردی ئەو ڕاستییەی نیشانی گەلانی جیهان دا کە کورد لە هەر دەرفەتێکی لەباردا ئیرادەی هەیە کە شوناس و گوتاری نەتەوەیی خۆی بوێرانە بەرجەستە بکات و نیشانی بدات.

ئەو ئەزموونە لە حوکمڕانی مۆدێرنی کوردی کە لەسەر بنەمای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژێکاف (١٣٢١ - ١٣٢٤ ی هەتاوی) و بە دەسپێشخەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد بوو، لەگەڵ ئەوەی بڕگەیەکی زێڕین و پڕ لە شانازیی مێژووی نەتەوەکەمانە هاوکات لەباربردن و ڕووخاندنی ئەو کۆمارە و دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیمی ئەوکاتی پاشایەتیئێرانەوە یەکێک لە تاڵترین و بەئازارترین ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەکەمانە.

پەیامی بابەت لەو بابەتەدا هەوڵ دەدەم لە ڕوانگەیەکی یاسایی و دەستوورییەوە بە پشتبەستن بە بەڵگە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و دەقی دادگاییکرانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، خوێندنەوە و شیکاری چۆنیەتی بەرێوەچوونی دادگاکە بکەم و هەڵسەنگاندنێکی حقوقی - سیاسی بۆ بکەم.

## بەشی ١ لە دانووستاندنەوە تا دەستبەسەرکردن

دوای ڕووخانی «کۆماری کوردستان» لە ڕێکەوتی ٢٩ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ ی هەتاوی (١٧ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی) هێزەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا لەژێر فەرماندەهی «سەرهەنگ هومایونی» گەیشتنە شاری مەهاباد و لە پادگانی ئەو شارە جێگیر بوون.

چەند ڕۆژ دواتر پێشەوا قازی و سەیفی قازی لەگەڵ چەند کەسی دیکە بۆ باس لەسەر ئەو بارودۆخە دەچنەوە لای فەرماندەرانی حکومەت لە پادگانی مەهاباد و لەوێ بەپێی پیلانێکی لەپێشداداڕێژراو دەستبەسەر دەکرێن. لەڕێگای ئامێری بێسیمەوە پەیوەندی بە تارانەوە دەکرێ و داوای چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی «قازی»یەکان دەکرێ.

ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ ی هەتاوی چەند پلەدارێکی سەربازی لە تارانەوە بەناوی لێژنەی دادگایی بۆ ئەم دۆسییەیە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «غوڵامحوسێن عەزیمی» و دادستانی سەرهەنگ «حەسەن کوفانیان» و دادیاری سەرگورد «جەعفەر سانعی» و لەژێر چاودێری سەرهەنگ «هوشەنگ خەلعەتبەری» دێنە پادگانی مەهاباد و کۆبوونەوەی دادگاییکردنی قازییەکان دەست پێدەکات. لێژنەکە دەستەیەکی سێ کەسی بۆ سەرۆکایەتی دادگاییکردنی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێکدێنێ کە لەڕاستیدا ئەرکیان جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسیی دەوڵەتی تارانە بەڵام دەیانهەوێ بەڕواڵەت فۆرمێکی یاسایی پێبدەن، بۆیە دادگایەکی سەرەتایی سەحرایی بە سەرپەرشتی سێ پلەداری نیزامی سوپا دەست بەکار دەبێت.

### دەستەی سەرانی دادگا پێکهاتبوون لە:

١- دادوەری دادگا - سەرهەنگ پارس تبار (فەرمانداری نیزامی مەهاباد)
٢- داواکاری گشتی (دادستان) - سەرهەنگ فیوضی (سەرۆکی ستادی نیروی سەقز)
٣- «سەروان محەممەد شەریفی» و «سەرگورد نەبەوی» هەر دووکیان وەک پارێزەری تەسخیری لەلایەن دادگا بۆ پێشەوا و

هاوڕێیانی دادەنرێن.

### بەشی ٢: دادگا لەنێوان شەرعیەت و پێشێلکاری یاساییدا

بۆ ئەوەی بێلایەنانە بڕیار لەسەر شەرعیەتی دادگایەکە و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێکار و قۆناخە یاساییەکانی دادگاییکردنەکە بدەین هەڵوەستەیەک لەسەر چەند خاڵێک دەکەین:

«پێشەوا قازی» و هاوڕێیانی نە کەسانی ڕاکردوو لە یاسا بوون و نە دیلی جەنگی بوون، بەڵکوو پێشەوا و سەیفی قازی بۆ گفتووگۆ چوونەتە لایان و ئەوانیش دەستبەسەریان کردوون. هاوکات «سەدری قازی» نوێنەری خەڵکی مەهاباد و لە تاران لەگەڵیان لە وتووێژدا بوو بەڵام کاتێک لە وەزارەت دێتە دەرەوە دەسبەجێ دەستبەسەرکرا و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی گرتووخانەی پادگانی مەهاباد کرایەوە. لە وەها دۆخێکدا کە نە هیچ کەسێک شکایەتی لێیان هەبووبێ و نە هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی دادگا لەبەردەستدا هەبێ بۆ دەستبەسەرکردنیان تەنیا دەتوانین بڵێین کە لە دەرەوەی یاسا و دادگادا بڕیارێکی سیاسی دەوڵەتە و کێشەیەکی سیاسی نێوان دوو لایەنە نەک یەکلاکردنەوەی «تاوانێک - بە وتەی ڕێژیمی شا» بەپێی یاسا.

١- دادگای نیزامی لەجیاتی دادگا سزاییەکان بەڕێوە چووە! لەحاڵێکدا پێشەوا و هاوڕێیانی هیچیان کەسانی نیزامی یان پلەداری نیزامی لە حکومەتی ناوەندیدا نەبوون. ئەوان کەسانی مەدەنی و تۆمەتلێدراوی(تۆمەتبار) سیاسی بوون بۆیە دەبوایە لە دادگای سزاییەکاندا دادگایی کرابان.

٢- بەسەر قۆناخی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەدا باز دراوە؛ کەواتە بە بێ ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی یاسایی دادگایی کراون لە کاتێکدا دەبوایە سەرەتا بدرێنە دادگای لێکۆڵینەوە (ئەگەر ئەوکات هەبووبێت بەوحاڵەش دەبوا درابا بە بەشی لێکۆڵینەوە) و دوای تەواوکردنی دۆسیەکە ڕەوانەی دادگای سزاکان) المحكمة الجنائية - بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتی ڕێژیمی ئێران دادگا سەربازییەکان دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبووە و زۆربەی پرسە دادوەرییەکانی نێوان ساڵانی ١٣٢٠ تا ١٣٢٧ی هەتاوی لەلای دادگای نیزامی یەکلاکراونەتەوە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکاری دەستووری وڵات و یاسایە) کرابان بە مەبەستی دادگاییکردن. بۆیە لە ڕووی یاساییەوە گرنگترین قۆناخ کە قۆناخی لێکۆڵینەوە لە تاوان و لێپرسینەوە لە تۆمەتلێدراوانە

ڕەچاو نەکراوە.

٣- دادگاییکردنی پێشەوا و هاوڕێیانی بەئاشکرا نەبوو بەڵکوو بەشێوەیەکی نهێنی و تەواو داخراو بوو. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە گومان بخاتە سەر بێلایەنی و دادپەروەربوونی دادگا.

٤- دادوەر، داواکاری گشتی و پارێزەرەکان؛ هیچیان پیشەی دادوەری و پارێزەرایەتییان نەبوو بەڵکوو چەند کەسێکی نیزامیکار بوون. لێرەدا سەروەری یاسا بە ئاشکرا پێشێل کراوە و لە سەرووی دادگای فەرمی وڵاتەوە دەسەڵاتێکی باڵاتر هەیە کە لە ڕاستای بەرژەوەندی تایبەتیدا بڕیار دەدا.

٥ - تۆمەتلێدراوان (پێشەوا و هاوڕێیانی)لەو دادگا نیزامییەدا لە مافی هەبوون یان گرتنی پارێزەری ئازاد بێبەری کراون. ئەوە مافێکی ڕەهای هەر تۆمەتلێدراوێکە کە ڕێگا دەدا ئازادانە پارێزەر بۆخۆی دەستنیشان بکات تەنانەت ئەگەر تاوانەکەشی لەسەر ساخ ببێتەوە دووبارە مافی هەبوونی پارێزەری هەیە.

٦- «پێشەوا و هاوڕێیانی» دەرەتانی هێنانی بەڵگەی سەلمێنەریان بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان پێنەدراوە. بەو پێیە دادگا یەکلایەنە کاری کردووە و ڕێگای نەداوە ئەوانیش بەڵگەکانی خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی تۆمەتەکان بهێنن.

٧- لە ژووری داخراو و دوور لە چاوی کامێرا، بەبێ بەشداری جەماوەر و ڕاگەیەنە گشتییەکان دادگاییکران و بڕیاری نادادپەروەرانەی لەسێدارەدان بۆ قازییەکان (پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و سەیفی قازی) دەرکراوە. ئەو کارە نهێنی و بەپەلەیە ئاماژەیە بۆ ترسی دادگا (ڕێژیمی شا) لە خەڵکی کوردستان و هەروەها دەرخەری ئەو ڕاستییەشە کە دادگا ناشەفاف و هەڕەمەکی بڕیارە پێئەسپێردراوەکانی جێبەجێ کردووە.

٨- دادگای ناوبراو تانەلێدانی پێشەوا قازی لە بڕیاری حوکمی دادگا بە هەند وەرناگرێ و دۆسیەکەی بۆ دادگای پێداچوونەوە «دادگاە استیناف» یان «دادگاە تجدیدنظر» ڕەوانە ناکات کە ئەوەش پێشێلکردنی مافێکی یاسایی تۆمەتلێدراوە. بەپێی یاسا لەهەر وڵاتێک تۆمەتلێدراو دەتوانێ بە حوکمەکەی ناڕازی بێت و داوای پێداچوونەوە بکات لە دادگای پێداچوونەوە.

کۆبەندی ئەو نۆ خاڵە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕێوشوێنە یاساییەکانی دادگاییکردنەکە جگە لە پێشێلکاری یاسایی و دەستووری، خودی دادگا و ڕێژیمیش دەباتە ژێر پرسیار و جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاکەش دەچێتە خانەی قەڵاچۆکردنی نەتەوەیی و ئەنجامدانی تیرۆرەوە.

## بەشی ٣، کارتێکەری فاشیزمی فارس بەسەر دادگادا

لە دادگادا پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی نوێنەرایەتی (کۆماری کوردستان) یان دەکرد و دادگای نیزامیش کە لە لایەن ڕێژیمەوە دانرابوو نوێنەری نەتەوەی باڵادەست و دیکتاتۆر بەسەر ئێراندا بوو. بە واتایەکی دیکە دیکتاتۆریەتی حەمەڕەزاشا کە نوقمی خەیاڵی ناسیۆنالیستی فارسی بوو و چاوی بەرایی نەدەدا نەتەوەکانی دیکە بە بەشدار و هاوبەشی حوکمڕانی وڵات بزانێ، بۆیە لە دژی هەر جووڵانەوەیەک و بیرێکی کراوەی نەتەوەکانی دیکەی دراوسێی نەتەوەی فارسدا بوو و بەتووندی سەرکوتی دەکردن. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەگەر نەتەوەکانی دراوسێی نەتەوەی فارس بگەنە ماف و ئازادییەکانی خۆیان مەترسی گەورە دەبن بۆسەر تەواویەتی خاکی بەیەکەوەلکێنراوی ئێران و دەسەڵات و هەیمەنەی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەوا حەمەڕەزاشا هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و سەربازی دەخستە خزمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە. کۆماری کوردستان و دادگاییکرانی ڕێبەرانی کۆمار بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕاستیەن. لە دادگاییەکەدا ئەو تۆمەت و تاوانانەی خراونەتە پاڵ پێشەوا و هاوڕێیانی بەشێکن لە بیری فاشیستی و بەرچاوتەنگی نەتەوەی زاڵ بەسەر ئێراندا.

### تۆمەتەکان بریتی بوون لە:

١- جیاییخوازی واتە جودابوونەوە لە ئێران بە پێکهێنانی «کۆماری کوردستان».
٢- هەڵدانی ئاڵای کوردستان و گۆڕینی ئاڵای ئێران و لابردنی «شیر و خورشید»ی نێو ئاڵایەکە.
٣- لەبەرکردنی یوونیفۆڕمی ژێنێڕاڵی.
٤- پێکهێنان و بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و پێوەندیگرتن لەگەڵ بێگانەکان.
٥- کوشتنی ئەفسەر، دەرجەدار و سەربازانی ئێرانی.
٦- چوون بۆ «باکۆ» و بەڵێنی پێدانی ئیمتیازی نەوت بە بێگانەکان.

ئەوە لەحاڵێکدایە کە پێشتر تۆمەتی جیاوازیخوازی دەدرێتە پاڵیان لەو حاڵەدا چۆن بەڵێنی دانی نەوتی شومال لە

دەرەوەی کوردستان بە بێگانە دەدەن ئەمە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەم دوو تۆمەتە دژ بەیەکن.

لە لایەکی دیکەوە ئەو بەڵگەنامانەی کە دادگا بۆ دادگاییکردنی قازی محەممەد دەیخستنە ڕوو لە ڕووی یاساییەوە هیچیان سەلمێنەر و باوەڕپێکراو (معتبر) نەبوون. هەر کات پێشەوا تۆمەتەکانی ڕەد دەکردەوە و داوای بەڵگەی لێدەکردن ئەوان تەنیا پشتیان بە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیەنە گشتییەکان دەبەست.

لەو بارەوە سەروان محەممەد شەریفی کە وەک پارێزەر بۆ پێشەوا داندرابوو ویژدانی دەجووڵێ بەتایبەتی کە لەڕووی بیروباوەڕەوە ئیمانی بە دیفاع لە پێشەوا هەبووە بۆیە دێتە جواب و دەڵێ:

«تۆمەتەکانی کە درابوونە پاڵ قازی محەممەد نادادپەروەرانە و قەزاوەتێکی ناعادیلانە بوو». ئەو بەرگرییە دەستەی سەرانی دادگا ناڕاحەت دەکات هەر بۆیە دواتر سەروان شەریفی کەوتە بەر غەزەبی سەرلەشکەر هومایونی و فەرماندەکانی دیکەی ئەرتەش و لە نەورۆزی ١٣٢٦ی هەتاوی کە ساڵی بەرزکرانەوەی پلەی سەربازی سەروان شەریفی بوو بۆ پلەی سەرگوردی بەڵام بەتۆمەتی دیفاع لە قازی محەممەد مەحکوم بە شکانی پلەی سەرگوردی کرا و ڕوتبەکەی پێ نەدرا. کەواتە دادگا نەک بۆ تۆمەتەکان بەڵگەی سەلمێنەری نییە بەڵکوو پێشوەختە بڕیاری داوە کە گوێ بە داکۆکی و بەڵگەکانی تۆمەتلێدراوانیش نەدات. ئەوەش زۆر سەیر نییە کاتێک بەرواڵەت دادگا و لەناوەڕۆکدا لێژنەیەکی نیزامی بە نهێنی فەرمانێکی ڕێژیم کە لەلایەن حەمەڕەزاشاوە درابوو جێبەجێ دەکەن و دادگا ناچار کراوە حوکمی ئێعدامی قازییەکان بدا و بەڕێوەشی بەرێ.

لێرەدا دەگەین بەو ڕاستییە مێژوویەی کە بیری پاوانخوازانە و فاشیستییانەی نەتەوەی زاڵ، دەتوانێ یاسا و دەستووری بنەڕەتی وڵات لە بەرژەوەندی خۆیدا دەسکاری بکات و هیچ دەرفەت و بوارێک بۆ بەشداری و هاوبەشی نەتەوەکانی ناو ئەو چوارچێوە دەسکردە ناهێڵێتەوە و بەپێچەوانەوە بە توندترین شێوە پێش بە گەشە و پێشوەچوونیان دەگرێت. حوکمی دادگای نیزامی لەسەر پێشەوا و هاوڕێیانی بە لەسێدارەدان لە ڕێکەوتی ٢٠ی ژانویەی ١٩٤٧ی زایینی هەڵێنجراوی سیاسەتی ڕێژیمی دیکتاتۆر و فاشیستی حەمەڕەزاشای پەهلەوییە و هیچی تر.

## بەشی ٤؛ پێشەوا قازی، بەرگریکارێکی لێهاتوو، سەرۆکێکی نموونەیی

لە تەواوی قۆناخەکانی دادگاییکردنەکەدا پێشەوا قازی زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە تۆمەت و تاوانەکانی دەدرانە پاڵی ڕەد

دەکردەوە و بە زانایی و لێهاتوویی خۆی لەبواری یاسا و شارەزایی لە دەستووری بنەڕەتی ئەوکاتی وڵاتی ئێراندا بەرگری لە خۆی و هاورێکانی دەکرد. دوای ئەوەی دادگاش حوکمی بەسەردا سەپاندن ئەو ناڕازیبوونی خۆی دەربڕی و تانەی لە بڕیارەکە دا، داوای کرد کە ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوە لە تاران بکرێت. لەڕاستیدا داکۆکیکردنی پێشەوا قازی بەشێوەیەک بووە کە دادگا و سەرانی دادگای خستۆتە ژێرپرسیارەوە و بە بەڵگە و دەلیلەوە وەڵامی سەرجەم تۆمەتەکانی داوەتەوە کە لە ١١٤ لاپەڕەدا نووسیویەتی و پێشکەش بە دادگای کردووە؛ بەڵام ئامانجی دادگا کە پیلانێکی ڕێژیم بوو ئامادە نەبوو نە تۆمەتلێدراوەکان و نە دۆسیەکەشیان بۆ دادگای پێداچوونەوە (استیناف) و نە بۆ دادگای (عالی کیفری) لە تاران بنێرێ بەڵکوو هەر لە بەندیخانەی پادگانی شاری مەهاباد مانەوە. دواجار لەژێر گووشاری پێشەوادا ناچاربوون کە لە ڕیکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی(٢ - ٣ - ١٩٤٧ی زایینی) بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی دادگایەکی دیکە بەناوی دادگای پێداچوونەوە پێکبهێنن کە لەم پلەدارە نیزامییانە پێکهاتبوو:

١- دادوەری دادگا؛ سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی (رئیس دادگاه تجدیدنظر)
٢ داواکاری گشتی؛ سەرهەنگ ڕەزا نێکوزاد (دادستان نظامی)
٣- سەروان حوسەین سۆلحجو، ئەندامی دادگا
٤- سەروان نەبەوی، پارێزەری تەسخیری قازییەکان.

لەو دادگایەشدا جیا لە تۆمەتەکانی پێشوو دوو تۆمەتی دیکەشیان درابووە پاڵ ئەویش ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی حکومەتی ناوەندی و ئاگردانی ماڵ و موڵکی بەرپرسانی حکومەتی بوون.

وێڕای ئەو دوو تۆمەتە جارێکی دیکە لەسەر تۆمەتەکانی دیکەشیان دادگایی کرانەوە. لێرەدا دادگا دیسان پێشێلکاری دەکات و بەرگرینامەکەی پێشەوا و هاوڕێیانی کە ١١٤ لاپەڕە بوو ناهێنن بۆ دادگا و بەمەش نایانهەوێ گوێ لە بەڵگە و دەلیلەکانیان بگرن و دەرەنجام هیچ ئاڵوگۆڕێک بەسەر بڕیاری حوکمی دادگای پێشوودا نایەت.

پێشەوا قازی محەممەد لە یەکەم ڕۆژی گیرانییەوە تا دادگا فەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی هەموو ڕووداوەکان بزانێ و لەبەرامبەر هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستاندا خۆی بە لێپرسراو لە قەڵەم بدا. پێشەوا قازی دەیهەویست بەمجۆرە هەم بەرێباز و ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوە و هەم ئەوەندەی بۆی دەکرێ لە تاوانی هاوڕێیانی کەم بکاتەوە تا بەڵکوو کەمێک سزای نادادپەروەرانەیان سووکتر بکات. لەوبارەوە ڕاشکاوانە ڕوویان تێدەکات و

دەڵێ: «هەموو ئەو کەسانەی ئێوە گرتووتانن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن و تۆمەتیان دەدەنە پاڵ هیچ کامیان خەتا و تاوانیان نییە و هەرکارێکی ئەوان ئەنجامیان دابێ بە دەستوری من بووە ئەمنیش هەموو بەرپرسایەتییەکان وەئەستۆی خۆم دەگرم». هەروەها پێشەوا قازی لەسەر هێما و پیرۆزییەکانی کۆماری کوردستان و تەنانەت پشتیوانی و بەشداری کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکانی کوردستانی باشوور، زۆر ئازایانە و سیاسییانە بەرپەرچی تۆمەتە هەڵبەستراوەکانیان دەداتەوە و کوردەکان بە برای خۆیان و کوردستانیش بە ماڵی ئەوان دەزانێ و زۆر جەسوورانە قامکی بێگانەبوون و داگیرکەر بۆ خوودی دادگا و ڕێژیمی شا ڕادەدێرێ.

داکۆکی سەرسەختی پێشەوا لە کۆمار و پشتیوانانی کۆمار پەیامگەلێکی گرنگی هەیە. یەکەم ئەوەی کە خۆیان بە تاوانبار نازانن، ئەوەش کە کردوویانە بە مافی خۆیانی دادەنێن و بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان هەستاون. هەروەها پێشەوا هەروەک چۆن لە سەردەمی کۆماردا خۆی بە بەرپرسیاری دابینبوونی ژیانێکی ئازادانە و ئارام دەزانی و ئاسایشی تەواوی بۆ هاونیشتمانییانی کۆمار دابین کردبوو، بە هەمان شێوە لە دادگاشدا ئامادەبوو بەرپرسیارێتی قورستر بخاتە سەر شانی خۆی و بە داکۆکیکردن لە کۆمار و ڕێبازەکەی دیتمان کە ڕێژیمی بەچۆکدا هێنا و ڕیسواییەکی مێژوویی خستە پاڵ ڕێژیمی ئێران و شانازی سەرۆکی نەتەوەیی پێبرا کە دوای تێپەڕینی ٧٣ ساڵ لە شەهیدکرانی ئێستاش ناو و ڕێبازی زیندووە و وەک قارەمانێکی نەتەوەیی نەک تەنها لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان چاوی لێدەکرێ.

پەیامی دووهەمی باوەڕمەندی پێشەوا بە یەکێتی نەتەوەیی و هاوچارەنووسی گەلی کورد و کوردستانەکەیەتی. ئەو بێ جیاوازیدانان داکۆکی لە هەموو ئەو پێکهاتانە دەکات کە لە کۆماردا بەشدار بوونە و بە گوێرەی خۆیان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیان هەبووە . بەو شێوە داکۆکیکردنە، گوتاری نەتەوەیی پێشەوا - کە لە کۆماری کوردستاندا بە کردەوە بەرجەستەی کرد - لە بەناو دادگای ڕێژیمدا مانای حەقیقی و ڕاستەقینەی خۆی دەبەخشێ و دوژمنیش هەست بەو ڕاستییە دەکات کە پێشەوا ئیدی داهێنەر و دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە و گەلی کوردیش پێشوازی لێکردووە. بەداخەوە لە ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ ی زایینی حوکمی دادگای نیزامی بەڕێوەچوو و پێشەوا و هاوڕێیانی شەهیدکران.

## کۆتایی

لەڕاستیدا ئەو بابەتە دەکرێ زۆر درێژتر بێ و لە ڕەهەند و بواری دیکەشەوە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ بەڵام هەوڵم دا

بەکورتی دادگـاییکردنەکە لە ڕوانگەیەکـی یاسـایی - سیاسییەوە هەڵسەنگێنم. لە کۆتاییـدا دەڵـێم کە ڕێـژیمە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەک دەرفەتـی بەشداری سیاسی بە نەتەوەی کورد نـادەن بەڵکوو مـاف و ئازادییەکانیشی لێ زەوت دەکەن و لە ئەگەری خەبـات بـۆ بەدەستهێنانی مافەکانیشیدا سەرکوت و قەڵاچـۆی دەکەن. دادگـاییکرانی ڕێبەرانـی کۆمار هاوشێوەی کردەوەی ڕێژیمە کۆلۆنیالیستەکانی سەدەی ڕابـردووە کە وێـڕای داگیرکردنـی خـاک و بەتـاڵانبردنی سـامانی وڵاتەکەیـان، سەرکردە و خەباتی نەتەوەکانیشیان لەنـاو دەبرد. دادگایی و شەهیدکرانی پێشەوا قـازی و هاوڕێیـانی ئەوەمـان پێدەڵێ کە یاسای بنەڕەتی وڵات و هێزی نیزامی وڵات لە خزمەتـی گـرووپ یـان نەتەوەی زاڵـدایە کە خـۆی بە سەردەستەی نەتەوەکانی دیکە دادەنێ و هیچ چەشنە باوەڕێکی بە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی دراوسێی نییە. لە دادگـاییەکەدا یاسـا و دادپەروەری بزرە و بیری چەقبەستوو و دوگمی فاشیزم ڕۆڵ دەبینێ. بەنـاو دادگاییەکەی ڕێژیم نیشانی دا کە چەندە ترسـی لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان هەیە و نەیوێرا بە ئاشکرا ڕەوتی کارەکانی دادگا بـرۆنە پـێش. پەیـامێکی دیکەی دادگـاییەکە ئەوەبوو کە ڕێـژیم ئامادە نەبـوو بەشێوەیەکی فەرمی و لە دادگـایەکی دەسـتووریدا پرسـی کـورد بێنێـتە بەر بـاس و هەوڵـی چارەسـەری کێشـەی نێـوان دەوڵەتـی ناوەنـدی و کۆمـاری کوردسـتان بـدات.لەبەرامبەردا گەلـی کـورد دوای ٧٣ سـاڵ بەسـەر دادگاییکرانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، کۆماری کوردستان بە یەکەم ئەزموونی دێموکراتیکی فەرمانڕەوایی کوردی دەژمێرێ و (پێشەوا قـازی)ش بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و یەکەم سەرکۆماری خۆی دەزانێ.

هەزاران سـاو بـۆ گیـانی هەرگیـز نەمـری پێشـەوای کـورد. ڕیسوایی بۆقـاتڵانی ڕێبەرانـی کۆمـاری کوردسـتان و سـەرکەوتن و ڕزگـاری یەکجـارەکی بـۆ نەتەوەی کـورد. یـاد و نـاو و ڕێبـازی کۆمـاری کوردسـتان و پێشـەوای کـوردان هەردەم بەرز و زینـدوو ڕادەگرین. ئەو ڕاستییەن کە پان سیستماتیکی حکومەتی بۆ مردنی خەڵک دەسکەوتێکی ئابووری بۆ زالوەکـانی تـاران نـابێ و لەوانەیە حاکمانی جینایەتکاری تاران تووشی هەڵەیەکی موحاسباتی دیکە بووبێتن. دابەزینـی بەردەوامی نرخـی نەوت لەوە دەچێ زەنگی مەرگی ڕێژیم بێ کە لێدەدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## هیچ کاردانەوەیەک بە دژی لە سێدارەدانی قازییەکان نەبوو!



**حەسەن قازی**

لەو سەرچاوانەی دا کە من چاوم پێیان کەوتووە هیچ ئاماژە نەکراوە بە ئیعتراز بە دژی لە سێدارە دانی قازییەکان، تەنێ نووسەری عێراقی وەدیع جووەیدە لە کتێبە بە نرخەکەی دا The Kurdish National Movement: Its Origins and Development: Syracuse University Press. 2004 " بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: ڕەچەڵەک و پێشوەچوونەکانی "دەنووسێ: "خەبەری ڕووخانی جمهووری مەهاباد و ئێعدامی قازیی محەمەد و هاوڕێیانی بووە هۆی خەفەت و پەژارەی خەڵک لە هەموو کوردستان. لە تورکیا و عێراق دەرەتانی دەربڕینی هەست و سۆزی گشتی بە ئاشکرا نەبوو و لە کوردستانی ئێرانیش کە حکوومەتی نیزامی بەسەردا زاڵ کرا بوو خەڵک بە پەژارە و غەمناک بەڵام بێدەنگ بوون، تەنیا خەبەر هات کە لە١١- ی مانگی مەی ساڵی ١٩٤٧ / ٢٠- ی بانەمەڕی ١٣٢٦ی هەتاوی لە خورەم ئاباد نێوەندی لورستان خۆپیشاندانی بە زەبروزەنگ بە دژی ئێعدامەکانی مەهاباد کراوە".


هەر وەها ئارچی ڕوزڤێڵت ئەفسەری ئیستخباراتیی ئەمریکا کە لەو سەروبەندە دا لە تاران ئاتاشەی عەسکەری بووە و دوو جار سەری کوردستانی داوە لە کتێبەکەیدا For Lust of Knowing Memoirs Of An Intelligence Officer : لە پێناو چێژی زانین، بیرەوەرییەکانی ئەفسەرێکی ئیستیخباراتی. ١٩٨٨، دەنووسێ: "ماوەیەکی کورت بەر

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

لەوەی تاران بەجێ بێڵم لە مانگی فێڤرییەی ١٩٤٧، ژەنەڕاڵ ڕەزم ئارا چوو بوو بۆ مەهاباد، و ئەمن بە دروستی پێم وابوو بۆ ئەوە چووە چاوەدێری بکا بە سەر ئێعدامی برایانی قازی دا. زۆر بە پەلە چوومە لای سەفیر جۆرج ئالەن بۆ ئەوەی بزانم لەو بارەیەوە چمان پێ دەکرێ. ئالەن پێی گوتم "باشە ئەتۆ بۆ نیگەرانی وەزعی قازییەکانی، ئەوان هاوکاری سۆڤیەتییەکانیان دەکرد" لە وەڵامی سەفیر دا گوتم ڕاستە بەڵام ئەوان لە جێدا کەسانی ناسیۆنالیستی کورد بوون و حەولیان دەدا ئەوەی لە دەستیان دێ بۆ باشتر کردنی وەزعی گەلەکەیان بیکەن و لەو بارەیەوە سۆڤیەتییەکان تەنیا لایەن بوو کە پێیان خۆش بوو یارمەتیان بدەن، و ئەگەر ئەوان ئێعدام بکرێن، ئێمەش وەک شەریکی کردەوەیەکی ترسێنەر وەحیساب دێین لە چاوی کوردە ناسیۆنالیستەکان دا لە هەموو جێیەک. ئالەن گوتی باشە پێشنیارت چییە دەڵێی ئەمن چ بکەن؟ گوتم پێم باشە بچییە لای شا و داوای لێ بکەی فەرمان بدا بە ڕەزم ئارا بۆ ئەوەی قازییەکان بهێنێتە تاران بۆ محاکەمەیەکی مونیسیفانە و کراوە. بە پێی داوخوازی سەفیر ئالەن دەستبەجێ شا قەراری دیداری دایە. ئالەن بە شای گوتبوو هیوادارم گێروکێشە عەشیرەتییەکان ، بە بارودۆخی کوردکانیشەوە بەرەو باش بڕوا. دوایە ئالەن بەردەوام ببوو و بە شای گوتبوو ڕاستە قازییەکان لەگەڵ سۆڤییەتییەکان هاوکاریان کردووە، بەڵام کارێکی زۆریشیان لە پێناو پەروەردە دا کردووە - و شا قسەکانی پێ بڕی بوو و پێی گوتبوو: "نیگەرانی ئەوەی تیرەبارانیان کەم؟ وبە پێکەنییەوە گوتبووی ئەگەر پێت وایە، خەیاڵت ئاسوودە بێ، شتی وا ناکەم". لە ٣١-ی مارس قازییەکان بە فەرمانی ئەعلاحەزرەت شاهەنشا لە سێدارە دران. مرۆڤ دەکرێ بەو ئاکامە بگا هەر کە سەفیرەکەمان لە دیوەکە دەرکەوتبوو و دەرگای لە دوای خۆی داخستبوو لە وانەیە شا فەرمانی لە سێدارە دانی قازییەکانی دەر کرد بێ".

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٠

## "محاکەمە"ی قازی محەممەد و یارانی بەپێی ڕیوایەتی نەجەفقوڵی پێسیان



پرچم جمهوری کردستان

### وێنووس ڕوانگە

قازی محەممەد لە چاخی فەرمانڕەوایی خۆی لە مەهاباد دا بە تەگبیرێکی تایبەتییەوە هەڵسوکەوتی کرد، بەو شێوەیە کە نەهێشت لە شارەکە دا قەتل و تالان بکرێ و ماڵ و موڵکی خەڵک بە تالان ببرێ. ئەو کردەوەیە بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی دووساڵە دا کە ئەو فەرمانڕەوایی دەکرد، تەنێ یەک لەخەڵکی شاری کووژرا و خەڵک خۆشەویستییەکی تایبەتییان لە ئاست قازی محەممەد هەست پێ دەکرد. ئەو سیاسەت و تەگبیرە، هەر وەک لە سەرەتای ئەم کتێبەش دا هات، کارێکی وای کرد دەوڵەت ناچار بێ لە سەرەتای هاتنەوەی نیروو بۆ مەهاباد هێمنانە لەگ قازی ببزوێتەوە و نەیخاتە ژێر چاوەدێری و نەی گرێ.

سەیر لەوە دایە کە لە ڕۆژەکانی هەوەڵێ دا، سەرلەشکر هومایوونی فەرماندەی هێزەکانی دەوڵەتی لە کوردستان. لە مەهاباد نانی نیوەڕۆی لەگەڵ قازی و لە ماڵی وی دەخوارد و گرتنی وی هیچ لە گۆڕێ دا نەبوو.

لەو ڕۆژانە دا، برای قازی محەممەد کە پێوەندییەکی نزیکی لە گەڵ سەرۆکوەزیری ئەو دەمی ڕێزدار ئەحمەد قەوام هەبوو،

لە تاران خەریکی چالاکی بوو تا بەقەولی خۆی تەمی ئەو خراپ تێگەیشتنانە بڕەوێنێتەوە و پێش بە کردەوەی توندی دەوڵەت بە دژی خۆی و خزمەکانی بگرێ.بۆ ئەو مەبەستە سەدر قازی لە تاران بە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکانی گوت: " ئەمن بە تەواوی لە نییەتی چاکەی ڕێزدار سەرلەشکر هومایوونی و جووڵانەوەی هێزە نیزامییەکان ڕازی و خۆشحاڵم و خەڵکیش هەر لە گوێن ئەوە بە مەیلەوە خەریکی تەحویل دانی چەکەکانی خۆیانن. "قازیی محەممەد لە ڕۆژەکانی هاوکات لەگەڵ گیرانی مەلا مستەفا و ڕاگوێزرانی بۆ تاران گیرا و دەستبەجێ لێپرسینەوەی دەستی پێ کرد. چەند ڕۆژ دواتر لە تاران بڵاو بووەوە کە "لە بەر ئەوەی قازیی محەممەد لە مەهاباد هێندێک شتی گوتووە کە پێویست بووە سەدر قازی ش بۆ دانی هێندێک کردنەوە بچێتە مەهاباد، بۆیە بەڕێزیشان خرانە ژێر چاوەدێرییەوە بۆ ئەوەی بچنە مەهاباد". ئەو ڕستەیە دەقی خەبەرێک بوو کە لە ڕۆژنامەکانی تاران دا بڵاو بووەوە، لە کاتێکدا ڕاستی بە پێچەوانەی ئەوە بووە سەدرقازی کەوتبووە ناو بەرداشی کێشەی نێوان دوو هێزەوە. لە لایەکەوە سەرۆکوەزیر کە پێوەندیی تایبەتی هەبوو لەگەڵ برایانی قازی و لە پەیدا بوون ئاژاوەی کوردستانیش دا وەکوو ڕووداوی ئازەربایجان بێ تەئسیر نەبوو و دەیویست ئەو تاکوتەرایە بۆ فشار خستنە سەر هێندێک لە کاربەدەستان لە بەر دەست دابێ، بۆیە پێی خۆش نەبوو ئەوانە بگیرێن و سزا بدرێن و لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی عەسکەری بوون کە حەولیان دەدا نفووزی دەوڵەت لە سەرتاسەری ناوچەی کوردستان دا سەقامگیر بکەن، بوونی ئەوانەیان بە چەتێک دەدی لە سەر ڕێگای کردەوەکانی خۆیان. سەدر قازی نائومێد و هیوابڕاو دیوی بەڕێزیانی بەجێ هێشت و ئەوەندە شڵەژابوو، کە لە سالۆنی نێوەندیی وەزارەتی کاروباری دەرەوە پاڵی بە دیوارەوە دا بوو تا نەکەوێ. لە دۆخێکی ئاوا دا . یەکێک لە نوێنەرانی ڕاست ئاژۆی خولی چاردەهەمی پارڵمان لێی نزیک کەوتەوە و پێی گوت ڕێزدار سەدر بینیتان حیسابی ئێوە هەڵە بوو و دەوڵەت بەهێزە. سەدر گوتی: ئەوە ئێمە نین کە شکاوین، ئەوە سیاسەتی سۆڤییەتە لە ئێران کە لە ناو دەچێ

هەرچونێک بێ سەدر یان بە ترسان و لەرزان لەگەڵ ئێسکۆرتێکی نیزامی لە تارانەوە بە ڕێزەوە ئەویان برد بۆ تەورێز و لەوێوە بردیانە مەهاباد و ئەویان لە دیوێکی جوێ دا زیندانی کرد. لەو کاتە دا سەیف قازی و ژمارەیەکی دیکە لە هاوکارانی قازیی محەممەد و خزمەکانی زیندانی کرا بوون. پێ ڕاگەیشتن بە کاری تاوانبارکراوانی سەرەکی، واتە محەممەد قازی، سەدرقازی و سەیف قازی. لە دادگەیەک دا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار سەرهەنگ پارسی تەبار و دۆزگەریی سەرهەنگ فیووزی پێک هات، و دەستی پێ کرد.

لەو دادگەیە دا زۆر قسە کرا. دۆزگەر قسەی گرینگی کرد سەبارەت بە (...) و (..) برایانی قازی و هاوکارەکانیان و تاوانبارکراوانیش سەنەد و بەڵگەیەیان سەبارەت بە بێگوناهی خۆیان و پێوەندیی لەگەڵ هێندێک لە کاربەدەستانی

[دەوڵەتی] نێوەندی نیشان دا.

گفتوگۆیەکی زۆر هاتە گۆڕێ، مەسەلەی جیاواز باسیان لێوە کرا و هەر دووک لا پای زۆر تاکوتەرا، کاربەدستانی ناوخۆیی و لاوەییان هێنا گۆڕێ و هێندێک شاهیدیی و نموونەیان هێناوە، تەنانەت هێندێک ئاماژە کرا بە نەوت و داوخوازی ڕاستەوخۆی بێگانان و هاتنی هێندێک مەئموور و ئەوەی کە پێویستیی مەحکەمەیەکی مێژوویی عەسکەری زەمانی شەڕ بوو ڕووی دا. ئێمە لێرە دا بەکورت و موختەسەر، باسی ئەو شتانە دەکەین کە مەجالی قسە لە سەر کردن و بڵاو کردنەوەیان هەیە بۆ ئەوەێ خوێنەرەوەکانمان بزانن لەو مەحکەمە مێژووییە دا چ ڕووی داوە.

لە کاتی پێک هاتنی دادگا، هێشتا شەڕ بە دژی بارزانییەکان دەستی پێ نەکرد بوو و دەوڵەت سیاسەتێکی توندی لە مەهاباد و کوردستان وەبەر نەگرتبوو، بەڵکوو لە ڕێگای هێمنانەوە بەرەو پێش دەچوو و لەبەر ئەوەی هێشتا سەرتاسەری ناوچە ئەهوەن نەببووەوە و زۆر لە خێڵەکان بە تایبەتی عەشیرەتەکانی نزیک سێ کوچکەی سنووری ئێران و سۆڤییەت و تورکیا چەکدار بوون، بۆیە دەوڵەت نەیدەویست بەر لەوەی بە سەر بار و دۆخەکە دا زاڵ بێ ترس و خۆف ساز کا. هەر دەست بەجێ کە مەحکەمەی عەسکەرییێک هات، زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکانی لە باکوور و باشوورەوە بانگهێشتن کرد بۆ تاران و لە دەهەمی ڕێبەندان [٣٠ی ژانڤییەی ١٩٤٧]، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ کە لە تاران بەڕێوە چوو، هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان و ڕوحانییەکان و باوەڕپێکراوانی خۆجێیی کوردستان، لە لایەن ستادی ئەرتەشەوە بە حزووری ئەعلاحەزرەتی همایوونی شاهەنشاهی ناسێندران و هەر کامەیان بەپێی پلە و پایەیان ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس و فەرمانی قازییەتی و تفەنگ و میدال و نیشان و گۆچانیان درایە و موفتەخەر بوون.

لەو جەرەیانە دا، لەکاتی شەرەف پەیدا کردن دا، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش و ڕووحانییە گەورەکان داوخوازیان لە پێشگای ملووکانە کرد کە قازیی محەمەد و براکەی و ئامۆزاکەی ئیعدام بکرێن و ئەو ڕاگەیاندنانە بە ڕێگای ڕۆژنامە و بەیاننامە دا لە نێو عەشیرەتەکان دا بڵاو کراوە و بانگهێشتکراوان بە دیدەنی لە دامەزراوە نیزامییەکان و یەکەکان، لەگەڵ دەسەڵات و توانایی دەوڵەت ئاشنا بوون بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لە گەڕانەوە دا هیچیان نە دەگوت جگە لە دژایەتی قازیی محەمەد و داوای ئیعدام کردنی وی نەبێ.

لەوکاتە دا ئوستانداریی ئازەربایجان بە دەست ڕێزدار عەلی مەنسوور بوو کە بە سیاسەت و تەگبیرێکی تایبەتی و شێوەی لە سەرەخۆ، پێشی نوندڕۆیی مەئموورەکان و تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگی بێ کەلکی دەگرت و بۆ دابین کردنی ئیرۆیی و

ئاسوودەیی خەڵک تا ئەو جێگایەی دەلوا هەنگاوی بەکەلکی هەڵ دەهێناوە.

بەو شێوە و تەگبیرە. لێپرسینەوە لە قازی محەممەدو براکەی و ئامۆزاکەی بە بێ ڕووداني شتێکی ناخۆش یان خۆنیشاندانێکی نا بەدڵ لە مەهاباد دەستی پێ کرد، بە شێوەیەکی ئاوا کە قازی محەممەد خۆی لە سێیەمین دانیشتنی لێپرسینەوە دا گوتی: ئەمن ئێستا هێندێک بە ژیانی خۆم هیوادار بووم چونکە دەبینم دەتانەوێ محاکەمەمان بکەن، لە کاتێک دا لە هەوەڵەوە دەترسام ڕاستەوخۆ بمانکوژن.

لە بەر ئەوەی کە دادگای نائاسایی زەمانی شەڕ کە لە مەهاباد پێک هاتبوو بەپێی قانوونی عەسکەری نەی دەتوانی دانیشتەکانی خۆی ڕابگرێ، بۆیە زۆربەی دانیشتەکانی لە سەعاتی ٨-ی بەیانییەوە تا نیوەشەو و جارجاریش تا سەعات سێی دوای نیوەشەو درێژەی دەکێشا.

دوای ئەوەی کە لێبرسینەوە لە تاک بە تاکی تاوانوەپاڵدراوەکان بە جوێ تەواو بوو. پەروەندەکە بۆ ڕاوێژ و قسەلەسەر کردن ناردرا بۆ دادگە و بە تاوانوەپاڵدراوانیان گوت پارێزەر بۆ خۆیان دیاری بکەن.

قازی محەممەد لە کاتی هەڵبژاردنی پارێزەر، ناوی چەند کەس لە ئەفسەرانی بە ئەزموون و شیاوی ئەرتەشی هێنا گۆڕێ وەکوو سەرتیپ ئەسلانی و سەرهەنگ مووسا شاهقولی ( کە ئەو دەمی هێشتا وەفاتی نەکرد بوو) و ئەوانی وەک پارێزەر هەڵبژارد، بەڵام پێیان گوت کە دەبێ پارێزەری خۆی لە ناو ئەو ئەفسەرانە هەڵبژێری کە لە مەهاباد و سەربازخانەی ئێرەن، لە شوێنی دیکەوە نابێ چونکە کارەکە وەدەخرێ و قانوون ڕێگا نادا. ڕەنگە تۆ بتەوێ لە لەندەن پارێزەر دەستنیشان بکەی.

قازی محەممەد گوتی هەرچی بڵێن دیکەم ،ئەگەر سەروکارم لەگەڵ لەندەن هەبایە خۆ کارم نەدەگەیشتە ئێرە، زۆر باشە هەر لەناو ئەو ئەفسەرانە هەڵدەبژێرم، گەردنم لە موو باریکترە و دوای ئەوە سەروان شەریف و چەندکەسی دیکە بۆ پاریزەریتی ئەو و سەدر قازی و سەیف قازی هەڵبژێردران.



ڕۆژی نۆزدەهەمی بەفرانبار ( ٩-ی ژانڤییەی ١٩٤٧) کە دانیشتنی دادگە بە ئیعتیرازی تاوانوەپاڵدراوان ڕادەگەیی، محەمەد قازی لە سەعات ٨-ی بەیانییەوە تا سەعات ٢٢ واتە نزیکەی ١٤ سەعات قسەی کرد جگە لەو ماوەی کە دادگە بۆ نانی نیوەڕۆ پشووی دا و ئیرادی جۆربەجۆری لە دادگە گرت.

قازی محەممەد بە گشتی سێ ئیرادی لە دادگە گرت: یەکیان ئەوەی کە ئەو مەحکەمەیە لە سەلاحییەتی دا نییە بە سووچەکانی ئەو ڕابگا. چونکە ئەو کەسێکی عەسکەری نییە و دەبێ لە مەحکەمەکانی عەدلییە، یا لە تاران لە دادڕەسی ئەرتەش ڕاوەدوو بنرێ.

دووەم دادگە کاتی کافی پێ نەداوە بۆ موتالا و دەستبژێر کردنی پارێزەر سێیەم ئەوەی کە تاوانوەپاڵدراون دەبێ بەیەکەوە بهێنرێنە بەر دادگە. مەحکەمە لە دوای ڕاوێژ هەر سێک ئیرادەکانی وی وەدوایە داوە . چونکە ئیعترازی یەکەمی وی لەجێی خۆی دا نەبوو ، لەبەر ئەوەی کە دادگە عەسکەرییەکان لە ناوچە بۆ پێ ڕاگەیشتن بە تاوانی ئەوتۆی کە وەپاڵی کەسانی وەک قازیی محەممەد دەدرێ پێک دێ و قانوون سزا دانی ئەو کەسانەی کە بە دژی هێدیایەتی وڵات هەنگاو هەڵدێننەوە بە دادگە عەسکەرییەکان ئەسپاردووە، بە تایبەتی بە دژی ئەو کەسانەی کە ڕاپەڕینی چەکدارانەیان کرد بێ. دووەم لە قانوون دا ٢٤ سەعات کات بۆ دیاریکردنی پارێزەر و خوێندنەوەی دۆسییەکە لە بەر دەست تاوانوەپاڵنراو نراوە و لە کاتێکدا دادگە سەبارەت بە قازیی محەممەد و قازیی سەدر و قازیی سەیف ، ئەو مۆڵەتەی تا چل سەعات درێژ کردەوە. لە مەر لێپرسینەوە و هێنانی تاوانوەپاڵدراو بۆ بەر دەم دادگەش، مەحکەمە ڕایگەیاند کە بۆ پێشگیریی لەوەی تاوەنوە پاڵدراوان قسەیان بکەنە یەک، بە جوێ هیناونی بۆ بەردەم دادگە.

هەر کە ئیعتیرازەکان وەدوا درانەوە، دادگە دەستی کرد بە دادڕەسی.

لە دادگە دا قازیی محەممەد بە شێوەی گشتی ئیعتیرازی کرد لە جووڵانەوی دەوڵەتی نێوەندی و دەیگوت ئەمن لێرەوە لەم سووچە کەلاکەوتوویەی کوردستان و لە قولینجکی زیندانەوە ڕادەگەیێنم کە دەوڵەتی نێوەندی و کاربەدەستە بەرپرسەکان دەبێ وڵامدەری تاوانەکانیان بن و ڕادەگەیێنم سووچدار ئێوەن نەمن، چونکە ئەگەر دەوڵەت لەو چەند ساڵەی دوایی دا دەسەڵات و ئیرادەی ئەوەی بووبا کە نیروو بنێرێتە ئەو ناوچەیە و حاکمییەتی خۆی دابین بکا و زاڵ با بە سەر بار و دۆخ دا، بێگانان گوشاریان نەدەهێنا بۆ خەڵکی چارەڕەشی ئەو ناوچەیە تا من ناچار بم بۆ پاراستنی ژیانی خۆم و بنەماڵەکەم ئەو جۆرە کارانە بکەم. ئەمن لە لای خۆمەوە ئەوەی کە پێویست بوو بێ بە کاتی خۆی بە کاربەدستانی بلیند پایەم ڕاگەیاندووە و سەرۆکوەزیر و دەسەڵاتەکانی دیکەم سەبارەت بە بار و دۆخ ئاگادار کردووە ئێوە زۆرەملی و بێ بەزەییتیمان لەگەڵ دەکەن. هەر وەک چۆن کە دەوڵەتی شاهەنشاهی بە بوونی سەفارتخانەکانی بێگانە لە تاران و بە ئامادەیی نوێنەرانی دەوڵەتە جۆربەجۆرەکان و بە ئاگاداری دنیا لەوە ، زۆر جار مەجبوور بوو لە بەرانبەر زەختی سۆڤییەت دا چۆک دادا و فەرمانەکانی ئەو دەوڵەتە جێ بە جێ بکا، قشوون نەنێرێتە ئوستانە جۆر بە جۆرەکانی وڵات، ماڵ و گیان و دارایی خۆی لە بەردەست ڕووسەکان بنێ، ئێمەش ناچار بووین، خۆ من هێز و دەسەڵات و قشوونێکم نەبوو مەجبوور بووم فەرمانەکانیان جێ بەجێ بکەم، بە خوڵای مەجبوور بووم، وەڵا مەجبوور بووم....



بەرگرییەکانی سەدر قازی جۆرێکی دیکە بوو. سەبارەت بەو شتانەی لە زەمانی نوێنەرایەتی لە پارڵمان دا ڕووی دا بوو دەیگوت پارێزبەندییم هەبووە و لەگەڵ گروهی ئەقەلییەتی مەجلیس کارم دەکرد و سەبارەت بە کردەوکانی ئەو دواییانەشی دەیگوت من لە تاران بووم و کارێکم نەکردووە و دەبێ لە عەدلییە ئەمن محاکەمە بکەن نەک لەم دادگەیە دا



سەیف قازی ش سەبارەت بە دەبەر کردنی یونیفۆرمی ژەنەڕاڵی و چوونی بادکووبە دەیگوت: حکوومەتی ناوچەیی تەورێز ئەو ئیختیاراتەی دابوو بە ئێمە و چاوەڕوانم دەکرد دەوڵەتی نێوەندیش ئێمە بە ڕەسمییەت بناسێ و دوای ئەوەی کە سەرۆکوەزیر وەک فەرمانداری مەهاباد دیاریی کردم، ئیتر دەستم هەڵگرت لە دەبەرکردنی ئونیفۆڕمی ژەنەڕاڵی.

بەدبەختی قازیی محەممەد و سەدرقازی و سەیف قازی لەوە دا بوو کە دۆزگەری ئەو دادگەیە سەرهەنگ فیووزی بوو کەسەرۆکی ستادی نیرووی دەوڵەتی بوو و لە ناو ئەندامانی دادگەش دا کەسانی وەک سەرهەنگ موزەفەری دەبیندران کە ماوەی ساڵێک لەگەڵ قازیی محەممەد و ئەوانیدی دەست و پەنجەی نەرم کرد بوو و زانیاری زۆر قووڵی هەبوو لە مەڕ چالاکییەکانی و ئەو نامانەی کە ئەو بە خەتی خۆی و بە دژی دەوڵەت نووسیبووی بە دەستیانەوە بوو کە مەجالی نکووڵی لێ کردنی نەدەدا بە قازیی محەممەد و ئەگەر ویستبایان پێکهێنانی حیزبی کۆمەڵەی کوردستان و ڕاپەڕینی لایەنگرانی و هەنگاوەکانی دیکە بە نەتیجەی سیاسەتی بێگانان دابنێن و لەبەرچاوی نەگرن، سەنەد و بەڵگەی دیکە بەدەستەوە بوو کە دەی سەلماند شەخسی قازیی محەممەد و سەیف قازی و سەدر قازی بە پێی خواست و مەیلی خۆیان هێندێک کاریان کردووە و مەئمورەکانی دەوڵەتی بێگانە ڕەنگە بەهیچجۆرفکرێکیان لەمەڕ ئەو کاروبارانە نەبوو بێ



این نمایش را هرچند گاه یکبار، خائنین برعلیه مقام سلطنت میدادند

بۆ وێنە بەو شێوەیەی کە لە ئازەربایجان، لەگەڵ ئەوەشدا کە بناغەی حکوومەتی کۆمۆنیستی داندرابوو و ئەو مەڕامە لە گەڵ بنەمای سەلتەنەت لە دژایەتی دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕادیۆی تەورێز و لە چاپەمەنی فیرقەی دێمۆکڕات دا هێرشی توند نەدەکرا سەر مەقامی سەلتەنەت. لە کاتێکدا لە مەهاباد لە هیچ شتێک دەستیان نەدەپاراست بۆ هاندانی خەڵک بەدژی پادشاه و بنچینەکانی سەلتەنەت. تەنانەت بۆ ئەوەی کە خەڵکی نیشتمان دۆستی مەهاباد لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە ، پادشایان وەک دوژمنی "نەتەوەی کورد" یان کۆمەڵانی کورد دەناساند و بۆ ئەو مەبەستە جارجار جلوبەرگیان دەبەر گەنجێک دەکرد و دەیان ڕازاندەوە، و ژمارەیەک چەک بەدەست لەدەوری کۆ دەبوونەوە و هەڕەشەیان لێ دەکرد و لە سەر سەری تابلۆیەکیان هەڵ ئاوەسیبوو و لە سەریان دەنووسی: "بمرێ ئەو کەسەی کە پێشی ئازادی کوردی گرتووە."

لە لایەکی دیکەوە هێندێک نووسراوەی دیکە وە دەست کەوت کە دیاریی دەکرد بە جیدی دژی سەلتەنەتی مەشرووتەیە و بەچاوی ڕق وقین لە ئەرتەش دەڕوانێ. بەتایبەتی لەو بارانەوە، سەرهەنگ فیووزی کە دۆزگەری دادگەکە بوو نووسراوەیەکی نیشان دا کە خوێنی هەموو ئەفسەرەکانی وەجۆش هێنا و هەستی گشتی بریندار کرد. ئەویش نامەیەک بوو کە قازیی محەممەد بۆ ستادی هێزەکانی دەوڵەتی لە کوردستان نووسیبوو. قازیی محەممەد لە وڵامی سەرۆکی ستاد کە چەند مانگ پێشتر لە ڕوودانی ئەو ڕووداوانە داوای لێ کرد بوو گوێڕایەڵی لە شا بکا و دە ئەمر ونییەی دابێ و بانگەوازی کرد بوو دەست لە دژایەتی لەگەڵ ئەرتەش هەڵگرێ، لە ڕوی (...) و تێ نەگەیشتن و غروور وڵامێکی سووکی بەو شێوەیەی خوارەوە دابووەوە:

"ئێوە ئەفسەرانی هەمان ئەرتەشن که لە جەنگەی نەبەرد و کاتی گیانبازی دا تێی دەقووچێنن و هەڵدێن و شێعری فیردەوسی شاعیری مەزن ئاوا بەڕێوە دەبەن: همه سر بسر پشت بدشمن کنیم/ از آن به که خود را به کشتن دهیم ( هەموو سەر بە سەری یەکەوە پشت لە دوژمن دەکەین / لەوە باشترە کە خۆمان بە کوشتن بدەین." ئاشکرایە کە ئەو جۆرە هەنگاوە (...) و نوسراوەی دوور لە (...) بەهیچجۆر لە لایەن ئەرتەشییەکانەوە لە بیر نەدەکرا و نەی دەتوانی ئەو لە سزا ڕزگار بکا.



مهاباد: سال ۱۳۲۴ شمسی ـ قاضی محمد در حال رژه نظامی
۱ـ قاضی محمد ۲ـ محمد حسین خان سیف قاضی ۳ـ سید محمد ایوبیان (أ/ل ب.م حریق اگریک ۱۶) ۴ـ سرهنگ ابراهیم خان صلاح بگ زاده ۵ـ سرهنگ فیوضی
(منبع: استاد سید عبدالله ایوبیان مرکزی)

دۆزگەر جگە لە نیشان دانی بەڵگەو سەنەدی پێویست بە دادگە، ئاماژەی بەو سەفەرەی کرد کە بۆ خۆی بە شەخسە لە ماوەی سەرۆکایەتی کۆماریی قازیی محەممەد دا بۆ مەهابادی کرد بوو و گوتی: قازیی محەممەد نەک هەر سووکایەتی بە ئەرتەش دەکرد، بەڵکوو لە سێ سەفەر دا کە لە حەتومی خەرمانان و یەکەمی ڕەزبەر و بیست ویەکی خەزەڵوەر بۆ مەهابادم کرد هەڕەشەی لێ دەکردم و دەیگوت: بەو زووانە هێرش دەکەم بۆ سەر هێزە دەوڵەتییەکان، سەقز و سنە و کرماشانیش داگیر دەکەم و لە سەفەری حەوتەمی خەرمانان بە ئامادەیی من بە یونیفۆرمی ژەنەراڵییەوە سانی لە ڕێژەی هێزەکانی خۆی دی.

قازیی محەممەد و سەیف قازی نکووڵیان لەوە کرد کە چووبنە بادکووبە، بەڵام بەڵگەی گرینگ کە لە دەست دابوون پێشکێشی دادگە کران و بە ناچار هەر دووکیان پێیان لێنا و لە ئاکامدا دەرکەوت کە قازیی محەممەد دووجار چووە بۆ بادکووبە.

لەهەموان گرینگتر دەرکەوت ئەو ئاڵای سێ ڕەنگی شێر و خورشیدی کە هەموان سەری لە بەر دادەنوێنن و پێی هەڵ دەڵێن

گۆڕیـوە، ڕەنـگە سـوورەکەی بـردووەتە سـەرەوە و ڕەنـگە سـەوزەکەی هێنـاوەتە خـوارەوە و لە جیـات شـێرو خورشـید "ئارم"ی جمهووری کوردستانیان کێشاوەتەوە.

پارێزەری قازیی محەممەد گوتی لە قـانوونی بنچینەیـی دا هـیچ باسـی جێگـای ڕەنگەکـانی ئـاڵا نەکـراوە. دۆزگەر وڵامی داوە ئەگەرچی جێگای ڕەنگەکان دیاری نەکراوە بەڵام گۆڕینی ئەوەش پێش بینی نەکراوە. لەوەش دەرچێ ئەگەر لە گۆڕینی جێـێ ڕەنگەکانیش چاو هەڵببوێردرێ گۆڕینی "ئارم" ی نەتەوەیی کە شێر و خورشیدە ناکرێ لە بەر چاو نەگیـرێ. سـەبارەت بە کردەوەکـانی سـەدرقازی ش دەرکەوت کە بە پێـی ئیـدیعای دۆزگەر، ئەو لە ڕۆژی شـازدەهەمی سـەرماوەز [ ٧ی دیسـامبری ١٩٤٦] لە مزگەوتـی هەبـاس ئاغـای مەهابـاد نـوتقێکی کـردووە و خەڵکـی هـان داوە و گوتـوویەتی: دەوڵەت لە وزەی دا نییە لە دوو بەرەی ئازەربایجان و کوردستان دا شەڕ بکا. ئەمن نزیک سێ ساڵ لەتـاران بـووم و بە باشی دەزانم ڕووحییەی سـەربازان و دەرجەداران و ئەفسـەران چـۆنە. دەوڵەت لە سـەقز و سەردەشـت و تیکـانتەپە هێـزی نییە و ئـێمە بە باشـی دەتـوانین بە یـارمەتی فێـداییە دێمۆکڕاتەکـان هێـزە دەوڵەتییەکـان تێـک و پێـک بشـکێنین. لە ڕابـردوو دا دەسـتەیەک لە عەشیرەتەکان دەیانتوانی بۆ ماوەی درێژ لە بەرانبەر هێزە دەوڵەتییەکان دا خۆڕاگری بکەن، ئێستا خۆ ئێوە لەوان کەمتر نین، نابێ بترسێن، شەڕ بکەن و لە ئاست دوژمن ملە بکەن.

هێندێک بەڵگەی دیکە لە دەست دابوو کە نیشانی دەدا قازیی محەممەد دوو ڕۆژ بەر لە هاتنەوەی نیرووی هەشتا هەزار ریـاڵی لە دارایی بۆکان وەرگرتووە. جگە لەو هەنگاوانە، سووچێکی دیکەی قازیی محەممەد کە لە ڕوانگەی ئەرتەشییەکانەوە شیاوی لـێ خـۆش بـوون نەبـوو ئەوە بـوو کە بـانگەوازی لە حەمەڕەشـید [خـان] کـرد بـوو بـۆ هاوکـاری و دوای گەڕانەوە لە لای سەرلەشکر هومایوونی، لە ٢٢ ی سەرماوەز [ ١٣-ی دیسامبری ١٩٤٦] شەرتومەرجێ تەرکی شەڕی ڕەچاو نەکرد بوو چەکی لە بارزانییەکان شەتەک دابوو و سەربازخانەشی تاڵان کرد بوو...

لە سەیف قازی ش سەنەد و بەڵگەیەکی زۆر لە دەست فەرماندەیی هێزەکانی دەوڵەتی لە کوردستان دا هەبـوو، لەوانە ئەوە بـوو کە ئەو لە بەرواری شەشـەمی گەلاوێـژ [ ٢٨- ژوویـیەی ١٩٤٦ ] پەنجـا خوێنـدکاری بـۆ دیتنـی دەورەی دانیشـکەدەی عەسکەری ناردبووە تەورێز کە لەوێوە بنێردرێن بۆ باکۆ.

لەو ڕۆژانە دا حاجی بابە شێخ سەرکوەزیری قازیی محەممەد کە پیرە پیاوێکی مێهرەبانە و دوور دەڕوانێ، ئـازاد بـوو. ڕۆژێک نووسەر لەگەڵ سەرگورد دوکتور خەمسە سەفا کە لە پزیشکە لێزانەکانی ئەرتەشە و ئەو دەمی کچی حاجی بابەشێخی موداوا

دەکرد و سیتوان دوکتور عەزیمی کە ماوەیەک لە دەست بارزانییەکان دا یەخسیر بوو، چووینە دیداری حاجی بابەشێخ، ئەو ئاگای لە هەموو چالاکییە سیاسییەکانی قازیی محەممەد هەبوو دەیگوت: لە دوای مانگی خەرمانان [ئووتی ١٩٤١]، بێگانەکان، ژمارەیەک لە سەرۆکە کوردەکان، لەوانە قازیی محەممەد یان بردە ئەو بەری چۆمی ئاراز و ئەوەندە لەو کارەیان دا بە پەلە بوون کە لەماوەی بیست و یەک سەعات دا لە سەقزەوە ئێمەیان گەیاندە جولفا و لەوێشەوە بردیانین بۆ بادکووبە. لە بادکووبە لەگەڵ زۆرێک لە ژەنەراڵە رووسییەکان کە نەمان دەناسین دیدارمان کرد. تا ئەوەی کە یەکێک لەوان وەک "ئاتاکیشی بێڤ" خۆی ناساند و دیدارێکی تێر وتەسەلی لەگەڵ ئێمە هەبوو و پێکێشی و هەڕەشەی کرد کە فەرمانەکانیان قبووڵ بکەین. حاجی بابەشێخ دەی گوت ئێمە بە هیچجور پێمان خۆش نەبوو فەرمانەکانی قبووڵ بکەین، تا ئەوەی کە قازیی محەممەد تەمای گرت خۆی دەرمانداو بکا. دوا جار پازدە رۆژ لەوێ ماینەوە و دوایە گێڕایانینەوە بۆ مەهاباد. حاجی بابە شێخ دەیگوت: ئەمن بە رێگای جیاواز دا گوزارشی ئەو جەرەیانەم بە مەئموورانی دەوڵەت ڕاگەیاند و بۆ جاری دووەم لەچوونی باکۆ بە جیدی خۆم پاراست. ئەو دەی گوت قازیی محەممەد دووجار و سەیف قازی سێ جار چووە باکۆ و لەو پێشوەچوونانەی دوایی دا، کاتێک دەوڵەت ڕایگەیاند پێوەین بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن نیروو بنێرین بۆ کوردستان ، ئەمن بە قازیی محەممەدم گوت باشترە ئێمەش تێلگراف بکەین نیروو بێ. ئەویش قبووڵی کرد بەڵام ئەسەدۆڤ کە هەموو کاری بەدەست بوو، بە شێوەیەک ئێمەی کۆنترۆڵ دەکرد کە نەتوانین کارێک ئەنجام بدەین. حاجی بابە شێخ دەیگوت بە پێچەوانەی قسەی بێگانان، ئێمە قەت نەمانتوانی لەگەڵ فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان پێک بێین. چونکە ئەوان دەیانگوت دەبێ سەر بە تەورێز بن لەکاتێکدا ئێمە دژ بووین و دەمانگوت دوای ئەو هەموو هەرا و زەنایە، ئەگەر بڕیار بێ گوێڕایەڵی لە تەورێز بکەین، وەک ڕابردوو گوێڕایەڵی تاران دەبین.

هەرچۆنێک بێ بەو سەنەد و بەڵگەیەی کە دە دەست کاربەدەستانی عەسکەری دا بوو و ئەو قسانەی لە دادگە دا کرا، لە کۆتایی دانیشتنێکی نهێنی دا کە زیاتر لە ١٨ سەعاتی پێ چوو، لە کۆتاییەکانی مانگی بەفرانبار [ژانڤییەی ١٩٤٧]، بە پێی بڕیاری دادگەی نائاسایی نیزامی قازیی محەممەد موفتی مەهاباد، سەدرقازی (سەدرولئیسلام) نوێنەری پێشووی مەجلیسی شووڕای میللی و سەیف قازی (سەیفولئیسلام) مەحکووم بە ئێعدام کران.

بڕیاری دادگە بۆ جێ بەجێ کردن بە کاربەدەستانی عەسکەری لە تاران ڕاگەیێندرا، بەڵام لە بەر ئەوەی لە گۆشە و کەنارەوە هیندێک قسە بۆ لەبەرچاو گرتنی حاڵی تاوانوەپاڵدراوەکان دەکرا و لە لایەکی دیکەشە لەبەر ئەوەی هێشتا شەڕ بە دژی بارزانییەکان دەستی پێ نەکرد بوو و لە نێو گفتوگۆی هێمنانە دا دەوڵەت نەی دەویست کردەوەیەکی توندی ئەوتۆ لە خۆیەوە نیشان بدا، بۆیە بەرێوەبردنی حوکمەکە وە دەرەنگی خرا تا ئەوەی کە دادگەیەکی دیکە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار

سەرهەنگ نەجاتوڵای زەرغامی لە تارانەوە بۆ پێ ڕاگەیشتن چووە مەهاباد و لەبەر ئەوەی مولاحەزاتی سیاسی و بیروبۆچوونی خسووسی لە گۆڕێ دا نەبوو، بۆیە حوکمی ئەو دادگە تازەیە کە ئەویش وەک دادگەی پێشوو تاوانەوەپاڵدراوانی بە ئێعدام مەحکووم کرد بوو، لە شەوی دەهەمی خاکەلێوە [٣١-ی مارسی ١٩٤٧] جێ بە جێ کرا و قازیی محەممەد و سەدر قازی و سەیف قازی لە داری سزا دران.

قازیی محەممەد زۆر شڵەژا بوو و دەست پاچە بوو. سەدر قازی ش ڕەنگی بزرکا بوو بەڵام حەولی دەدا لە سەرەخۆیی خۆی بپارێزێ. لە کاتێکدا سەیف قازی بە هەیکلی بەخۆوەی خۆیەوە و ەک کەسی گێژ ئاوڕی ترسێنەری لەملاولا دەداوە و زیاتر لە دوو کەسەکەی دیکە نیگەران بوو.

تاوان وەپاڵدراوانیان سێ سەعات لە دوای نیوەشەو هێنایە پای دار. لەسەربانەکانی خانووبەرەکانی مەهاباد موسەلسەلیان دامەزراندرا بوو. محەممەد قازی پێشتر نوێژی کرد و پاڕایەوە و گوتی سەدر بێ گوناهە خوێنم حەڵاڵ دەکەم، براکەم ئازاد کەن. ئەو لە هەر دوو دادگاکانیش دا پێکێشییەکی زۆری نیشان دا بۆ بەرائەتی سەدر لە دوای وی هەر دوو کەسەکەی دیکەیان هەڵواسی. سەدر قازی پێی سەیر بوو و داوای لێ بوردنی دەکرد و وا وەبەرچاو دەهات کە بەڕاستی خۆی بە بێ گوناح دەزانی. هەر چۆنێک بێ بەو شێوەیە لە بەر لادان و گوشاری سیاسەتی دەرەوەیی یەکێک لە گرینگترین و دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی کوردستان لە ناو چوو.



نزیکەی دوو مانگ دواتر، کاتی تەشریف هێنانی ئەعلاحەزرەتی همایوونی بۆ مەهاباد، ژنێک بە چارشێوێکی ڕەشەوە کە

ڕووی خۆی داپۆشیبوو خۆی گەیاندە شاهەنشا و زەرفێکی پێشکێش کرد. ئەحلاحەزرەت فەرموویان ئەو ژنە کێیە. بە عەرزیان گەیاند ژنی قازی محەممەد؛ هەستی جۆر بە جۆر بالی بە سەر شای جەوان دا کێشا. کەس نەیزانی لەو دەمە دا چ بیر وهزرێک لە مێشکی پادشای ئێران دا پەیدا ببوو، ئەعلاحەزرەتی هومایوونی ماوەیەک چاوەکانی قووچاند و دوایە فەرموویان: کارتان بە کەلوپەلی ئەوانەوە نەبێ و سەرنج بدەنە سەر بارودۆخی لە پاش بەجێماوانیان.

سەرچاوە: نەجەفقولی پێسیان، از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس. تاران، سەرماوەزی ١٣٢٨، شیرکەتی سەهامی چاپ، لاپەڕەکانی ١٦١ - ١٧٦

تێبینی وەرگێڕی کوردی: سەر باسەکە لە لایەن وەرگێڕەوە داندراوە. لە جیات هێندێک وشەی قێزەوەنی نووسەر (...) داندراوە. دوو نوختەی شایانی سەرنج لە بەشێک لە قسەکانی نووسەر و گێڕانەوەی لە زمان دۆزگەری دادگە سەرهەنگ فیووزییەوە ئەوەیە کە بەوپەڕی ڕووهەڵمالاویی نەریتی "میری نەرۆزی" یان شێواندووە وەکوو بەڵگە بۆ دژایەتی شا نیشانیان داوە و ئەوەی کە فیووزی دەڵێ قازیی لە پێش چاوی من بە یونیفۆرمی ژەنەڕاڵییەوە سانی لە ڕێژەی پێشمەرگە دیتووە، وێنەیەک لێرە دا دەبینن کە بەجلوبەرگی ئاسایی ڕوحانییەوە پێشەوا سڵاو لە پێشمەرگە دەکا و سەرهەنگ فیووزی بە پێچەوانەی عورفی نیزامی دەستی ڕێزی هەڵنەهێناوە و ئەو دوو نموونەیە ئەوپەڕی ناڕاستی و دەغەڵی سیستمی کوڕی ڕەزا خان دەسەلمێنێ.

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٠

## شا لە زبڵدانی مێژوودایە و پێشەوا لە ئارامگەی خۆیدا!



**هاشم رۆستەمی**

چەند رۆژ لە نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی تێپەڕیوە، ئێمەی کورد وێڕای دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ پەتای ترسێنەر و بکوژی کۆرۆنا، بەرەبەرە لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان نزیک دەبینەوە. ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، وەبیر هێنەرەوەی رۆژێکی رەش و پڕ لە ماتەمە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و سەرجەم خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان. چونکە لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ٢٦٤٧ی کوردیدا پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، هاورێ لەگەڵ محەممەد حوسێنی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی، لە چوارچرای شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان، بە فەرمانی محەممەد رەزا شای ئێران لەسێدارە دران.

پێشتر لە زۆر بۆنە و موناسبەدا، باسی ئەوە کراوە کە بۆچی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە وەک رۆژی شەهیدان دیاری کراوە، بۆیە لەم وتارەدا لە دووبارە کردنەوەی ئەم باسە خۆ دەبوێرم.

ئەمساڵ ئێمە لە کاتێکدا بەرەوپیری رۆژی رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەچین کە مخابن وێڕای بەردەوام بوونی دەسەڵاتی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی و لەژێر دەستدا مانەوەی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ڤیرووسی

کۆرۆناش وەک پەتایەکی ترسناک کە تا ئێستا لە سەرتاسەری دنیا بڵاو بۆتەوە و سەدان هەزار کەس تووشی بوون و گیانی دەیان هەزار کەسیشی ئەستاندوە و بە میلیۆن خەڵکیشی لە کونجی ماڵەکانی خۆیان خزاندوە، کوردستانیشی وەک بەشێک لەم جیهانە گرتۆتەوە.

لە بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، وێڕای گیرۆدەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە دەیان کەسیش گیانیان لە دەست داوە. جگە لەمانەش دەسەڵاتی داسەپاوی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی لە چەند لاوە قورسایی زیاتری خستۆتە سەر باری ژیان و گوزەرانی خەڵک. چونکە لە لایەک بە هۆی سیاسەتی چەوت و پاوانخوازانەی دەیان ساڵەی ڕێژیم، گەمارۆیەکی زۆر سەختی ئابووری، بڕستی ژیانی لە خەڵک بڕیوە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە تەنانەت لەم کاتە سەختەی ویرووسی کۆرۆناشدا، بە چاوی هەڵاواردنەوە سەیری کوردستان و خەڵکەکەی دەکات. هەر لە ڕاستای ئەو هەڵاواردنەشدایە کە ئێستا بەشی هەرە زۆری نەخۆشخانەکانی شارەکانی کوردستان بۆ دەرمانە سەرەتاییەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ویرووسی کۆرۆنا و دژە ویرووس، لە مەزیقەدان. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە نێوخۆی کوردستانەوە دەگەن، دام و دەزگاکانی ڕێژیم نەک هیچ بە کوردستان ڕاناگەن و یارمەتیی نادەن، بەڵکوو خەریکی ڕاگواستنی ئەو برە دەرمان و پێداویستییانەشن کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ماون. بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوون بۆتەوە کە پەتای دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە ویرووسی کۆرۆنا زیاتر زیانی بە ژیان و گیانی خەڵکی ئەم دەڤەرە گەیاندوە.

چونکە لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی بە زەبری کوشت و کوشتار و داپڵۆسین، دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاندوە، کۆرۆنائاسا، ژیان و گوزەرانی خەڵکی تێک داوە. چونکە لە مەیدانی خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییەدا، وێڕای تێکچوونی ژیان و ماڵی هەزاران کەس، زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و پتر لە پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی شەهید بوون. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەبێ سڵەمینەوە لە سەختییەکانی ژیان، وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی زیندوو و مافخواز هەروا لەسەر پێیە و لەسەر پێش دەمێنێتەوە و هەرگیز ویستە نەتەوایەتییە ڕەواکانی خۆی و ئەو خوێنانەی کە لەو ڕێبازەدا ڕژاون لە بیر ناکات. خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیان کە سەردەمای کۆرۆناش بەسەر دەچێ و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش چارەنووسی لە چارەنووسی ڕێژیمی شا باشتر نابێ.

محەممەد ڕەزا پەهلەوییش کە خۆی بە "شای شایان" دەزانی، تا ئەو جێگەیەی کە توانای هەبوو، زوڵم و غەدری لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران کرد، تا سەرەنجام لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، تەمەنی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا

کۆتایی پێهات.

گەورەترین غەدر و زوڵمی مێژوویی کە محەممەد ڕەزا شا دەرحەق بە خەڵکی کوردستانی کرد، لەداردانی پێشەوای نەمر و هاوڕێکانی بوو. لە ڕوانگەی حەمەڕەزا شا و حکومەتەکەیەوە، پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێکانی دوو"تاوانی' گەورەیان هەبوون. یەکەم ئەوە کە ئەوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکێکی مافخوازیان دەکرد و نەیاندەویست چیتر لەژێر نیری یەخسیری و بێمافیدا بژین، کە ئەوش هەڕەشە بوو بۆ سەر تەختی زاڵمانەی شا و بنەماڵەکەی. دووهەم خاڵ ئەوە بوو کە لە کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای مەزن و حیزبی دێموکراتی کوردستان، حکومەتێکی دێموکراتیک و کۆماری دامەزرا بوو. حکومەتێک کە سەرتاپای سیستمەکەی، لەگەڵ سیستمی دەسەڵاتی موتڵەقەی سەڵتەنەتی و پاشایەتی یەکی نەدەگرتەوە و خاڵی سەرەکی و بنەڕەتییش بوو، بۆ جیاکردنەوەی کیانی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باقیی بەشەکانی دیکەی ئێران.

گومان لەوەدا نییە کە قازی محەممەد بە وشیاریی تەواوە دەستی بۆ تێکدانی سیستمی پاشایەتی لە کوردستان بردوە و لەو خەتەرەش غافڵ نەبووە کە لەم بوارەدا لەسەر ڕێگەی بووە. هەر بۆیەش دوای ئەوەی ئەرتەشی حەمەڕەزا شا توانی دەست بەسەر مەهابادا بگرێتەوە، جەنابی پێشەوا شاری بەجێ نەهێشت و بەرپرسایەتیی هەموو ئاڵوگۆڕ و پێشوەچوونە سیاسییەکانی گرتە ئەستۆ و وەک کەسایەتییەکی بلیمەت و وەفادار بە ئامانجی نەتەوەکەی، تا دوا هەناسەی ژیانی بە سەربەرزییەوە دیفاعی لە خاک و نیشتیمانەکەی کرد و لە دوایین ساتەکانی ژیانیشیدا گەورەترین دەرس و ئەزموونی لە دوای خۆی بۆ بەجێ هێشتووین. ئێستا ئەو فەرموودەیەی جەنابی پێشەوا لە دڵ و مێشکی سەرجەم نیشتمانپەروەرانی کوردستاندا جێی گرتوە کە لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ڕوو بە داگیرکەر و دوژمنی کورد، فەرمووی: "ئێوە بە لەداردانی من تەنیا قازی "محەممەد'ێک لەدار دەدەن، بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە لە داهاتوودا هەر ڕۆڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە بۆ خۆی قازی 'محەممەد'ێکە.

ڕاستە کە دوژمن توانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی شەهید بکات، ڕاستە ئەوان توانیان کۆمارە ساواکەی کوردستان تێک بدەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان لە خەبات کردن بۆ مافە نەتەوایەتییەکانیان نائومێد بکەن. دوای ڕێژیمی پاشایەتی، کۆماری ئیسلامییش بە هەموو شێوەیەکی مومکین هەوڵی داوە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت بکات. ئەو ڕێژیمەش توانیویەتی ڕێبەر و سەرکردەی بە توانای وەک شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفەکەندییمان لێ شەهید بکات، بەڵام با کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەوە دڵنیا بن کە چارەنووسیان لە

چارەنووسی محەممەد ڕەزا شا خراپتر دەبێ.

ئەوان دەبێ دەرس لە مێژوو وەرگرن و ببینن کە ئەو شایەی فەرمانی لەسێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستانی دا، بۆخۆی وەها کەوتە بەر ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران، کە تەنانەت لەم وڵاتە پان و بەرینەدا دوو میتر عەرزی پێ ڕەوا نەبیندرا تا لاشەکەی تێدا وەشارن و لە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودا گۆڕغەریب بووە. بەڵام لە بەرامبەردا پێشەوای کوردان هەر لە نێو دڵی نیشتمانەکەی خۆیدایە و ئێستا ئارامگەکەی بۆتە قیبلەگای سەرجەم خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان.

لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ ڕۆحی هەرگیز نەمری پێشەوا قازی محەممەد و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری.

بەو هیوایەی کە ویرووسی کۆماری ئیسلامی و کۆرۆنا وێکڕا لە کۆڵ گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی ببنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢٠

## ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستان.




**موعتەسەم نوورانی**

شەهیدان ئەو بەشە لە خەباتکارانن کە بەنرخترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیان بوو، فیدای ئازادی و رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانیان کرد و بوون بە رەمز و رازی مانەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە و شوناسی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت.

شەهیدان بوونە سەردێڕی گۆڤار و رۆژنامە و لاوک حەیران و بوونە سروودی لاوان، لە ناو پەخشان و شێعری شاعیراندا و لە ناو دڵی هەر تاکێکی نیشتمانپەروەردا جێگای خۆیان کردوتەوە. دیرۆکی خوێناوی خەباتی کورد بە خوێنی ئەوان دەنووسرێتەوە، مێژوو شانازییان پێوە دەکا.

رۆژی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستانە. لەو رۆژەدا رێژیمی گورکراوی حەمە رەزا شا بە شەهید کردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاورێکانی، پێی وابوو کە رەوەڕەوەی خەباتی ئازادیخوازنەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەوەستێنی و لاوانی شۆڕشگێڕی کورد چاوترسێن دەکا. کاروانی لە پسان نەهاتووی رێگای رزگاری نەتەوەیی پەک دەخا. لەوە غافڵ بوو کە ئەو ئاگرەی بە هەڵکرانی ئالای کۆماری کوردستان بە دەستی پێشەوای نەمر لە ئاگردانی هەر ماڵێکی کورد دا هەڵ گیرسا، نە تەنیا هەرگیز ناکوژێتەوە، بەڵکو کڵپە و لورفە و گڕ و تینی ئەو ئاگرە رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبێ، هەتا ئەو

ڕۆژەی هەموو ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان وەدی دێن دەگەشێتەوە.

مێژووی ٧٥ ساڵی ڕابردووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بەدرێژایی تەمەنی ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا و ٤٣ ساڵ تەمەنی ڕێژیمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی، ئاڵای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە شەکانەوە نەکەوتوە. تێکۆشەرانی کورد لە هەر هەلومەرجێکدا و لە دژوارترین قوناغەکانی خەباتدا نەترسانە بەرەو ڕووی زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام بوونەتەوە و هەموو کات ئامادەی گیانبازی و فیداکاری بوون و هەرگیز سەری تەسلیمیان بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دانەنواندوە.

ڕێژیمی توتالیتەری ئاخوندی هەر هەمان هەڵەی شای دووپات کردەوە پێی وابوو بە تیرۆر کردنی ڕێبەرانی کورد و شەهید کردنی هەزاران کادر و پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل و میلیتاریزە کردنی کوردستان، ڕەوڕەوەی خەباتی کورد دەوەستێنێ. بەڵام ئەوە خەیاڵی خاوە گەلێک کە بۆ ئازدی وەدەست هێنانی مافی ڕەوای ڕاپەڕیبێ زیندان و ئەشکەنجە و گوللە و پەتی سیدارە نایترسێنێ و لە ویست و داخوازییە ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە. لەو شۆڕشەدا زۆر بنەماڵەی وا هەیە کە چەند کەسیان شەهید بوو! لێرەدا بیرەوەری دایکی دوو شەهیدی قارەمان دەگێڕمەوە کە دوو کوڕی بە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەهیدبوون.

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی پیشەوا لە کاتی پەڕینەوەیان بۆ ناوچەی شامات، لە پۆمپی چەڵەبی لە سەر جادەی مەهاباد-میاندواو کەوتبوونە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕەحمان مەجیدپوور ناسراوە بە هەوشین سەرپەلی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا شەهید ببوو. هێنایانەوە بو سونجاخ لەوێ بەخاکیان سپارد.

ناردیان لە دووای خات خەجیجی دایکی لە مەهاباد را هات. خات خەجیج ئەو شێرە ژنە زۆر لەمێژ نەبوو قادری کوڕی شەهید ببوو. کە گەیشتە سەر قەبران گوتی ئەی هاوار! خۆ ئەفشین گیان من دامنابوو ئەو پاییزە زەماوەندت بۆ بکەم و بوکت بۆ دابەزێنم. بۆخۆم سەرچۆپی کێش بم. بەڵام جەنازەی لە خوێن دا شەڵاڵی تۆیان بۆ هێنامەوە. پوورە خەجیج ئەو شێرە ژنە لە کاتێکدا فرمێسک لە چاوانی دا دەهات خوار لەدڵی خۆیدا وەک مەنجەڵ دەکوڵی و نارەحەتی لە دەستدانی جگەر گۆشەکەی بوو گوتی: ڕۆڵە گیان بە ئاسوودیی سەر بنێوە، شیر ئەو مەمکانەت لێ حەڵاڵ بێ ئەفشین گیان، واش نەبایە هەر دەمردی بەڵام گرینگ ئەوەیە چۆن مردی، سەری من بەرز کردەوە و منت ڕوو سوور کرد.

دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

دڵنیام خوێنی تۆ بەفیڕۆ ناچێ. رۆڵە گیان، سەر بەرزم وەک دایکی شەهید، کە کورەکانم لە رێگای رزگاریی نیشتماندا گیانیان بەخت کرد. بوون بە قارمانی نەتەوە و نیشتمانی خۆتان. رۆلە گیان دەڵێم ئۆخەی رەنجم بەبا نەچوو. پوورە خەجیج دەنگی زۆر خۆش بوو، لەبن کێلەکەی دانیشت لەگەڵ ئەوەی لە دەروونی دا وەک شێری برینداری جینگڵی دەدا و لولی دەخوارد. رقی تۆڵە وەک ئاگر لە دەروونیدا بڵێسەی دەدا، بەدەنگێکی نەرم لای لای بۆ کورە شەهیدەکەی دەکرد. ئەو شێرەژنە هاواری کرد و گوتی: "ئەفشین گیان نازانم لە کوێرا دەست پێبکەم. هەر چەند ژیانی تاڵی خۆم وەبیر دێتەوە کە چەند بە کولەمەرگی، دەردیسەری، نەداری و هەژاری گەورەم کردن. بەڵام رووسوورم بەوەی کورەکانم لەو رێگا پڕ لە شانازییەدا گیانیان بەخت کرد. رۆڵەی شیرینم بڕیارم دابوو نەگریم تازییەبار و رەشپۆش نەبم بەڵام چیبکەم. ددان بە جەرگم دادەگرم خۆدەخۆمەوە، رۆڵە شیرینەکەم بۆ تۆ ناگریم بۆ پرشوبڵاوی ناو ماڵی کورد دەگریم. بۆ ئاکامی شۆڕشێک دەگریم کە کۆمەڵێک ئاخوندی بیرتەسک و کۆنەپەرست دەستیان بە سەر بەرهەمەکەی داگرت، ئاسەوارێک لە دێموکراسی و یاسا و عەداڵەت و دادپەرەوەری نەما.

دیسان پەردەی شەوە زەنگی بێدادی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشا، کێشە ئەوەیە هەر کەس وەک ئەوان قسە نەکا زمانی دەبڕن، هەر قەڵەمێک کە بە قازانجی ئەوان نەنووسێ قەڵەمەکە دەشکێنن و وەک ئەوان بیرنەکاتەوە تۆمەتی جۆراجۆری بۆ هەڵدەبستن ئێعدامی دەکەن. رۆڵە گیان بە ئاسودەیی بنوو سەد جار شیری ئەو مەمکانەت لێ حەڵاڵ بێ. ئەفشین گیان پێشمەرگە فیداکارەکەی دایە. کە هەموو جارێ دەتگوت دایە هەموو ئاواتم ئەوەیە کوردستان رزگار بێ". زۆرن ئەو دایک و باوکانەی وەک پوورە خەجیج بە سەخاوەتەوە جگەر گۆشەکانیان پێشکێشی بارگای ئازادی نەتەوەکەیان کرد. بەڵام بەداخەوە لەوەتا کورد هەیە ماڵی دەسوتێ، ئاوارە و تەرکە وەتەن دەبێ، خوێن و قوربانی دەدا، تێکۆشەرانی شەهید دەبن.

لە رۆژی شەهیداندا سڵاو دەنێرم بۆ هەموو بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان، بەو هیوایە ئاواتی شەهیدان وەدی بێ و کوردستان لە ژێر چەکمەی داگیرکەراندا رزگار بێ.

روحی پێشەوا قازی محەممەد هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بە بەهەشت شاد بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢١

# سالۆوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدە



## یەک لە هۆکارەکانی رووخانی کۆمار یەکدەنگ نەبوونی کورد بووە

### محەمەد حەسەن

ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦ پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە مهاباد کۆماری کوردستان رادەگەیەنێت، پێشەوا لەوەستنامەکەیدا داوای تەبایی و یەکگرتوویی کورد دەکات لە بەرامبەر نەیار و دووژمنەکانیدا، بەڵام ئێستا لە هەموو کات زیاتر کورد پارچەپارچە و دابەشبووە.

### قازی محەممەد

قازی محەممەد دادوەر و دامەزرێنەر و سەرۆک کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٠٠ لە دایکبووە و دوای ڕووخانی کۆمار لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی ئاداری ١٩٤٧)دا لەگەڵ هاوڕێکانی لە لایەن حکومەتی کاتی تاران لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە سێدارە دران.

## ژیانی پێشەوا

قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەیەک کە ناوبانگی لە شاری مهاباد بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک، بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکومەتیش، جێگەی ڕێز و پێزانین بوون.

قازی عەلی باوکی، لە ١٩٣٠ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی بزووتنەوەی محەممەد پێکهێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندی هەبوو، تا ساڵی ١٩٣٤یش کە کۆچی‌دوایی کرد لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان سەدری قازی بووە کە دوو دەورە لە لایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری پەرلەمان و جێبڕوا و کاریگەرێتی تایبەتی هەبووە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە دا لەدایک بووە. لە منداڵی و لاوی دا زۆر خولیای زانست و فێربوونی زمانە بیانییەکان بووە و جگە لە عەرەبی و فارسی، لەگەڵ زمانی فەڕەنسایی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەکیش ڕووسیایی ئاشنایەتی کردووە. قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی لەگەڵ زانایانی زەمان، کەسایەتیە گەورەکان، کوردانی نیشتمانپەروەر و سەرۆک عەشیرەتەکان بووە.

دوای کۆچی‌دوایی باوکی، بوو بە دادوەری شار. لە بەر ئارەزووی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی و بردنەسەرەوەی زانیاری خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دوای ئەوەش بەرپرسایەتی دایەرەی فەرهەنگی شاری مهابادی بە ئەستۆوە گرتووە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگی کردووە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە مهاباد کراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ زۆرێ لە خوێندکاران، ڕۆشنبیران و مامۆستایان پەیوەندی نزیکی بووە.

لە ساڵانی١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی ئەو لە پێشبردنی کاروبارەکاندا و بە تایبەتی لە چارەسەریی کێشە عەشیرەتییەکاندا دەورێکی بەرچاوی بووە. زۆر لە گرفتەکانی کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە مەحکەمەیان پێدەگوت، چارەسەر بووە.



قازی محەممەد ڕێزی تایبەتی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) بووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک ڕاوێژیان لەگەڵ کردووە و زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵە.

قازی لە ڕوانگەی نوێنەرانی بیانیشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو، ڕێزی تایبەتی بووە. هەر کەس چۆتە مهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ئەو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پەیوەندیەدا بووە، کە لەگەڵ وەفدێکی گەورە سەردانی باکۆیان کرد.

قازی محەممەد مرۆڤێکی فەرهەنگ دۆست، خۆش بەیان، ئەدەب و هونەر دۆست، ئەهلی راوێژ و لە هەمان کاتدا خەباتکارێکی نیشتمانپەروەر و گەل خۆشەویست بوو. لەگەڵ هەموو چین و توێژێک هەڵسوکەوتی هەبوو و لە کاتی پێویستدا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەر دەگرت.

## خوازیاری یەکگرتوویی و تەبایی بووە

وەک ئەوەی لە وەسێتەکەیدا هاتووە، قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد ڕاست ناکەن، بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا، بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

لە پێش کۆماردا جاربەجارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمار بە شێوەی فەرمی نازناوی پێشەوای پێبەخشرا و ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە.

## ژێکاف و حیزبی دیموکرات

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک و ناوی نهێنی بینایی بۆ داندرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵک پێک هێنا. لە ئاکامی تێگەیشتنی بە وەخت و ئازایەتی سیاسی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە ژ.ک بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان و خەباتی سیاسی.

قازی لەبەر ڕێزی تایبەتی کە بۆ ژ - ک ی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی ژ - ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕاکێشا.

## کۆماری کوردستان لە مهاباد

لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢یەکی ١٩٤٦ بە بەشداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا.

لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستان ئەوەی پێویست بوو زۆر بە ڕاشکاوی بە شای ئێران و قەوام سەڵتەنە (سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران) ڕاگەیاندوە، قامکی لەسەر لاوازییەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن قوام سەلتەنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە ڕێکەوتی ٢٨ی یەکی ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلەمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکێتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ دەکرێ. ڕۆژنامەی ایران ما هەر ئەوکات دەنووسێ: ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و

ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێک بە سوودی دیموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیواداریـن جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویە کەڵک وەرگرێ.



## ڕووخانی کۆمار

دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە بەشوێن ماوەیەک هەڕەشە، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مهاباد لە لایەن هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنانەت چەند کەس لەوانەی لەگەڵ قازی سەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.

ئەرتەشی ئێران کە قورسترین ئامێری شەڕیان چەند تانکی کۆن بوو، بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆمار بۆ سۆڤیەت کۆماری

ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێڕا بەرەو مهاباد بە ڕێ کەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشوری مهاباددا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەلاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەند مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەلام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کە لە ٢٠ی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مهابادیان گرتە بەر.

قازی وەک سەرۆک کۆمار دەستوور دەدات هەتا دەکرێ لە شەڕ خۆ بپارێزن چون مالوێرانی پێوەیە. ئەگەرچی لە پێناوی ولات هەمووان تێدەکۆشن، بەلام بە هۆی جوولانەوەی سەرنجڕاکێشی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەند ڕۆژ کوردستان داگیر دەکرێ. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەوندە پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پالپشتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا چوو؛ بەلام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هەمووو دەستەکان بوو بێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆل کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە کاتی هێرشە.

مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوکات لە مهاباد بوو، هەولی دا کە قازی لەگەل خۆی بباتە دەرێ، بۆ پاراستنی گیانی، بەلام قازی بەوە ڕازی نەبوو، پێداگربوو کە دەبێ لە سەر بەلێنی خۆی بمێنێتەوە. قازی دەزانێ کە بە زوویی کۆمار دەڕوخێت؛ لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە دان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەلک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێران کردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەستەوە دەدات. هەلبەت سەبارەت بەوە، ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەل مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەلام لە کاتی مالئاوایی لەگەل مەلا مستەفا، قازی ئالای کوردستان دەسپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەلێ: "من خۆم فیدای خەلکی دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا ولاتەکەم لە خوێن دا شەلال بێو هەزاران کەس بە کوشت بچن".

ئەرتەش ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز دەگاتە مەهاباد وەک پایتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەلاتی کۆماری تێدایە، کاتێ زیاتری بۆ دادەنێن. ئەگەرچی هەر لە پێشدا هەم قازی بۆخۆی و هەموان دەیانزانی سزای قازی و هەلسووکەوتی حکوومەت لەگەل ئەو چۆن دەبێ، بەلام دادگایەک ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەند تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن.

ئەگەرچی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر پاڵپشتی سۆڤیەت دامەزرێندران، بەڵام کۆماری کوردستان ڕاستەقینە ئارەزووی جەماوەری کورد بوو. سۆڤیەت بۆ سوودی خۆی دەستی لە پاڵپشتی کێشاوە و دەسەڵاتی تاران هەردوو کۆماری لاوازی مهاباد و ئازەربایجانی خنکاند.

## دادگایکردنی قازی

لیژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غوڵام حسەین عەزیمی دەگەنە مهاباد و دادگا ڕێدەخەن.

پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لە لایەن قازیەکانەوە (قازی محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەت کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. ئاشکرا بوو کە ئەو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو.

## تاوانەکانی قازی ئەمانە بوون:

- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران

- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان

- بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی

- ساز کردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا

- هێنانە ناوەی بێگانە و بەشێک لە خاکی ئێران خستنە ژێر دەستی (مەبەست مەلا مستەفا بارزانی(

- دانانی ئاڵای تایبەت بۆ کوردستان بە نیشانی چەکوچ و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت

- لێدانی سکەی پووڵ بۆ کوردستان بە وێنەی ڕووپیەی ڕووسی.

قازی هەموو ڕەت دەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ ئالام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئالای سۆڤیەت. سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەممەد نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتنی بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

دادگاکە بە دانی بڕیار لە سێدارە دانی هەر سێ کەسەکە کۆتایی هات. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. قازیەکان لە بەندیخانە کران بۆ ماوەی سێ مانگ. دیسان بە هەمان شێوە دادگای پێداچوونەوە بەڕێوە چوو، ئەگەر چی هەموان لە سەر ئەو بڕوا بوون کە بە تاوانبار ناسینی قازی هەر لە پێشدا وەک ئامانجی دادگاکان لە تارانەوە نیشان کرابوو.

## سێدارە

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی ئاداری ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و سەدر قازی (برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لە دوو دادگای نایاسایی و فەرمانیشیدا بەدەستی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی (٢٢ی یەکی ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی ڕاگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

## هۆکاری رووخانی کۆمار

شرۆڤەکاران و شارەزایانی مێژوویی بەردەوام ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە هۆکاری سەرەکی رووخانی شۆڕش و دەسەڵاتەکانی کورد لە رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ ناتەبایی و یەکگرتوو نەبوون، لەگەڵ پشت بەستن بە دەستی بێگانە و دۆستی دەرەکی، لە بری پشت بەخۆ بەستن، زیندووترین نمونەش بە کۆماری مهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان دەهێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

## قازی محەممەد، کارێکی کرد کە دۆزی کورد لە هەر ٤ پارچە بڵاو ببێتەوە




**پێشەوا: "قەد بڕوا بە دوژمنەکانتان بەتایبەت بە عەجەمەکان مەکەن، لەبەر ئەوەی عەجەم لە چەند لایەنەوە دوژمنی ئێوەن".**

**ڕۆژهات ئامەدی**

پێش ٧٤ ساڵ و لە ڕێکەوتی ٣١ی ئاداری ١٩٤٧دا "پێشەوا قازی محەمەد" و هاوڕێیەکانی "سەدری قازی و سەیفی قازی"لە لایەن عەجەمە داگیرکەرەکانەوە لەسێدارە دران.

تاوانی ئەوان تەنها خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد، واتە سەرۆکایەتی یەکەمین کۆماری نەتەوەیی - دیموکراتی کوردستان، بە ناوی "کۆماری کوردستان" بوو کە شاری "مەهەباد"ی ڕۆژهەڵاتی وەکوو پایتەختی خۆی دیاری کردبوو.

کۆماری کوردستان ساڵێک پێش لەسێدارەدانی پێشەوا و سەیف و سەدری قازی، کرا بە قوربانیی سیاسەتی نێودەوڵەتی و کۆتایی پێهاتبوو.

ئەو هاووڵاتیانەی کە بە دروشمی "دۆست و کەسانی کرێکار، خەباتکار و نەتەوە بندەستەکان" چالاکییان دەکرد، کۆماری کوردستانیان بە پەیمانی "کۆمەڵگەی نەوتیی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران" هەڵوەشاندەوە.

بەپێی ئەو پەیمانە، یەکێتی سۆڤییەت بەبێ ئەوەی هیچ پارەیەک بدات بۆ ماوەی ٥٢ ساڵان دەبووە خاوەن وزەی کوردستان.

پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی ناویان لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا تۆمار کرا
بابەتی سەرنجڕاکێش هەڵوێستی چەپ و کۆمونیستە کوردەکان بوو.
بۆ ئەوەی کە یەکێتی سۆڤییەتی بپارێزن، دەیانگوت: "جیابوونەوە بە فیدای مانەوەی سیستەم".

بەڵام مێژوو، ئەوان و یەکێتی سۆڤییەتیشی شەرمەزار کرد. فەلسەفەکەیان کەوتە ناو زبڵدانی مێژوو. پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانیشی ناویان لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا تۆمار کرا. لەبەر ئەوەی پێشەوا قازی محەمەد بناخەی یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرنی کوردانی داناوە. دەوڵەتێک کە لەبواری یاسا و دیموکراسیەتدا زۆر لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەوتووتر و لەپێشتر بوو.

سەرۆکی نەمر "جنراڵ مستەفا بارزانی" بە هێزێکی مەزنەوە، پارێزگاریی لە کۆماری کوردستان دەکرد.

یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی "کۆماری کوردستان" ئەوە بوو کە بوو بەهۆی پێکەوە کار کردنی کوردەکانی هەر ٤ پارچەی کوردستان. کوردەکان لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ یان بە دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان، "کۆماری کوردستان"یان بە هی خۆیان دەزانی.

سەرۆکی نەمر "جنراڵ مستەفا بارزانی" بە هێزێکی مەزنەوە، پارێزگاریی لە کۆماری کوردستان دەکرد.

بەوشێوەیە پێکەوە کار کردنی کوردەکان لە سەرجەم پارچەکانی کوردستانەوە دەستپێکرد و ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبێت.

دامەزران و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بوونەتە سیمبۆلێک بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان

راستە کە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆری نەخایاند، بەڵام دامەزران و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بوونەتە سیمبۆلێک بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان.

ئاڵای کۆماری کوردستان کە ئەورۆکە لە باشووری وڵات هەڵکراوە، هەمان ئەو ئاڵایەیە کە پێشەوا قازی، بە بارزانی گەورەی ئەسپاردبوو.

سروودی نەتەوەیی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەورۆکە لە هەموو پارچەکانی نیشتماندا بە دەنگێکی بڵیند دەخوێندرێت و کوردەکان بە رێزەوە و راوەستاو گوێی بۆ دەگرن.

کۆماری کوردستان ماوەیەکی کەم مایەوە بەڵام کۆمەڵێک دەسکەوتی هەرە گرینگی رادەستی نەتەوەی کوردی کرد

پێویستە هەموو کەس بزانێت کە ئەگەرچی کۆماری کوردستان ماوەیەکی کەم مایەوە بەڵام کۆمەڵێک دەسکەوتی هەرە گرینگی رادەستی نەتەوەی کورد کرد.

لەسەر بنەمای ئەو دەسکەوتانەی کۆمار، پرسی کورد رۆژ بە رۆژ لە سەرانسەری کوردستاندا بەهێزتر دەبێت و سەرئەنجام کوردەکان دەکاتە خاوەن دەوڵەت.

لە کۆتاییدا من لە ٧٤ـەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیەکانیدا سەری رێز لە بەرانبەریاندا دادەنوێنم و ئەو فەرموودەیان دووپات دەکەمەوە کە بەتەواوی لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێمەشدا دەگونجێت:

"قەد بڕوا بە دوژمنەکانتان بەتایبەت بە عەجەمەکان مەکەن، لەبەر ئەوەی عەجەم لە چەند لایەنەوە دوژمنی ئێوەن. ئەوان دوژمنی نیشتمان و ئایینی ئێوەن و خاکەکەتانیان داگیر کردووە. مێژوو نیشانی داوە کە ئەوان هەردەم لە بیانوو دەگەڕێن و لەسەر تۆمەتێکی بچووکیش کوردەکان دەکووژن. ئەوان بە ئاسانی هەموو جۆرە تاوانێک دژ بە کوردەکان ئەنجام دەدەن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی darkamazi.net - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

# چوارچرا لە ١٠ی خاکەلێوەدا

## ساڵیادی لەسێدارەدانی سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردستان



لەلایەن شیروان شەریف

ئەمڕۆ ٣١ی ئازاری (١٠ی خاکەلێوە) ٧٥ ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردستان، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی و ئەبولقاسم سەدر قازی تێدەپەڕێت.


قازی محەممەد (١ی ئایاری ١٨٩٣ - ٣١ی ئازاری ١٩٤٧) دادوەر و یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان. ئەو یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ناوچەی موکریان بوو کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە هاوکاری چەند کەسێکی دیکە وڵاتێکی سەربەخۆیان لە شاری مەهاباد دامەزراند و دوای ڕووخانی کۆمار لە ساڵی دواتردا قازی لەگەڵ هاوڕێکانی لەلایەن حکومەتی پەهلەوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لەسێدارەدرا.

قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەیەک لەدایکبووە کە ناوبانگی لە شاری مەهاباد بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نەک تەنیا لەلای خەڵک بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکومەتیش، جێگەی ڕێز و پێزانین

بوون. قازی عەلی باوکی، لە ١٩٣٠ لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بەناوی بزوتنەوەی محەمەد پێکهێنا. ناوبراو لەگەڵ جوڵانەوەی شێخ محەمەد خیابانی لە تەورێز پەیوەندی هەبوو کە تا کۆچی دواییکردنی بەردەوام بوو.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ئەبوالقاسم قازی (ناسراو بە سەدری قازی) کە دوو خول لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری پەرلەمان و جێبڕوا و کاریگەرێتی تایبەتی هەبووە.

قازی محەمەدیش لە منداڵی و لاوی دا زۆر خولیای زانست و فێربوونی زمانە بیانییەکان بووە و جگە لە عەرەبی و فارسی، لەگەڵ زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئێسپێرانتۆ و تا ڕادەیەکیش ڕوسی ئاشنایەتی کردووە.



## دەستپێکی فەرهەنگی

دوای مردنی باوکی، بوو بە دادوەر (قازی)ی شار. لەبەر ئارەزووی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی و بردنەسەرەوەی زانیاری خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دوای ئەوەش بەرپرسارێتی فەرمانگەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی لەئەستۆگرتووە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

لە ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥، بەڕێوەبەرایەتی ئەو لە پێشبردنی کاروبارەکاندا و بە تایبەتی لە چارەسەری کێشە عەشیرەییبیەکاندا دەورێکی بەرچاو بووە. زۆر لە گرفتەکانی کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە مەحکەمەیان پێدەوت، چارەسەربووە.

## یەکگرتوویی کورد

وەک ئەوەی لە وەسیەتەکەیدا هاتووە، قازی محەممەد بڕوای وابووە کە برایەتی و یەکگرتوویی کوردی گەورەترین هۆی سەرکەوتن-ە. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوکات چاپ کراون لەسەر بابەتی یەکێتی و برایەتی دواوە و مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆمار و هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنانی کورد ڕاست ناکەن، بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کورد حەزدەکات لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگات، بەڵام ئەگەر وانەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکات.

لە پێش کۆماردا جاربەجارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوی پێشەوا باسی لێدەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمار بە شێوەی فەرمی نازناوی پێشەوای پێبەخشرا.



ڕاگەیاندنی کۆمار

قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ. ک) و ناوی نهێنی بینایی بۆ دانرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسان و

خەڵک پێکهێنا. لە ئاکامی تێگەیشتنی بە وەخت و ئازایەتی سیاسی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە (ژ. ک) بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دەستیکرد بە تێکۆشان و خەباتی سیاسی. قازی لەبەر ڕێزی تایبەتی کە بۆ (ژ. ک)ی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی ژ. ک دانا. حیزب زۆر بە خێرایی پەلوپۆی سەند و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەیسەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستان بە ئازەربایجانەوە چارەکرد و ناچاریکردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی کۆچیی هەتاوی) بە بەشداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا.

لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری کوردستان ئەوەی پێویست بوو زۆر بە ڕاشکاوی بە شای ئێران و قەوام (سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران) ڕاگەیاندوە، قامکی لەسەر لاوازییەکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێیوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەربکەن.



## ڕووخانی کۆمار

دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەیشتن و گرفتەکان چارەسەرنەکران. تاران لە پێشدا هێرشی کردەسەر تەورێز بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرشی بۆسەر کوردستان ئەنجامدا.

ئەرتەشی ئێران لە ٢٠ی سەرماوەرزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) گەیشتە شاری تەورێز و ڕۆژی دواتر بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆمار بۆ سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕوخا. دوای ئەوە ئەرتەش بەرەو مەهاباد بەرێکەوت و ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەرز گەیشتە شارەکە کە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو و پاش ١١ مانگ کۆتایی بە کۆمارەکە هات.


## دادگاییکردنی قازی

لە ٦ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ (١٩٤٧ی زایینی) لیژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ڕەزا دەگەنە مەهاباد و لە ١٩ی کانونی دووەم دادگایی (قازی محەممەد، سەدر قازی و سەیف قازی) ڕێکدەخەن و دادگاکە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکات.
دادگایی دووەمیش لە ٢٨ی ئازاری ١٩٤٧ ئەنجامدرا و ڕۆژی ٣٠ی هەمان مانگ کۆتایی هات و هەمان بڕیار دەرهەق بە پێشەوا و هاوەڵانی درا.

## سێدارە

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣١ی ئازاری ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدر قازی (برای پێشەوا) لە چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستان لێی ڕاگەیەندرابوو، لەسێدارەدران و شەهیدکران.





32. The Three Qazis
*L-r:* Muhammad Husain Saif i Qazi; Qazi Muhammad; Abul Qasim Sadr i Qazi

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێستا میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٢

## قازیی محەممەد لە ڕوانگەی هێندێک کەسی کە چاویان پێی کەوتووە



32. The Three Qazis
*L-r:* Muhammad Husain Saif i Qazi; Qazi Muhammad; Abol Qasim Sadr i Qazi

**بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهادەتی پێشەوا قازیی محەمەد، ژەنەڕاڵ مایور محەمەد حوسێن سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی قازیی محەمەد لە ڕوانگەی هێندێک کەسی کە چاویان پێی کەوتووە**

**حەسەن قازی**

یەکێک لە کوڕەکانی قازی (قازی شەرعی شاری) دەرسی ئینگلیسیم لە لا دەخوێنێ و بەڵێنی پێداوم یارمەتیم پێبکا سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەو قامووسە کوردییەی ئەمن ماوەیەک زۆر لەمەو پێش دەستم پێکردووە.

(ئاننا شوێنهوود. سابلاغ ٨ی فێڤرییەی ١٩٢٦)

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر [ی ١٩٣١]، دراوسێ و دۆستی مێهرەوانی لەمێژینەمان قازی عەلی، دوای حەوتوویەک نەخۆشی سەری نایەوە. زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس مەیتەکەیان تا سەر قەبران بەڕێ کرد، بەرلەوەی گیان بسپێرێ، یای گودهارت ڕۆژ و شەو بە لایەوە بوو، و بە دڵنیاییەوە ئەندامانی بنەماڵەی قازی ئەو چاکەیەیان لەچاو دایە. ئەو بۆنەیە جارێکی دیکە میسیۆن و کاری ئێمەی بە باشترین بنەماڵەکانی سابلاغی و بەسەدان پیاوی کە لە دوور و نزیکەوە هاتبوون

ناساند. کوڕی قازی عەلی، میرزا محەمەد، بەڕەسمی بوو بە قازی کاتێک لە سەر قەبران عەبای درێژو ئەستووری بابی بە سەر شانی دا درا. قازی عەلی هەموو جارێک سپاسی سڵاو ناردنی ئێوەی دەکرد و دەبێ ئێوەش وەک ئەمریکاییەک لە نامەیەک دا بۆ کوڕەکەی قازی عەلی وەبیربهێننەوە و سەرەخۆشی لێ بکەن. ئەو بە گەیشتنی نامەیەکی ئەوتۆ شانازی دەکا و لەو بارەیەوە باسی لەگەڵ کردم چەند شتی دیکەش هەبوون دەبوو باسیان بکەم بەڵام جارێ بۆ ئەم پۆستە با ئەوەندە بەس بێ.

(هێنری.ئا. مولێر. سابڵاغ ۳۱ی ئۆپتۆبری ۱۹۳۱

## خوێندنی زمانی کوردی

بۆ باسکردنی ئەو حەولانەی بۆ خوێندن و فێر بوونی زمانی دەدەم، دەبێ زۆربەی ئەو شتانەی لە نامەکانی پێشوو دا بۆم نووسیبوون دووپاتە کەمەوە. زۆر بە ووردی و ووشیارانە شانم داوەتە بەر فێر بوونی زمان هەرکاتێک و لە هەر کوێیەکی لوا بێ. دیارە ئەو جۆرەی بە دڵیشم بووە بۆم هەڵنەسووڕاوە هەمیشە پێیەوێ خەریک بم. بەلاوەنانی کارەکانی دیکەم هەمیشە وەنەبێ بگاتە ئەوەی کە چ قۆرتم بۆ فێر بوونی زمان لە بەردەم نەمێنێ. کە دەقێک بە کوردی دەخوێنمەوە یان بە کوردی قسە دەکەم، نە هیچ کوردێک و نە هیچ کەسێکی دیکە دەڵێ تێدەمێنم، بەتایبەتی مامۆستایەکەم، میرزا محەمەدی قازی ئەوە ناڵێ و هەر بۆ خۆی دەزانێ چەندی دەرس پێ گوتووم. هەڵبەت ئەمن هێشتاش پێداویستیم بە دێلمانجێک هەیە کاتێک پێویستی بە وەرگێڕانی دروست و تەواو هەبێ یان قسە کردن لە گەڵ کاربەدەستان و بۆنەی دیکە. ئێوە ڕەنگە بزانن هێندێک خەڵکی دیکە، کە زیاتر لە پێنج ساڵ لێرە بوون هێشتاش جار و بار دیلمانجیان پێویستە. ئەمن وورده وورده چوومەتە پێشەوە، بەڵام فێر بووم." بە شێوەی مامنێونجی ڕۆژانە نزیکەی سێ سەعاتم زمان خوێندووە.

(هێنری. ئا. مولێر. سابڵاغ. مەی ۱۹۳۲)

.... دوای ئەو قازیی محەمەد هاتە لام، ئەو بڕێک بە ئینگلیسی قسە دەکا، بەڵام زۆر چاکی لێ حاڵی دەبێ. من بە لە بەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسەکان و ئەوەی سەبارەت بە ئاواتەکانی دەمزانی دەبوو زۆرم ئاگا لە قسەکانی خۆم بێ. من بە باسی گەنم دەستم بە قسەکانم کرد. بیروڕای ئەویش بە گشتی هەر وەک ئەوکەسانر دیکە بوو کە چاوم پێیان کەوت. ئەو لێی زیاد کرد ئاسۆی بارودۆخی شار بۆ بێکاران زۆر ناخۆش و جێی داخە. لێبڕاوانە گوتی: ئەنباری ڕەسمی دەوڵەت لە ۲۰ تا ۳۰ تۆن زیاتر گەنمی تێدا نییە و پاشان دەستی کرد بە گلەیی و گازن لە ڕووسەکان و قسەکانی

من کە پەسنی ڕووسەکانم دا بۆ ئەو بەرگرییەی لە ستالینگراد و شوێنی دی کردوویان و من تەقدیریاندەکەم. شلی نەکردەوە. قازی ڕەزایەتی خۆی دەربڕی بە نیسبەت ئەو یارمەتییەی بریتانیا لە عێراق بە کوردەکانیان کردووە و گوتی کوردەکان تەنێ بە یارمەتی بریتانیا دەتوانن چاوەڕوان بن هەلومەرجی هیانی خۆیان باشتر کەن و بە ئازادت بگەن.

لێرە دا ئەمن لێم پرسی گەلۆ پێی خۆش بەسەرهاتی بەرزنشینەکانی سکاتلەندی بۆ بگێڕمەوە، هەڵەکانیان و ئەو ڕەجانەی کێشاویانە بەر لەوەی بارودۆخی خۆیان باشتر کەن. هەڵبەت قازی زۆر بە ئەدەبەوە گوتی پێی خۆشە ئەوە ببیسێ. جا بۆیە ئەمن باسی توونییەتی بەرزنشینەکانی سکاتلەندم بۆ ئازادت بۆ گێڕاوە. باسی گێروکێشەی نەپساوەیان، نەبوونی یەکێتی و دیسپلینی ناوکۆیی، پەلامارەکانیان بۆ سەر ناوچە نزمەکان، ئامادەبیان بۆ خزمەت کردن بە ئامانجی هێزی بێگانە، واتە فەڕانسە و بە دژی ئینگلیستان لە ئاخر شکانەکانیاندا. درایە دواتر ئاشتبوونەوە سەری گرت و ئێستا بۆ چەندین وەچە دەچێ کە بەرز نشینەکان کە من خۆشم یەک لە وانم، ماف و دەرفەت و دەرەتانی یەکسانیان لەگەڵ تەبەعەکانی دیکەی پادشا دا هەیە.

من بە قازی محەممەدم گوت بە کەسانی وەک ئێوە بەستراوەتەوە حەول بدەن هەمان یەکسانی لە دەرفەت و ئیمتیاز دا بە ڕێگەی ئاشتییانە بۆ کوردەکان وەدەست بێنن و خۆ لە (کامبرلەند) ێکی خوێناوی کوردی بپارێزن. هیوادارم کوردەکان ئێستا ژیرانە بجووڵێنەوە و دەست بکەن بە هەڵسوکەوت و پێوەندی لەتەک تاران دا. پێم وا نییە ئەو مەوعیزانەی من شوێنێکی ئەوتۆی لە سەر قازی کرد بێ، بەڵام هەر نەبێ ئەو تەئسیرەی هەبێ ئیدی درێژە نەدا بە بە قسە بەمەترسییەکانی بە دژی ڕووسیا.

لێرەدا دەبێ ئەوەش باس بکەم کاتێک بۆ لای ئێوارێ مونسییەکەم نارد کە لە ڕادیۆ ماڵی قازی محەممەد گوێ بداتە ڕاگەیێندراوی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە سیاسەتی گەنم قازی و برایەکەی سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕیبوو لە بەر ئەوەی من نەمویستبووم هیچ شتێک بە دژی سیاسەتی ڕووسەکان لەوان ببیسم....

(ئار.دەبلیو. نۆرکهارت. کۆنسوولی بریتانیا لەتەوریز. ڕاپۆرتی دیدارێک لە مەهاباد. ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٤٣)

## کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان

قازی محەممەد سەرۆکی کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەمەنی نیزیکەی ٤٥ ساڵە، خەڵکی مەهابادە و سەر بە

بنەماڵەیەکی بەڕێز و دەوڵەمەندی کوردە. ئەو لە دەرسخانەی ناوچەیی خوێندوویە بەڵام توانیوە لە گەڵ ناسیاو بوون بە زمانی ترکی و شێوەزاری کوردی ناوچەی خۆی تا ئاستێکی بەرچاویش ئینگلیسی و ڕووسی فێر ببێ.

تا بەر لە پێشڕۆیی ڕووسەکان، قازی لە بەر پلەوپایەی مەزەبی خۆی لە نێو کوردەکانی باکووری کوردستانی ئێران دا بەنێوبانگ بوو وهەم عەشیرەتە جۆر بە جۆرەکان و هەم دەوڵەتی نێوەندی ڕێزیان لێ دەگرت. لە کێشە و هەرای جۆر بەجۆری کوردەکان دا، ئەو وەکوو نێوبژیوان لە نێوان عەشیرەتەکان و حکوومەتی نێوەندی دا دەجووڵاوە.

کاتێک کە شووڕەوییەکان بە دوای ڕێبەرێکی گورد دادەگەڕان کە بتوانن وەک پیشەوەری لە ئازەربایجان کەلکی لێ وەربگرن، قازی یان هەڵبژارد کە ئەو دەمی تەنیا کوردێک بوو سەرۆک عەشیرەتە جۆر بە جۆرەکانی باکوور حورمەتی بگرن. لەو برگەیەی ژیانی دا بوو کە قازی لە پلەو پایەی "پێشەوا"یەکی مەزەبییەوە گۆڕا بۆ بوون بە پێشەوای کۆمارێکی کوردی.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥/ پاییز - زستانی ١٣٢٤ی هەتاوی ژەنەڕاڵ ئاتاکیشییێڤ هەڵسووڕاوی قەوقازی شووڕەوی، بۆ ڕاوێژ لە گەڵ قازیی محەمەد و سەرۆک عەشیرەتەکان چەند جار سەفەری کرد بۆ مەهاباد. باوەڕ وایە هۆی سەرەکی ناسینی قازی وەکوو ڕێبەرێکی سیاسی و پێشەوایەکی مەزەبی لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکانەوە و قەبووڵ کردنی، لە بەر پلە و پایەی وی لە لای شووڕەوییەکان بوو،بەو هیوایەی بتوانن ژمارەیەکی زۆر چەکوچۆڵی سووک و قورس وەربگرن. پسپۆڕانی کاروباری کورد لێرە لەو باوەڕە دان ئەو دژایەتییەی کە چلۆن سەرۆکە عەشیرەتە ئەوپەر خۆ ویست و تاکخوازی کوردەکان ئامادە بوون حکوومەتێک کە پشتی بە شووڕەوی بەستبوو قەبووڵ بکەن کە ئامانجی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو سەرۆکانە بەتەواوی دژ بەیەک بوو، دەبێ لە چوارچێوەی "خوار بوونەوە لە بەر با"، بەو مەبەستەی کە پێش بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی شووڕەوییەکان لە کاروباری کوردەکان دا بگیرێ، پاساو بدرێ.

قازیی محەممەد لەڕووی شان وپلە و لەسەرەخۆیی شەخسی لە زۆرێک لەو کەسانەی کە لەگەڵ سیاسەتی شووڕەوی لە ئازەربایجان بوون و دەستەڵاتەیان بەدەستەوە بوو سەرترە - لەوانە پیشەوەری -. ئەو کوردێکی ئاسایی نییە، لە شەڕخۆازی ئاسایی، سەر و قەڵافەتی تابنی ددان پڕچەکی عەشیرەتی کە ئەو ڕۆژانە لە خەیابانەکانی تەورێز دەیبینین، نیشانێکی ئەوتۆ لە ویدا نەبوو. کاتی قسە کردن زۆر لە سەرەخۆ دەدوێ و تەنانەت کاتێکیش کە باوەڕە سیاسییەکانی خۆی ئاوێتەی هەست و سۆز دەکا دەنگی لە ئاستێکی تایبەتی زیاتر بەرز ناکاتەوە. قازیی محەممەد خەتیبێکی کارامەیە و لە بەر ئەوەی لە دەربڕینی بیرو ڕا و بۆچوونەکانی خۆی دا دڵپاکییەکی زۆر زیاتری تێدا هەست پێدەکرێ لە چاو هەڵسووڕاوانی دیکەی

لایەنگری شوورەوی وێناچێ قەت لە قوتابخانەی پارتیی کۆمۆنیست دا پەروەردە کرابێ.

قازی سەرەرای پێشینەی مەزهبی خۆی بە هیچ جۆر موسوڵمانێکی دەمارگرژ نییە.رێبەری مەسیحییەکانی ئاسۆری لە تەورێز و هەروەها سەرپەرستی میسیۆنی کاتۆلیکی فەرانسە لە وێندرێ وەک کەسێکی "سادە" و "باش" باسی قازیی محەممەد دەکەن. لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی کۆنسوولیی بریتانیا لە تەورێز لە گەڵ ئەو بۆچوونانە نین و لێبڕاوانە دەڵێن کە قازی جگە لە کەسێکی ناڕاست و دەستکردی شوورەوی شتێکی دیکە نییە.بە ئەگەری زۆر ئەو جۆرە داوەرییە ریشەی لەوەوە ئاو دەخواتەوە کە قازی بە ڕاشکاوی دژایەتی لە گەڵ سیاسەتی بریتانیا دەکا و لە دوو نموونە دا هەڵسووڕاوانی کۆنسوولیی بریتانیا، بە هەڕەشە و توندوتیژییەوە، لە مەهاباد دەرپەڕێندران.

لەوەیدا کە قازیی محەممەد بەپێی هەل و مەرج دەجووڵێتەوە هیچ گۆمانێک نییە، بەڵام ئەو هەلپەرستییە ڕەنگ وڕووی ئیدیئۆلۆژیکی نییە؛ ڕاستی و دلپاکی یەکی تەواو لە دەربڕینی مێهر و خۆشەویستی وی لە ئاست گەلی کورد دا هەست پێدەکرێ. هەر چۆنێک بێ تەقدیر و چارەنووسی شەر ئەوی خستە بەرەی شوورەوییەوە بەڵام وێناچێ لەو وەزعە زۆر ڕازی بێ؛ زۆر جار بە ئاشکرا نیشانی داوە کە هەم نیسبەت بە شوورەوییەکان و هەم قسە وێژە ئازەربایجانییەکانیان بێ باوەڕە.

(جێراڵد ف.پ. دوهێر جێگری کۆنسوولی ئەمریکا لە تەورێز ١٥ی ژانڤییەی ١٩٤٧)

لە کابینەی ئاغای ساعید دا شەوێک سەرۆکی ستادی ئەرتەش ئاغای سەرتیپ ڕەزمئارا تەشریفیان هێنا بۆ کۆبوونەوەی هەیئەتی دەوڵەت و بە ئامادە بوونی ئاغای ساعید و بەندە و ئاغای سەروەری وەزیری کار و باری ناوخۆ گوازرشتێکی دوور و درێژی خوێندەوە کە مەئموورێکی ڕەسمی لە مەهاباد ئامادەی کرد بوو و لەوێوە بە کورتییەکەی ناوچەی مەڵبەندی مەهابادی کوردستانی وەک یەک پارچە ئاور و جوێ بووەوە لە دەوڵەتی ئێران ناساند بوو.سەرۆکی ستادی ئەرتەش ناوی هێندێک کەسیشی هێنا و گوتی ئەوان سەبەبی پێش هاتنی ئەو وەزعەن کە دیارە من لەگەڵ ئەوان پێشینەی ئاشنایەتی زۆرم هەبوو و دەمناسین. یەک لەو کەسانەی کە باسی کرا ئاغای قازیی محەممەد بوو. ئاغای قازیی محەممەد کەسێکی بەڕێزە کە لە ڕووداوەکانی خەرمانان دا [خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی] کە بەندە چوومە ئازەربایجان ئەو یەک لەوکەسانە بوو کە تفەنگی هەڵگرتبوو و لە گەڵ ژمارەیەک لە خزمانی مەهاباد و ئەو مەڵبەندەی دەپاراست.

(خەلیل فەهیمی، وەزیری ڕاوێژکار ٢٥ی فێڤرییەی ١٩٤٥)

ئەو کەسانەی دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتووە و لە نیزیکەوە چاویان بە قازیی محەممەد کەوتبوو، کەسایەتی وی کاری تێ کردبوون و زانیبوویان لە هەموو شوێنێک بووە بە ڕەمزی کوردایەتی. قازی پیاوێکی دەستەی نزیک ٥٠ ساڵانە، پاڵتۆیەکی کۆنی ئەرتەشی دە بەر دابوو و ڕیشێکی تەنکی هێشتبووەوە. سیمای مۆرتازانە بوو، لەبەر ئێشی مەعیدە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو کەم خۆر بوو. نە جگەرەی دەکێشا و نە مەشرووبی دەخواردەوە، ئێنسانێکی لە سەرەخۆ و مەتین وەبەرچاو دەهات. زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد، بەستێنی فکری زۆر کراوە بوو و لە چوارچێوەی نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە. هەموو نەتەوەکانی دیکەی دنیای خۆش دەویست، گەلێک زمانی دەزانی، بۆ وێنە رووسی، کەمێک ئینگلیسی و زمانی ئێسپێرانتۆ. سەر مێزی کارەکەی کۆمەڵێک کتێبی لە سەر داندرا بوو سەبارەت بە ڕێزمان و ئەدەبییاتی زمانە لاوەییەکان.

من هەستم کرد قازی بیرو باوەڕێ زۆر پتەوە و ئامادەیە لە پێناوی خۆی فیدا بکا.....

(ئارچی بالد ڕوزوێڵت، ئەفسەری دەسگای هەواڵگری ئەمریکا، جمهووری کوردستان لە مەهاباد. ژووییەی ١٩٤٧)

-----

**مۆنمینی**: ئێوە چەند ڕۆژ لە ئازەربایجان بوون، دوایە چوونە کوردستان؟

**عەلەوی**: بەڵێ من هەر ئەو دەمی چوومە کوردستان.

**مۆنمینی**: بە تەنێ؟

**عەلەوی**: نا، نا، هەموو ڕۆژنامەنووسەکان لەگەڵ بوون؟ ئەمن نازانم، بەڵام هەموویان لەگەڵ بوون. ئەوەی چاوڕاکێش بۆ من ئەوە بوو کە پێم گوتی و ئێستا لێرە دا دووپاتەی دەکەمەوە. سەرنجڕاکێش بۆ من کەسایەتی قازیی محەممەد بوو. ئینسانێک بوو زۆر کتێبی دەخوێندەوە. ئەمن لەوێ زۆرم کتێب دیت. ئینسانێکی زانا، لە سەرەخۆ و بە ویقار بوو. بە ئارامی قسەی دەکرد. بۆچوونی خۆی دەگوت و شتێکی هێندەش کە لایەنی سیاسی هەبێ ئێستا وەبیرم نایە بەڵام کەسایەتی وی

شوێنی لە سەر من دانا و من هەستم کرد کە ئەو لەوێ پیاوێکی بەحورمەت و دەسترۆیشتوو یە چونکە ئەو کەسانەی کە دەهاتنە ئەوێ هەموو کڕنۆشیان بۆ دەبرد لە سەر چیچکان دادەنیشتن، بە بێ ئیجازەی وی قسەیان نە دەکرد. جار جار ڕووی لە یەکێک لە ئامادەبووان دەکرد و کابرا شتێکی دەگوت یان دەچوو یان دەهات ...

هەڵبەت لە شاریش هەمان یانە، واتە یانەی فەرهەنگ کە چوو بووین پڕ بوو لە وێنەی ستالین.

**مۆئمینی**: لە مەهاباد؟

**عەلەوی**: لە مەهاباد، کە ئەوە نا مەنتقی و ناعاقڵانە وەبەر چاو دەهات

(بوزورگ عەلەوی، نووسەری گەورەی ئێرانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ باقر موئمینی، پاریس ئاوریلی ١٩٨٥)

مەئمووریيەتێکیشم هەبوو بۆ میاندواو. چەند ڕۆژێک بوو حکوومەتی ئازەربایجان بە دەست ئارامی هەرمەنی میرزا ڕەحمەتی شافیعی گرتبوو و لە تەغی ئاباد زیندانی کرد بوو. دەیانگوت پارەیەکی زۆر لە نێوبراو داوا دەکەن و ئاشکرا بوو دوای ئەوەی پارەیان لێ ئەستاند گیانی خۆشی بۆ ڕزگار ناکرێ، سەعاتی دەی بەیانی بوو کە بانگ کرام بۆ ئیدارەی حیزب. یەک لە پێشخزمەتەکان منی ڕێنوێنی کرد بۆ لای قازیی محەممەد کە بەڕێزیان فەرموویان دەزانی ئەوە ئاغای ڕەحمەتی شافیعی لە میاندواوێ زیندانی کراوە، وەک دەردەکەوێ نییەتێکی خراپیان لە ئاست وی هەیە، دەستبەجێ لە گەڵ دووسێ کەس لە ئەندامانی حیزب بچنە ئەوێ و لە لایەن منەوە بە نەماز عەلیییێڤ بڵێن زیندانی کردنی کوردێک بە دەست ئازەربایجانییەک بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نیوەی زیاتری خەڵکی میاندواو کوردن لە ڕوانگەی ئێمەوە سووکایەتییەکی گەورەیە. ئەگەر میرزا ڕەحمەت تاوانێکیشی کرد بێ دەبێ لە مەهاباد سزا بدرێ، هەلبەت من بۆچوونم ئەوە نییە و ئازاد بوونیم لە زیندانی کردنی پێ باشترە. لە گەڵ ئاغایان حاجی مستەفای داودی،محەممەدئەمینی شەڕەفی، دڵشادی ڕەسووڵی و هەباس ئاغای عەزیزی زاوای ئاغای ڕەحمەتی شافیعی بە ماشین وەڕێ کەوتین، لە میاندواو لە پێش قاوەخانەیەک بۆ چایی خواردنەوە ڕامان گرت. تەماشامان کرد، سەربازێکی شوورەوی هاتە پێشێ و گوتی فەرماندە دەیەوێ چاوی بە ئێوە بکەوێ. لە گەڵ سەربازەکە چووم. فەرماندە پرسیاری کرد میرزا مەناف بۆ چ کارێک هاتوون بۆ میاندواو؟ گوتم بۆ دیتنی ئێوە هاتووم و دەستبەجێ پەیامەکەی قازیی محەممەدم ڕاگەیاند، ئەویش گوتی بەو کەسانەی لە گەڵت هاتوون بڵێ دەستبەجێ میاندواو بە جێ بهێڵن و لە یەکەم قاوەخانەی سەر ڕێیە چاوەڕوانی هاتنەوەی ئێوە بن، قسەکەیم چی بە جێ

کرد و گەڕامەوە لای و پێی گوتم بە ماشێنی من بچۆ بۆ لای ئارام، ئەو شافیعی ڕادەستی ئێوە دەکا، کە گەیشتنە تەغی ئاباد سەر و سۆراغی ئارامی هەرمەنیم کرد، شوێنی کارەکەیان پێ نیشان دام، بەڵام ئارام بۆ خۆی لەوێ نەبوو،بە ڕواڵەت لە ئاغای شافیعی و هەر وەها من کە پێشتر دەمانناسی ڕووداوەرباییستی هەبوو، بەڵام پێشتر فەرمانی دا بوو کە ئاغای شافیعی ڕادەستی من بکەن. دوای نیزیک پێنج دەقیقە ئاغای شافیعی یان هێنا بۆ دەفتەر دەستبەجێ سواری ماشین بووین و هاتینەوە میاندواو، لەوێ ماشێنی حیزب ئامادە بوو، بە سپاس لە نەمازعەلیبییێڤ سواری ماشین بووین و هەموومان بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و لە یەکەم قاوەخانەی سەر ڕێیە ئەندامەکانی دیکەش لەگەڵمان کەوتن، سەر و ڕوو ماچ کردن دەستی پێکرد و لەو سەرکەوتنەی وە دەستمان هێنابوو هەموومان شاد و خۆشحاڵ بووین

**(مەناف کەریمی، وەزیر لە کابینەی حکوومەتی جمهووری کوردستان دا، لە پەراوێزی یادداشتەکانی سەعید هومایون،**

**پیشوای بیداری چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠٠٤)**

"کاتێک ئێمە نەخۆش دەکەوتین (لە تافی منداڵیم دا) دایکم دەیبردینە سەر قەبری قازییەکان بۆ ئەوەی چاک ببینەوە، ئەوێ نزرگەیەک بوو و دایکم پێی دەگوتین ئەوانە شەهیدن.
ڕەنگە ئەو بە نزرگە دانانە بووبێتە هۆی بڕیاردانی حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی گۆڕی سێ قازییەکان وەگوێزێ. هەڵبەت، ئەوان نەیان گوت دەیانەوێ گۆڕەکان ڕاگوێزن. گوتیان لەوێ دارستانێک ساز دەکەن بە فارسی، جەنگەڵی مەسنووعی (لێڕەواری دەسکرد) لە داوێنی ئەو کێوەی گۆڕستانەکەی لێ یە. چەند میترێک دوور لە گۆڕەکان ڕێپێلگەیەکیان ساز کرد و کێلی زۆر لە قەبرەکانیان ڕاگوێست لەوانە ئی سێ قازییەکان (ئەمن تاریخی ووردی ئەوەم وەبیر نایە بەڵام دەکرێ لە ساڵی ١٩٥٩ یان ١٩٦٠ دا بووبێ). ئەمن ئەو وێنەیەم دوای لابرانی کێلەکان هەڵگرتووە. کاتێک وێنەم هەڵدەگرتن ئیحتیاتم دەکرد وام نیشان دەدا وێنەی دیمەن و بەرجەوەند دەگرم نەک ئی قەبرەکان. ئەمن فیلمی وێنەکانیشم نەبرد بۆ ئەوەی لە عەکاساخانەیەکی خۆجێی دا بیانشۆمەوە. بردمنە تارانێ و لەوێ زاهیرم کردن."

**(ئەمیر حەسەنپوور، زانای کوردی دانیشتووی کانادا، ژووەنی ١٩٩٦**

سەرچاوە: Kurdistan In the Shadow of History , Susan Meiselas چاپی دووهەم ٢٠٠٨، لاپەڕەی ٢٠٩)

**سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢١**

## قازی و ئەو ئامانجەی هەتا سەر پێی وەفادار مایەوە




ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی ٧٥ ساڵ بە سەر لەسێدارەدانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و هاورێیانی، (محەممەدحوسێن سەیفی قازی و عەبدولقاسم سەدری قازی) بە دەستی حکوومتی ڕووخاوی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا تێپەڕی.



حەمەڕەسووڵ کەریمی

شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد کارەساتێکی ئەوەندە گەورە و ناخهەژێنە، کە دوای ٧٥ ساڵ بە سەر ئەو غەدرە

گەورەیەدا، هەنووکەش وەک یەکەم چرکەساتەکانی لە سێدارەدانی سەرووەرانی کورد، ژان و ئازاری خۆی هەیە.

دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان بە خەیاڵی خاوی خۆیان، پێیان وایە بە لە سێدارەدان و تیرۆر و شەهیدکردنی ڕێبەرانی کورد و ڕێبوارانی ڕێگای ئەوان، دەتوانن پێش بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بگرن. بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە ئەگەر ڕێبەرێک لە نەتەوەی کورد شەهید دەکرێ، ئەوە دەیان و سەدان و هەزاران ڕۆڵەی کوردی بە ناو دەکرێ و ڕێگا و ڕێبازی ئاوەدانتر دەکرێتەوە. ڕەوتی مێژوو نیشانی داوە کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شەهیدبوونی ڕێبەر و سەرکردە و کادر و پێشمەرگەکانی هیچ کات نەچەماوەتەوە و دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرتوە، بەڵکوو ڕۆڵەکانی گەلی کورد زۆر شێلگیرانەتر لە پێشوو ڕەوڕەوەی خەباتیان بەرەو پێش پاڵ ناوە و زیاتر لە پێشوو لە سەنگەر خەبات و تێکۆشاندا خۆڕاگرییان کردوە.

هەروەک چۆن شەهید پێشەوا قازی لە کاتی بەناو دادگاییکردن و پاشان لەسێدارەدانیدا فەرمووی: ئەگەر ئەمرۆ قازی محەممەدێک شەهید دەکەن، لەوە دڵنیا بن کە سبەی لە هەر تنۆک خوێنی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە و ئێوەش ناتوانن بە کوشتنی من ڕەوڕەوەی خەبات بوەستێنن..."ئەم چەند وشە پڕ مانایە ئێستا بۆتە هەوێنی خەباتێکی دوور و درێژ و خوێناوی.

شەهید پێشەوا قازی وەک کەسایەتییەکی حقووقی و ئایینی، وەک قازیی دادگا و وەک سەرۆککۆمار شارەزایی تەواوی بە سەر یاسا بنەڕەتییەکانی ئێران و یاسای شەرعی و ئیسلامی و یاسا نێونەتەوەییەکاندا هەبوو، هەر بۆیەش لە هەر دوو جار دادگاییکردنەکەیدا، ئەوە قازی محەممەد بوو کە حکوومەتی ناوەندیی موحاکەمە دەکرد و دەوڵەتی بەوە تاوانبار دەکرد کە وڵاتی کوردتان داگیر کردوە. تەنانەت لە دادگای دووهەمدا زۆر بە توندی بە سەریاندا دەگوڕێنێ و دەڵێ: من لە زووەوە خۆم بۆ ئەو مردنە سەربەرزانەیە ئامادە کردوە و بە ئامێزی ئاواڵە و بە شانازییەوە ئەو مەرگە هەڵدەبژێرم، چوونکە بەڵێنیم بە خەڵکەکەی خۆم داوە کە لەگەڵ ئەوان بژیم و بۆ ئەوان بمرم و ئەو بەڵێنییەش هیچ کات ناشکێنم و ئەوە ئێوەن کە خەیانەت بە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەن.

لە ڕاستیدا شەهید پێشەوا قازی لەگەڵ ئەوەدا وەڵامی پرسیارەکانی بەناو دادگای دەدایەوە، هاوکات زۆر بوێرانە و بە دەنگی بەرز و بە بەڵگەوە ڕووی لە بەناو قازییەکانی دادگا دەکرد و داوای وەڵامی لە سەرهەنگ و بەشدارانی دادگا دەکردەوە کە ئەوە ئێوەن دەبێ وەڵامی پرسیارەکانی دادگا بدەنەوە، بوێری و نەترسی و وەڵامی ڕاشکاوانەی شەهید پێشەوا

وایکردبوو کە دواتر چەند کەس لەو بەناو ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و وەکیلی ئەرتەش بە ناوەکانی نەجەفقولی پەسیان، سولێمان خ، سەروان شەریفی کە بە قەول وەکیلی شەهید پێشەوا قازی بووە، نەیانتوانیوە لە راستییەکان و لە بوێری و نەترسیی شەهید پێشەوا قازی و هاوڕێیانی چاوپۆشی بکەن و بەشێکی بەرچاو لە نووسین و لە دەنگ و وێنەکانیان دواتر بڵاو کردنەوە و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە سەبارەت بە وتارێک کە سولێمان خ لەو پێوەندییەدا بڵاوی کردبۆوە، بۆ ماوەی ساڵێک بخرێتە زیندانەوە.

ئەگەرچی دادگای قازییەکان دادگای نیزامی و سەربازی بوو، بەڵام هیچ کام لە قازییەکان ئامادە نەبوون کە هیچ شەرت و مەرجێک لەوان قەبووڵ بکەن و تەنانەت بۆ چرکەساتێک نەیانهێشت کە سەرهەنگ و کاربەدەستانی دادگا بە سەر ورەی بەرزیاندا زاڵ ببن. کاتێک لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی و لە بەناو دادگای قازییەکاندا، ڕیزێک تۆمەت بۆ شەهید پێشەوا دەخوێننەوە، شەهید پێشەوا قازی هەموو ئەو تۆمەتانەی کە بۆی دەخوێننەوە بە دەلیل و بەڵگە دەیانکاتە تاوان بۆ حکوومەتی ئێران و ڕەددیان دەکاتەوە و هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشە و ئاڵۆزییەکان دەخاتە پاڵ حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پەلاماری سیاسەت و کردەوە و یاسا دەستنووسەکانیان دەدا و بە وردی باس لە غەدر و تاوان و داگیرکاریی دەوڵەت دەکا و دەڵێ ئەگەر کوردەکان خائینن، وڵاتی کوردان بۆ خۆیان بەجێ بێڵن با بۆ خۆیان خۆیان ئیدارە بکەن.

لە ڕەوتی دادگادا و لە ڕۆژانی ٧ تا ١٠ خاکەلێوە شەهید پێشەوا قازی بەرگری لە هەموو بڕیار و کردەوەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژکاف)، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دەکا و بە گشتی ئەو جووڵانەوە و شۆڕشەی بە نوقتە گۆڕانی ژیانی سیاسی کورد دادنێ و خۆی لە بڕیار و قەراری سیاسی ئەو جووڵانەوەیە بێبەری ناکا و بە قەول و بەڵێن و سوێندخواردنی خۆی لە کاتی وەرگرتنی سەرۆک کۆماری کوردستان وەفادار دەمێنێتەوە و مەرگی سەربەرزانە هەڵدەبژێرێ. لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستاندا وڵاتانی ئینگلیس و ئامریکا، پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن، هەر بۆیەش لە ڕەوتی دادگادا دەیانەویست بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە فێڵ و تەڵەکە قەول و بەڵێنی لە شەهید پێشەوا قازی وەر بگرن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، بەڵام وەک ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نووسیبووی: شەهید پێشەوا، لە ڕۆژەکانی دواتردا و لە ڕەوتی دادگادا بە نوێنەری ئامریکا ( جۆرج ئالین ) دەڵێ گەلی کورد چاوڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتی ئیستعماری نییە.

شەهید پێشەوا قازی لە وەسیەتە بە ناوبانگەکەی خۆیدا ڕوو بە گەلی کورد چەند پەیامی مێژوویی دەنووسێ و لەودا باس لە یەکگرتوویی گەلی کورد دەکا و پەیامی یەکبوون و یەکریزی بە گوێی نەوەی کورد دا دەخوێنێ و لە بەشێک لە

وەسیەتەکەیدا دەنووسێ: داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان.

بوێری و چاونەترسی شەهید پێشەوا نەک تەنیا لە ڕەوتی دادگا دا بۆ هەموو لایەک دیار بوو، تەنانەت لە کاتی لە سێدارەداندا ناهێڵێ چاوی ببەستن و بە چاوی کراوەوە بەرەو سێدارە دەچێ و دەفەرمووێ "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەساتی ژیانیشمدا بە سەربەرزی و چاوکراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم."

ڕووحی شەهید پێشەوا قازی و هاوڕێیانی شاد و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی ئاوەدان و وەفادارم بە ڕێبازی سەرۆک کۆماری کوردستان و بە ئاواتی ئەوە کە گەلی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانەی خۆی درێژە بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢٢

---

## وردەکاریی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێکانی




**پەیسەر**

هەرکات قسەو باس دێتە سەر ئەوەی باس لە قۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد بکرێت یەکسەر مرۆڤ هزری دەچێتەوە سەر کۆماری کوردستان و لەناو ئەو کۆمارەشدا چاوی دەچێتە سەر کەسایەتی سەرۆک کۆمار (پێشەوا قازی محەممەد)، قازی محەمەد دادوەر و دامەزرێنەر و سەرۆک کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٠٠ و هەندێکی دیکەش دەڵێن (١٩٠١) لە مهاباد کە پێی گوتراوە سابڵاخ لە دایکبووە ، کەسایەتیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و ئاینی و عەشایەریی بووە، چەند زمانی زیندووی جیهانی زانیوەو دوای مردنی باوکی لە شوێنەکەی قازیەتی کردووەو پێش لە دروستبوونی کۆمار بەڕێوەبەری فەرمانگەی رۆشنبیری مەهاباد بووە، ئەو هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە بیری نەتەوایەتی لە مێشکیدا بووەو لەو پێناوەشدا خەباتی بنەماڵەییان هەبووە.

بە پێی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٤١ قازی محەمەد نەخشەیەکی کوردستانی کێشابوو بە جۆرێک خۆی باوەڕی پێی هەبوو، ئەم نەخشەیە هەمیشە لە ژوور سەری خۆی هەڵیدەواسی، وەک ئەوەی کە باوەڕی بەو ئاڵایە هەیەو دەبێت خەباتی لە پێناودا

بکات، بۆیە پێویستە هەمیشە لەبەرچاویدا بێت، پاشان ئەو نەخشەیەی خستە بەردەستی خەڵک تا ئەوانیش وادار بکات بەو بۆچوونە، سنووری ئەو نەخشەیە پێکهاتبوو لە بەشێک لە خاکی فەرمی وڵاتەکانی (ئێران و تورکیا و عێراق)، واتە هەندێک لەو بەشە کوردستانیانەی کە لە سنووری ئەو وڵاتانەدا هەن.

دوای ئەوەی ئەونەخشەیە لەناو خەڵکیدا بڵاوکرایەوەو دەنگدانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، قۆناغی دووەمی کارکردن بەرەو سەربەخۆیی، بریتی بوو لەوەی ئاگادارییەک لەشاری مەهاباد بڵاوکرایەوە کە هەرکەسێک خزمەتی سەربازی کردبێت، بچێتە بارەگای حیزب و دوای تۆمارکردنی ناوی چەک وەربگرێت و ببێتە سەربازی کوردستان، پاش چەند رۆژێک لە چەکدارکردنی خەڵکی ناوچەکە و دروستبوونی جۆش و خرۆشی تایبەت بەو هەستە نەتەوایەتیە، یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانە ئاڵای ئێران لە سەر هەموو تەلارو بینا دەوڵەتیەکانی شاری مەهاباد هێنرانە خوارەوە لە بری ئەو ئاڵایەکی دیکەیان هەڵواسی کە لە سێ رەنگی (سوور و سپی و سەوز) پێکهاتبوو لەناویدا نیشانەکانی (گەنم، هەتاو، قەڵەم)ێک هەبوو، ناوی ئەم ئاڵایەشیان نابوو (پەرچەم - ئاڵا)ی کوردستان، بە هەڵکردنی ئەو ئاڵایە هەنگاوێکی دیکەی دڵخۆشکەر نرا، پاش چەند رۆژێک قازی محەممەد سەرۆک عەشیرەت و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی لە بارەگای (فەرمانداریی کۆن) دا کۆکردنەوەو بە ئامادە بوونی ئەوان (حکومەتی جمهوری کوردستان)ی راگەیاند و داوای پشتگیری تەواوی لێکردن و ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە بە گەشبینیەوە بۆ روون کردنەوە، دوای ئەویش (محەمەد حسین سەیفی قازی) وەک ژەنراڵێکی سەربازی و بە جل و بەرگی سەربازییەوە ناساند و ئەویش بەناوی سەربازانی دیموکراتەوە رێگەی بەخۆیدا کە (قازی محەمەد)وەک پێشەواو و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ناوزەد بکات(ئەڵبەتە دبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە نازناوی پێشەوا قازی محەمەد پێشووتر بۆ خۆی هەڵبژاردبوو نوسین و بیروڕاکانی خۆی بەو ناوەوە بڵاو دەکردەوە).

## دامەزراندنی کۆمارەکە بە پێکهاتنی ١٣ وەزارەتی گرنگ بوو بەم شێوەیە

- حاجی بابەشێخ ، سەرۆک وەزیران،
- محەمەد حوسەینی سەیفی قازی وەزیری جەنگ،
- محەمەد ئەمینی موعینی وەزیری دەوڵەت،
- ئەحمەدی ئیلاهی وەزیری ئابووری،
- کەریمی ئەحمەدین وەزیری پۆستەوگەیاندن،
- حاجی رەحمانی ئێلخانی وەزیری راوێژکاریی،

- مەنافی کەریمی وەزیری رۆشنبیریی،
- سەدیقی حەیدەری وەزیری راگەیاندن،
- خەلیل خەسرەوی وەزیری کار،
- حاجی مستەفا داودی وەزیری بازرگانی،
- محەمەد وەلی زادە وەزیری کشتوکاڵ،
- ئیسماعیل ئێلخانی زادە وەزیری رێگاوبان..

بەرێوەبردنی حکومەت بۆ ماوەیەکی کەم چۆن بووەو خاڵە بە هێزو لاوازەکانی هەرچی بوون لەم راپۆرتەدا باس نەکراوەو تەنها ئەو شتانە نەبێت کە پەیوەندییان بە روخانی کۆمارەکەو دادگایی کردنەکەیانەوە هەیە.

وەک شارەزایان باسی دەکەن لەکات و ساتی کۆماری کوردستاندا کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان لە تەوریز دامەزرابوو، پشتیوانی هەردولاش لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە دەکرا بەلام کاتێک ئەو کۆمارە دەروخێت و سەرۆکەکەی بەرەو یەکێتی هەڵدێت ئیتر ئەرتەشی ئێرانی شاهەنشاهی یەکلایی دەبێتەوە بەرەو مەهاباد دەگەرێتەوە، هەرچەندە سەدری قازی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی ئێراندا وەک نوێنەری مەهاباد ئەندامی پەرلەمان بوو، پەیوەندیەکانی لەگەڵ قەوام سەڵتەنە زۆر باش بوو، بەلام بەهۆی جیاوازی بیروڕای بەرپرسانی بالای ئێرانی هیچی پێنەکرا. بەتایبەت لەگەڵ سەرۆک ئەرکانی ئەو کاتی سوپا - رەزم ئارا - کە ئەو پێی وابوو قازی محەمەد و هاورێکانی جگە لە تاوانبارێک هچی دیکە نین.

وەک مێژوو نوسان باسی دەکەن جموجوڵەکانی قازی محەمەد و هاورێکانی کاتێک پێشەوا لەلایەن قوام سەڵتەنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە رێکەوتی ٢٨ی کانونی دووەم ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکێتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ دەکرێ. رۆژنامەی (ایران ما) هەر ئەوکات دەنووسێ: ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و رای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دیموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆرێدایە. هەر کارێک بە سوودی دیموکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژووییە کەڵک وەرگرێ. ئەمە تێروانینی ئەرێنی ئەو سەردەمە بوو بۆ بوونی کۆمارو جموجوڵەکانی قازی محەمەد، بەلام لە پشتی پەردەوە روداوەکان بە جۆرێکی دیکە بوون، نەک هەر دوژمن، بەڵکو بەشێکی زۆریش لەوانەشی کەلەگەڵ قازی محەمەد بوون لەکاتی تەنگانەکەدا لەگەڵی نەمانەوەو

پشتیان تێکرد.

لەو سەفەرەی قازی محەممەد بۆ لای قەوام سەڵتەنە لە تاران. دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە پاش ماوەیەک لەگەڕانەوەی قازی لە تاران هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی ئەرتەش بەرەو زیاتر رۆشت ، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مهاباد لە لایەن هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنانەت چەند کەس لەوانەی لەگەڵ قازی سەفەری باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان.، بەشێک لەوانە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان نەکەوێتە مەترسییەوە ژێربەژێری هەوڵیان دەدایە ئەرتەش و بەرپرسانی ئێرانی و شوێن پێی داهاتووی خۆیان خۆشدەکرد.

ئەرتەشی ئێران کە قورسترین ئامێری شەڕیان بەدەستەوە بوو، گۆڕانکارییەکان بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆماری ئازەربایجان بۆ سۆڤیەت کۆمارەکەیان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوەی ئەرتەش تەورێزی بۆ یەکلایی بوویەوە، بەرەو مهاباد بەڕێکەوت. لەو ئەو ناوچانەی دیکە لە باشوری مهاباددا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەند مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کاتێک گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مهابادیان گرتە بەر.، هەربۆیە لێرەدا ڕۆڵی خیانەتی خەڵک بەرامبەر کۆمارەکەیان و پشتکردنە قازی محەمەد و شاری مەهاباد بەدەردەکەوێت.

قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆمار دەستوور دەدات بە هەموو لایەک هەتا دەکرێت خۆیان لە شەڕ بپارێزن چون ماڵوێرانی پێوەیەو شەڕێکی نابەرامبەرییەو دۆخی ناوخۆی کۆمارەکەی و شارەکانی چواردەوری خۆشی دەزانی . ئەگەرچی لە پێناوی وڵات هەمووان تێدەکۆشن، بەڵام بە هۆکاری جیاواز بێهەڵوێستی زلهێزەکان بە تایبەتی هێزەکانی سۆڤیەت و ئەمەریکا، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەند ڕۆژ کوردستان داگیر کرایەوە. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەوندە پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پاڵپشتی کۆمار ئاوەها بە خێرایی کۆمار تێدا بچێت، بەڵام لەوەدەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هێزەکاریگەرەکان بوو بێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ کەس، هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە

کاتی هێرشەو مەهاباد خۆی دەدات بەدەستەوە.

باس لەوە دەکرێت مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوکات لە مەهاباد بووە، هەوڵی داوە قازی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوەو بەرەو سنوورەکانی ببات، تا گیانی خۆی و نزیکەکانی پارێزراو بێت، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبووە، پێی وا بوو دەبێ لە سەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. هەرچەندە قازی دەیزانێ کە بە زوویی کۆمارەکەی دەڕوخێت و دەبێت لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە داندا یەکێکیان هەڵبژێرێت، دەیزانی ئەو بەرپرسیاری گیانی خەڵکە، بۆ ئەوەی بەرگریی لە کوشتن و وێرانکردنکردنی مەهابادو دەوروبەری بگرێت، باشتر وایە خۆی بەدەستەوە بدات.

هەڵبەت سەبارەت بەوهەڵوێستە خەڵکێک ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ نەیدەتوانی فرسەتێکی تر وەربگرێتەوەو بە شیوازێکی دیکە بگەڕێتەوە ناویان، بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک (پیشەوەری) و (سەرانی ئازەربایجان) ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێت و هەزاران کەس بە کوشت بچن و خۆم زیندوو بمێنم.

ئەرتەش لەماوەی یەک هەفتە کەمتر دەگاتە مەهاباد وەک پایتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەڵاتی کۆماری تێدایە،. ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە قازی بۆخۆی و هەموو خەڵکیش دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەتی تاران لەگەڵیدا چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەند تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن و لەوێدا کارەکانیان یەکلایی ناکەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی شەرعیەت بەکارەکەیان بدەن ڕێگەی دادگاییکردن هەڵدەبژێرن.

**لیژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غوڵام حوسەین عەزیمی دەگەنە مهاباد و دادگا ڕێدەخەن.**

**پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لە لایەن قازیەکانەوە (قازی محەممەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەت کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. بە پێی سەرچاوەکان ئەو تاوانانەی درابوون پاڵیان ئەمانە بوون:**

١- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران ئەوەشیان بە بەڵگە هێنابوویەوەی کە قازی محەمەد نەخشەیەکی نوێی

کێشاوە و باوەڕی بەو نەخشە نێو دەوڵەتییە نیە کە لە لایەن هەموانەوە باوەڕپێکراوو جێی بایەخە.

٢- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیر کردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش هیچ پرس و ڕایەکیان لەگەڵ حکومەت نەکردووە.

٣- بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی. هەروەها پێدانی نەوتی ئێران بۆ روسیەکان بە رێژەی ٤٩% بۆ ئێران و ٥١% بۆ سۆڤیەت، ئەمەش پێچەوانەی هەموو یاساو ڕێساکانی ئێرانە.

٤- هێنانە ناوەی خەڵکانی بێگانەی بۆناو خاکی ئێران و پێدانی دەسەڵاتی ئیداری و سەربازیی پێیان لەوانەش (مەلا مستەفا بارزانی) کەوەک سەرکردەیەکی سەربازی لەناو کۆمارەکەدا کاری دەکرد.

٥- دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان و هەڵگەڕاندنەوەی ئاڵای ئێرانە بە دەستکارییەوە.

٦- پەیوەندی دروستکردن و سەردانیکردنی قازی و هاوڕێکانی بۆ باکۆ و بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەو کۆنفراسی جیاواز بە بێ ئاگاداریی حکومەتی ئێران و ئەوەش بە پێچەوانەی یاساکانە.

٧- هەروەها کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی بەدەستی چەکدارەکانی ئەو کۆمارە.

زۆر جار دانیشتنەکانی دادگا زیاتر لە ١٨ کاتژمێری خایاندووە، لە میانەی ئەو دادگاییانەو بەرگری لە خۆکردندا چەندین نهێنی دیکە ئاشکرا دەبوون، دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ - پارسی تەبار - و داواکاری گشتی سەرهەنگ - فەرِوغی - پێکهاتبوو، دوای ئەوەی دادگا سەرجەم تاوانەکانیان لەسەر تەنها ئەو سێ کەسە جێکردەوەو گوێیان بە قسەی تۆمەتبارەکان نەدا و بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرا، هێشتا خۆیان و خەڵکیش باوەڕیان وابوو (تەمیز)کردنەوەی بڕیارەکە دۆخەکە دەگۆڕێت، چوون قازیەکان هیوایان بە نوێنەری کەمینەکانی پەرلەمان بوون و پێیان وابوو ئەگەر لە تاران پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا بکرێت دەرئەنجامەکەی دەگۆڕێت، هەروەها قەواموسەڵتەنەش دەتوانێت هاوکارییان بکات، قازیەکان خوازیاری ئەوە بوون دادگای تەمیز لەتاران پێکبهێنرێت، بەڵام دەستێک لە ئارادا هەبوو کە نەهێڵێت قازیەکان دەستیان بگاتە تاران هەربۆیە دادگای تەمیز رەوانەی مەهاباد کرا، ئەوەش بۆئەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی تاران

لەناوچەکەدا بە تۆکمەیی دەربکەوێت، هەشتا ڕۆژ بوو دادگای سەربازیی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ قازیەکان دەرکردبوو کە نوێنەرانی دادگای تەمیز بە سەرۆکایەتی - سەرهەنگ عەتائی - و ئەندامێتی داواکاریی گشتی سەرهەنگ - نکوزاد - و ئەندامێتی صلح جو، نەبەوی، هەروەها لەگەڵ خۆیان پارێزەری بەرگریکاریشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

قازی هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ؛

ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لە سەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.

یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەممەد نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهاتنی بە مەلا مستەفا بارزانی بوو.

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی(برای پێشەوا) بە دوای یەکدا حوکمدران و بڕیاردرا لە چوارچرای شاری مهابادا، واتە هەر لەو شوێنەی ٢٢کانوونی دووەم١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی ڕاگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهیدکران.

ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەمدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو، لەمەر پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیز لەو موحاکەمەیە نوسیبووی:

"ئیستیعماری ئینگلیس‌و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی.

ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیاندا بێنن‌و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون لەگەڵیان قسییانکرد تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان رابکێشن و بەڵێنێکیان پێبدەن، بەڵام هیچکات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ دەردەچوو نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو، گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نییە.

نەجەفقولیی پەسیان، دەڵێت: لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەتو ئاکاری دەوڵەتی تارانو دەیگوت: من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تارانو سەرۆکەکانیو دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین.

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانیدا دەڵێت، قازی گوتی: تەواوی ئەم بەسەرهاتو ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.

لە بەڵگە و ڕۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراونو لە زمان ئەفسەرە ئێرانییەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتوویە:

"ئەو ڕوداوانە لە ئاکامی ئەوە دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لەژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانمو هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە. کاتێک سەرۆکی (دادگا یا دادستان) بە خیانەت قازی و هاوڕێکانی تاوانبار دەکات لە وەڵامدا دەڵێت:

ئێرەماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم؟

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لە زمانی (سەروان کیومەرس ساڵح) هەواڵنێری گۆڤاری (ئەرتەش) کە لەو کاتەدا لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی ڕاپۆرتێک لەو پێوەندییەدا دەگیرێو ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە، هەندێک لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردوەتەوە.

بە پێی قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسە پێشەوا گوتویەتی:

"من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە، بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیمو بۆ ئەوانیش بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم؟

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ:

"من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیو سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەممەد بە جەرگو بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردندا نەیدەزانی ترس چییە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکان کاتێک داواکاریی گشتی بە قازیەکانی گوتوە (کوردانی سەگ سفەت)

قازی محەممەد زۆر تورەبووە و پەلاماری دادگاکی داوە، هەربۆیە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دادگایی دواخراوە.

هەر ئەو بە جەرگیو لەخۆبردووییەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستنو گوتی:

حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشمدا بە سەربەرزیو چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم،

پاشان گوتویەتی:

ئێوە قازی محەمەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەمەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو رزگاریی کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢١

## سەدری قازی، یەکەم بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان




**پەیسەر**

کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەڵدەدەیتە، ناوی قازییەکانی مەهاباد لە گۆشە سەرەکیەکانیدا دەبینیتەوە، قازی محەمەد و سەیفی قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزایان پێکەوە لە پێناوی گرساندنی کۆماری کوردستاندا خەباتیان کردو دواجاریش پێکەوە پشتیان لە خەڵکی مەهاباد نەکردو پێکەوەش لە سێدارەدران، هەرچەندە سەدری قازی وەسیەتی کردبوو کە لایی گلکۆی باوکی لە خانەقای شێخی بورهان ئەسپەردەی بکەن، بەڵام جیایان نەکردەوەو پێکەوە لە مەهاباد ناشتنیان. سەیفولوقوزاتی باوکیان لە لایەن شای ئێرانەوە زۆر ڕێزی لێگیراوەو هەر ئەو نازناوەی پێدراوە

ئەبولقاسم سەدری قازی - برای قازی محمد - ساڵی ١٩٠٨ و هەندێک دەڵێن ١٩١١ لەشاری مەهاباد لەدایکبووە و هەر لە مەهابادیش خوێندویتی، زمانەکانی فارسی و تورکی و ئینگلیزیی بە باشی زانیوە، سەدری قازی بە وەرگێڕانی زمانی بێگانەی فارسی و ڕێنوێنی هەژار و نەخوێندەوارەکانی بێتاوانی کوردووە، لەبەر ئەوەی باری دارایی زۆر باشی هەبووە ئەو فەرمانبەرانەی کە خۆبەخشانە کاری فەرمانگەکانی کۆماریان بەڕێوە دەبرد ئەویارمەتی دەکردن. لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا

خاوەنی جێگای ڕێز و خۆشەویستی بووە، سەیفولوقوزاتی باوکیان لە لایەن شای ئێرانەوە زۆر ڕێزی لێگیراوەو هەر ئەو نازناوەی پێدراوە.

سەدری قازی لە دەوورەی چواردەی گۆنگرەی شورادا، بەنوێنەری مەهاباد هەڵبژێردراوە. لەسەردەمی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستاندا، لەتاران نوێنەری کۆنگرەی شورای میللی بووە.

دوای پەلاماردانی کوردستان سەدری قازیش گیراو هێنایانەوە مەهاباد. کاتێک لەگەڵ براکەی پێشەوا و ئامۆزاکەی حەمە حوسێن خان لەچوارچرای مەهاباد هێنایانە ژێر پەتی سێدارەگوتی: "ئێمە بەتاوانی ئەوە دەکوژن، چونکە نەبووینە ناپاکی نەتەوەکەمان".

سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد بووە لە تاران و لەوبوارەدا چەندین کاری کردووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی کوردو دەسەڵاتدارانی ئێرانی تا لەو ڕێگەیەوە مافەکانی گەلی کورد بەدەست بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە چەندین دیداری گرنگی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران و قازی محمد و بەرپرسانی تری کۆمارەکە ڕێکخستووە، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری میللی ئازەربایجان کە هاوتەمەنی کۆماریی کوردستان بوو.

**لە مزگەوتی هەباس ئاغا لە مەهاباد قسەی کردووە و باسی پێویستی خۆ ڕاگریی لە بەرانبەر هاتنی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندیی بۆ مەهاباد کردووە**

وەک هەندێک لە سەرچاوەکان باسی دەکەن کە دوو نامەی تایبەتی سەدری قازیی هەیە کە لەم دواییانەدا بڵاوکرانەتەوە بایەخی گەورەیان هەیە، نامەی یەکەمیان کە بۆ کچەکەی (گەوەرتاج)ی ناردووە و تیایدا ، ئەو ناتوانێت لای بمێنێتەوەو ڕایسپاردووە بچێتە تاران لەگەڵ دۆستێکی خۆیان بەناوی شامبەیاتی و دەقی نامەکەش بەم شێوەیەیە:

(ڕۆڵەم گەوەر تاجی سەدری قازی ئینشائەڵا سڵامەتن. ئەمن هەر ئێستا لە تارانەوە گەیشتوومەتە مەهاباد، لە بەر ئەوەی دایکت لە تاران داوای کرد خات خەجیجی بنێرمە لای لەتارانێ پێویستە دەستبەجێ نێو براو ئامادە بکەن و لە خزمەت جەنابی ئاغای سەروان شامبەیاتی کە ئەم نامەیەتان دەداتێ بینێرن بۆ تارانێ و خەرج و مخاریجی ڕێگاش بدەن بە خات خەجیج) بە پێێ وتەی شارەزایان ئەوەی لەو نامەیەدا هاتووە بەروارەکەی زۆر گرنگە. بە پێی هێندێک سەرچاوە لەم ڕۆژە

دا سەدری قازی لە مزگەوتی هەباس ئاغا لە مەهاباد قسەی کردووە و باسی پێویستی خۆ ڕاگریی لە بەرانبەر هاتنی هێزەکانی حکوومەتی ناوەندیی بۆ مەهاباد کردووە. دیارە دوای ئەو بەرواره جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆتاران.لە نێوە ڕۆکی نامەکەدا دەردەکەوێ سەدری قازی بە چاودێری سەربازیی توند هێنراوەتەوە بۆ مەهاباد و نەیتوانیوە چاوی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی بکەوێ بۆیە ئەو نامەیەی بۆ کچەکەی نووسیوە.

هەرچی نامەی دووەمە کە دووبارە بۆ کچەکەی(گەوەرتاج)ی ناردووە، تیایدا وەسیەتی کۆتایی خۆی کردووەو وەسیەتەکەش خێزانی و کۆمەڵایەتیە، پێدەچێت لەو ماوەیەدا دڵنیا بوو بێتەوە لەوەی کە لە سێدارە دەدرێن و هیچ ئومێدێکیان بە دەربازبوون نەبووە، کە ئەوە دەقەکەیەتی:

(گەوەرتاج خانم، خانمە خانم، ئەوە کە ئێستا بەو پەڕی ئیمان و ئاواتەوە ماڵاوایی لەم دنیا فانییە دەکەم، داوا دەکەم تەرمی من بەرن بۆ خانەقای بەرزو بە تەنیشت باوکمەوە بینێژن. دەخیل و سەد دەخیل تەنەخی لێ مەکەن و حەڵاڵم کەن. ئاگاتان لە حەسەن بێ، هاوناوی باوکمە و جێگای هومێدە و بۆ پەروەردە کردنی زۆر تێبکۆشن. ماڵاوایی لە هەموو لایەک دەکەم).

ئەم نامەیەی سەدری قازی لەگەڵ وەسییەتنامە بۆ هاوسەری کە لە چەند سەرچاوە دا بە وەرگێراوی کوردیشەوە بڵاو کراوەتەوە؛ بەر لەئەوەی لە سێدارە بدرێت نووسیویەتی. بە پێی قسەی گەوەرتاجی سەدری قازی ئەو نامەیەی چەندین مانگ لە دوای لە سێدارە درانی قازییە کان بە دەستی گەیشتووە و وەک دەزانین قازییەکان لە مەهاباد نێژراون و نەتوانراوە ئەو بەشەی وەسیەتەکەی کە ببرێتە خانەقای شێخی بورهان. کە تەرمی سەیفولقوزاتی باوکیان لەوێ نێژراوە. مەبەست لە حەسەن، برازای سەیفی قازییە کە نێوی پچووکی سەیفولقوزات باوکی شەهیدان قازی محمدو سەیفی قازی لێ نراوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ٦ - ٦ - ٢٠١٤، گەوەرتاجی سەدری قازی ، کچی شەهید قاسمی سەدری قازی لە مهاباد کۆچی دوایی کرد. لەخانەقای شێخی بورهان لەتەنیشت باپیرەیەوە ئەسپاردەی خاک کراوە.

کۆماری کوردستان کاری زۆر بنەڕەتی و پێویستی لە ڕووی ناساندن و بونیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئەنجامداوە، کە ئاڵای کوردستان، سرودی نەتەوەیی، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و چەندین شتی دیکەی لێکەوتەوە. لە هەمووی ئەمانە گرنگتر بڕواییێکی قوڵی سیاسەتی کۆماری کوردستان بە ڕێزلێنان لە ماف و سنووری نەتەوەکانی دراوسێ بوو. لە هیچ شوێنێکی

هەڵس و کەوت و سیاسەتی کۆماردا نابینرێ کە ڕێز لە نەتەوەیەک نەگیرابێ. نەتەوەی دراوسێی تورک کە حکومەتێکی تەواو سەر بە سۆڤیەتیان لە تەورێز بۆ پێک هاتبوو - بەناوی کۆماری ئازەربایجان - لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، بە پێچەوانەی ئەو هەڵس و کەوت و ساختەکارییانەی کە ئەو حکومەتەی سەر بە سۆڤیەت بەرانبەر بە کۆماری کوردستان گێڕابووی.

سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیارێکی دەرکردبوو کە لە دوو ڕووەوە جێی سەرنجە. یەکیان پێکەوەژیان و پتەوکردنی ئاشتی و برایەتی چوونکە هەردوولا پێیان وابوو لە ناوبەری هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکە و دووهەمیش سەربەخۆیی سیاسی کورد و جیاکردنەوەی قەوارەی کوردستان لە سیاسەت و سنووری جوگرافییایی تورکەکان.

لە دەقی گوتاری سەرکردایەتی کورددا ئاماژەی ڕاشکاوانە بەوە کرابوو کە لە هەر شوێنێک کە کوردی تێدا ژیان دەکرد بە "استقلال"ی تەواو بگا. لە هەمان کاتیشدا لە پێکهاتنێکی کە لە ناوبەری - حکومەتی ملی آذربایجان - و دەوڵەتی - جمهوری کوردستان - هەبوو، دان بەوە نرابوو کە ڕێز لە مافی کوردانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تەورێز بگیرێت و هاوکات دەسەڵاتی کۆماریش هەمان سیاسەت بەرانبەر بە تورکی دانیشتووی کوردستان بنرێت. لە هەموو ئەوانەشدا سەدری قازی ڕۆڵی گەورەی هەبووە.

قازی محەممەد لەسەر بانگهێشتنی قەواموسەلتەنە چووەتە تاران و دوو هەفتە ماوەتەوە. لەو سەفەرە دا پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە تاران پێنج جار لە گەڵ قەواموسەلتەنە دانیشتوون و سێ جاریش چاویان بە ڕەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران کەوتووەو باسیان لە کێشەکانی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کردووە.

ئەبولقاسمی سەدری قازی لە کاتی پێشڕۆیی هێزی دەوڵەت بەرەو ئازەربایجان، لە مەهاباد بوو.کاتێک هێزەکانی دەوڵەت هاتە نێو تەورێز، ناوبراو بە پەلە چوو بۆ تاران تا بەڵکوو ئەحمەدی قەوام سەرۆک وەزیری ئەوکاتە کارێکی ئەوتۆ بکات و فەرماندە سەربازییەکان سەبارەت بە کوردان بە گشتی و قازییەکان بە تایبەتی نەرم بجووڵێنەوە و توند و تیژی بەکارنەهێنن.

سەدری قازی چەند ڕۆژێک لە تاران لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو بەڵام نەیتوانی هیچ بکات و وەڵامی نەدرایەوە. دوا جار ئەویشیان لە تاران گرت و لە ژێر چاودێریدا هێنایانەوە مهاباد و ئەویشیان لەگەڵ قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان -

سەیفی قازیی- لە پێشدا لە نێو شاریدا ( خانووبەرەی عەدلییە، موڵکی میرزا عەبدوڵای کەریمی) و دوایە لە سەربازخانە زیندانی کردو دواتریش دادگاییان دەستپێکرد.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی "حکومەتی کوردستان و کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا دەنووسێ:**

**تاوانەکانی بە پاڵ قازی و سەرانی حکومەت ئەدرا بریتی بون لە: پۆشینی بەرگی جەنەڕاڵی، سەرۆکایەتی جمهوریەتی کوردستان، گۆڕینی ڕەنگی ئاڵای ئێران، لابردنی نیشانەی شێر و خورشید، چون بۆ باکۆ و، کۆبونەوە لە گەڵ جەنەڕاڵەکانی بێگانە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی، بەڵێندانی بەخشینی نەوت بە بێگانە، هەر وەها نامەی دەسخەت و ڕونوسی وتەکانی ناو کۆبونەوە گشتییەکان کە تۆمارکراو، قازیەکان بە ئیعدام حوکم دران. حوکمی ئێعدامی قازییەکان لەو کاتە دا بە بڵاو نەکراوەیی هێڵرایەوە تا کێشەی لێنەکەوێتەوە.**

قازییەکان داوایان کرد مەسەلەکەیان بخرێتە بەردەم داداگای پێداچوونەوە" دادگاە تجدید نظر" بۆ چاو پیاگێڕانەوەی. لەو ماوەیە دا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی دادگایەکە ببرێتە تاران، بۆ ئەوەی دووربێت لە دەستێوەردانی وردە بەرپرسەکانی دەوڵەت. بەڵام بەرپرسانی سەربازیی سوور بوزن لە سەر ئەوەی هەر لە مەهاباد دادگایە.

ئەندامانی "دادگاە تجدید نظر"چوونە مەهاباد. ئەمجارەیان دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عطاء و دادستانی سەرهەنگ نکوزاد بو. دادگا دو پارێزەری بۆ قازییەکان دانا بو: سەروان صلح جو و، سەوان نبوی. ئەو "تاوانانە"ی لە "دادگاە بدوی صحرایی" بە پاڵ قازی محمد درا بون و، لە سەری بە ئیعدام حوکم درا بو، بریتی بون لە: ڕاپەڕینی چەکدار دژی حکومەتی ناوەندی، بەستنی ڕێککەوتنی نەوت لە گەڵ بێگانە، سوکایەتی کردن بە ئەرتەش و حکومەتی مەرکەزی، فەرمانی کوشتن و سوتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی حکومەت... ئەو تاوانانەی بە پاڵ سیف و صدریش درابون، شتێکیان کەم نەبو، لە وانەی بە پاڵ قازی درابون.

هەیئەتی دادگا لە گەڵ ستادی ئەرتەش بەردەوام بە بێتەل پێوەندی تەلگرافی هەبو. پرسی پێ ئەکرد و فەرمانی لێ وەرئەگرت. ئەمیش حوکمی ئێعدامی: محمد قاضی،محمد حسین خانی سیفی قاضی، صدری قاضی دایەوە. کاتێ کە ستادی ئەرتەش ئاگادار کرا لەوەی دادگا حوکمی ئێعدامی داون، ستادی ئەرتەش فەرمانی دا بە فەرمانداری نیظامی مەهاباد لە ماوەی ٢٤ سەعات دا حوکمەکە جێبەجێ بکات.

**کۆماری کوردستان لە مێژووی کوردستاندا جێگەیەکی وەهای گرتووە کە تا کوردێک هەبێت شانازیی پێوە دەکات**

ڕووداوەکانی ناو دادگا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی تاران دا بە یەک شێوە و زمان بڵاو کراونەتەوە. پێدەچێ کاربەدەستانی ئەرتەش، بەوجۆرەی خۆیان ویستویانە، ڕاپۆرتەکەیان بو چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە کردبێت، بەتایبەتی بو شکاندنی شەخسییەتی قازییەکان کە بوبون بە ڕەمزی خەباتی رزگاریخوازی کورد و وەک تێکدەر و هاوکارییکردنی بێگانەو خیانەتکار ناویان بردبوون.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو پلانەی ئەوان دایاننابوو، کۆماری کوردستان لە مێژووی کوردستاندا جێگەیەکی وەهای گرتووە کە تا کوردێک هەبێت شانازیی پێوە دەکات و گۆڕی شەهیدەکانیشی بەردەوام جێگەی شانازییە، هەربۆیە قازی محمد و سەدری برای و سەیفی ئامۆزای پێکەوە لە چوار چرای مەهاباد دا لە سەر ڕێبەرایەتی کردنی گەلی کورد لە تەنیشت یەکەوە لە سێدارەدران و هەر لە تەنیشت یەکیشەوە نێژران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢١

---

## سەیفی قازی لە بازرگانییەوە بۆ وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان




**پەیسەر**

کەسایەتی قـازی محەممەد ئەوەنـدە گەورەیە کە زۆرجـار کەسـە گەورەکـانی دیکەی شـاردووەتەوە، سـەیفی قـازیی گەرچـی دەوڵەمەنـدێکی بەناوبـانگی مەهابـاد بـوو، بەڵام لەسـەر داوای قـازی محەممەد تـێکەڵ بە دنیـای سیاسـەت بـووە و تـا بـوو بەوەزیری جەنگی کۆمـاری کوردسـتان، لەگەڵ روخـانی کۆمـارەکەدا هاوسـەرە تـورکەکەی داوای لێدەکات بچێتە روسیا، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و دەڵێت سوێندم خواردووە خیانەت لە قازی محەممەد و کوردستان و خەڵکی مەهاباد ناکەم، سەر ئەنجام لە سێدارە دەدرێت.

محەممەد حوسێن سەیفی قازی ناسراو بە حەمەحوسێن خان ساڵی ١٩١١ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. میرزا حوسێن سەیف و لقوزات، باوکی حەمەحوسێن خان، یەکێک لە پیاوە زانـا و نـاسراوەکانی کوردسـتان. لـە هۆنراوە و نوسیندا دەسـتێکی زۆر بـاڵای هەبووە، هۆنراوەکانی بە کوردی و فارسی لە کاتی خۆیدا دەستاودەست دەگەڕان و جێی بایەخی خەڵکبوون. لە تەورێـز لە قوتـابخانەی فیردەوسی خوێندوویەتی تـا قۆنـاغی دبلۆم، حەمەحوسێن خان لە ژێر دەستی بـاوکێکی زانـا و

نیشتمانپەروەردا پێگەیشتبوو. ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد و یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

لە سەر دەمی کۆماری کوردستاندا کرایە وەزیری جەنگ (بەرگریی) بووەو تا گیران و شەهیدبوونی هەر لە سەر کارەکەی بەردەوام بووە. دووجار هاوسەرگیریی کردووەو هەردوو هاوسەرەکەشی تورکبوون. هاوسەری یەکەمی کۆچی دوایی کردووەو کە کچی گەورە بەرپرسێکی مەرراغە بووە، بە دوای ئەودا خێزانی دووەمی پێکهێناوە، باوکی لەگەڵ تورکە قاجارییەکان پەیوەندی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی ئازاربایجان زۆر پێشکەوتوو بووە، زۆری ژیانی لە تەورێز بووە، ئەو پەیوەندییە بۆ سەیفی قازیش ماوەتەوە، بەدەر لە نەتەوەی جیاواز کە تا ئەو کاتانە تۆخ نەبووبویەوە تێکەڵاویی ئەوان بۆ پەیوەندی بازرگانی و ژن و ژنخوازیش بووە. هاوسەری دووەمی فەروغ لیقا مەلیک قاسمی کچی ئیمام قولی خانی ئامۆزای نەسرەدین پاشای قاجارە.

بنەماڵەی سەیفی قازی مەلازادە بوون و زۆرینەیان ڕێچکەی مەلایەتییان گرتووەو بە بنەماڵەیەکی ئایینی بەناوبانگن، تا دەگاتە حەمە حسین سەیفی قازیی ئیتر مەلایەتیان نامێنێت، سەیفی قازی سەرەتا بە بازرگانی و دواتربە کاری سیاسی و سەربازیی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕدارێکی بەهێزیش بووە بە خودا، لە بنەماڵەی باوکیدا چەندین هونەرمەند و شاعیر و خۆشنووس بوون و تائێستاش لەناو نەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەک دەگوترێت موریدی شێخەکانی بورهان بوون، بنەماڵەکەیان باوەڕیان بە شێخی بورهان بووە، وەک دەگێڕنەوە کاتێک دەچووە ناوچەکە نەیدەهێشت پشت بکاتە خانەقای بورهان، چوون ئەو پێی وابوو پشتکردنە ئەو خانەقایە بێڕێزییە.

سەیفولقوزات، باوکی سەیفی قازیی، کەسێکی دەوڵەنمەد بووە، بەڕادەیەک زۆرینەی بازرگانی ناوچەی مەهابادو دەوروبەری لە لایەن ئەووەوە ئەنجامدراوە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی دەست واڵاو خێرخوازبووە هاوکاریی زۆری وانەخوێن و فەقێکان کردووە، نامەی پەهلەوی بۆ هاتووە و دەعوەتی کردووە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی کوڕەکەی و ئەو نازناوەی لە لایەن شاوە پێی دراوە.

نەک هەر هاوکاریی لایەنی زانستی بەڵکو چاوی لە نوسەرو شاعیرەکان بوەو هاوکاریی کردوون، لەوانەش محەممەدی قازی نوسەرو وەرگێڕی بەناوبانگ و هێمن و هەژار و ئەیوبییان. دواتر سەیفی قازیی، هەمان ڕێچکەی باوکی گرتووە و بە وشتر لە مەراغەوە بۆ مەهاباد کاری بازرگانی کردووە، بەمەبەستی پاراستنی بازرگانیەکەی لە دەستی تاڵانچی و ڕێگرەکان

سەیفی قازی چەکداریی هەبووە، وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن دابینکردنی چەک و چۆڵ لە لایەن دەوڵەتەوە دابینکراوە. خێزانەکەی فەروغ لیقا کە کچی ئیمام قولی بووە لە نەتەوەی تورک، نەیویستووە دەست بۆ کاروباری سیاسی ببات و بەردەوام داوای لێکردووە کە سەرقاڵی کاروباری بازرگانی بێت، هەر بۆیە چەند جارێک داوای لێکراوە کە پەیوەندی بە جوڵانەوە کوردیەکانەوە بکات، بەڵام ڕازیی نەبووە، بۆ ئەو مەبەستە پێشەوا قازی محەممەد دوو جار چووەتە لای و داوای کردووە کە ببێتە هاوکاری لە بواری سیاسیدا و دواجار ڕازی بووە.

سەیفی قازی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە پیاوێکی قەدرگران و قورس بەناوبانگ بووەو زمانەکانی روسی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بە باشی زانیوەو هەندێک لە نوسینەکانی کە لێی بەجێ ماون هەریەکەیان بە زمانێک نوسراوە. لە تەورێز نوێنەری کورد بووە لای ئازەربایجانیەکان و لە سەروو باڵیۆزەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە ، لای زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئازەربایجان قسەی لەبەر ڕۆشتووە، پیشەوەری قسەی نەشکاندووەو تەنانەت چەند جارێک فەرمانی لە سێدارەدانی هەڵوەشاندووەتەوە.

### قازی محمد ڕێکەوتبوو لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبیت بە تورکی و کوردیش

ماوەیەکیش نوێنەری مەهاباد بووە لە تاران، چەند جارێک لەگەڵ قازی محەممەد و هاوڕێکانی دیداری شای بۆ ڕێکخستوون، لەناو دانوستاندنەکانیاندا چەندین خاڵیان چەسپاندووە، یەکێک لەوانە دەوامکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتە لەناوچە کوردییەکان جل و بەرگی کوردییەوە و تا ئێستەش بەردەوامەو ئەو یادگارییە ماوەتەوە.

شای ئێران لە دەربەندی تاران خانووی بۆ دابینکردوە، ئەیوبیان دەگێڕێتەوە کە سەیفی قازیی و قازی محەممەد ڕێکەوتوون لەگەڵ پیشەوەری کە خوێندن لە هەردوولا هەبیت بە تورکی و کوردی، لە ڕوویی سەربازیشەوە کۆمەک بەیەکتری بکەن، ئەیوبیان دەڵێت: کاتێک ڕێکەوتبوون لەگەڵ تورکەکان کە پێکەوە چالاکی سەربازیی ئەنجام بدەن و ئەو ناوچانەی لە سنووری ئەواندایەو بە دەستی دەوڵەتەوە وەری بگرنەوە، بەڵام چەکدارە کوردەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە تورکەکان خۆیان بێدەنگ دەکەن، تا چەکدارەکانی حەمەسدیق خان شوێنەکە دەگرن، بەڵام دواتر ئەوانی تێدەچن، بۆیە سەیفی قازیی گوتوویەتی کەواتە ئەوان ئێوەیان کردووەتە پێشمەرگەی خۆیان، بۆیە لەمەودوا من پێتان دەڵێم پێشمەرگە، مەحمودی کوڕی سەیفی قازیی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی - پەنجەمۆری ڕووداو - دا، گومان لەسەر ئەوە دروست دەکات کە چاپچییەکەی قازی محەممەد پێشنیاری دەستەواژەی پێشمەرگەی کردبێت و بۆ ئەو مەبەستەش چەند بەڵگە دەهێنێتەوە، کە

یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەیە کە ئەیوبییان بۆی گێڕاوەتەوە. ئەو هۆکاری ئەوەی کە باس لەوە دەکرێت ئەو پێشنیارە دەخرێتە پاڵ چایچییەکە بە دوژمن ناویان دەبات و دەڵێت ئامانجیان لێدانی باوکمە لەڕووی سیاسییەوەو نایانەوێت ناوی باوکم بەگەورەیی بمێنێتەوە.

کاتێکیش باس لەوە دەکرێت کە سەیفی قازی نەیتوانیوە چەکدارو پێشمەرگەکانی کۆمار یەکبخات و سەرجەم تفەنگ بەدەستەکانی کورد لە ناو سیستەمێکی سەربازیی و نبشتیمانیدا یەک بخات دەبێت باس لەوەش بکرێت کەمتەرخەمی مالیک و خاوەن گوندو خاوەن دەسەڵاتەکان هۆکاریی سەرەکی بوون، بەشێک لەوان دووسەرە لەگەڵ حکومەتی پەهلەوی و کۆماریشد کاریان کردووە، لەو سەردەمەدا کۆمار متمانەی گەورەی پێیان هەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی پشتگیرییان نەکردووە لە کۆمار بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم نەبێت چەکداریان لەگەڵ نەمێنێتەوە. لەکاتی گرتنی مەهابادیش لە لایەن رژێمی شاوە خەڵک و قازی محمد و هاورێکانیشی خواخوای ئەوەیان بوو عەشیرەتە کوردەکانی چواردەور پەلاماری مەهاباد نەدەن بەمەبەستی تاڵانکردنی خەڵک و بردنی شت و مەکی خەڵک.

لە سەروبەندی گەمارۆی مەهاباددا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکردو شای ئێران و روسیاش پەیمانەکەیان نەبردە سەر، کاتێکیش کار لەکار ترازا و هەمووان بێئومێد بوون لە رزگاربوون خێزانەکەی سەیفی قازی پێیی دەڵێت وەرە با بچینە روسیاو لەگەڵ جەماعەتی بارزانی بڕۆین، من دڵنیام ئەمانە وازت لێناهێنن و دەتکوژن. بەڵام سەیفی قازی دەڵێت من سوێندم خواردووە قازی جێناهێڵم و خیانەت لە میللەتی خۆم ناکەم، بۆیە جێیی نەهێشتووەو لەسەر بەڵێنی خۆی سوور بووە.

### لە سەروبەندی گەمارۆی مەهاباددا و خیانەتی دۆستەکانیی کۆمار گەشتە لووتکەو هەموویان پشتیان تێکرد

دوای دەستگیرکردن و لە دادگای سەربازیی دادگایی دەکرێن، سەیفی قازی لە بەردەم دادگادا کە بە مست داویەتی بە سەر مێزەکەدا و گوتویەتی ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون تا دادگایی ئێمە بکەن، ئەوانیش چەند تاوانێکیان بۆ خوێندوونەتەوە کە تیایدا هاتووە ئەوان خەڵکی بێگانەیان هێناوەتە وڵاتە و پلەوپۆستیان پێداون، پاشان داوای جیابوبوونەوەیان لە ئێران کردووە، یەکێکی تر لە تاوانەکانی پێدانی چەکەکان بووە بە بارزانی کە دژایەتی کردوون و وەک بێگانەیەک حسابیان کردووە، سەیفی قازی دانی پێدا دەنێت و دەڵێت بەڵێ من چەکەکانم داوە بە برای خۆم، خۆ ئەو بێگانەیەک نیە، کە مەبەستی بارزانی بووە و گوتوویەتی ئەو فەرماندە بووە لای من. مەحموودی کوڕی سەیفی قازی لەبەرنامەی پەنجەمۆردا

گوتوویەتی : باوکم وەسیەتی کردووە بۆ دایکم و پێی گوتووەوەکوڕەکانم بەرە ئەوروپا، با بخوێنن، من نەمتوانی بیانبەمە ئەوروپا، بەڵام تۆ بیانبە، سەبارەت بە بەشە سیاسیەکەی وەسیەت نامەکەی ئەو کوڕەی سەیفی قازی هیچی نەدرکاندووەو گوتویەتی (نەمخوێندوەتەوە). گەرچی پاشماوەو یاداوەرییەکانی سەیفی قازیی زۆربوون بەڵام بە پێی قسەی مەحموودی کوڕی لە لایەن دزێکەوە براوە، کە پێدەچێت دەستێکی نادیار بوو بێت و ئەوان بۆیان یەکلایی نەبوەتەوە کە ئەو دزە دزێکی ئاسایی بووە یان بابەتێکی سیاسی لەپشتەوە بووەو بۆ فەوتان و لەناودان یان دەستخستنی پاشماوەکانی سەیفی قازی بوویێت.

کاتێکیش سەیفی قازی دەچێتە سەر پەتی سێدارە دەڵێت یەک داواکارییم هەیە ئەویش ئەوەیە چاوم مەبەستن، کاتێکیش لێی دەپرسن بۆچی؟ ئەویش گوتویەتی پێمخۆشە ببینم کە سەری ئێوە لە ژێرپێی مندایەو چاوم لە چاوتان بێت و ببینم چۆن دەترسن، مەحموودە کوڕی دەڵێت: دەگوترێت پەتی سێدارەکەی پساوەو کە هەستاوەتەوە گوتویەت دەسەڵاتی شاکەتان و دەوڵەتەکەتان وەک ئەو پەتە ڕزیوە هاکا بچڕا.
کێشەی نێوان ڕەزم ئاراو سەیفی قازی لەبەردەم وەزیری بەرگری ئێراندا کە دەنگی بەرزکردووەتەوە بەسەر ڕەزم ئارادا، بووەتە هۆی ئەوەی کە جەخت بکاتەوە لەسەر لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی و سەرپەرشتی ئەو هێرشە بکات کە کراوەتە سەر مەهاباد

حەمەحوسێن خانی سەیفی قازیی لە دادگادا زۆر پیاوانە لە بیرو باوەڕی خۆی، لە کۆماری کوردستان، لە پێشەوای کورد قازی محەممەد بەرگری کرد و شانازی پێوەدەکردن، کە ئەو لە سەر ئازادی نەتەوەکەی دادگایی دەکرێت و لە سێدارە دەرێت. شەوی ٣٠ی ٣ی ١٩٤٧ پێشەوا قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خان لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران و دواتر لە تەنیشتی یەکەوە هەرسێک (قازی محمد - سەیفی قازی - سەدری قازی) نێژران و تا ئێستەش خەڵک گۆڕەکەشیان بە پیرۆز سەیردەکەن و لە هەمان کاتیشدا سمبولی بەرخۆدان و پاکی و نیشتیمان پەروەرییە.

**تیبینی:**

بۆ بەشێک لە زانیاریەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە پشت بە بەرنامەی - پەنجەمۆر-ی کەناڵی ڕوداو بەستراوە. کە چاوپێکەوتنە لەگەڵ مەحموودی کوڕی سەیفی قازی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢١

## پێشەوا قازی محەممەد لە نێوان نەریت و مودێڕنیتەدا



**مووسا باباخانی**

چەمکە مودێڕنەکان ئاخێزگە و شوێنی سەرهەڵدانیان ئورووپایە و بە هۆی زاڵبوونی کولتووری نەریتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، زیاتر شکل و فۆرمی ئەو چەمکانە ماون و نەریتگەرایی حاڵەتی کرداری مودێڕنیتەی کەم ڕەنگ کردووە و تەنانەت لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕەنگ و ڕۆخساری پێشکەوتوو بە حکوومەتەکانەوە نابینرێ!

لە بواری مێژووییەوە، سەردەمی مودێڕنیتە لەگەڵ ڕێنسانس دەست پێدەکا و لەگەڵ قوناغی ڕەوشەنگەری و شۆڕشی فەرانسە و ئیدەئالیسمی ئاڵمانی وەک گوتاری کلیدی ڕۆژاوا تۆکمە دەبێ.

پێشەوا قازی محەممەد ئەوکاتەی لە کوردستان چالاکیی سیاسی دەکا نەتەنیا کۆمەڵگە لە بواری ڕەوشەنگەری و ئاگاهی سیاسییەوە زۆر لاواز بووە بەڵکوو کۆمەڵگەی ئێران بێبەش بووە لە "هزر و کەرەستەی مودێڕن".

ئەگەر لە ئاستی ئێرانیش حیزبی سیاسی دامەزرابێ بۆ نموونە "توودە" زیاتر بەرهەمی چینی خوێندەواری کۆمەڵگە و پشتیوانیی ڕووسەکان بووە. بەڵام لە کوردستان پێشەوا قازی محەممەد دەبێتە پردێک لە نێوان نەریتگەرایی و مودێڕنیتە، بە چ شێوەیەک؟

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

هەڵبەت پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شۆڕش و سەرهەڵدانی دیکەش لە کوردستان بووە، بەڵام هیچ کامیان خاوەن بەرنامەی سیاسی نەبوون واتە "مدرنیتەی سیاسی" لەو بزاڤگەلەدا نابیندرێ.

بەڵام کەسایەتیی ناوازەی پێشەوا سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆیان "کەسێکی ئایینیی پێڕەوی ئیسلام" بووە بەڵام لە وڵاتێکی تا سەر ئێسکان پاشکەوتوو وەک ئێران و کوردستان، قەوارەی سیاسی و کۆماری دادەمەزرێنی، چەمکی دێموکراتیک و مودێڕنیەتی سیاسی دێنیتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و مێژوویی کوردەوە، لاوان دەنێرێ بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ خوێندنی سەربازی، یەکیەتیی ژنان و لاوان دادەمەزرێنی، ئەگەر پێشتر لە چوارچێوەی عەشیرە و بنەماڵە جەنگاوەریان بار دەهێنا، ئەو جارە ناوی فەرمی بۆ جەنگاوەری کورد واتە "پێشمەرگە" دادەنێ، ئاڵای کوردستان هەڵدەکرێ کە ئێستا لە بەشێک لە نیشتمان لە سێبەری ئەو ئاڵایە کورد دەحەسێتەوە و زۆر دەسکەوتی سیاسی و مێژوویی دیکە.

کەواتە پێشەوا قازی محەممەد زیاترین و باشترین کاریگەریی هەبوو لەسەر مودێڕنیتەی سیاسیی کورد لە هەموو کوردستان لە سەدەی بیستەم بۆ کۆتایی‌پێهێنان بە زاڵبوونی بیری عەشیرەگەرایی و نەریتگەرایی لەسەر کۆمەڵگە و بزاڤی کوردەوە.

شەهیدی سەرکردە د. قاسملووی نەمر زۆر جوانیان پێشەوا وەسف کردووە کە: پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا دا ڕوویی.

ئەو گوڵەش بوو بە ڕیشە و بنج و بنەمای بزووتنەوەی مودێڕنی کورد و هێڵی جیاکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حیزبگەلی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢١

## کەسایەتیی پێشەوا قازی لە چاوگەی سێ تیوریدا



**شاهۆ مەتین**

لە هەموو دنیا و سەردەمەکاندا، ئەو نەتەوانەی بەهۆی سیاسەتی نکۆڵیکران لە بەرامبەریاندا هەوڵی سیستماتیک دەدرێ تاکوو مێژوو، چاند و شارستانییەتیان بشێوێنن و لە پارادایمی هێزی باوی سەردەم چ دەسەڵاتی ئایینی یا پاشایەتی یا دواتر لەنێو دەوڵەت-نەتەوەی سەردەستدا ئاسیمیلەیان بکەن و بیانتوێنەوە، نەتەوەی داگیرکراو چ لە ئاستی تاک یا کۆمەڵگەدا هەوڵی ڕابوون دەدا بۆ ئەوەی پێش بە سەرگرتنی ئەم ڕەوتە لە چەرخی مێژوو بگرێ و مەوجوودیەتی بپارێزێ.

گەلی کوردیش ڕوح و هزری بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتمانیی چ لە ئاستی تاک یا جڤاتدا بووبێ هەموو کات بڵێسەدار بووە و تێکۆشانی بونیادنەرانەی بووە بۆوەی ڕوح و هزری کوردانە لەنێو جڤاتدا پارێزراو ڕابگرێ و بە خاوەنداریەتی لە مێژوو و شوناسی و بەرێکخستنکردنی لە چوارچێوەی حیزب و ڕۆڵبینینی کەسایەتیی مێحوەریی بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی، سیاسی و نەتەوەخوازیی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بە تایبەت لە مێژووی پڕ تێکۆشانی نەتەوەییمان ڕۆڵ و پێگەی مێحوەریی کەسگەلی وەک "پێشەوا قازی محەممەد"، "شێخ مەحموود"، "شێخ سەعید"، "سەید ڕەزا" و...) بەم ئاراستەیە، نموونەی هەرە ئاستبەرزن لە خەرمانی تێکۆشان و شۆڕش لەم پێناوەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی گەشەی ڕوح و هزری ناسیۆنالیستانەی تاکی کورد و دوای سێ ساڵ لە دامەزرانی

کۆمەڵەی ژێکاف، کە بە شێوەی مەدەنییانە هەوڵی پاراستن و سەقامگیرکردنی هزر و ئەندێشەی نەتەوەخوازیی دەدا، لە بەردەوامیی ڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا یەکەم حیزبی مۆدێڕنی سیاسی کە خاوەن ساختار، ڕێبەرایەتی، تاکتیک و ستراتیژی بوو، لە هەناوی لەدایک دەبێ و دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا قازی وەک کاریزمایەکی سیاسی و ناسیۆنالیستی یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم بەڕێکخستنکردنەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە شێوەی سەردەمیانە لە چوارچێوەی حیزبدا بووە.

لەم کاتەدا کە جوغرافیای ئێران بە هۆی ژێئۆئیستراتیژیکبوونی بۆ هەر دووک بەرەی شەڕی دووهەمی جیهانی گرینگ و شوێندانەر دەبێ و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش کەسانێک نابەرپرسیار و لاواز لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان دەبن، ئەم وڵاتە بە کردەوە بە سەر دوو وڵاتی زلهێزی ئەو کات (بریتانیا لە بەشی باشوور و سۆڤیەت لە بەشی باکوور)ی، ئێران دابەش دەکرێ. لە ئاکامی ئەم دەرفەتە مێژووییەی بۆ کورد ڕەخسا و بەهۆی ژیری و دنیابینیی حیزبە سیاسی و جەماوەرییەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) و بە پێی بڕیاری ژیرانە و حەکیمانەی پێشەوا قازی بە کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە ٢ی ڕێبەنداندا حکوومەتی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێ.

مخابن دواتر و پاش کەمتر لە ١١مانگ بە هۆکاری نێوخۆیی - خیانەتی هیندێک ئاغا و کەسایەتیی دەوڵەمەند، ڕێککەتنی قەوام و سادچیکف- و هۆکاری دەرەکیی پشتیوانی نەکرانی حکوومەت لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەت و بەهێزبوونەوەی ئەرتەشی ئێران) کۆماری دێموکراتیکی کوردستان تێکشکا و پێشەوای کوردان، قازی محەممەد بۆ پێشگرتن لە نەڕێژرانی خوێنی گەلەکەی خۆی ڕادەستی ئەرتەشی ئێران کرد. ئەوە بوو کە دوای بەڕێوەچوونی دادگایی ڕواڵەتی وێڕای شەهیدان "سەیف" و "سەدر"ی قازی لە پێتەختی کۆمار (شاری مەهاباد) بەناحەق و دوور لە هەر پرنسیپێکی ئەخلاقی لەسێدارە دران.

ئەوەی دنیای دەرەوە نەیدی و چاوی خۆی لێ نووقاند ئەو ڕاستییە بوو کە لەدار درانی پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارەدانی ئازادی، مەدەنییەت و دێموکراتییەت لە ناوچە بوو.

## تیوریی گەورەپیاو و کەسایەتی پێشەوا

تیوری گەورەپیاو لە ڕێبەرایەتیکردن بە ساکارترین فۆرم خوازیار و بڕوامەندە کە ڕووداوە گرینگە نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانییەکان لەژێر کاریگەری کەسانی دیاردا دێنە ئاراوە کە دروستکەری ئەم ڕووداوانەن؛ واتە ئەوە گەورەپیاوانن کە

مێژوو دروست دەکەن.

"توماس کارلایەل" کە لایەنگری ئەم تیورییەیە، دەڵێ: "کەسانی بلیمەت کاریگەریی خۆیان لە هەر شوێنێک و ئاستێکدا بن، دادەنێن و بڵاوی دەکەنەوە." لەسەر ئەساسی ئەم تیورییە لەسایەی هەڵوێست، خوێندنەوە و سیاسەتی ڕێبەریکەوە، دەکرێ چارەنووسی نەتەوەیەک بگۆڕدرێ.

هەر بەپێی پێناسەی ئەم تیورییە دەبینین کە پێشەوا قازی وەک کەسایەتییەکی مەزن و شوێندانەر بە ژیرمەندیی خۆی و خوێندنەوەی واقێعگەرایانەی بارودۆخی هەبووی سەردەم لەسەر ئەساسی دۆخی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەدا و مێژوویەکی پڕ شکۆ وسەروەری بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەکەی دروست دەکا و دەیکاتە ئادرەسێک بۆ کۆمەڵگەی جیهانیی ئەو سەردەم. پێشەوا وەک کەسایەتییەکی بلیمەت دەرفەت دەقۆزێتەوە و حەز و ئارەزووی هەر مرۆڤێکی کورد دەکا بە واقیع و ڕاستییەکی مێژوویی و، پاش حەوت دەیە لە تێکچوونی کۆمار، ئێستاش دەبینین تێکۆشانی بێوچانی کورد لە هەر چوار بەشی نیشتمان گەیشتنەوەیە بە دامەزراندنی کومارێکی دیکەی کوردستان .

لێرەدا کەسایەتیی پێشەوا و بڕیاری حەکیمانەی ڕووداوێک دەخوڵقێنن کە دەبێتە مێژوو بۆ نەتەوەیەک و ئاسۆیەک بۆ دووبارە پێگەیشتنەوە.

## زەبری کۆمەڵایەتی و ڕوحی زەمان

ئەم تیورییە پێداگرتنە لە کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێبەر. لەم تیورییەدا زەمان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانن کە گەورەپیاوان دروست دەکەن.

بەم پێیە لە تیوریی ڕوحی زەماندا ڕێبەران وەک ئەکتەرانێکن کە ئەو ڕۆڵەی لە لایەن هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان دەست نیشان دەکرێ، جێبەجێی دەکەن و ڕوانگە و ڕەوشت، پاڵنەرەکان و لێهاتوویە تایبەتییەکانیان کاریگەریی بچووکیان لەسەر ڕێبەر هەیە.

خاوەنڕایانی ئەم تیورییە بڕوامەندن کە ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕ کەسانێکن کە بتوانن ئاکار و ڕەوشتی خۆیان

هاوتەریب لەگەڵ ویستەکانی زەمان، هەلکەوتە و بارودۆخ بگونجێنن.

به سەرنجدانی شیکاریی ئەم تیۆرییه دەبینین که پێشەوا قازی محەممەد وەک ئەکتەرێکی بەهێزی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن له حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەو ئەرکەی حیزب وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان) دەخاتە سەر شانی و، بە واقعگەرا کردنی ویست و هیوای هەموو تاکێکی کورد له چوارچێوەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ و خاوەندارەتی له ڕابردووی شۆڕشەکانی پێشوو و قۆستنەوەی دەرفەتەکان ڕۆڵی ئەساسی و بونیادنەرانەی خۆی ئەبینێ. هۆکارێکی گرینگ، که بوونی پێشەوا قازی محەممەد له ساختاری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دەیکات بە کەسایەتییەک و ڕێبەرێکی دیار و لێوەشاوە.

ڕاستە لەسەر ئەم بڕیارەی که بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە (حیزبی دێموکرات) دەیخاتە سەر شانی وەک کەسی یەکەم لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا و دواجار لەسەری شەهید دەبێ، بەڵام شەهیدبوونەکەشی بارتەقای بڕیاری حەکیمانەی و سەرکردایەتیی حیزب، شکۆ و مەزنیی پێدا و، وەک کەسایەتیەکی بەهێز لە ئاکار و ڕەوشتدا، بە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆحی زەمان کەسایەتیی بە خۆی بەخشی.

بڕوامەندانی ئەم تیۆرییە وەک(سوودفێلد و ڕانگ) پێیانوایە، ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕ توانایی و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە کردار و ڕەفتاریان هاوتەریب لەگەڵ ویستی زەمان و شوێنگە بگوورێن و هەروەها ئەم گریمانەیە دەخەنە ڕوو کە لە سەرەتای وەبەریەککەوتن و ململانێ پێویستە ڕێبەریی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ساکارەوە دوای سەرکەوتن؛ بۆ درێژەپێدان بە شۆڕش پێویستە ڕوانگەی ڕیالیستانەیان بۆ جیهان هەبێ.

لە سەر ئەساسی ئەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە پێشەوا قازییش هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ڕەفتار و کردار و هەڵوێست وەرگرتنی بەپێی دۆخ و کات، وەک مرۆڤێکی ساکار خۆی لەگەڵ گەلەکەی پێناسە دەکا و هەڵوێست وەردەگرێ و پاشان بە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانە لە دۆخی مەوجوودی ئێران و کوردستان و ئارایشی هێزی جیهانی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بڕیارەکەی لە پێناو دیالۆگ لەسەر مافەکانی گەلەکەی دەچێتە تاران وەک ناوەندی دەسەلات.

## تیوریی نموونەی فیدلێر

فیدلێر ڕێبەر وەک کەسایەتییەک پێناسە دەکا کە لەنێو حیزب بڕیاری ئاراستەکردن، کۆنترۆڵکردن و هاوئاهەنگیکردنی

هەموو چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکی حیزبی پێ دەسپێردرێ. ئەم تیۆرییە بە کاریگەر و شوێندانەر بوونی ڕێبەر لە ڕەهەندە جیاوازەکانی پێگەی حیزب، ئاماژە دەدا و دوورنواڕی دەکا کە یارمەتیی ڕێبەر بە شوێندانەر بوونی حیزب هەم بە تایبەتمەندی خودی ڕێبەرەوە پەیوەندی هەیە و هەمیش بە لەبار بوونی هەلومەرج و بارودۆخ و دەرفەت.

بە پێی ڕاڤەی ئەم تیورییە دەبینین کە ڕاستە لەنێو حیزبی دێموکراتی کودستان کەسایەتیی بەهێز بوونیان هەیە، بەڵام ئەو ژێهاتی و کاریزماتیکییەی بەهێزە کە پێشەوا قازی وەک لیدێرێک دەبێتە هۆکاری ئاراستەکردنی ستراتیژیی حیزب بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕوحی زەمان .لەم سۆنگەیەشەوە هەموو ئەرک و بەرپرسیارەتیەکی ئەم بڕیارە مێژوویی و چارەنووسسازە دەخاتە سەر شانی خۆی.

بەم چەشنە دەبینین کە پێشەوا قازی بە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی حیزب و هاوئاهەنگی بەپێی دەرفەت و زەمان شوێندانەریی خۆی دەردەخا و شوێندانەریی ستراتیژی حیزب، تایبەتمەندی کەسایەتی پێشەوا و لەبار بوونی هەلومەرج دەبنە تەواوکەری یەکتر.

## دەرەنجام

لە سەر بە ئەساس وەرگرتنی هەر سێ تیورییەکە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبوایە پێشەوا وەک "گوڵی نێو سەحرا" دەر نەدەکەوت و ئەگەر بڕیاری حەکیمانە و خوێندنەوەی ژیرانەی پێشەواش لە ڕۆحی زەماندا نەبوایە،

حکوومەت و قەوارەیەکمان بە ناوی "کۆماری کوردستان" نەدەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

# ئەوەی پێشەوا کردنی



**عومەر باڵەکی**

"پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین"

لەمێژ ساڵە ئەو بەیتە لە شێعری شاعیری نیشتمانپەروەر پیرەمێرد وەبیرمان دێنێتەوە کە نابێ بۆ ئەو کەسانە کە شەهیدی نیشتمان و نەتەوەن بگرین و شیوەن بگێڕین، چونکە ئەوانە لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و پارێزگاری لە نیشتمان گیانیان بەخت کردووە. ئەو نەمرانە کە بە سەخاوەت و نەترسییەوە بەرەو پیری مەرگ چوون، نەک نەمردوون بەڵکوو لە دڵی میللەتێکدا جێی خۆیان کردۆتەوە و بە زیندوویی ماونەوە. هەروەها شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو دەڵێ: "... ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین و لەبەرچاوی بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین و وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین." هەموو مرۆڤێک ئەوە باش دەزانێ کە ژیانی سەربەرزانە تەنیا ئەوە نییە کە لەش بە ئاسوودەیی بژی و بە مردنیش پەکی بکەوێ، بەڵکوو ژیانی سەربەرزانە ئەو ژیانەیە کە ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤی تێدا دیار بێ و هەتا ئەو نەخش و ڕۆڵە گەورەتر و هەراوتر بێ ئەو ژیانەش گەورەتر و هەراوتر دەبێ و لە بیر و

زەینی کۆمەڵگەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو کەسانەیە کە بە کار و تێکۆشان و بەختکردنی گیانی مانای بە ژیانی نەتەوەیەک بەخشی، واتە دوای شکان و نسکۆیەکی زۆری جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بەڵام بە شێوازێکی دیکە ڕوحی وەبەر جووڵانەوەی کورد نایەوە وخوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ کرد و بە پرۆژەیەکی دیکە کە بتوانی هەست و شعووری نەتەوەیی پەرە پێ بدا و سەرنجی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەو پرۆژە نەتەوەییە کە خۆی لە ئیعلانی کۆماری کوردستاندا دەدیتەوە، رابکێشی و لەو سەردەمدا لە دەوری یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە. ئەو پرۆژەیە بە ڕادەیەک جوان و ڕێکوپێک دارێژرابوو لەگەڵ ئەوەی مەجالی سەرکەوتن و ئیدامەی حەیاتیان لێ بڕی، بەڵام ڕێباز و ئامانجی ئەو پرۆژەیە کە پێشەوا پەیکەری نەتەوەیەکی پێ نەخشاندبوو، دوای زیاتر لە سێ چارەکە سەدە هەروا بەردەوامە و لە حەرەکەت و جووڵاندایە.

لە ساڵوەگەڕی ئێعدامی پێشەوادا، باسکردن و نووسین لە سەر کار وکردەوەکانی پێشەوا هەرچەند بەکورتیش بێ، هەم ڕێز و وەفایەک بۆ پێشەوا و هەم ناساندنی هەرچی زیاتری پێشەوایە بە نەوەی نوێی کۆمەڵی کوردەواری.

پێشەوا بەو مەیل و ئیرادەیەی بە خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون هەیبووە لە ڕاستیدا توانیویەتی هەر زۆر زوو لە تەمەنی لاوەتیدا جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە. لە هەمان کاتدا پێشەوا کەسێکی نەترس و بوێر بووە و قەت نەچۆتە ژێر باری زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەتی لە ناوچەکە، بۆیە لای دوژمنانیشی ڕێز و قورسایی تایبەت بە خۆی هەبووە.

دێموکراسی و دەستەبەری ماف پایەیەکی سەرەکیی فیکر وکەسایەتیی پێشەوا بوو، و وایکردبوو کە دوور بێ لە دەمارگرژی و شوینیزم و بە واتایەکی دیکە لە گەڵ هەموو تێکۆشانی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بۆ چرکەساتێکیش مرۆڤایەتیی لەبیر نەچۆوە و مرۆڤەکان لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک بوون، لای پێشەوا نرخ و بایەخی ئینسانیی خۆیان هەبووە. پێشەوا بەو باوەڕەی بە دێموکراسی هەیبوو، ئیزنی نەدا کۆماری کوردستان بە لای چینێکی کۆمەڵگەدا لار بێتەوە و ئەوە ببێتە مایەی کێشە و ململانێی نێوخۆیی. بۆیە بەحەق دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان نموونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دێموکراسییە لەنێو جەرگەی ناوچەیەکی دواکەوتوو کە گیرۆدەی سیستمە دیکتاتۆر و شوینیستەکانە. تەناتەت ئەو شێوە لە حکومەتداری کە لەسەر بنەماکانی دێموکراسی دامەزرابوو، کۆماری کوردستانی لە

حکومەتی ئازەربایجان جیا دەکردەوە. بە واتایەکی دیکە پێشەوا لە بەکارهێنانی شێوازی دیکتاتۆری بە تەواوی بێزار بوو و ئەوەندەی بۆی کرابا ڕێ و شوێنی دێموکراتیکی لە کاروباری دەوڵەتی و حیزبیدا بەکار دێنا. ئەو لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا لەسەر دێموکراسی دەڵێ: "هەوڵمان داوە دێموکراسی بکەین بە ڕێبازی کارکردنمان و هەڵسوکەوتمان لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە دێموکراسی قودرەت و قووەتی حیزبی دێموکراتە."

پێشەوا هەموو هەوڵی ئەوە بوو میللەتی کورد مافی نەتەوایەتیی خۆی وەدەست بێنێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسی، قوتابخانەی هەبێ، فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆی پەرە پێ بدا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەک لە دنیای ئەوڕۆدا نیشان بدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیستێکی تەنگنەزەر نەبوو، بەڵکوو ئینسانیکی دێموکرات و ئازادە بوو؛ بۆیە پێشەوا لە گەڵ ئەوەدا وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی گەلی کورد دەناسرێ، لای دۆست و دوژمنیش بە کەسێکی باوەڕدار بە دێموکراسی ناو دەبردرێ.

پێشەوا لە ڕووی هەڵسوکەوت و بڕیاری سیاسییەوە تاکڕەو و خۆسەپێن نەبوو، و ئەوەش لە ئیمان بە کۆمەڵانی خەڵک و بە حیزب و ڕێکخراوی حیزبییەوە سەرچاوەی گرتبوو. پێشەوا تەنانەت لە هەلومەرجی ئەو دەمیشدا هیچ کارێکی گرینگی بێ ڕاوتەگبیر نەدەکرد. هەرچەند لە باری تێگەیشتن و وریایی سیاسییەوە پایەی لە هاوکارەکانی یەکجار بەرزتر بوو، بەڵام هەروەک باس کرا بێ ڕاوێژ و ڕا وەرگرتنی هاوکارەکانی دەستی بۆ کارەکان نەدەبرد و هەوڵی دەدا هەر کارێک پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێ، دەنگی هەموو لایەکی لەسەر بێ. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانین ئیشارە بەو وتووێژە بکەین کە ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ پێشەوا پێکی هێناوە و لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "ئەمن بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی."

پێشەوا دەیزانی بۆ سەقامگیری و جێگیرکردنی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بەشداری هەراوی خەڵکی کوردستان هەیە، هەربۆیە بۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی ئیعلان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ماکۆوە بگرە هەتا کرماشان نارد و داوای کرد هەموو شارەکان نوێنەری خۆیان بۆ کردنەوەی ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان بەشدار بکەن. پێشەوا بە بەردەوامی تێدەکۆشا ڕیزەکانی نێوخۆی گەل یەکگرتوو بکا، لەو ڕاستییە مێژووییە باش تێگەیشتبوو کە یەکێک لە هۆ ئەساسییەکانی شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕینەکانی کورد، نەبوونی یەکیەتیی و یەکدەنگیی نێوخۆی ئەو جووڵانەوانە بووە. پێشەوا لەو سەردەمدا لە نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان و یەکخستنیان لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو لە وتاری ڕۆژی ئیعلانی کۆماردا سەبارەت بەو

مەسەلەیە ئاوا باس دەکا: "... ئیختلاف و دووبەرەکیمان نەهێشتووە و ناوی عەشیرە و تەوایف هەرچی ئەسبابی نفاق و پرش وبڵاویە فڕێ دراوە و هەموو لایەکمان لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشین."

ئینساندۆستی و دێموکراتبوونی پێشەوا لە لێکدانەوەی نەخشی ژنان و لاوان لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. پێشەوا لەو باوەڕەدا بوو کە لەسەدەی بیستەمدا نابێ ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لە هاوبەشی لە کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا بێبەش بکرێن و پێویستە ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە شان بەشانی پیاوان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکاندا بەشدار بن. هەربۆیە لەسەر دەستی پێشەوا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ژنان بوون بە خاوەنی ڕێکخراوی خۆیان و لە هەمانکاتدا شانبەشانی ڕێکخراوی ژنان، لاوانیش ئەو هەل و فورسەتەیان بۆ پێکهات کە ڕێکخراوی خۆیان هەبێ و بەشدار بن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێکهاتنی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی کوردستان و بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە پێشەوا لەو شانازییەدا بەشی ئەساسیی وەبەر دەکەوێ.

کاتێک بەهۆی تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پاشەکشەی سپای سۆڤیەت لە ناوچە و یارمەتی و پشتیوانیکردنی سپای ئێران لە لایەن بریتانیا و ئەمریکاوە هەلومەرجی ناوچەکە بە قازانجی دەسەڵاتدارانی تاران گۆڕا و بە زیانی دوو حکومەتی تازە دامەزراوی ئازەربایجان وکۆماری کوردستان شکایەوە، ئەرتەشی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز گەیشتە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان و بە پێچەوانەی تەوریز، بێ خوینرشتن لێی دامەزرا. پێش هاتن و گەیشتنی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد لە لایەن زۆر کەسەوە هەوڵ درابوو کە پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شار بەجێ بهێڵن و خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام نە پێشەوا و نە ڕێبەرانی حیزب ئەو کارەیان نەکرد و لەگەڵ خەڵک مانەوە. مامۆستا هێمنی شاعیر لەو بارەوە دەڵێ پێشەوا لەو هەلومەرجەدا فەرمووی: "... لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێمخۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەنێو ئەواندا بمرم." هەر لەو بارەوە دەتوانین ئیشارە بە بیرەوەریی موتەزا زەربەخت کە ئەفسەرێکی ئێرانی لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە بکەین کە لەکاتی شکانی تەورێزدا ڕوو لە کوردستان دەکا و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و دەفتەری کاری پێشەوا و ئاوا باسی ئەو ساتە وەختە دەکا:"... قازی محەممەد زۆر لە سەرەخۆ و ئارام و میوانگر بوو و هەتا لە ژیاندا ماوم ئەو ڕستەیەی پێشەوام لەیاد ناچێ کە گوتی لەگەڵ گەلەکەم دەمێنمەوە و تا دەکرێ پێش بە ئاژاوە و خوێنڕشتن دەگرم. با ئەوەی بەسەر خەڵکەکەم دێ بە سەر منیش بێ."

ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی یەکەم جەلەسەی دادگایی کردنی پێشەوا و هاوڕێکانی لە پادگانی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی کەسێکی نیزامی بەناوی سەرهەنگ غولامحوسێن عەزیمی دەستی بەکار کرد. چ ئەو کات و چ ئێستا دۆست و دوژمن دەیزانی ئەو دادگایە هیچ تایبەتمەندیی دادگای تیدا نییە و تەنیا ڕواڵەتێک لە دادگا بوو، بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی بگوترێ کە قازییەکان لە دادگادا مەحکووم بە مەرگ کراون. لەو دادگایەدا ١٢ تۆمەت بەرەوڕووی پێشەوا و چەند تۆمەتێکیش بەرەوڕووی سەدری قازی و سەیفی قازی کرانەوە کە هەموویان بێبنەما و بێنێوەرۆکن. جەلەسەی دووهەمی دادگا ڕواڵەتییەکە لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی دەستی بەکار کردەوە و لە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی واتە دوای سێ ڕۆژ لە جەلەسەی دووهەمی دادگا حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی لە لایەن دوژمنانی بەخوێن تینوو بەڕێوە چوو.

ئەو سەنەد و بەڵگانەی لەبەردەستدان، تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نوسراون، بە ڕوونی ڕاستییەکانمان دێنە بەرچاو کە پێشەوا بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە کە کەوتبوو سەر شانی، ئەوەندەی لە توانای دابوو لە دادگا ڕواڵەتییەکەی نیزامی پاشایەتیدا لە ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان وکاروکردەوەکانی کۆماری کوردستان دیفاعی کرد.

لە دادگادا پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێ بەڵکوو جووڵانەوەی گەلی کورد و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە لەو بەناو دادگایەدا موحاکەمە دەکرێ. پێشەوا گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل وەکار خستبوو، هەموو هێز و توانا و بیروهۆشی خۆی لە پێناو کۆمەڵانی گەلی کورد دانا. پێشەوا لە هەموو کەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووە و میللەتە خۆشەویستەکەی چەند بێ سێحەبە و لە چ هەژاری وچارەڕەشییەکدا دەژین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە پێشەوا دەیزانی مردن و مەرگ چاوەڕوانیەتی، چونکە شارەزای مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو و تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی خەباتی گەلی کورد دەریخستبوو کە دوژمن فێڵباز و زۆردارە و بە خوێنی ڕێبەرانی کورد تینووە؛ کەچی لە یەکەم چرکەی دەسبەسەرکردنی هەتا ژووری دادگا ڕواڵەتە داتاشراوەکەی لە هەموو شوێنێک تەنیا خۆی بە بەرپرسی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەقەڵەم دا. پێشەوا مەبەستی ئەوە بوو هەم بەو سوێندە وەفادار بێ کە ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان لە پێش ئامادەبووان خواردی و هەم بواری تۆمەتباربوون لە سەر هەڤاڵەکانی کەم بکاتەوە. کاتێک دادئەستینی دادگای نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ شاری مەهابادت بەجێ نەهیشت و نەڕۆیشتی، پێشەوا لە وەڵامدا دەفەرموێ: "یەکەم لە بەر ئەو سوێند و پەیمانە کە لە نێونەتەوەکەمدا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی پێشی خوێنڕشتن بگرم، ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە

خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من دەکوشت."

پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ ئامانجەکانی کورد گیانی بەخت کرد، لە ماوەی تەمەنیدا هەرچی لە دەستی هات و زەمان و مەکان بواری بۆ ڕەخساندبێ بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەربەستی و بەختەوەری و ئازادی نەتەوەکەی کردی. لەو سەردەمەدا تەنیا لەژێر ڕێبەری و کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار بەو شێوە بەربەرینە بە دیاردە نوێیەکان ئاشنا دەبێ و هەستی نەتەوایەتیی گەشە دەکا و کۆمەڵێک لە ناتەبایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە تەبا دەبن و لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستاندا کۆ دەبنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

# بۆ گەل ژیا و بۆ گەل مرد



سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد

سمایل شەرەفی

قۆناغی "ئەزموونی ژیان"ی پێشەوا قازی محەممەد تایبەتە بە ساڵەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) و دووهەم (١٩٤١ - ١٩٤٦)، کە لە ماوەی ئەم نیزیک چارەگە سەدەیەدا جیا لەوەیکە نیشتمانەکەی (کوردستان) بە سەر چوار وڵاتدا دابەش دەبێ، میللەتەکەشی (کورد) بەرەورووی کارەساتبارترین قۆناغی مێژوویی خۆی دەبێتەوە. ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک و عەرەب و پارسی کە شکستی جووڵانەوە نەتەوەیی و مافخوازانەکانی کورد و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان و وێرانیی نیشتمانیی لێ کەوتنەوە، بێشک شوێنەواری قووڵ و کاریگەریان لە سەر بیرکرنەوە و تێفکرینەکانی پێشەوا قازی محەممەد داناوە. ئەو کە لە سی ساڵەی تەمەنی خۆیدا شاهیدی جووڵانەوەی سمایل ئاغای سمکۆ و کوژرانی ئەم ڕێبەرە بە فەرمانی ڕەزاخانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئێرانی بووە، بە تەواوەتی هەست بە مەزلومیەتی نەتەوەکەی و زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی خۆسەپێن دەکا.

قازی محەممەد کە هاوکات لە گەڵ بینینی بارودۆخی میللەتەکەی لە تەمەنی لاوەتیدا سەرقاڵی خۆ پەروەردەکردن و قووڵبوونەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکان لە هەمووی گرینگتر وردبوونەوە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی بووە، خزمەت بە گەل دەکاتە ئامانجی ژیانی خۆی. قازی محەممەد کە دوای فەوتی قازی عەلیی باوکی دەبێتە قازیی شاری مهاباد و هاوکات لە بواری فەرهەنگییشدا چالاکیی دەبێ، وەک کەسێکی متمانەپێکراو لە لایەن خەڵکی شار و ناوچەکەوە،

لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکدا ڕۆڵی کاریگەری گێراوە و لەم دەرفەتەی بۆ ناسینی کۆمەڵگەکەی، ئەزموونێکی باشی پاشەکەوت کردوە. هەروەها وەک کەسێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو و پێشکەوتنخواز و خاوەن ڕا، لە لایەن خەڵک و بە تایبەت تێکۆشەرانی سیاسیی شاری مەهابادەوە کە دواتر زۆربەیان لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێکاف) ڕۆڵیان گێڕا و تیایدا ئەندام بوون، پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا.

پێشەوا قازی محەممەد بە پشتبەستن بەم پاشخانە دەوڵەمەندە لە ئەزموونی ژیان و لێهاتوویی خۆی، بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە بانگهێشتی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ، وەک کاراکتێرێکی شوێندانەری سیاسی بیر لە نەخشەڕێگایەکی دروست، گونجاو و مومکین دەکاتەوە. قازی محەممەد لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە دنیای سیاست لە هەموو ئاستەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی، دەوڵەتی و نێوخۆیی، زۆر زوو دەکەوێتە بیری تەتەڵەکردنی هەلومەرجێک کە پێی وابوو دەکرێ بکرێتە دەرفەتێک بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی.

هەلومەرجی لێکەوتەی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتە بوو کە پێشەوا قازی محەممەد تیایدا بیری لە جۆری کەڵک لێوەرگرتن بە قازانجی میللەتەکەی دەکردەوە. ڕەزاخان خۆی لە ئاڵمانی نازیسم نزیک کردبۆوە و ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆ و نفووزی سیخوڕ و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلێری. سێ وڵاتی سۆڤییەت، بریتانیا و ئەمریکا وەک وڵاتانی سەرەکیی بەرەیەکی شەڕ، بە دوو مەبەستی کەمکردنەوەی نفوزی ئاڵمان و گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بە سۆڤییەت بڕیاری چوونە نێو خاکی ئێرانیان دا. بۆیە بریتانیا و ئەمریکا لە جنووب و ئەرتەشی سوور لە شومالەوە ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ڕەزاخان نەیتوانی چووکەترین بەربەرەکانی بکا و تێک ڕووخا... بەم هۆیەوە بەشی باشووری کوردستانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئینگلستانەوە داگیر کرا و و بەشی باکوور تا شاری ورمێ لەشکری سووری سۆڤییەت تێیدا جێگیر بوو. لەم نێودا ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مەهاباد بۆشایی دەسەڵاتی تێکەوت. ئەمە ئەو دەرفەتە بوو کە بۆ کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵکەوتبوو کە بتوانێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێران و بە گشتی چوونە پێشێ جووڵانەوە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی وڵاتدا لە پەرەئەستاندندا بوو. هەروەها هاوپەیمانان بە سەر ئاڵمانی هیتلەریدا سەرکەوتبوون و خەباتی گەلان دژ بە فاشیزمی هیتلەر و موسولینی و هیروهیتو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربڵاوتر دەبوو. بۆیە زەمینە بۆ ئەوە ئامادە بوو کە حیزب یان ڕێکخراوێکی پێشەنگ و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ لە کوردستانیش دامەزرێ. لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی چالاک بەڵام نهێنی بوو، بەڵام ژێکاف لە لایەک بە هۆی "ناسیونالیست"بوون و

داخراوبوونی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، ولآمدەری وەزعی تازەی کوردستان نەبوو. بۆیە لێردا بەشی زۆری ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتە سەر شانی پێشەوا قازی محەممەد کە چۆن بتوانێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ.

لەم پێناوەدا قازی محەممەد لە دوای کۆمەڵێک هەوڵی دیپلۆماتیک و دانوستان لەگەڵ سۆڤییەت، ئێران و ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆمەڵەی ژێکاف، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ (١٦ی ئوتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە قازی محەممەد دامەزرێنەر و پێشەوای بوو، نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مودێرن دا. هەر وەک لە یەکەم بەیاننامە و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیارە، ئەم حیزبە بەگرینگیدان بە "مان و مەوجودییەت"ی گەلی کورد کە بریتییە لە خاک، خەڵک، کەرامەتی ئینسانی کورد، زمان، فەرهەنگ، لە سەرەتادا ئامانج لە دامەزرانی خۆی بۆ "پێشگیری لە فەوتانی نەتەوەیی" پێناسە دەکات. فەوتانێک کە دەوڵەت نەتەوەکانی دژ بە کورد، بەتایبەت دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕەزاخانەوە، بە شێوەی سیستماتیک هەوڵیان بۆ داوە. بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر پرسێکی گەورەی مێژوویی - نەتەوەیی دێنێتە ئاراوە، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبنەوە.

دوای ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەرانی حیزب، بەتایبەت و لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە سەرنجدان بە لەباربوونی هەلومەرجی سیاسی، بۆ جارێکی دیکە کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرن و لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە چوارچرای مهاباد، کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕادەگەیەندرێ و پێشەوا نازناوی سەرۆک کۆماری کوردستانی پێ دەبەخشرێ.

کۆماری کوردستان دەسەڵاتە ١١ مانگەکەی و ئەو خزمەتانەی بە کورد و کوردستانی کردن، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، بوونەتە بەشێکی هەرە ئەساسی و دانەبڕاوی شەخسییەتی نەتەوەیی هەموو ئینسانێکی کورد. هیچ تاکێکی کورد ناتوانێ کوردبوونی خۆی بەبێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر دروستبوونی خۆی وەک ئینسانێکی کورد، لە دنیای ئەمڕۆدا پێناسە بکات. بە واتایەکی دیکە بۆ یەکەمجار ئینسانی کورد لە کۆماری کوردستان و لەژێر کارتێکەریی دەسکەوتەکانی ئەم کۆمارەدایە کە شەخسییەتی نەتەوەیی بە مانا مودێرنەکەی پەیدا دەکا و هەست بە

"بوون"ی خۆی دەکا.

تەواوی ئەو سیمبول و شاخس و هێما و پێناسانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکە، خۆی پێیانەوە دەناسێنێ و کردوونی بە مایە و مانای وجوودیی خۆی وەک نەتەوەی کورد، هەرهەموویان دەسکەوت و ئافراوی ئەو ١١ مانگەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستانن.

خودی دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سپای میللی (هێزی پێشمەرگە)، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی، سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی ئیدارەی کۆماری کوردستان و... هەر هەموویان ئەو هێما و سیمبولانەن کە ئەمڕۆ و دوای زیاتر لە ٧٥ ساڵ، بوونەتە پێناسە بۆ خۆدەرخستنی نەتەوەییمان.

هیچ گومانی تێدا نییە و بەڵگە زۆرن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە کە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەمی کۆمار لە ئافراندن و دامەزراندنی هەموو ئەمانەدا، ڕۆڵ و قسەی یەکلاکەرەوەی هەبووە. بۆیە دەتوانین بە تەواوی ئیدیعا بکەین و بیسەلمێنین کە پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی، کەسایەتییەکی پڕنرخی نەتەوەیی بە ئینسانی کورد بەخشی کە دەکرێ لە باسی ڕەوتی نەتەوەسازیدا زۆرترین قسەی لەسەر بکرێ.

بەسەرهاتی پێشەوا قازی محەممەد لە چۆنیەتیی بەرەو پیلی مەرگەوە چوون و دادگاییکردن و لەسێدارەدانی وانەیەکە لێوانلێو لە دەروەستبوون، وەفاداری، گەلدۆستی، ئازایەتی و نەمری.

لەم پێوەندییەدا کەم کەس دەتوانێ وەک شەهید دوکتور قاسملووی جێگرەوەی باس لەم بەسەرهاتە بکا: "پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی مەرگ چاوەڕوانیەتی ڕاستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانیە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێک کە ئەو زۆر باش دەیزانێ کە چەندە فێڵباز و دڕندەیە. بەڵام قازی محەممەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئولییەتە گەورەیەی کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو، پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا. ئەو کە هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانیدا نەدی، نەیدەویست خوێنی خەڵکی بێدیفاعی میللەتەکەی بە دەستی لەشکری داگیرکەر بڕژێ. ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی محەممەد هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە پێش هەمووان بە نرخی گیانی خۆی تەواو بوو. ئەو دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو چارەنووسە کرد و ئاکامەکەشی لێ ڕوون بوو. ئینساندۆستیی پێشەوا هێندە زۆر بوو کە دەیەویست بکوژرێ،

شەهید بێ تا زۆر کەسی دیکە زیندوو بمێنن."

پێشەوا قازی محەممەد لە ڕەوتی بەناو دادگاییکردنیشیدا، ئەوەی بۆ ساتێکیش لێی غافڵ نەبوو، میللەتەکەی بوو. "ئەو زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەممەد نییە کە دادگایی دەکرێ، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دەزانێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەڵکەتوو بەرانبەر بە جەلادە خوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد."

پێشەوا قازی محەممەد کە لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانی کردنیدا زۆری هەوڵ لەگەڵ درا کە حاشا لە کردەوەکانی خۆی بکا و خۆی بێبەری لە هەموو ئەوانەی کردوونی نیشان بدا و پەشیمانی دەرببڕێ، بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای نیزامی و کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بە چۆکدا هێنا و ناچاری کردن کە بەرانبەر بە گەورەیی و ئازایەتیی ئەو سەردانوێنن. پێشەوا بە سوێند و پەیمانی بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەی وەفادار مایەوە و لە پێناو ژیانی گەلەکەیدا شەهید بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

## کوردو دوانەی مێژو و سیاسەت: قسەیەک لە یادی ١٠ی خاکەلێوەدا




**بورهان أ. یاسین**

لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، لە ٣١ - ٣ - ١٩٤٧، کە بە ١٠ی خاکەلێوە ناسراوە، لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان و سەیفی قازی و سەدری قازی دڵڕەقانە لە سێدارە دران.

لە سێدارەدانی پێشەوا لەو رۆژەدا لە هەمان ئەو گۆڕەپانی چوارچرایەی کە تیایدا کۆماری کوردستانی لە ساڵی پێشتردا (رێک لە ٢٢ - ١ - ١٩٤٦) لە لایەن پێشەواوە راگەیاندرابو، زیاتر لە پەیامێکی لەخۆ دەگرت. بە پێی زۆربەی خوێندنەوەکان بڕیاری لە سێدارەدان لە لایەن شای ئێران وە هێزی چەکداری ئێرانەوە یەکلا کرایەوە، لەگەڵ بونی هەندێ وردەکاری مێژویی دیکە کە دەکرێ لە پەیوەستێکی دیکەدا باسکردنایێن گرنگ بێت. یەکێک لەو وردەکاریانە کە زۆر جار وەک پرسیار دەوروژێنرێت هەڵوێستی ئەمریکیەکانە لە بڕیاری لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوەڵەکانی. لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین کە لە بەڵگەنامە و تۆمارە دیپلۆماسییەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا لە هیچ کوێیەک بەرچاو ناکەوێ کە ئەمریکیەکان پشتگیر بوبن بۆ ئەم بڕیارە، بەڵکو لە راپۆرتێکی یەکلاکەرەوە لە قونسلیەی ئەمریکی لە تەبریز کە لە ١٩ی ئەپریلی ١٩٤٧ نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتن رێک ئەوها هاتوە ئەمانە، واتە قازییەکان "گوناهیان هەر چی دەبێت، ئەمانە سەرکردەی رێزلێگیراوی گەلەکەیان بون (From Sutton to the State Department, April 19, 1947 "

DSDF, 891. National Archives). لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی ئەمریکییەکان، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، وە لە ئاستی جیا جیادا، لە پشتگیریکردن لە ئێران بۆ تێکشکاندنی هەردو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان راستییێکی حاشاهەڵنەگرە*.

دەکرێ ئەم روداوە لە دو دیدی زۆر جیاوازەوە باس بکەین و تێگەیشتنی بۆ بکەین:

**١) لە دیدی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە:**

هەڵبژاردنی چوارچرا بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، واتە کۆتاییهێنان بە ژیانی پێشەوا و دو قازیەکی دیکە، بەڵکو مەبەست لێی لەگۆڕنانی خودی کۆماری کوردستان و خەونی سەربەخۆیی بو، ئەو خەونەی خۆی لە راگەیاندنی کۆماردا، هەر لەو گۆڕەپانی چوارچرایەدا، دەربڕیبو؛

**٢) لە دیدێکی کوردستانییەوە:**

لە مێژو و خەبات و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەردەوام دو شێوازی روداو جێگای تایبەتی خۆیان لە "یادەوەری بەکۆمەڵی(collective memory) "ی نەتەوەکاندا دەکەنەوە: ئەم دو شێوە روداوەش یەکێکیان چرکەساتی سەرکەوتنە، یا تەنانەت هەستکردن بە سەرکەوتن (سەرکەوتنی تەسەورکراو - imagined victory) ، وە ئەوەی دیکەشیان چرکەساتی نسکۆ و شکستە.

زۆر بە کورتی و بە چڕی: چیرۆکی کۆماری کوردستان، وە بە دیاریکراوی ئەو بەسەرهاتانەی لە گۆڕەپانی چوارچرا خۆیان بەیان کردوە، ئەو چیرۆکەیە کە هەردو شێواز لە روداو، واتە چرکەساتی گەش و سەرکەوتن لە لایەک، وە پێچەوانەکەی واتە چرکەساتی نسکۆ و شکست لە لایەکی دیکەوە، لە هەمان تابلۆدا کۆدەکاتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان سەرکەوتن و نسکۆ جیاوازییەکی زۆر و تەنانەت دژایەتییەکی گەورە هەیە، بەڵام مێژو پێمان دەڵێ هەردوکیان بۆ یادەوەری بە کۆمەڵی هەر نەتەوەیەک وەک یەک گرنگن: هەردوکیان بە تەنیشت یەکەوە وە لە تێکهەڵکێشێکی ئاڵۆزدا، بە تایبەتی لە ئاگایی کۆمەڵایەتیدا، شوێنی خۆیان لەو یادەوەریە بە کۆمەڵەدا دەکەنەوە. . . ئاخر دەکرێ لە جەدەلی بەکاربردنی راست و دروستیی ئەم یادەوەرییە بە کۆمەڵە، لە قوڵایی "تێگەیشتنێکی پڕ لە ئاگایی و بەخۆداچونەوەیەکی راستگۆیانە" لە نسکۆ و شکستدا، تۆی هەڵسانەوە و سەرکەوتن بچێنیت! جگە لە یادەوەری بە کۆمەڵ، مێژوش ئەو گێڕانەوەیە کە دواجار لە پرۆسەی نەتەوەسازی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا حزورێکی گرنگ و بەهێزی هەیە. بەبێ ئەوەی هەوڵمان دابێ لێرەدا لە ئیشکالیی تێکهەڵکێشی دو چەمکی مێژو و یادەوەری بە کۆمەڵ نزیک ببینەوە،

کەچی گرنگە لە هەمان کاتدا ئەوە بڵێین کە مێژو و یادەوەری بە کۆمەڵ دو کەرەسەی یەکجار گرنگن، هەڵبەتە لە تەک زۆر کەرەسەی دیکەوە، لە کار و خەباتی سازدانی ئاگایی نەتەوە، وە دواجار لە هەوڵ و کۆششی ئەو نەتەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەی دوێنێ سیاسەت بو ئەمڕۆ مێژوە و ئەوەشی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی دەبێ مێژوە. لەم ئاوێتە بونە فکریەی مێژو و سیاسەت، ئیتر ئەو ئەنجامگیریەمان دەست دەکەوێت کە بەڵێ ناسیۆنالیزم (وەک ئایدیۆلۆژیا، جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی، نەخشەڕێگا و پرۆگرامی سیاسی) وە چیرۆکی نەتەوە لە هەرسێ رەهەندەکانی کات (واتە دوێنێ، ئەمڕۆ، و سبەینێ) بە توندی بەیەکەوە گرێ دەدرێن. کە واتە بە پێی ئەم بۆچونە، بەسەرهاتی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی روداوگەلێک نین کە لە دوێنێدا جێمابن، بەڵکو ئەم روداوانە (لە خاڵە گەشەکانیادا، هەر وەک چۆن لە شکست و نسکۆیاندا) لە پرۆسەیەکی ئاگایی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردا حزوریان هەیە و لە سبەینێشدا ئەو حزورەیان هەر بەردەوام دەبێت، تەنانەت بەردەوامیدان بە حزوریان لە سبەینێی نەوەکانی داهاتودا مەسەلەیکی یەکجار گرنگە.

واتە لێرەوە دەکرێ، بە واتایەکی دیکە، بڵێین چیرۆکی کۆماری کوردستان وە لەسێدارەدانی پێشەوا لە ١٩٤٧/٣/٣١، هەردو خاڵی گەش و سەرکەوتن، یا هەر نەبێ خاڵی هەستکردن بە سەرکەوتن لە لایەک، وە شکست و نسکۆ لە لایەکی دیکەوە لەخۆ دەگرێ: ئەم چیرۆکە هەڵگری دو دانە حاڵەتە، بەڵام لە یەک دانە شوناس و یەک دانە چیرۆکدا: شوناسی کوردبون و چیرۆک و بەسەرهاتی کورد!

بەم واتایە، وێڕای داخکێشان بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا و دو قازیەکی دیکە، ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە هەر وا بە ئاسانی لێنەگەڕێین ئەو بۆنەیە بەسەرماندا تێپەڕێت و بەم واتایەش ئیستەیەکی شایستە و جددی و پڕ لە ئاگایی لە روی ئەم روداوەدا بکەین: لە لایەکەوە، بەرز نرخاندنی خاڵی گەشی سەرکەوتن کە راگەیاندنی کۆماری کوردستان و ئەزمونی کورتی ئەم کۆمارەیە؛ لە لایەکی تریشەوە بەردەوام هەوڵدان بۆ سارێژکردنی زامەکانی مێژو و تێپەڕاندنی فاکتەر و هۆکارەکانی زام و شکستەکان، بەر لە هەر شتێکیش ئەم زام و هۆکارانەی شکست لە ناخی خۆمان و لە ناواخن و قوڵایی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، زۆر بە تایبەتیش رەهەندی ئاگاییەوە.
باس و خواسی کۆماری کوردستان، روداوە پەیوەندیدارەکان بە چیرۆکی ئەو کۆمارەوە و بە تایبەتیش کۆتاییە تراژیدیاوییەکەی، بەردەوام دەمانخاتە بەردەم ئەرکی پێداچونەوەی ئەم مێژوە: ئاخر (بە لەبەرچاو گرتنی بەردەوامی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاگایی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری لە پێدراو و گۆڕاوە مێژوییەکان) بەردەوام مێژو پێویستی بە جۆرێک لە "ئەپدێیتی" بەردەوامە، جا دەکرێ ئەم ئەپدێیتە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و بە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان بێت

و لە خزمەت ئامانجی ئایدیۆلۆژییدا بێت، یا لە چوارچێوەی زانستی و بە ئامرازە زانستییەکان بێت لە خزمەت پرس و ئامانجە زانستییەکاندا!

بەم واتەیەش، پێویستە ئێمەی کورد، جا لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە یا لە هەر بەشێکی کوردستان دەبین بابیین، سەردانێکی یادەوەری بە کۆمەڵی خۆمان و ئەو مێژوە بکەینەوە و ئەم پرسیارە بکەین: ئایا پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان و بەسەرهات و کۆتاییەکەی لەو یادەوەریەدا چەندە و چۆنە، ئایا چۆن دەکرێ ئێمە بە هەمان گرنگییەوە لە دوانەی خاڵی گەش و سەرکەوتن لە لایەک و شکست و نسکۆی کۆماری کوردستان بگەین، جگە لەوەش چۆن دەکرێ ئەم دوانەیە لە یەکبونێکی توکمەدا جێگای خۆی لەو ئاگاییەدا بکاتەوە، بە شێوەیەک کە ئەم ئاگاییە رو لە داهاتو بتوانێ لە هەمان کاتتدا ببێ بەو ئامراز و پێگەو خاڵەی لێوەدەرچونە کە ناسیۆنالیزمی پێویستیەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە تیایەتی، بەرەوە دواڕۆژ و ئاسۆیێکی گەشتر و پرشنگدارتر.

## دەرەنجام:

ئەو گەڕانەوە و سەردانەمان لە یادەوەری بە کۆمەڵ تەنها شتێک نییە بۆ ئەوەی بزانین ئاگایی خۆمان رو لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان چەندە و چۆنە وە بە تایبەتی لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بەڵکو ئەو سەردانەمان لە یادەوەری بەکۆمەڵ لە پێناو زۆر زیاترە: یادەوەری بە کۆمەڵ دەکرێ ئامرازێکی گرنگ بێت لە رەهەندە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستاندا: ئامرازێک بێت بۆ جۆش و خرۆشدان و مۆبیلیزاکردن، ئامرازێکیش بێت لە رێکخستنی ئەوەی پێی دەگوترێ "فەزای نەتەوەیی، یا فەزای نیشتمانی." ئاخر یادەوەری بە کۆمەڵ دەتوانێ دواجار جێگایەکی گرنگ لە هێز و توانستی "مەعنەوی" هەر گەلێک پێک بهێنێ و سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو هێزە مەعنەوییە بێت: هێزێک کە دەکرێ بە "هێزی نەرم" ناوزەدی بکەین، کە لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەتەوەیەکدا دەکرێ "هێزی نەرم" هاوتای سەرچاوە مادییەکانی هێز بێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا زۆریش گرنگتر بێت!

* شایانی گوتنە کە د. عبدالرحمن قاسملۆ، لە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ نوسەری ئەم وتارەدا لە ستۆکهۆڵم ماوەیەکی کەم بەر لە تیرۆرکردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆچونێک هەبوە کە گوایە ئەمریکییەکان رۆڵی خراپیان بوە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و بەلای ئەوەوە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن پرێس - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢١

## بە بۆنەی یادی ۷۵ ـەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا.





هوشیار ئەحمەدی

**شەهیدان تاجی سەروەریی نەتەوەکەمانن**
**ئەوەی من دەبێ لە ئەستۆی بگرم، مەرگێکی جوانە. "ئەنتیگۆنا"**

شەهیدبوون لای خودی شەهید گەیشتنە بە بڵێندترین ترۆپکی تێکۆشان. ئەو ترۆپکەی کە بەڵێنی داوە بە بەرزترین نرخیش کە گیانیەتی، پاشەکشەی لێ نەکات و هەر لەوێوە بە وەرگرتنی چەمکی (شەهید) و قووڵبوونەوە لە راستیی (شەهیدبوون)، بە تەواوی دەچێتە چوارچێوەی رۆحێکی هەرمان و هەتاهەتاییەوە. رۆحێکی هەرمان کە دەبێتە پوتانسیەلێکی بەهێز، پوتانسیەلێک کە سەرمایەی مەعنەویی بەنرخی نەتەوەیەکە بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو رزگاریی و ئازادی نەتەوەکەیدا.

شەهید بەئاگایە لەوەی کە ئەویش وەک مرۆڤەکانی دیکە بریندار دەبێ و رۆحی لەبەر دەچێ. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەو لەمێژە رۆحی لە لەشەی وەرگرتووە و خستوویەتیە بازنەی قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەکەیەوە. واتە ئەو نیشانی داوە کە هەر لەو کاتەوەی بووەتە پێشمەرگی نەتەوەکەی، هەست و دەرکی بە ئازار و مەینەتی و قازانج و بەرژەوەندیی گەلەکەی کردووە و خاوەنێتیی بوونی خۆی لە خۆی و بنەماڵە و ئازیزانی وەرگرتووە و بە پێشکەشی نەتەوە و نیشتمانەکەی کردووە.

لێرەدایە کە دەکەوینە هەپ و کوت و گەڕان بەدوای ئەو خاڵە گرینگەدا کە کاکڵی ئامانجی شەهید پێک دێنێ. واتە پرسیار ئەکرێ کە ئەوە چ ویستێکە شەهید بەو باوڕ و قەناعەتە ئەگەیێنێ کە بوونی فیزیکی خۆی بکاتە خزمەتی بوونێکی مەعنەوی؟

توخم و ناوک و کاکڵی سەرەکی (شەهیدبوون) ئامانجە. بەڵام بە پێچەوانەوە، لای پێشمەرگە، خودی شەهید بوون نابێتە ئامانج. واتە خودی ئەمانج لە شەهیدبووندا پێناسە ناکرێ. بەڵکوو ئامانج ئەو خاڵەیە، ئەو لوتکەیە کە شەهید بۆی هەڵدەکشێ و بە گیانی هەوڵی پێگەییشتنی دەدا، نەک شەهیدبوون وەک خودی ئامانج.

سەلماوە کە لە شەهید بوون دا جەنگاوەری پێشمەرگە بە ئاگایی و وشیاری و بەرچاوڕوونیی تەواوەوە خۆی ئەخاتە خزمەتی ئامانجەکەیەوە. بەم پێیەش دەرئەکەوێ کە ئامانجەکە لای جەنگاوەری شەهید گەییشتووەتە نرخێ کە ئامادەیە بە گیانی بیبژێرێ.

هەر بۆیە ئەوەیکە شەهید بەبێ هیچ چەشنە سڵەمینەوەیەک، تەنانەت بەبێ بیرکردنەوە لە چەمکی (مەرگ و مردن) هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە ئەدا کە بوەتە کاکڵی بەنرخی بوون و وجود و بەردەوامیی ئەو.

## پێگەی شەهید:

لای ئێمە واتە حیزبی دیمۆکرات، شەهید سەرباشقەی قوربانیدان، فیداکاری و خۆنەویستیی جەننگاوەرێکە کە بە پێشمەرگە ناسراوە. کەسێکە کە سەرجەم بەهاکانی خۆی فیدای بەها گشتییەکان ئەکات. کەسێکە کە لە ناخەوە باوڕێکی بەرزی گشتگیری بۆ پێکهاتووە کە بەرهەمی شۆڕش و گۆڕانە. شۆڕشێک بۆ رزگاریی مرۆڤ، شۆڕشێک بۆ سڕینەوەی یەخسیری و

کۆیلەتی و شۆڕشێک بۆ هێنانەدیی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ.

دەبینین لە ئەدەبیاتی خۆڕاگری و بەرگریی سەرجەم گەلاندا ڕێزێکی تایبەتی لە چەمکی شەهیدبوون و شەهیدان دەگیرێ. واتە شەهید لە بەرزترین ئاستەکاندا دادەنرێ و زۆربەی گەلان شەهیدیان پێ تاجی شکۆمەندیی خەبات و کۆڵنەدانە بۆ گەییشتن بە ئامانجە باڵاکانیان. بەچەشنێ کە دەچێتە چوارچێوەی بوونە مێتافیزیکییەکان و ئەبێتە بوونێکی پیرۆز، بەهایەکی پیرۆز، ڕۆحێکی پیرۆز و تێکەڵ بە ڕۆحی نەتەوە و نیشتمان دەبێ و بە وزەیەکی بەردەوام گەشێنەر، پارێزەر و پاسەوانی گەل و نیشتمان دادەنرێ. بۆ وێنە لای کورد:

(شەهید ئاوە، تینویەتی زەوی دەشکێنێ،
پەنجەو دەستە، ئازاری خاک رادەژێنێ،)

بەم چەشنەش ئەگەرچی زمان و ئەدەبیات هەوڵی داوە بەرزترین و بەنرخترین و شیاوترین پێگە بۆ شەهید دابنێ، کەچی هێشتا لە زمانی دەرکی (دەرک و باوڕی شەهید) ناتەوانین.

(سۆمای چاوە، کام دوارۆژ دوورە دەیبینێ)

لێرەدا دەرئەکەوێ کە نەتەوە و زیندووەکانیش چاوکراوەیی، دووربینی و وشیاریی شەهید دەبینن و باوڕیان پێی هەیە. دەزانین کە شەهیدەکانیش حەزیان لە ژیان بووە، ئەوانیش ئەزانن ژیان بەتامە، زیندوو بوون خۆشە و لە بوونەوە بەرەو عەدەم و مەرگ هەنگاونان ئاسان نیە. بەڵام ئەوەی هەیانە لە ڕێگایەکا بەختی ئەکەن، بە ئامانجێکی ئەبەخشن کە هەست ناکەن، باوڕیان نیە کە تێیدا ئەمرن و ئەبنە نەبوون، بەڵکوو باوڕیان وایە ئەوان بەو بەخشینە ئەبنە هەرمان، ئەبنە بەرزەمرۆڤ، بەرزە مرۆڤێک کە ناوی شەهیدە. بەم چەشنەش شادیی خۆیان ئەکەنە فیدای شادی نەتەوەکەیان، پێکەنینی خۆیان هەروا و بەردەوامیی ژیانی خۆشیان هەروا.

بۆیە ئەم دێڕە شێعرە زۆر جوان ئەو ڕاستییە دەرئەبڕێ:

(پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن، شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میلەتا ئەژین)

بەم چەشـنەش لەو قەنـاعەت و بـاوڕە تێـدەگەین کە ئەوان ئەبـنە بەشـێک لە ڕۆح و گیـانی هەرمـان و هەتاهەتـایی نەتەوەکەیان.

بۆ نمونە پێگەی شەهید لە نێو نەتەوەی ئێمەدا پێگەیەکی ئاهوراییە، هەر وەک چۆن لە "ساتێک بێدەنگی بۆ زەمەنێک لە دەنگ" و "جەنگاوەرانی خۆرەتاو"دا دەردەکەوێ، ئەوان بە جەنگاوەرە ئاهوورایییەکـان پێناسە ئەکرێن کە ئەکەونە بەرامبەر بەرەی ئەهریمەنی و هێزە ئەهریمەنییەکانەوە. ئەکەونە بەرەی ڕووناکییەوە شەڕی تاریکی و تاریکپەرستی ئەکەن و تـاریکی لە ژیانی مرۆڤ و شەڕ لە وڵات و ئەهریمەن لە نیشتمان ئەتارێنن.

ئەوان خـاوەن چەکـی بـڕوا و ئێـرادەن، چەکـێ کە بەسـەر هەمـوو چەک و هێزەکانـا زاڵە. ئەوان ئەو هێـزە بەبـاوڕ و ڕەووەز ئێرادەیەن کە بە سواری لوتکەی چیاکان دەناسرێن. ئەوان بۆ دوژمنانی نەتەوە و نیشتمان بە گەردەلـولی ڕق و ڕەشەبا و بـۆ گەل و نیشـتمانەکەیان بە خۆرەتـاو و شـنەی بەیـان ناسـراون. بەگشـتی ئەوان خۆشەویسـتی نەتەوەن، بە هەسـتێکی خۆشەویستانەی پیرۆز.

## چیایەک لە ئێرادە و بیرو باوڕ:

لە ئەدەبیاتی بەرگری و خۆڕاگریی نەتەوەی ئێمەدا (چیاکان) دەور و پێگەیەکـی کاریگەرییـان هەبـووە و هەیە. بـۆیە کـراون بە ڕەمز و هێمای بەرخۆدان و لەشکان نەهاتوویی و بە هیچ هێزو چەک و کەرەستەیەک تێک نەشکاون و تێک نەڕوخـاون و ناڕوخێن، بەردەوام پاڵپشتێکی قاییم ، لەگیران نەهاتوو و بەهێزی خەبات و سەنگەری جەنگـاوەرانی نەتەوەکەمـان بـوون و هەن. بـۆیەش ئەو تـایبەتمەنـدییانەی لە چیـایەک دا دەبینـرێن ، ئەتـوانین لە بـاوڕ و ئێـرادەی جەنگـاوەرێکی پێشمەرگە و شەهیدا ببینینین.

ئەگەر لە جەنگـاوەری شـەهید ڕامێنین، بەو ئەنجـامە ئەگەیـن کە بـاوڕ و ئێـرادەی شـەهید بەرزتـرە لە لـوتکەی چیاکـان، قاییمترە لە ڕەووەز و گابەردەکان، بەرینترە لە دەریا و ئۆقیانوسەکان و خۆشەویستییەکەشی بـۆ نیشـتمان زوڵاڵتـرە لە ئـاوی کانیاوەکانی نیشتمانەکەی شەهید.

**باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەپێدانی ڕێگایانە:**

**دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم**

شەهیدان خاوەنی کۆگایەک لە بەها و نرخن کە تەنیا ئەتوانین بە پێوەرە مەعنەوییەکان بیانپێوین. هەر بۆیە پاداشەکانیشیان دەبێ هەر بە هەمان ئەو پێوەرانە پێوانە بکرێن. لەم بارەیەشەوە رێبەری شەهیدی حیزب و نەتەوەکەمان"دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو" ئێژێ:

"باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی رێگایانە." بەو مانایە کە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان هەدا نەدەین. سەرجەم شەهیدانمان بەکردەوە و راستگۆیانە ئەو بەڵێنەیان گەیاندووەتەجێ و هەر رێبوارێکی رێبازەکەی ئەوانیش لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی دا، لە هەر سەنگەر و لە هەر کوێ، دەبێ ئامادەیی ئەوەی هەبێ.

لە کۆتایی دا سەرنجتان بۆ وتەیەکی کورتی رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو رادەکێشم کە ئێژێ: " ئێمە لە رۆژی شەهیدبوونی شەهیدانمان، لە بیرەوەریی شەهیدانمان دا لە مێژە بڕیارمان داوە ناگرین، لە مێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کارێک کە ئەتوانین بیکەین و لە بەرچاو و لەبیری شەهیدانمانا شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە رێگای ئەوان بەرنەدەین و وەک ئەوان تاسەر ئەو رێگایە ببڕین و لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک نەترسێین و لە هیچ سەختییەک نەکشێینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢٢

---

# لە یادی پێشەوای مەزنی بێ ڕکەبەردا



دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز

چەن ڕۆژێ بوو، بیرم لە ئەوە دەکردەوە، لە یادی پێشەوای مەزنی بێ ڕکەبەردا، گوتارێکی درێژ بنووسم و بڵاویکەمەوە. بەڵام دواجار بڕیارمدا، بە کورتیی یادیبکەمەوە. چونکە هەرچی لە یادی ئەو کوردە مەزنە ئازا و دڵسۆزەدا بنووسم، هێشتا هەر کەمە و ناتوانم، مافی تەواوی خۆی بدەمێ!

لە بەرەبەیانی (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧)دا، هەر سێ قازییە قارەمانە تێکۆشەرەکان (پێشەوا قازی موحەممەد، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا)، دوای ئەوەی لە دوو دادگاییکردنی نایاسایی و فەرمیدا، بە دەستی دوژمنانی گەلی کورد، فرمانی خنکاندنیان دەرچوو، لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری (مهاباد)، هەر لە ئەو شوێنەی ڕۆژی (٢٢ - ١- ١٩٤٦)، کۆماری (کوردستان)یان لێ ڕاگەیەندبوو، لەسێدارەدران و ڕەوانیان شادکرا. واتە دوای (١ ساڵ و ٢ مانگ و ٨ ڕۆژ ,(لە دوای ڕاگەیەندانی کۆمارەکەوە، لەسێدارەدران!

بە داخێکی گەورە و گرانەوە، نە نەتەوەی کورد توانی، (٧٣) ساڵ لەمەوبەر، گیانی پاکی پێشەوا، لە دەس پەتی سێدارەی مەرگی دەوڵەتی داگیرکەری (ئێران) ڕزگارکا، نە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش، سرتەوبۆڵەیەکیان لە دەم دەرچوو، ناڕەزایی خۆیان دەربڕن و داوا لە ڕژێمی شاهێنشایی (ئێران) بکەن، ئەو فرمانە نادادپەروەرانە دڕندانەیە بووەستێنن!

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: بە ڕاستی (قازی)، پێشەوای بێ ڕکەبەر بوو. چونکە ژیان و گیانی خۆی، لەپێناوی ڕۆڵەکانی نەتەوە و خاکی نیشتمانەکەیدا بەختکرد. گەلەکەی خۆی بەجێ نەهێشت. بە خوێنی گەشی خۆی، بەرنامە و نەخشەی خەباتی دواڕۆژی، بۆ هەموو نەتەوەی کورد بە گشتیی، ئەندامانی پارتەکەی و گەلی خۆرهەڵاتی (کوردستان) بە تایبەتیی کێشا. بۆیە تا کوردێ بمێنێ، ناوی (قازیی) بە نەمریی هەر دەمێنێ!

**ئەی کوردینە!**

پێویستە بزانن، پێشەوای بێڕکەبەر، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، چی فەرمووە و چ جۆرە ڕاسپاردەیەکی پڕبایەخی، بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بەجێهێشتووە؟! لێرەدا چەن کۆپلەیەکی کورت، لە ڕاسپاردە گرنگ و پیرۆزەکەی پێشەوا بڵاودەکەمەوە.

١- لە ڕێی خوادا، دەس لە دژایەتی یەکدی هەڵگرن. دوژمن تەنیا بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆی ئێوەی دەوێ. پشتی یەکدی چۆڵمەکەن و یەکگرتووبن، دڵنیابن، گەر دوژمن هەنگوینتان بداتێ، ژاری تێکردووە!
٢- هیچ جۆرە ناپاکییەک لە یەکدی مەکەن، چونکە ناپاککاران لای خودا و گەل ڕووڕەشن!
٣- بە سوێندە درۆکانی دوژمنان هەڵ مەخەڵەتێن. گەر هەزار جار سوێندتان بۆ بخۆن، ئامانجیان لەنێوبردنتانە!
٤- باوەڕبکەن، چەن جار داوام لە خوا کردووە، گەر بمرم، بە شێوەیە گیانم دەرچێ، کە ڕووسووری لای خوا و پەیامبەر و نەتەوەکەم بم. هەر ئەو جۆرە مردنەش، سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە.

بەڵام، ئایا سەرکردەی پارتەکانی هەر چوار بەشەکەی (کوردستان)، هیچ بایەخێکیان بە ئەو دوور و گەوهەرانەی ڕاسپاردەکەی پێشەوای ڕەوانشاد داوە؟!! کەڵکیان لێ وەرگرتووە، تا مێژوو بە خراپترین شیوە، خۆی دووبارەنەکاتەوە، یا لەبیر خۆیانیان بردووەتەوە، بۆئەوەی ئامانجە تەسکەکانی پارتەکەیان بەدیبێنن؟!! ئاخر بۆیە بە هیچ نابین، چونکە کەڵک لە ئەزموونەکانی ڕابووردوو وەرناگرین!

هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی قازیی نەمر، یاد و یادگارەکانی هەر زیندووبن.
مردن و سەرشۆڕی، بۆ داگیرکەرانی (کوردستان) و ناپاکارانی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٢

## عومەر باڵەکی: پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو



**وتوویژ: کاروان مێراوی**

بەرایی: ٧٥ ساڵ لەوە پێش سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بە بەخشینی سەر و گیانی خۆی، بەڵێنی گەورەی خۆی بە نەتەوەکەی بردە سەر. ئەگەرچی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژێکی تاڵ و کارەساتبارە، بەڵام هاوکات بوو بە ئیلهامدەری ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات تاکوو لە پێناو ئامانجە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا شێلگرانەتر درێژە بەو ڕەوتە خەباتەی ڕێچەی کۆمار و ڕێبازی ئێسەوا بن. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات لە دوای پێشەوا و شەهیدبوونی دەیان ئەندامی تری ڕێبەریی ئەم حیزبە بەڵگە ڕاستەقینەی ئەم ڕاستییەن.

"کوردستان" لە یادکردنەوەیساڵڕۆژی ساڵەی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا بۆ باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی نەمریان وتووژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهێناوە و سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**کاروان مێراوی: کەسایەتیی کاریزماتیکی پێشەوا بە ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی "ژ - ک"دا گەشەی کرد. چۆن بوو دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە داوا لە پێشەوا کرد بێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟**

**عومەر باڵەکی**: بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان وێنای هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکە و بەتایبەتی شاری مەهاباد بکەین، ئەو کات بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە بەر چ هۆکارێک کۆمەڵەی ژێ - کاف داوا لە پێشەوا دەکات ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە و تەنانەت بەرپرسایەتیی ڕێکخراوەکەش بخەنە سەر شانی. لەو سەردەمدا بە هۆی هەبوونی سپای سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژاوای ئێران و بوونی سپای ئینگلیس و ئەمریکا لە باشووری ئێران، جۆرێک لە بۆشاییی دەسەڵاتی ناوەندی لە زۆر ناوچەی ئێران و بەتایبەتی لە موکریان ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەتا ڕادەیەک ئاڵۆزی و پشێوی ساز ببێت، لەو هەلومەرجەدا قازی محەممەد بۆ پاراستنی شار (واتە مەهاباد) لە هێرشی عەشیرەتەکانی دووروبەر، خەڵکی هان دا بۆ کڕینی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆیان و بنەماڵەکانیان و بەگشتی پاراستنی شار. قازی محەممەد ئەو خەڵکەی ڕۆژانە لە شوێنێک کۆ دەکردنەوە و لەبارەی شێوەی پاراستن و بەرگریکردن قسەی بۆ دەکردن و شەوانەش خۆی سەردانی شوێنی ئێشکگرەکانی دەکرد، ئەمە بێجگە لەوە بوو کە ڕۆژانە لە دادگا دادەنیشت و بە کێشە و گرفتی خەڵک ڕادەگەیشت. بەو شێوەیە لەڕاستیدا شاری مەهاباد و دوروبەری بەتەواوەتی لە دەستی پێشەوادا بوو و کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە تەنانەت سەرۆک عەشیرەکانی ناوچەکەش ڕێزیان لێ دەگرت و لە قسەی دەرنەدەچوون.

هەربۆیە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ - کاف بەباشی هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵە پێویستیان بەوە هەیە کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێت و لەو تێڕوانینەشدا بە هەڵە نەچووبوون؛ چونکە هەر کە پێشەوا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ-کاف و دوای ماوەیەک وەک ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە لەنێو خەڵکدا دەرکەوت، خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستان و بە ایبەتی لە ناوچەی موکریان پەیوەست بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ - کاف بوون.

**کاروان مێراوی**: پێشەوا بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کامانە قۆناغی بڕی؟

**عومەر باڵەکی**: پێشەوا دوای ئەوە بە فەرمی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-کاف، هەستی بەوە کردبوو کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ-کاف لە کار و تێکۆشانی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاری ڕێکخراوەیی و بەتایبەتی ئەندامگیری و تەبلیغاتدا، دوا خراوە و زۆر بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەو شێوە کارە ناتوانێت وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە بێت، بە واتایەکی دی کۆمەڵەی ژ-کاف لە توانایدا نەبوو کە بتوانێت ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بە قازانجی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بقۆزێتەوە. بۆیە پێشەوا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ - کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە

شێوازی سەردەمیانە دارشتەوە، حیزبەکەی پێشەوا کە خاوەنی بەرنامە و ڕێبەری بوو، بە شێوەی ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و هەموو وزە و توانای خۆی بۆ پتەوکردنی نێومالّی کورد وەگەڕ خست، لە نێوخۆی کوردستاندا دەستی کرد بە کار و تێکۆشان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا و لە هەمان کاتدا کەوتە وتوویژ و دانوستان لەگەلّ دولەتانی زلهێز و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە ناوچەدا هەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرگی حیزبێکی مودێرندا هەوڵی دا مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سیستمێکی کۆماریدا وەدی بێنێت و بۆ ئەوە پێش دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی پێشەوا، هەموو ئەو پێویستییانەی کە دەولەت و سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانیی پێ دەناسرایەوە، وەک ئالا، سپای نیشتمانی، سروودی نەتەوایەتی و سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەیی ئامادەکارییان بۆ کردبوون. هەربۆیە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا هەموو ئەو هێمایانە دەبیندرێن و پێشەوا وەکوو سەرۆککۆماری کۆماری کوردستان وتاری پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

**کاروان مێراوی: پێشەوا کەسایەتییەکی ئایینی بوو، ئەدی چ شتێک بوو بە هۆکاری ئەوەی کە نیشتمان و نەتەوە بخاتە پێش ئایینەوە؟**

**عومەر بالەکی:** باسکردن و لێکدانەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە، چونکە زۆر لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا دەکرێت توێژینەوەیی ئاکادمیکی لەسەر بکرێت. ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستن و باس لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا دەکەن، هەموویان لەسەر ئەو خالە کۆکن کە پێشەوا لەو کاتەوە کە توانیویەتی بنوسێت و بخوێنێتەوە، لە هەموو دەرفەتێک کەلکی وەرگرتووە بۆ فێربوونی زانست و هەر ئەو هۆگرییەی بە زانستی سەردەم تواناکانی بە چەشنێک بردووەتە سەر کە لە تەمەنی مێرمندالّیدا بە ماموستا ناسراوە. پاش تەواوکردنی زانستی ئایینی و ڕێپێدانی مەلایەتی، بە شێوەی مەلای مزگەوتێک نەجوولاوەتەوە و لە حوجرە دانەنیشتوە، ؛ بەلّکوو چالاکانە خەریکی کاروباری کۆمەلایەتی و ڕاپەڕاندنی کاری خەلّک بووە، خەمی گەورەی پێشەوا دواکەوتوویی نیشتمان و گەلەکەی بووە، هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتێک کەلکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی چەندی دەکرێت نەتەوەکەی لە زانست و پێشکەوتنی ئەو سەردەمە نزیک بکاتەوە، بۆ ئەو کارانەش کە دەیکردن چاوی لە هیچ پاداشتێکی ماددی نەبووە. بۆ نموونە بێ ئەوەی مووچەی مانگانە لە حکوومەتی ئەو کات وەربگرێت، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەریی فەرهەنگی مەهابادی گرتە ئەستۆ، بەردی بناغەی یەکەم نەخۆشخانەی لەو شارە لەسەر پارچە زەوییەکی خۆی دانا، هەروەها بە هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوا یەکەم قوتابخانەی خوێندن بۆ مندالانی کچ و کوڕ لە شاری مەهاباد دامەزرا. لەو بارەوە باشترین نموونە گۆڤاری "هەلالە"یە کە لە ژمارە ٢ی سالّی ١٣٢٥ی هەتاوی و لە وتارێکدا

بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکات: "هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە، ئاکارێکی جوانی هەیە و لەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکات و بەتایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەلە. زۆری علاقە بە تەرەقی و عیلم و زانست هەیە، لەبەر ئەوە لە تافی جوانیدا چەند ساڵ بۆ خۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابلاغی وەعودە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بەتەواوەتی فێری نەسلی تازەکرد".

**کاروان مێراوی**: کاک عومەر جەنابتان لە وتووێژێک لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا پێشەواتان بە کەسایەتییەکی تابۆشکێن پێناسە کرد، لەم بارەیەوە زیاتر باس بفەرموون؟

**عومەر باڵەکی**: ئەوە کە دەڵێین پێشەوا تابۆشکین بووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژایەتیی هەندێک دابونەریتی کردووە کە بەربەست بوون لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لەسەردەمی ئەو کاتدا کە هێشتا سیستەمی عەشیرەیی و کۆمەڵێک دابونەریتی دواکەوتووانە باڵیان بەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەدا کێشابوو، پێشەوا بێ گوێدان بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستان لەگەڵ خەڵکی بیانی و غەیرە دینان هەستان و دانیشتنی هەبووە، هاتوچووی کردوون و لێیان فێری زمان و دابونەریتی ڕۆژاوایی بووە. بێجگە لەوە ئەو کارانەی پێشەوا لەو سەردەمدا کردنی نەک لە ئێران، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نموونەی نەبیندراوە، وەک: بە ناچاریکردنی خوێندن بۆ منداڵان بەبێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی، یان خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی و کەڵکوەرگرتن لە خوتبە بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا. یان دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوەی کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی کاری سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان. هەروەها ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان.

**کاروان مێراوی**: ڕەهەندێکی دیکەی دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا لە دادگاییکردنەکەی و بەرگرییەکانی بوو، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟

**عومەر باڵەکی**: جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێم کە بەپێی ئەو بەڵگانەی هەتا ئێستە کەوتوونەتە بەردەست، ئەو

بەناو دادگایە هیچ پێوەرێکی دادوەرانەی بۆ دادگاییکردن تێدا بەدی نەکراوە. یەکەم ئەو دادگایە بەپێی ئەوەی کە دادوەر و دادئەستێنەکانی هەموو سەبازی بوون، کەواتە دادگاکە سەربازی بووە، لە کاتێکدا پێشەوا و هاوڕێیەکانی هیچ کامیان کەسایەتیگەلێکی سەربازی نەبوون و لە بەرەی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوون؛ تەنانەت هیچ بەڵگەیەک بە دەستی ئەو دادگایەوە نەبوو کە پێشەوا لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیشیدا وەک سەرۆککۆمار فەرمانی هێرشی بۆ سەر هێزە سەربازییەکانی ئێران دەرکردبێت، بۆیە پێشەوا هەر لە سەرەتاوە لەهەمبەر سەڵاحییەتی دادگا ناڕەزایەتی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەو دادگایە سەڵاحییەتی نییە، چونکە ئەوان کەسی مەدەنین و ئەگەر هەر دادگایی دەکرێن، دەبێت لە بەردەم دادگایەکی مەدەنیدا وڵامدەر بن.

ئەوەی کە دەوترێت پێشەوا دادگای دادگایی کردووە، تەنیا قسەیەک نییە لەخۆڕا کرابێت، بەڵکوو ئەوە بەڵگەیەکی مێژووییە لە ئازایەتی و بوێریی پێشەوا کە لەو کات و ساتە دژوارەدا چارەنووسی ژیانی خۆی و برا و ئامۆزاکانی بەند بوون بە هەڵسوکەوتی ئەو لە بەرانبەر ئەفسەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کە بە ڕواڵەت لەسەر کورسیی دادگا دانیشتبوون و پێشەوا و هاوڕێیەکانیان دادگایی دەکردن، بەڵام پێشەوا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەسەرکردنی بە چارەنووسی خۆیانی دەزانی و دەیزانی کە مەرگ چاوەڕوانیانە، کەچی بەو حاڵەش لە هەر دوو جار دادگاییکردنیدا و لە هەموو ماوەی بەندیخانەدا لەبەر دوژمن نەپاڕایەوە و داوای بەخشینی نەکرد؛ بەڵکوو ئازایانە بەو سوێندە وەفادار مایەوە کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە بەردەم ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خواردبووی. پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێت، بەڵکوو جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانە دادگایی دەکرێت، ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانە کە دادگای سەربازی بە تاوانیان دادەنێت؛ هەربۆیە وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و وەفادار بە ئامانجەکانی لە دادگا و لە بەرانبەر ڕاسپێردراوەکانی شادا ڕاوەستا و ئازایانە بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد.

**کاروان مێراوی:** دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەن؟

**عومەر باڵەکی:** بۆ نموونە، پێشەوا لە وەڵامی داواکاری گشتیی سەبازیدا کە دەڵێت بۆچی نەڕۆیشتی و مەهابادت جێ نەهێشت، دەبێژێت: یەکەم لەبەر بەڵێنێک کە داومە بە نەتەوی خۆم و پەیمانم داوە لەنێویاندا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی بەر بە خوێنڕێژی بگرم و تەنیا لەبەر زیندوومانەوەی من، کۆمەڵکوژی نەکرێت. سێهەم ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من لەنێو دەبرد. باشترین نموونەش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بێجگە لەوانەی کە

باسمان کردن، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی سەروان شەریفی کە حکوومەتی پاشایەتی وەک پارێزەری تەسخیری بۆ پێشەوا دیاریی کردبوو بکەین. دیارە ناوبراو لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگا ڕواڵەتییەکەدا بەشدار بووە، بەڵام نە ڕێگەی ئەوەی پێ دراوە کە دەستی بە پەڕاوەکانی دادگا ڕابگات و نە ڕێگەی پێ دراوە کە لە پێگەی پارێزەردا بەرگرییەکانی خۆی پێشکەش بکات، تەنانەت لە سۆنگەی گێڕانەوەکانی دادگاوە نەیانهێشت پلەی سەربازیی بچێتە سەرەوە، لە کاتێکدا ئەو ساڵە ساڵی بەرزکردنەوەی پلەکەی بوو. ناوبراو ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (دە ساڵ دواتر) لەسەر پێشەوا و دادگاییکردنەکەی ئاوا دەدوێت: "بەداخەوە بۆ قازی محەممەد، ئەو پیاوە گەورە و دانایە، قازی محەممەد لە بەردەم دادگادا بەوپەڕی ژیری و بێ ترس دەدوا. لەڕاستیدا ئەوە ئەو بوو دادگای دادگایی دەکرد"...

**کاروان مێراوی**: کەواتە لەخۆڕا نییە کە د. قاسملوو دەفەرموێ پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو؟

**عومەر باڵەکی**: ئەوە کە شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو فەرمووی پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەپێی هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان بەتەواوەتی ڕاستە، چونکە چەندی بە ناخی ئەو مێژووەدا دەچیە خوارێ، کەسایەتیی پێشەوا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە زیاتر و زیاتر بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستانی نزیک بە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش وێنا دەکەی کە هێشتا زانستی سەردەم بەو شێوە بەربڵاو ڕووی تێ نەکردوە، قوتابخانەکان دانەمەزراون، ڕایەڵکەی عەشیرەیی بە هەموو یاسا و ڕێساکانی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، دنیای دەرەوە بۆ تاکی کورد نامۆیە و کەمترین زانیارییان لە دەرەوی کوردستان هەیە و زۆر بابەتی دیکەی بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کە زاڵن بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام دەبینین کە پێشەوا لە سەردەمدا هەر وەک باسمان کرد بۆ فێربوونی زمان و زانست گوێ بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستانی ناوچەکە نادات و ڕووی لە خەڵکی بێگانە و غەیرە دین کردووە و توانیویەتی بە زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی قسە بکات. ئەو باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و دەنگی خەڵک و ڕاوێژ هەبووە و لە دنیای سیاسەتدا کەسێکی ڕیئالیزم بووە و هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستییەکان دانەناوە، هەموو کات ویستیاری یەکیەتی و تەبایی نێوماڵی کورد بووە و هەموو هەوڵێکی داوە یەکیەتیی نەتەوەیی لە کوردستان پێک بهێنێت. جیا لەوانە بە دەیان تایبەتمەندیی دیکە پێشەوای لە کەسانی سەردەمی خۆی جیا کردووەتەوە، بۆیە د. قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا دەیەوێت بە واتای ڕاستەقینە کەسایەتیی پێشەوا بۆ نەوەکانی داهاتوو نیشان بدات: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو

نەتەوەی کـوردا زۆر کەم بەدی دەکـرا. .... لەگەڵ ئەوە کە ڕوونـاکبیرێکی پـایەبەرز بـوو، لەنێـو خەڵکێکـی سـاویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخویندەواردا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو. بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بـوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر بـاش تێگەیشتبوو، لە هێنـانەگۆڕ و دەرخسـتنی ئەو دەرد و ئـازار و هیـوا و ئاواتـانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبـوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەنـدە خۆشەویست بـوو کە بـۆ یەکەم جـار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێ دابوو."

**کاروان مێراوی**: زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

**عومەر باڵەکی**: ئێوەش ماندوو نەبن کە بایەخی تایبەتیتان بەو بابەتە دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢

# کۆماری کوردستان لە بازنەی گێڕانەوەکانی ئێرانیزمدا



**رابون کرماشانی**

**(لە یادی ١٠ی خاکەلێوەدا)**

٧٥ ساڵ پێش ئێستە و لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ سەدری قازیی برای وەک وەزیری بەرگری و سەیفی قازی لە دامەزرێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە خولی چواردەی ئەنجوومەنی شووڕای نیشتیمانی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی، لەسێدارە دران. جیا لەو هەموو باسوخواسانەی لەسەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هۆکار و زەوینەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی کراوە، نواندنەوەی کۆماری مەهاباد و شەهیدانی نەمری ئەم دەوڵەتە تەمەنکورتە بالابەرزە و ئامانج و فەلسەفە و بەرنامە سیاسی و پێگە و هەڵکەوتە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی لە چاوی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها ئەندێشەی ئێرانگەرایی و ئێرانشاریی دەرەوەی دەسەڵات (چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران)، کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

ڕاستییەکەی تێڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕوانگەی ئێرانشاریی کە خۆیان پێکەوە دانویان ناکوڵێت، بەرانبەر پرسی کورد بە هەموو شێوەیەک یەکگرتوو و یەکانگیر بووە و هەن، ئەمەیش ئەو خاڵە بۆش و کەلێنە بووە لە تێگەیشتن و سیاسەت و خەباتی کورددا کە پێشەوا لە وەسیەتنامەکەیدا ئێمە دەگەڕێنێتەوە سەری، کاتێک دەڵێت: "ڕۆڵەکانی گەلی کورد

یەک بگرن، هەر میلەتێک یەکگرتوو و تەبا نەبێت، هەردەم ژێردەستی دوژمنان دەبێت، ئێوەی گەلی کورد هیچتان لە گەلانی ئەم گۆی زەوییە کەمتر نییە، ئەو میلەتانەی وا لە چنگی زاڵمەکانیان ڕزگاریان بوو، وەک ئێوە بوون، بەڵام ئەوان یەکێتی لە نێوانیاندا هەبوو و خۆیانیان ڕزگار کردووە. چیتر فریوی دوژمن مەخۆن، دوژمن تا کاتێک ئێوەی دەوێت کە کاری خۆی پێتان جێبەجێ بکات، دواتر بە یەکترتان بە کوشت دەدات. لە نێو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورددا، دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و غەدارترە، هەر بە درێژایی مێژوو لە گەلی کورد غەرەز و کینەی هەبووە و هەیەتی".

لە ماوەی ٤٠ ساڵ زیاتر، لە هاتنەسەرکاری خومەینی و دەسەڵاتی ئاینی شیعەی ئیسنا عەشەری لە ئێران، هیچ کات بەشێوەیەکی مێژوویی و دوور لە سیاسیکاری و کایەی گوتاری و دیسکۆرسیڤ، باسی ڕووداوەکانی کوردستان نەکراوە، ئیتر ئەم ڕووداوانە چ پێش کۆمار بوو‌بێتن بۆ نموونە شۆڕشی سمکۆی شکاک لە ١٩١٩ی زایینی یان کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ی زایینی بوو‌بێت، یاخۆ پاش هاتنەسەرکاری کۆمار و ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵانی ١٩٧٩ و شۆڕشی گەلانی ئێران یان هەر شتێکی دیکە کە پێوەست بێت بە کورد و کوردستانەوە. وەک چۆن لە ڕوانینی سیاسەتوان و سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا هەرجۆرە باسکردنێک لە کێشەی کورد کە بگەڕێتەوە سەر ڕەهەند و زەوینە مێژوویی و سیاسییەکانی وەک شۆڕشی سمکۆ، کۆماری مەهاباد یان تەنانەت زۆر پێشتر لە ئەوانیش، حەسەنەوییەکان لە سەدەی دەیەمی زایینی و کەریم خانی زەند و تەنانەت سەلاحەدینی ئەیووبیش، بە بڤە و تابۆ و قەدەغە دەزانێت.

خاڵی هەزەلی و لە هەمانکاتدا تراجیکی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە ئێرانشاری و پانئێرانیستەکانیش لەم بابەتەدا تەواو هاوبیر و هاوڕێی کۆمار و ئاخوندەکانی قوم و تارانن و تەنانەت بەو ئاماژانەی دەبینرێن، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین ئەگەر دەسەڵات بەدەست بێنن لە فەتواکەی خومەینی "اشدا علی الکفار و رحماو البینهم" بۆ سەر کوردستان لە کاتی شەڕی نێوان هێزەکانی کوردستان و سوپای پاسداراندا خراپتر بەسەر کورد و خەڵکی کوردستان دێنن، تا ئێستەیش لە میدیا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەرنامەیەکی دروست و گونجاو و دوور لە سیاسەت و چەواشەکاری لەسەر کۆماری کوردستان بەرهەم نەهێنراوە و هەرچی بەرنامەیەکیان بەرهەم هێناوە یان وەک سەردێڕی هەندێ ڕووداو لە پەراوێزی داگیرکارانی باکوری ئێران لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم باس کراوە، یا وەک قۆناغێک لە قەیرانی خێڵەکی و عەشیرەیی لە ئێرانی ئەو قۆناغە لێکدراوەتەوە.

ئەمە جیاوازە لەو ڕەوتە مێژوونووسییەی کەسانێکی وەک خەسرەوی موعتەزید کە نووسەری مێژووی ناوچەکە و ئێرانە بە مەیل و ئارەزووی کۆماری ئیسلامی، کە چەواشەکاریی لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و ناوچەکە و کوردستان بە کۆمەڵێک

بەڵگەی سەیروسەمەرەی نیوەچڵ بووە بە ئیش و پرۆژەی سەرەکیی ئەو، بۆ دروستکردنی مێژوویەک کە هیچ ئەویترێک بە تایبەتی کوردی تێدا جێ نابێتەوە، وەک چۆن لە فیلمەکانی "حمله به اچ ٣" و "گلها و گلولەها" و "حکایت عاشقی" و دەیان فیلمی تریان کورد و کوردستان لە پەراوێز و گۆشەی حەز و خواست و ئارەزوو و پرۆژە و پەیمانەکانیانە، هەمان تێڕوانینیشیان بۆ ڕووداوێکی گەورەی وەک کۆماری کوردستان هەیە.

کۆماری کوردستان بە چەندان هۆکاری سیاسی-کۆمەڵایەتی هەرە گرینگ، ئەم ترس و تۆقاندنەی لە ئەویتری ناکورد، واتە دەسەڵاتەکانی ئێران (چ پەهلەوی و چ کۆماری ئیسلامیی) دروست کردووە، یەکەم ئەوەی قازی خۆی وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و کاریزما و جەماوەری کە کوڕی قازی عەلی بووە و ماڵباتەکەیان مێژوویەک لە خزمەتگوزاری و ڕێزیان پێشکەش بە خەڵکی مەهاباد کردووە، خاوەنی وەها کەسایەتییەکی جێ متمانە و بڕواپێکراو بوو، کە کۆمەڵەی "ژێ کاف" بە بوونە ئەندامی ئەو، ڕۆحی زیاتر گەشایەوە و بەناو خەڵکوخوادا بڵاو بووەوە.

پاشان کۆمەڵەی "ژێ کاف (ژ.ک)" کە سەرەتا ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و نهێنیبوونەکەیشی دەگەڕایەوە بۆ هەژموونی سیاسیی ڕژێمی پاشایەتی و هەروەها دەسەڵاتی خۆجێی هەندێ خان و زەویدار و دەرەبەگ لە ناوچەکەدا، ئەم قۆناغە نهێنییەی کۆمەڵەی "ژێ کاف" هەم زەوینەی بۆ پەروەردەکردنێکی نەرمونیان و قووڵ و قایمی ئەندامانی تەیار کرد و هەمیش ئەنجامی گەشە و نەشەی ڕەوتێکی ئۆرگانیزاسیۆن و ڕێکخراوەبوونی کۆمەڵگەی مەهاباد بە تایبەتی و کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بوو، ئەمە باشترین شێواز و فۆرمی گەشەکردنی ڕێکخراوێکی جەماوەرییە کە لە دڵ و هەناوی خەڵک و یادەوەری و خواست و ئارەزووکانیان هاتووەتە دەرەوە و کاتێ قازیی ئەمریش بە ناوی خوازراوی "بینایی" بە گێڕانەوەی د. ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا تەڤلی "ژێ کاف" دەبێت، ئەم دوو جەمسەرەی کۆمەڵایەتیبوونی کۆی ڕێکخراوەکە و کۆمەڵایەتیبوون و کاریزمابوونی قازی محەمەد، دەکەونە پێوەندییەکی دیالیکتیکییەوە و ڕۆحی ئەو سەرهەڵدان و داواکاری و خۆوشیارییە بەرزتر و بەرزەفڕتر دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەم دوو لایەن و ڕەهەندەیش، ئەندێشەی کوردایەتی و کوردپەروەریی بەرینی قازی محەمەد، خوێنێکی دیکەی بە ناو دەماری ئەم جەستە ڕاپەڕیو و وشیارەدا کرد، ئێمە لە کتێبی "قازی محەمەد و کۆمار"دا لە نوسینی دانا / محەمەد بەهائەدین مەلا ساحیب، دەخوێنینەوە:

"پێش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژێ کاف" بێتە کۆڕی خەباتەوە، قازی محەمەد لە سییەکانی ئەم سەدەیە

پێوەندی بە حزبی خۆیبوونەوە هەبوو کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە کوردستانی تورکیا، بە هاوکاری ئیحسان نووری پاشا شۆڕشیان بەرپا کرد. هەروەها لە کاتێکدا کە ژێ کاف ژمارەی ئەندامانی لە ٢٠ کەسێک تێپەڕی نەدەکرد، پێوەندییان کرد بە قازی محەمەدەوە و ئەویش بە دڵێکی خاوێن و نیازێکی ڕاستەوە چووە ڕیزی تێکۆشان لەگەڵیان، پاش ماوەیەک زۆر لە ئەندامانی دامەزرێنەر و سەرکردایەتی لە ناوچەکانی دیکەدا بڵاو بوونەوە بۆ ئەوەی لە هەموو لایەک ئامانج و بەرنامەی ژێ کاف بگەیەنن بە خەڵک و ڕیشە داکوتێ. هەروەها پێوەندییان کرد بە کوردستانی تورکیا و عێراقەوە (باکور و باشوور) و بۆ ئەم مەبەستە (محەمەد ئەمین شەریفی) ئەندامی سەرکردایەتی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ چەند نیشتیمانپەروەرێکی باشووری کوردستان بۆ کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان مەلا وەهاب، نوێنەری کوردەکانی باکور و شێخ عەبدوڵا، نوێنەری کوردەکانی باشوور و قاسم قادری ئەندامی دامەزرێنەری "ژێ کاف" لەسەر سنووری هەر سێ پارچەکەی کوردستان و لە ئەنجامدا چەند بڕیارێکی گرینگیان دەرکرد، کە بریتی بوو لەوەی، دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن و پێوەندی تەواویان لە نێواندا هەبێت و ئەمە لە هەموو بەشەکانی کوردستان جێ بخەن تا لە پاشەڕۆژدا گەلی کورد ڕزگار بکەن و مافی نەتەوایەتی خۆی وەربگرێت. هەروەها توانیان یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لە حوزەیرانی ١٩٤٣دا بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک لە چاپ بدەن و بڵاوی بکەنەوە".

هەموو ئەمانە دەرخەری بیری کوردایەتی فراوان و سنووربڕی قازیی نەمر و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی بوون. ئەم نەخشە سیاسی و ئایدۆلۆجییەی پێشەوا کە خەونی کوردستانێکی گەورە و ئازادی بۆ دواڕۆژ وێنا کردووە، هەرزوو بە پلانی هەندێ لە ئاغا و خائینەکانی ناوخۆ و هەروەها دەسەڵاتی پاشایەتی دەخوێنرێتەوە و ترسیان وەبەر دەکەوێت، لەو ساڵانەدا تا ئێستەی کۆماری ئیسلامیی، هیچ جیاوازییەک لە تێڕوانیندا بەرانبەر کورد و مێژوو و خوێن و خەباتەکەی نەهاتووەتە ئاراوە و بگرە چەواشەکاریی زیاتری تێدا کراوە.

ئێستەیش لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تۆ لە مەهاباد بە ئاسانی ناتوانی سەردانی مەزاری نەمران قازی محەمەد و سەیف و سەدری قازی بکەیت، زۆرجار هەیە دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەو بەشەی گۆڕی نەمرانی تێدایە، داخراوە و زۆرجار ئەوانەی تەنانەت وەک گەشتیار لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەچنە سەر مەزاری نەمرانی مەهاباد، بە زووترین کات بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات دەکرێن.

ئەمە پیشاندەری ترس و تۆقینێکە لە قۆناغێکی زێڕین و درەوشاوە لە وشیاری و ڕابوونێکی ڕەمزی بە خەونی کوردستانێکی گەورە و ڕزگارکراو و ئەندێشەی کوردایەتی بە گشتی، مەگەر هەر ئەم ئەندێشە بەرینەی قازی محەمەد نەبوو مەشخەڵەکەی

دایە دەست بارزانیی نەمری هاوبیر و هاوخەونی و تا ئێستەیش ڕێبازەکەی ئەو ڕێی ڕزگاریی کوردستان و ئازادی و سەربەخۆییان بە ڕووناکی و درەوشاوەیی هێشتووەتەوە؟

لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی پێش ئەوەی سەپاندنی سزا بێت بەسەر ئەندێشە و بوونی کوردانە و کوردایەتی ئەواندا، هەڵبژاردنی ڕێی ڕزگاری و سەربەخۆیی گەل و جەماوەر و نیشتمان بوو لەلایەن ئەم نەمرانەوە، بەخشینی نەمری بوو بە خەونی کوردستانێکی گەورە و ئازاد، شێوازی مەرگیشیان و نواندنیان بەسەر سێدارەوە، دەرخەری ئەو ترس و تۆقینە مێژووییە بوو کە ڕژێمی پاشایەتی ئارەزوویان دەکرد بەو شێوەیە بیرووشێنن و لەباری ببەن، بەڵام خەیاڵدانی کوردایەتی و کوردپەرەوەری کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەو وێنانە زیاتر باڵایان کرد و قین و ڕقی ڕەشی دوژمنانی خۆیان باشتر ناسی و بۆ قووڵترکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی و سیاسیی و دروستکردنی ڕەمز و هێما نەمرەکان، زیاتر ئەم شکۆ و حەماسەیەیان هۆنییەوە و گێڕایەوە و ئێستە ئەو سێ سێدارەیە، باڵای بەرزی درەختی ئارەزوو و خەونی ڕزگاری و سەربەخۆیی و خۆناسی و دوژمنناسی ئاودێریی دەکەن، پیرۆز بێت یادی ئەو خوێنە شکۆمەند و پیرۆزانە و ئاوەدان بێت نیشتمانی کورد و کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٢

## ڕێچکەیەک لە پێشەوا قازی محەممەدەوە هەتا ئەمڕۆ



(بەرەو دەی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)

**قادر وریا**

لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەران و بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەووەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا دەبینرێن . دەیان کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزب و هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.


## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

دەی خاکەلێوە، هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جێی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. دەی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. دەی خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە رزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان، لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

٢٥ی مارچی ٢٠٢٤

-----

### سروشتی فرەلایەنەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تایبەتمەندیی کاروانی شەهیدانی




بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و فرەلایەنی خەباتی

ئازادیخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی و گشتی و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شار و ناوچەکانی کوردستان، تێی دا بەشدارن. شاری، لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی،خوێندکار، وەرزێر، کرێکار،ئەفسەر و سەربازی نیشتمانپەروەر،بە شانازییەوە لەم خەباتە دا بەشداربوون. شار و ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار،مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، رەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، دانیشتووانی شار و ناوچە جیاوازەکانی پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشان و قوربانیدان کردوە و رۆڵەی خۆیان رەگەڵ خستووە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و پەیرەوانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردوە و بە هی خۆیان زانیوە. چەندین کەس لە دانیشتووانی ئازەریزمانی کوردستان و ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ریزی تێکۆشەرانی و بە چەندین کەسیان لە ریزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە و خەبات لە رێی نەتەوە و نیشتمان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتیاندا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

زۆر لە عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لەگەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان،لە ریزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە و شەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە رێگای ئازادی، لە کوردستان شار و گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەوای و زەمینیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و دانیشتوانیان شانبەشانی رۆڵە پێشمەرگەکانیان رووبەرووی هێرشکەران دەوەستانەوە و بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی پۆشتە و پەرداخی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوان هەر تەنیا پەشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و دابینکەری نان و ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. راستە هەر شارێک، هەر گەرەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازیی و بەخشندەیی لە رێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام

هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوند و تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدان و خۆبەخت کردنیان بەر کەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدار وقەدرزانی ئەو شار و ناوچە وگوند و بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

٢٦ی مارچی ٢٠٢٤

------

## مێژوویەک لە قوربانیدان لەو دیوی ڕابوونی نەتەوەیی نێستامان



"گەلێک ئازادیی بویَ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن.

مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستی و ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێدا، کاروانی گیانبەخشین و سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستان و سەربەرزیی کورددا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت.

هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی

نـانەوازادە جێگـری وەزیـری بەرگریـی کۆمـار، یەک لەوان بـوو. دواتر،کـووژانەوەی مـۆمی تەمەنـی جمهـووریی کوردسـتان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە کوردییە و بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لەگەڵدابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشـەمەی ١٣٢٥ی هەتـاوی، سێدارەی بێداد بـۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپـارێز هەڵخرا. عەلـی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکـان، لە گەڵ ١١ ئەفسـەر و پێشمەرگەی ئیفتیخـاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خـانی فـاروقی، عەبـدوڵلاخانی مەتـین، محەممـد خـانی دانیشـوەر، محەمـمەد خـانی فەیـزووڵلا بەگی،حەسـەن خـانی فەیـزووڵلا بەگـی، ئەحـمەد خـانی شەجیعی،عەلی خـانی فـاتیح، عەلـی ئاغـای جەوانـمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یـازیبلاغی، شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانی و ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبـن بە پێشـەنگی کـاروانی نەپسـاوەی ڕێـی تێکۆشـان. دوو حەوتـوو دواتـر، قـازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، دەبێتەوە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمـانی قازی محەممەددا، کە لە تاریک و ڕوونی١٠ی خاکەلێوەی١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قـازی، بـرای پێشـەوا قـازی و نـوێنەر لە پـاڕلمـانی ئێـران و، حەمەحوسێن خـانی سـەیفی قـازی ئـامۆزای پێشـەوا و وەزیری بەرگریی کۆمار، هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قـازی محەمـمەد بە داکـۆکییە پڕشـانـازییەکەی لە مافەکـانی نەتەوەکەی و بە چـوونی سـەربەرزانەی بـۆ سـەر داری بێـداد، هەروەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانیدا، ناوێکی هەتاهەتـایی و ڕێگایەکی بێکۆتـایی بۆ خۆی ڕەنگرێژ کرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون
ئێوە من ئێعدامم کردوون
کەی لە پاش من بێخەم دەبن
هەر کوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان
سەربەرزییە بۆ گشتمان"

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتـاوییەوە،کـاروانی نەپسـاوەی ڕێـی تێکۆشـان بە سـەرقـافڵەیی سـەرکۆماری شـەهیدی کوردسـتان، ڕێگـای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئـازادی:

"هەر کاروانێ،
بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،

کەم بن یا زۆر،
دەگەنە خۆر".

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان، قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان کوژایەوە، بەڵام خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارەدا نەوەستا و ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنی و چوونە بەندیخانە و پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەدا و دەستیان بەرنەدایەوە.

راپەڕینی چەکدارانەی٤٦ - ٤٧(١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێکدا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا سەپا، کە شای ئێران، خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنی و سەقامگیری.بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە رووبەرێکی بەرین لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی رێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدان و دڕانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتە و پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادر و بەڕێوەبەر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا رەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاح و کۆمەڵێک ناوی دیکە، تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

------

"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ رێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ".

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مێژساڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین رۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن، بیری لە ناودێر کردنی رۆژێک بە ناوی "رۆژی شەهیدانی کوردستان" کردووەتەوە. بۆ ئەم رۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو رۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە رۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و

سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیو سەدەیە لە گەڵ ئەم حیزبەدا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوەدا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوەدا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکان و ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

٢٧ی مارچی ٢٠٢٤

------

## لەمەیدانی خەبات و قوربانیداندا حیزبی دیموکرات بەتەنیا نەبووە!



لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران و داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بەسەر خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیدانی گیانی و ماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرش و پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێراندا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەوی و ئاسمانەوە و، دانیشتووانیان ئاگر و ئاسنیان بەسەر دا بارا. دانیشتووانی دەیان گوند لەگەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان، سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ ،کەرێزە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار،

خەلیفەلیان، شێخ مارف، چەقەڵ مستەفا و چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەسات و قەلاچۆی گەورە و بچووکی دانیشتووانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترە و سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن .

❊❊

نزیک بە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەر و ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

❊❊

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کورد و کوردستان دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر،بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگری و لەشکانننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمندالْ گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەشێک لە شەهیدانی کوردستان، ئەو لاوانەن کە لەکاتی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر ستەم و تاوانەکانی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، گیانیان لەدەست داوە. ئەو ژن و پیاوانەی لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا لە کوردستان خەڵتانی خوێنی خۆیان کران، لە ڕیزی نوێترین شەهیدانی کوردستانندان.

### لە ئاوڕدانەوە لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا دوو خاڵ شایانی وەبیرهێنانەوەن:

١- ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش دەستی لە زەبروەشاندن لە تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد نەپاراستووە، بە هۆی بۆمبارانی هەوایی و لەم ساڵانەی دواییدا مووشەکباران و بەکارهێنانی درۆن بنکە و ماڵی ئەوانی لەنێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کردووە بە ئامانج و دەیان تاوانی خوڵقاندووە. هەروەها لە هەرێمی کوردستان، لە تورکیە و وڵاتانی ئورووپایی، کردەوەی تێرۆریستیی بۆ لەنێوبردنی خەباتکارانی کوردی ڕۆژهەڵات بەکارهێناوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێبەران و سیما دیارەکانی ئەوانی بەم جۆرە شەهید کردووە.

٢- لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا، حیزبی دیموکرات بە تەنیا نەبووە، ژمارەیەک حیزب و

ڕێکخراوی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لە خەباتی سەخت و خوێناویدا بوون و باشترین و بەوەجترین ڕێبەران و تێکۆشەرانیان لە مەیدانەکانی ئەو خەباتەدا، گیانیان بەخت کردووە. کاتێک ئاوڕ لە کاروانی شەهیدان دەدەینەوە، دەبێ خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانە و قوربانیدانی ئەوانیشمان لەبیر بێت و بەڕێزەوە ئاوڕیان لێبدەینەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٤

# دەی خاکەلێوە رۆژی هەموو شەهیدانی کوردستان



**مەجید حەقی**

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧ی زایینی) دا پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشیدا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی(٢٢ - ١ - ١٩٤٦ی زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ راگەیەندرابوو، لە سێدارە درانو شەهید کرانو هەر ئەو رۆژە لەسەر شانو پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧ی زایینی) زایینی) ئەو رۆژەی وەک رۆژی شەهیدانی کوردستانی راگەیاند. راگەیاندنی دەی خاکەلێوە وەک رۆژی شەهیدان وەک رووداوێکی لەنەکاو و بۆنەیەکی حیزبی نابێ سەیر بکرێ، بەڵکوو ریشەی ئەو راگەیاندنە دەبێ لە رۆحی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی دەبێ ببیندرێ.

هەموو نەتەوەیەک خاوەنی هەندێک نرخ و سەمبۆلی هاوبەشن، کە ئەندامانی کۆمەڵگاکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی هەمان ساڵ خاڵ گۆڕانی گرنگن لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد کە بە کورتی دەتوانین ناوی "پەڕینەوە" لە دۆخی خەباتی عێلەکی بەرەو بەنەتەوە کردنی گەلی کورد ناو ببەین. لەو ڕووەوە دەکرێ ئەو دوو ڕووداوە سەمبۆلیکیە لە لانی کەم روانگەی ئاڵ و گۆڕی نرخەناوخۆیەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان ، هەل و مەرج و نرخە سیاسیەکانی جیهانی ئەو کات، سەرچاوە سروشتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و دەوروبەر لێک بدەینەوە. بەو پێیە ڕاگەیاندنی دەی خاکەلێوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، هەروەک دیاری کردنی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە بە هەنگاوێک بەرەو نەتەوەیی کردنی ئەو نرخە حیزبیانە دادەنرێن کە شوێن دادەنێنە سەر نرخە ناوخۆیی و سروشتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و دەبنە هۆی گەشە سەندنی ناسنامەی هاوبەشی نەتەوە بندەست بەڵام خۆ ڕاگرەمان .

ئا لەو روانگەیەدا، ئەمرۆ خەباتی ئێمە لە پێناو دیاری کردنی مافی چارەنووس بە پێی هەل و مەرجی ئەمرۆیی ناوخۆیی و ناوچەیی واتا بەخشتر شی دەکرێتەوە و فەلسەفەی بوونی حیزبێکی نەتەوایەتی و بزاڤی نەتەوایەتی لە روانگەی گەشە کردنی کۆمەڵگادا ڕوونتر دەبیندرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندنی ڕۆژی شەهیدان و ڕۆژی پێشمەرگە لە ٢٦ی سەرماوەزدا، هەنگاوێکی لەنەکا و "ابتدا بە ساکن"ی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو وەک درێژەی رەوتی گەشە کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد، وەک ئەرکی حیزبێکی پێشرەو لە بزاڤی نەتەوایەتیدا دەست پێکەری جوڵانەوەیەکی رادیکاڵی نەتەوایەتی – کۆمەڵایەتی و دیکۆنستراکتیڤی کۆمەڵگا بوو. ئەو هەنگاوە خاوەنی ریشەی مێژوویی خۆی بوو، لە یەک جێدا لە دەستی پێنەکردو دیاردەیەکی کورتخایەن نەبوو، بۆیە دیاردەکانی پێوەندیدار بە دەستپێک و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ و دەشێ لە روانگە جۆراوجۆرەکانەوە لێی نزیک ببین و گوتاری نەتەوایەتی بزاڤی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە روانگەی نرخە نەتەوایەتیەکانی ئەو بزاڤە دەشێ شی بکرێنەوە .

پەیامێک کە پێشەوای نەمری کوردان، قازی محەمەد بە گەلی کورد دا، لە وەسیەتنامەکیدا ڕوونە، ئەو داوای خەبات، یەکگرتوویی، خوێندن و پێشکەوتنی بێ وەستان و بڕوا بە خۆبوون و کەسایەتی خۆ دەکات. دۆزینەوەی کەسایەتی "خۆ" دۆزینەوەی ناسنامەی تاقەکەسی و نرخە هاوبەشەکان و لە ئاکامدا دۆزینەوەی پێناسەی نەتەوایەتی خۆیە. لەو ڕووەوە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد، ڕاگەیاندنی دووی ڕێبەندان و بەداخەوە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و زۆر لە ڕێبەرانی جوڵانەوەی نەتەوایەتیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ستراتێژی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کوردیان بە پلانێکی نوێ و خوێندنەوەیەکی تازە هێنایە کایەوە کە گەشە کردن و بە ئامانج

گەیاندنی ئەرکی نەوەی ئەمرۆیە. لەو رووەوە بەنەتەوەیی بوونی رۆژی شەهیدان لە راستیدا بەنەتەوەیی کردنی هەموو ئەو بەها گرانانەیە کە شەهیدانی کوردستان لە پێناوەی ئامانجەکانیان گیانیان فیدا کردووە.

به هیوای ئەو رۆژە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠٢٤

## کاتی!

## کارەسات و شوناس!




(بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە)

**عەلی لەیلاخ**

لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بەختەوەرن و سەرێکیان هەیە بۆ بەرزڕاگرتن، "کارەساتەکان" بووتە هۆی پتەوبوونی هەستی شوناسخوازی و وەکوو دەزوو و بەنی تەسبێحێک کە تاک و کۆمەڵی پێکەوە بەستووتەوە.

ئەگەر لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی وڵاتانی ئەمریکای لاتین مەرگی "چەگوارا"و ساڵوادۆر ئالندە" بووتە نمادی سەرکوتکاری و ئەو کارەساتانە بوونەتە بەشێکی بەهێز لە بنیاتنانی شوناس و مافخوازی کۆمەڵگەی ئامریکای لاتین و بە هەمان شێوە لە نەتەوەکانی دیکەش بە کارەساتەکانەوە پەرەیان بە شوناسخوازی خۆیان داوەو خۆدی کارەساتەکان لە شکڵگرتنی دەوڵەت_نەتەوەکان لە ناوچەو لە ئاستی جیهانیشدا دەوریان هەبووە.

ئەی لە نەتەوەی کورد؟! بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتە نەمانتوانیوە وێژمانی هۆڤیەتیی کوردی پێ پێناسە بکەین؟ لەیەک سەد ساڵی ڕابردوودا "منها"ی قۆناخەکانی دیکەی مێژوو ئەوەی بەسەری خەڵکی کورد هاتووە دەبووا لانیکەم هەرکام لەو کارەساتانە ئیمزایەک بووا لە ژێر بەڵگەنامەی شوناسخوازیی گەلەکەمان.

سازبوونی کاریزما بۆ نەتەوەیەک ئاسان وەدەست نایەت بەڵام کەمتەرخەمی لەوبارەوە قەرەبووکردنی ئاستەمە! بۆنموونە ئەگەر ڕووداوەکانی کۆماری کوردستانەوە بە "ئەڵەک"ی شوناسخوازییەوە "تلێتەو خلێتەی"بگرین. ئەوەی کە بۆ پاراستن و ڕێزگرتن و بەشاندنی گشتیی نێو کۆمەڵگە دەمێنێتەوە کەسایەتی و چۆنیەتیی لە سێدارەدانی "قازی محەممەد"ە و لێکەوتەکانی ئەو ڕووداوە هەتا دەگاتە شۆڕشی ٥٧ و تا ئەمڕۆ کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە شاهیدی مانیفیستی هۆڤیەتخوازییەکی بەربڵاوین نەک تەنیا بەرانبەر بە "ناوەندگرایی" بەڵکوو جۆرێک خۆنواندنێکی خەباتکارانەیە لە هەمبەر هەرچەشنە هەڕەشەو نکۆڵی و کەتمان.

بەڵام جێیداخە کە لە ئەمڕۆ تازە شاهیدی جۆرێک بەرانبەر بەیەک ڕاوەستانین لە ژێر ناو و ڕەمزێک کە بۆ سەربەرزی و یەکگرتوویی ئێمە گیانی بەخت کرد.

لە کتێبی"کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی کەمێک ڕوونتر بۆمان دەردەکەوێ کە قازی محەممەد ئۆتوریتەی "پێشەوایی"هەبووە. دەی ئەمەش دەبێ وەکوو نرخ و سامانێکی گشتی سەیربکرێت هەروەها کە هەموو ژێرخان و بانخانەکانی وڵات هی خەڵکە! دەی کاریزما و ڕێبەرانیش دەبێ بەشی هەمووان بێت و واز لە "وەهمی" لێدان لە ڕەمزەکانی نیشتمان بهێنین.

ئەگەر لەسەر مەرگی سالۆادۆرئالندە کە لە کۆشکی سەرۆککۆماریدا کوژرا، گابریل مارکزە-کان چیرۆک و ڕۆمان دەنووسن و لە لای خەڵکی وڵاتانی ئامریکا لاتین ڕێزی تایبەتی هەرماوە. بێگومان قازی محەممەدی ئێمەش وەکوو "یەکەم رەئیس جمهوری" کوردستان بەبێ کۆشک و تەلار لانیکەم هێندە ئاکاری بەرز و گەورەیی ئەو ڕووداوە ماتەوزەی تێدایە کە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات بۆ هاوشوناسی و هاوخەباتی.(گلەیی ئەوەش ناکەم کە لەسەر کارەساتەکانمان جگە چەند سروود و گۆرانی هیچی دیکەمان پێی نییە بۆ نەوەی نوێ) ئەگەرچی پێشەوا بووتە بەشێکی هەرمان لە "بیرەوەریی هاوبەش"ی هەرچوارپارچەی کوردستان .بەڵام بۆ بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ وەکوو "ڕەمزی خەباتی هاوبەش"سەیر بکرێ و هەرجۆرە لادان و ملنەدان بە "ڕەمزە"کان لانیکەم لە ئێستادا خەسارەتبارە و هەرکەسیش بیکات تاوانبارە.

## کۆتا قسەم

بابەتێکی قووڵ نییە، با هەوڵ بدەین ئەگەر "ویستی هاوبەش "تا ئێستا ئێمەی کۆنەکردووتەوە با "کارەسات"ـەکان و ڕێز گرتن لە کاریزماکان پێش لە یەکترازانی زیاترمان بگرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢٤

## نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان




**ئەنوەر کەریمی**

زۆر لە مێژە گەلی کورد و ڕێبواران و قوتابیانی بە وەفای پێشەوای مەزنی کورد قازی محەممەد، کە لە مەکتەبی کوردایەتیدا بە بیر و هزری نەتەوەیی فرچکیان گرتوە بڕیاریان داوە کە لە یادو بیرەوەری شەهیدان دا تازیە بار نابن و شین ناگێڕن، بەڵکوو لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی لە سێدارە دان و شەهید بوونی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەممەد و هاوڕێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی کە لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوی و حەمە ڕەزاشای گۆڕ بە گۆڕ ئەو جنایەتە ناجوامێرانەیە دژ بە میلەتی کورد و سەرۆک کۆمارەکەی ئەنجامدراوە، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کراوە. لە یادو بیرەوەری شەهیداندا نیشتیمانپەروەرانی دەرووەست و ڕۆڵە دڵسۆز و بە هەڵوێستەکانی گەلی کورد بە چوونە سەر گۆڕی شەهیدان و سەردانی بنەماڵە سەربەرزەکانیان، پەیمان و بەڵێنی نوێ دەکەنەوە کە تا گێشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای سەربەستی کوردستان لە درێژە پێدان بە ڕێبازی پیرۆزیان لە خەبات و بەرخۆدان دژ بە داگیرکەرانی کوردستان بەردەوامن و ناوەستن.

بەڵێ بێ گومان لە یادوبیرەوەری شەهیدان دا شین ناگێڕین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەوڵی بە لاڕیە دابردن و کەم

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم


ڕەنگ کردنەوەی ئەو یادە بە بیانووی نەورۆزو هەڵپەرکیە لە ١٠ خاکەلێوە ئاسایی و ڕەوا بێت!؟ بە پێچەوانەوە هەر کەس و لایەنێک بە هەر بیانوویەک پێچەوانەی ویست خەڵک و ڕێبوارانی بە وەفای شەهیدان دژ بە بەرز ڕاگرتنی ساڵیادی شەهیدانی کوردستان بوەستنەوە!؟ بە دڵنیایەوە خۆیان شەرمەزاری مێژوو و شەهیدان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەن.

**نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢٤**

---

## ئەو بڕیارانەی بوون بە نەریت!



**ناسر باباخانی**

دوو ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و ٢٢ی پووشپەڕ لە ڕۆژژمێری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەنووکە وەک نەریتێکی ساڵانەیان لێهاتووە، بەرهەمی "بڕیاری خەڵک" لەناوخۆ بوون.

هۆکارەکەشی جگە لە جۆری پەیوەندی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکرات، دەگەڕێتەوە سەر "ڕەهەندی کاریزماتیکی" ئەم دوو ڕێبەرە کوردە کە ئێعدام و تیرۆر کردنیان لە لایەن دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە، جەغزێکی پیرۆزی بە دەوریدا کێشاون.

لە لایەکی تریشەوە "ئاستی شوێندانەری" ئەوان لە پاش مەرگیان، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کەموێنەیە. بۆیە دەمێکە ئەم دوو ڕۆژە وەک کاتالیزۆرێکن بۆ ئەوەی تووشی "فەرامۆشی" نەبین.

بەتایبەتی پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ڕێبازی گیانبازانی کوردستان لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە کە وەک ڕۆژی شەهیدانی

کوردستان نێودێر کراوە، ڕێک بۆ دەربازبوون لە پەتای فەرامۆشییە!

وەک چۆن بۆ لە سێدارەدرانی چوار پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ڕێبەندانی ساڵی پار، منیش دەنگم خستە پاڵ دەنگیان بۆ مانگرتن، ئێستاش کاتی ئەوەیە هەموومان شکۆی نەورۆزی مەشخەڵان و سەمای جامانەکانی ئەم بەهارە، بە ڕێز گرتن لە یادی پێشەوای نەمر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان گرێ بدەین.

**ئەم وتارەی خوارەوە، دەستی ڕێزە لە سەر سینگم بۆ یادی پێشەوای نەمر قازی محەممەد.**

## پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر!

لە مێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، کارەکتێری کاریزما و چەمکی کاریزمایی دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. دیارە نموونە زۆرن کە دەکرێ بە نیسبەت کاریگەریی بەربڵاویان، یا ئاستێکی سنووردارتر، باسیان لێوە بکەین، بۆ وێنە کەسایەتییەکی کاریزما دەتوانێ تەنیا سەرۆک عەشیرەتێکی کورد بێ یان سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری یان گشتگیرتر، وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

هەندێ کەسایەتی لە پاش مەرگیان لایەنە کاریزماتییەکەیان تۆختر دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەمیش بەشێکی بگەڕێتەوە سەر چەمکی مەرگ بە تایبەتی لە قالبی کوژران بە دەستی نەتەوەی باڵادەست کە دواجار دەبێتە چەمکێکی ڕەمزی وەک شەهید بۆ نەتەوەی بندەست. ئەم شەهید بوونە لە پێناو گەل و نەتەوە جۆرە پیرۆزییەک دەبەخشێتە کاریزما، کە شوورەیەکی پۆڵایین لە خۆشەویستیی خەڵک بە دەوریدا دەکێشێ و تەنانەت ئەوەندە ئەم ڕێز و سۆزە بەرز دەبێتەوە کە بە هیچ کلۆجێک کۆمەڵگا تابشتی بچووکترین ڕەخنەی لە کاریزما نامێنێ و ڕەنگە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی بێبەش لە هەموو مافەکانی، شتێکی سەیر نەبێ وەها پارێزگارییەک لە کاریزماکەی خۆی. بۆیە ماکس ڤێبەر گوتەنی جۆری پەیوەندی کاریزما و خەڵک، زیاتر دێتە خانەی هەست و سۆزدارییەوە، بەتایبەتی کاریزمایەک کە ڕەهەندی ڕووناکبیریشی پێوە دیار بێ!

سەبارەت بە ڕەهەندە ڕووناکبیرییەکەوە ڕەنگە کەلک وەرگرتن لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعید بۆ جۆرەکانی ڕووناکبیر بۆ شرۆڤەی باسەکەمان بەسوود بێ! سەعید قایل بە بوونی دوو جۆرە ڕووناکبیرە: ڕووناکبیرە سوننەتییەکان و ڕووناکبیرە ئۆرگانیکەکان. بە باوەڕی ئەو ڕووناکبیری سوننەتی - وەک مامۆستایانی ئایینی - زیاتر لە ڕوانگەی پەند و نسحەتەوە

مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەکان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیری ئۆرگانیک بوونەوەرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگرە. ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەگەڵ بارودۆخی وڵات و زرووفی زەمانی بیر و باوەڕیان بیچم دەگرێ و دەبن بە بەرهەمهێنەری گوتار.

بەم تایبەتمەندییانە دەکرێ پێشەوا قازی محەممەد وەک کاریزمایەکی ڕووناکبیر لە قەڵەم بدرێ. دەکرێ بڵێین پێشەوا لەسەر بنەمای پاشخانێکی فکری لەوەپێش، لەگەڵ هاوڕێیانییە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە و لە هەمان کاتدا پێویست، بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشت لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکا کە توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم گوتارە وامداری کەسایەتی کاریزما و هزری ڕووناکبیری پێشەوایە. گوتارێک کە دواجار دەبێتە گوتاری زاڵی کۆمەڵگا، لە کاتێکدا هەندێ ئامال گوتاری ئایینی و ئامال گوتاری "کۆیلە - ئاغا" و سوننەتیش باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، لەڕاستیدا لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بە ڕوونی دەدیترێ. بۆ وێنە ژن بە گشتی، منداڵ، چینی هەژاری لادێیی، چینی مامناوەندی شار، ڕووناکبیری پەراوێزخراو و... هەموو لەم هاوکێشەیەدا دەچەوسێندرێنەوە.

تا سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیرانی سوننەتی، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابووریان لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون و هێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو، بەڵام توانایی گوتارسازی و جەرەیانیان نەبوو، چون لە حەقیقەتدا نە بە تیۆری پشتئەستوور بوون و نە بە پێشوازییەکی ئەوتۆی خەڵکی چەوساوە. هەر بۆیە لەگەڵ هەرەسی کۆمار هەر ئەوانن کە دەبنە هاودەست و هاوداستانی ئەرتەشی پاشایەتی. بەلام بەپێچەوانەوە ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، بە ناسینی دۆخی وڵات و کەلک وەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو، بەرەبەرە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای پێناسە و شوناسی نەتەوایەتی دەکەن بە گوتاری زاڵ بۆ ڕووخاندنی ئامال گوتارە سوننەتییەکان و دواجار لەناو بردنی هاوکێشەی چەوسێنەر - چەوساوە!

"دەسکەوت"ەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا وەک دەرکەوتە و دەرئەنجام گرینگترین چەمکی لێکدانەوەی شرۆڤەکارانە بۆ ئەم کۆمارە ساوایە، کە زۆربەی دەسکەوتەکان خۆی لە هەندێ دامەزراوە و ڕێکخراوەی تایبەتدا دەبینێتەوە کە لەوە پێش بوونیان نەبووە و سەرجەمیان تەعبیر لە دەسەڵاتی خەڵکی دەکەن، وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەری جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و

بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێکهاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو".

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دەسکەوتانە بەرهەمی ئاڵۆگۆڕێکی مێژوویین، یان وردتر بڵێم خاڵگۆڕانێکی مێژوویی کە لەسەر دەستی پێشەوا ڕوو دەدا کە بریتی بوو لە گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە تەعبیری مامۆستا هەژار حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر داروپەردووی ژێکاف سەرهەڵدەداتەوە، ڕێک ئەوەی نەمر زەبیحی باس لێوە دەکا کە حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕاستیدا یەک حیزب بوون بەڵام لە سێ قۆناغی زەمانی جیاوازدا.

دەکرێ جۆری خوێندنەوەمان بۆ ئەم خاڵگۆڕانە ئاوا بێ کە ئەوە پێشەوایە کە هزرەکەی کۆمەڵەی ژێکاف لە چینی ڕووناکبیرەوە دەگوازێتەوە قالبی دامەزراوەیەک وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەم جارەیان نەک هەر ئێلیتەکان و بژاردەکان، بەڵکوو کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بە یەکجاری لەناوبچێ! ئەوە ڕێک بەشینەوەی ناسنامەیەکە بە سەرجەم تاکەکانی نەتەوەیەکی حاشالێکراو و لە هەمان کاتدا کردنی پرسێکی نهێنی و دەروونی و خۆجێیی، بە پرسێکی سەرانسەری و هەروەها تێوەردان و سەرنج ڕاکێشانی زەلهێزەکانی جێگیر لە ناوچەکە بۆ پرسی کورد!

پێشەوا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە وەک ڕەئیس جمهووری کۆمار کاری کردووە بەردەوام هەندێ کۆدی تایبەتی بڵاو کردۆتەوە کە لە زۆر شوێنی ڕۆژنامەی کوردستاندا - ئۆرگانی حیزب - دەدیترێ، کە دەکرێ وەک کلیل وشەکانی گوتاری کۆماری کوردستان سەیر بکرێن، ئیتر لە قۆناغی بوونی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک دەسپێک، کەسایەتی کاریزمای پێشەوا ئەم حەولە بە ئەنجام دەگەیەنێ، لەمەوبەدوا دەوری پێشەوا جگە لە دەوری کارگێڕێکی کاریزما، دەوری ڕووناکبیرێکی بەرهەمهێنەری گوتاریش بەخۆوە دەبینێ.

ئەگەر سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە بکەین: ئاڵا، پێشمەرگە، کۆمار، سروودی نەتەوەیی، میللەت، سەربەخۆیی، ئیستقلال و... ئەمانە هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەردەوام وەک مۆتیڤی سەرەکی دووپات دەبنەوە. لەپاڵ ئەمانەوە پێشەوا هەندێ کۆد دەداتە دەرەوە کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی مافی چارەنووسی دوارۆژ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پشتیان پێوە ببەسرێ. بۆ نموونە پێداگری پێشەوا لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک وەک جاڕنامەیەک کە ڕێز لە دیاری کردنی

مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، کاتێ ڕاستەخۆ لە ڕۆژنامەی کوردستان سوێند بە شەرافەتی میللی کورد و بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان دەخوا بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، کاتێ کاروباری دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان دەسپێرێتە زەبیحی، کاتێ چەمکەکانی سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەدا دەبنە مۆتیڤی سەرەکی، کاتێ خەریتەی کوردستانی گەورە لە ژووری کارەکەی هەڵداوسێ و... هەمووی ئەوانە تەعبیر لەوە دەکەن کە پێشەوا چاوی بڕیوتە دواڕۆژی گەلەکەی.

کۆی ئەم کۆدانە و هەروەها مێژووی زارەکی تایبەت بە کۆماری کوردستان، پێمان دەڵێ کە پێشەوا مرۆڤێکی دوورەدەست ڕوان بووە، بیری هەر لە سەردەمی خۆیدا قەتیس نەماوە و گەشبین بووە بە داهاتوو، ئەگینا هەرگیز گیانی خۆی بەخت نەدەکرد. ئەو بێگومان گیانی لە پێناو ئامانجێک دانا کە لە سەردەمی ئێستادا بۆتە خولیای تاکی کورد کە ئەویش پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووسە!

## پەراوێز:

١- وەک کەوانەیەک، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هەندێ جار سنوورێکی زۆر ورد لە نێوان کاریزماتیسم و دیماگۆژیسم هەیە. دیماگۆژیسم لەسەر بنەمای درۆ و فریو و بەلاڕێدا بردنی خەڵک دامەزراوە و بەپێی بەرەوپێشچوونی زەمان ڕووە شاراوەکەی وەدەردەکەوێ و خۆ دەدۆڕێنێ، کەچی ئەم جۆرە کاریزمایەی وەک لە سەرەوە باسم کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیشەکانی زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی هەست و ئاوەزی خەڵکەکەیەوە.

٢- ڕەنگە من لەگەڵ دەستەواژەی ڕووناکبیری سوننەتی گرفتم هەبێ، بەڵام ئەم دابەشکردنەم بۆ ئەم بابەتە پێ گونجاو بوو!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠٢٤

## شەهید بە ژیانی نیشتمانێک بونیات دەنێ




**کەریم پەرویزی**

ئەو رۆژەی کە لە بێدادگایەکی رژێمی ملهوڕی پاشایەتیدا، حوکمی دژە مرۆڤایەتیی ئێعدامیان بەسەر پێشەوای نەمردا سەپاند، پێشەوا گوتی ئێوە قازی موحەممەدێک لەدار دەدەن، بەڵام ئەم کوردستانە پڕ دەبێ لە هەزاران قازی موحەممەد! دوکتور قاسملووی نەمریش بە هاوڕێیانی گوت کە دوای مەرگم لەسەر کێلەکەم بنووسن: کە من مردم کورد نامرێ! دوکتور سەعیدی نەمریش لە ڕێورەسمی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوودا گوتی کە ئێمە بەڵێنمان لەگەڵ رێبەرانی شەهید نوێ دەکەینەوە و لەو ڕێگایەدا یان سەر دەکەوین یان سەردادەنێین!

رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی لە لایەن دەسەڵاتی خۆسپێن و ملهوڕی پاشایەتییەوەیە و لە درێژەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورددا بە هەزاران کەس لەو ڕێبازەدا گیانیان بەختی سەروەری و بەختەوەریی کوردستان و نەتەوەی کورد کردوە و لە پێناوی بونیاتنانی نیشتمانێکی پڕ لە ئاوەدانی و یەکسانی و دادپەروەریدا گەورەترین سەرمایەی ژیانیان پێشکەش کردوەو هەر بۆیە و بۆ ڕێزدانان و یادکردنەوە و بەردەوامیدان بە

یاد و ڕێبازی هەموو شەهیدانی کوردستان، ١٠ی خاکەلێوە وەکوو ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسێندراوە.

شەهید بوون لە ڕێبازێکی پڕ لە شانازی و سەروەریدا، لەو هزرە قووڵەوە مانا وەر دەگرێ کە ڕێبەرانی شەهید وانەبێژی بوون. لەو وانە مێژووییەدا کە بە درێژایی تەمەنێک لە خەبات و قوربانیدان و گیانفیدایی لە کوردستاندا وەدی هاتوە و ڕێبەرانی ئەم گەلە باسیان لێ کردوە، شەهید بوون یانێ هەزاران پاتبوونەوەی تاکی خەباتکار، بەو واتایەی کە پێشەوای نەمر دەڵێ، مەرگ و لەسێدارەدان کۆتایی شەهید نیە بەڵکوو سەرتایەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بەهەزاران تاکی دیکە لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵدەگرن و لەڕاستیدا وێنەی خەباتکاری بە هەزاران هەزاران لێی هەڵدەگیرێتەوەو لە نێو قووڵایی کۆمەڵگادا تۆی خەبات و گیانفیدایی دەچێندرێ و نەوە بە دوای نەوە، تێکۆشەری مافویستی دیکە سەر هەڵدەدەنەوە و هەر بۆیە دەڵێ کە بە لەسێدارەدانی قازی موحەمەد، هەزاران قازی موحەمەدی دیکە لەدایک دەبن و ئەمە هەمان وانەیە کە لە قۆناخی دیکەدا دوکتور قاسملووی درێژدەری ڕێبازی پێشەوا دەڵێ کە بە مەرگی من کورد نامرێ! بەو واتایە کە شەهیدبوون مەرگی نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو لەدایکبوونەوەی بەهەزاران پاتەکراوی ئیرادەی خەباتکارییە کە نەتەوەیەک بە زیندوویی رادەگرێ و زیندوو بوونی و زیندوو مانەوەو بەردەوامیی خەباتی نەتەوەیەک ئەو وانە گرنگەیە کە خوێنی شەهید دەیبەخشێتەوەو دەیڵێتەوە. هەر بۆیە وانەی تێکۆشان و کاروانی خەبات لە زاری دوکتور سەعیددا درێژەی پێ دەدرێ و دەڵێ کە یان سەر دادەنێین لە پێناوی سەربەرزیدا یان سەردەکەوین لە هەورازی سەرفرازیدا! ئەمە پەیامی گرنگی درێژەدەریی خەبات و لەدایکبوونەوەی ئیرادە و سەلماندنەوەی بوونی نەتەوەیە کە دەڵێ بە شەهیدبوونی ڕۆڵە بژاردە و تەڵچنەکانم، نەک بەچۆکدانایەم بەڵکوو ئیرادەی سەلماندنی بوونم وبونیاتنانی نیشتمانێکی ئاوەدان بۆ ڕۆڵەکانم بە پانتایی جوغرافیای کوردستان و بە قوڵایی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بڵاو دەکەمەوە.

پەیامێک کە لە شەهیدانی کوردستانەوە وەری دەگرین، هەمان وانەی پڕ گەوهەر و هەتاهەتاییە کە ڕێبەری شەهیدمان دەڵێ: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە.

لەمێژە پەیمانمان داوە کە لە شەهیدبوونی شەهیدەکانماندا گریان و شیوەن ناکەین و دەستەوئەژنۆ و بە خەم و پەژارەوە دەستەوەستان دانانیشین. لەهەمانکاتدا درێژەدان بە ڕێبازی شەهدیان تەنیا لە تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە دا قەتیس ناکەینەوە؛ هەرچەند دەستی تاوانباران دەبێ ڕۆژێ کورت بکرێتەوە و تاوانباران لە دادگایەکی دادپەروەردا سزا بدرێن بەڵام بۆ شەهیدەکانمان لەباتی تۆڵە بیر لە درێژەدانی ڕێگایان دەکەینەوە، چوونکە شەهید لە تێکهەڵچوونێکی شەخسیدا ژیانی لێ نەستێندراوە تا بە تۆڵەیەک کۆتایی بە بابەتەکە بێ، بەڵکوو شەهید گیانی لە پێناوی بونیاتنانی نیشتمانێک

بۆ یەکسانی و دادپەروەری و ئازادیدا بەخت کردوە و تەنیا بە درێژەدانی ڕێگایان تا وەدیهاتنی ئاواتەکانیان تۆڵەی ڕاستەقینە جێ دەگرێ.

هەربۆیە و بەم فەلسەفەی خەباتکاری و درێژەدان بە ڕێگایەیە کە دەبینین، کاروانی خەباتی کوردستان گەیشتوەتە ئەو جێگایەی کە لە شۆڕشی ژینادا نەتەوەیەک بەتێکڕا لەسەر هەستە و بەهەڵوێستە و سەرهەڵدان لە بەرامبەر ستەمکاریدا بۆتە ئەرکی ڕۆژانەی؛ ئەمە پەیامی گرنگی ڕێبەرانی شەهدی کوردستانە کە گەیشتۆتە هەموو کونج و قوژبنێکی نیشتمان و بە سەدان کەس لە شۆڕشی ژینادا گیانیان دەکەنە فیدای گەیشتن بە ئاواتی ئازادی و سەربەستی و دادپەروەری و غەریب نەبوون لەسەر خاکی خۆت!

هەر بۆیەشە کە دەبینین لە درێژەی شۆرشێ ژینادا لە نەورۆزی مەشخەلانی ڕزگاریدا، ئەوە باوک و دایک و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن کە داگرسێنەری ئاگری نەورۆز و لە ڕاستیدا هەڵگیرسێنەری مەشخەلانی ڕزگاریی دەستی لاوان و ژنان و جوامێرانی وڵاتن و ئاگری کوانووی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان گەشاوە ڕادەگرن.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا بە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان لە کۆمارەوە تاکوو ئێستا پێمان دەڵێتەوە کە گەر گیانبازی و گیانفیدایی ڕۆڵە بە ئەمەگ و خاوەن هەڵوێستەکانی نیشتمان و پێشەنگیی ڕێبەرانی وریا و گیان لەسەردەستی کوردستان نەبوایە ئەم خەباتە ئەوەندە بەرفراوان نەدەبوو و ئەو دڵنیاییەی لای نەتەوەیەک دروست نەدەکرد کە وەدوای پەیامی گرنگی پاداش بۆ شەهدیان واتە درێژەدانی ڕێگایان بکەون و بۆیە دەبینین کە بەخۆشیەوە ئێستا ئیدی ئەرکی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئاوات و ئارمانەکاندا تەنیا و تەنیا لەسەر شانی ژمارەیەکی تایبەت لە تێکۆشەران نیە و خەباتی کوردستان بۆ بونیاتنانی نیشتمانێک تەژی لە ئاوەدانی و دادپەروەری و ئازادی، بۆتە خەباتێکی جەماوەری بە پانتایی کوردستان.

لە کۆتاییدا و وێرای بەرزراگرتنی یادی هەموو شەهیدانی کوردستان، هەموو ئەوانەی گیانیان لە پێناوی ئازادیدا بەخت کرد، لە شەهیدانی کۆماری کوردستانەوە تاکوو دواهەمین شەهیدان لە ڕۆژان و مانگەکانی ئەم دواییەدا، وێڕای سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو بنەماڵە سەربەرزەی شەهیدان کە بوونە سەمبۆلی خەبات و گیانفیدایی لە کوردستان، هەروەها بەڵێنی درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی کرودستان دووپات دەکەینەوە.

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

شەهیدبوون لای ئێمە بەپیرۆزکردنی مەرگ نیە، بەڵکوو خۆبەختکردن و گیانفیداییە لە پێناوی تێکۆشانی سەربەرزانەی ئەمڕۆ و ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر بۆ نەوەی داهاتوو.

یادی شەهیدان بەرز و کوردستان سەرفراز

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتیی حیزب: خوێنی بە ناحەق ڕژاوی شەهیدانی شاخ و شەقام دەبێتە هەوێن و مایەی ئازادیی گەل




(پەیام بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
هاوسەنگەرە خۆڕاگرەکانی شەهیدان!
خەڵکی قارەمان و ژنانی بوێر و هەمیشە لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
پشتیوانانی قایم و بەوەفای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان!

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. ڕۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەد و یارانی لە لایەن ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی و ڕۆژی یادکردنەوە لە هەزاران شەهیدی ئەو ئاو و خاک و نیشتمانەیە کە لە سەر پاراستنی شوناس و هۆوییەتی نەتەوەکەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامی و کوردنەویستانەوە خوێنیان ڕژایە سەر خاک و شەقامی پیرۆزی کوردستان. هەر بۆیە لەمڕۆژەدا هەم دەبێ لە بەرانبەر ڕوحی نەسرەوتووی گشت شەهیدانی کۆمار و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی شۆڕشی

ژینا، ژن، ژیان، ئازادی و بنەماڵەی خۆڕاگر و سەربەرزی ئەو شەهیدانە سەری ڕێز و کڕنۆش دادەنوێنین و، هەم دەبێ وێڕای سەردانکردنی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان، بنەماڵە سەربەرزەکانیان بەسەر کەینەوە و عەهد و پەیمانیان دەگەڵ نوێ بکەینەوە هەتا ئەوکاتەی ئاوات و ئارەزووی وەدینەهاتووی تێکرای شەهیدان و لە سەرووی کاروانی شەهیدانەوە قازی محەممەد و دکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەدی نەهێنین، لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستین. پێیان بڵێین تا ئۆخژن نەخەینە نێو دڵی دایکان و باوکانی جەرگسووتاو و خوشکانی ڕەشپۆش خەبات و بەرخۆدان هەر بەردەوامە. ئەو مەشخەڵەی بە بەهایەکی زۆر، واتە بە خوێنی گشت شەهیدان و بەتایبەت شەهیدانی ڕاپەرینی ژن، ژیان، ئازادی داگیرساوە نەهێڵین بکوژێتەوە و بە گەشاوەیی بیگەیەنینە مەقسەد.

## بنەماڵەی ڕووسووری شەهیدان!

سەرقافلەی کاروانی شەهیدان قازی محەممەدی نەمر لە ماوەی دامەزرانی کۆماردا زۆر دەسکەوتی بەنرخی بۆ گەلی کورد دەستەبەر کرد. مخابن تەمەنی کۆمار زۆر کەم بوو و نەکرا کورد لە سێبەری ئەو دەستکەوتانەدا بحەسێتەوە. بەشێک لەو دەستکەوتانە بریتی بوون لە: بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە قوتابخانەکان و لە ئیدارەکانی کوردستاندا، پێکهێنانی سوپای کوردستان، ناردنی خوێندکار بۆ خوێندن بۆ وڵاتانی دی، گرینگیدان بە ژنان و بەشداریدانیان لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گرینگیدان بە چاپەمەنی و ڕادەربرینی ئازاد و ئاوردانەوە لە نووسەران و شاعیران و گەلێک دەسکەوتی دیکە. قازی محەممەد گەلێک نەریت و نۆرمی پڕ بایەخی لە کوردستان کردە باو و لەژێر تیشکی ئەو نۆرمە جوانانەدا، بەرچاوڕوونی دا بە گەلی کورد کە دەبێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و وەک نەتەوە بەختەوەر و سەربەستەکانی جیهان خاوەن زمان و کولتوور و خاوەن سەروەری و کیان و نیشتیمانی خۆی بێ.

بەڵام ڕیژیمە سەرەڕۆکان و نەیارانی نێوخۆیی و دەرەوە چاوی دیتنی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستانیان نەبوو، هەر بۆیە محەممەدڕەزا شا فەرمانی گرتن و ئێعدامی قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا و پاش دادگاییەکی ڕواڵەتی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارەی دان. شا پێیوابوو بە لێدانی سەری ڕێبەرێک، نەتەوەیەک لە ڕیشە وشک دەکات و پرس و مافخوازیی ئەو نەتەوەیە لە کوردستان بنبڕ دەکات. بەڵام نەیزانی نەتەوە نامری و ڕیشەی لەسەر خوێنی شەهیدان دەڕوێتەوە. کورد بەم کارەساتە ناجوانمێرانەیە بە چۆک دانایە و هەمیشە ڕاوەستاو و لەسەر پێ دەمێنێ و ڕێگا و ڕێبازی مەزنپیاوانی وەک قازییەکان و ڕێبەرەکانی دیکەی کورد درێژە دەدا.

**خەڵکی خەباتکار و هەمیشە لە مەیدانی کوردستان!**
**ژنان و لاوانی ژیر و ئازادیخواز!**

لە کاتێکدا یادی شەهیدانی سەربەرز و ڕووسووری کوردستان دەکەینەوە کە بێزارییەکی گشتگیری سەرانسەری و نێونەتەوەیی لەدژی ڕێژیمی جینایەتکار و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە و پتر لە هەر کاتێک ئیعتبار و متمانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و لە ئاست نێودەوڵەتیدا کەوتووەتە ژێر پرسیار. پارەکە چەخماخەی هەڵایساندنی ئاگری ڕاپەرین بە کوشتنی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی بە دەست گەشتی ئیرشاد لە تاران لێی درا و ئاگرەکەی لە کوردستان گەشاوە و پاش چەند ڕۆژ بڵێسەی ئەو ئاگرە سەرانسەری کوردستان و ئێرانی داگرت. نەوەی نوێ بوێرانە و وشیارانە و بە هەست بە بەرپرسایەتیکردنەوە شەقامەکانیان تەنی و قینی پەنگخواردوی ٤٥ ساڵ نەهامەتی و ڕۆژڕەشیان بە ڕێژیم ڕشت و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە ڕادەبەدەر نیگەران و تووشی سەرلێشێواوی کرد. ڕێژیم بە هۆی دەست و پێوەندەکانییەوە هەوسارپچراوانە و نامرۆڤانە کەوتنە نێو ئاپۆرای خەڵکی تووڕە و ناڕازی لە دەسەڵات و، بە هەر شێوەیەک کە بۆیان لوا دەستیان نەپاراست و دەستڕێژیان لە ریزی یەکگرتووی خەڵک دەکرد و قەڵافەتی ژنان و پیاوانی مافویستیان خستە سەر ئەرز. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە تایبەت گەلی بەلووچ شەهید و بریندار کران و ئەوجار بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە گیانی خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە کوڕان و کیژان دەسبەسەر کران و خرانە زیندان و ژێر سەختترین ئەشکنجە و بەشێکیان ئێعدام کران و بەسی زۆریشیان حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بە سەردا سەپا.

ئێستا کە ساڵ و نیوێک لە ڕاپەرینی نوێی گەلانی ئێران تێدەپەڕێ، کۆماری ئیسلامی لەلای بیروڕای نێودەوڵەتی و وڵاتان نەکهەر بێزراوە، بەڵکوو بەردەوام و بەجیدی خراوەرە ژێر قورسترین گەمارۆی ئابووری و سیاسی. ژنان، سیاسەتمەداران، هونەرمەندان، نووسەران و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بە هۆی نەپاراستنی بە گشتی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان و بە تایبەت ئێعدامی زۆر و زەوەندی لاوان، بەدژی کۆماری ئیسلامی دەنگیان بەرز کردوتەوە و نارەزایەتی توندیان دەربریوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بێگوێدان بەو ئێعترازانە، بەردەوام سەرکوت و ئێعدامی خەڵک درێژە دەدا. ئەو ڕەفتارە دژیمرۆڤانەی ڕێژیم نە تەنیا نەیتوانیوە پاشەکشە بە خەڵک بکەن، بەڵکوو ژنان و لاوانی بوێر و خۆڕاگری کوردستانی سوورتر و یەکگرتووتر کردوە. هەر وەک بۆ پێشوازیکردن و ڕێزگرتن لە چوارشەممەسووری و نەورۆزی پیرۆزی مەشخەڵانی ٢٧٢٤ی کوردی بە جلوبەرگی ئاڵاوواڵای کوردی و جامانە و هەوری و هەڵپەڕین و شایکردن شکۆی خەڵکمان لە شەقامی شار و گوندەکانی کوردستاندا دیت کە چۆن دیسان بە شکۆی خۆیان ترسیان خستە دڵی حاکمانی

ئێران و سەلماندیان تا سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووی شەهیدانی لە خوێندا شەلاڵی شەقامەکان، ژن، ژیان، ئازادی و گشت شەهیدانی گەل مەیدان چۆڵ ناکەن و شکۆی شەقام ئاوەدان ڕادەگرن و بەردەوام دەبن تا ڕووخانی یەکجارەکی.

خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و ڕاوەستاوی کوردستان!
گەلانی یەکگرتوو و ڕاپەریوی ئێران!

گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران بە ئیرادە و هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ئۆتۆریتە و هەیکەلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان لە ڕادەی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا تێکشکاندوە و مەشرووعییەتیان هێناوەتە ژێر پرسیار و تا سەر لێواری ڕووخانیان بردوە. گەلانی ئیران بڕیاریان داوە تا خەونە جوانەکانی گشت شەهیدان و شۆڕشی ژینا وەدی نەهێنن لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستن و ڕەوتی خەبات و بەربەرەکانی لە شەقامەکانی کوردستان هەر بەردەوام بێ. بەڵێنی مانەوە و ڕاوەستان بە بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوە و بە گشتی شەهیدانی خەباتی شەقام و گشت زیندانیانی سیاسی دەدەن، پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان دەگەڵ ڕوحی پاکی قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە ئازایانە و جوانمێرانە چوونە بن داری ئێعدام و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و لاوانی نیو سیاچاڵەکان و لاوانی لە خوێندا شەلاڵی شەقامەکان نوێ دەکەینەوە و ڕێگایان درێژە دەدەین.

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سڵاو و حورمەت دەنێرین بۆ ڕەوانی تێکڕای شەهیدانی شاخ و شەقام و لە بەرانبەر ڕوحی پاکی ئەو شۆڕەسوارە لە خوێندا شەلالانە و لە بەرانبەر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان سەری ڕێز و ئێحترام دادەنوێنین و پێیان دەڵێین تا خەونی ڕۆڵەکانیان وەدی نەهێنین ڕاناوەستین؛ وچان نادەین و ڕێگایان درێژە دەدەین هەتا سەرکەوتن.

سڵاو لە گیانی پاکی سەروەری شەهید قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێیانی!
سڵاو لە گشت شەهیدانی خەباتی شاخ و شار!
سڵاو لە گەلانی ئازادیخواز و خەڵکی ئازا و بوێری سەر شەقامەکان!
سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

**ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی**

**٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

## ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان




**شۆڕش ئەسەدزادە**

ئەگەرچی لەمێژووی ئێمەدا ئەم ڕۆژە، ڕۆژێکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لە کارەساتە. تەواوی خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژە ئەگریس و شوومەدا، بەدڵێکی غەمبارو دڵ پڕ لە ئێشەوە یادی لەدار دانی (قازی محەممەد، سەیفی قازی، سەدری قازی) کە لەلایەن حکوومەتی لەناوچووی شاهەنشاهی ئێرانەوە، لە چوارچرای شاری مەهاباد ئەم حوکمەیان بەڕێوەبرد. کاتێک سەروەرو پێشەوای کوردیان بردە بن پەتی سێدارە، فەرمووی ئەمڕۆ تەنها ئێوە قازی محمدێک لەدار دەدەن بەڵام سبەینێ بە هەزاران قازی محمد لەناو میللەتی کوردا درووست دەبن و سەرهەڵدەدەن. نامەوێ چاوانم ببەستن لەدوا کاتەکانی ژیانم دەمەوێ ببینم لەبن پەتی سێدارەدا پێڵاوەکانم هێشتا لەسەروی سەری ئێوەدایە من مەحکووم بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکەن، بەڵام هەرگیز ئێوە ناتوانن دەستان بەو ئاڵا پیرۆزە ڕابگات، ڕۆژێکیش دێت هەر لەم جێگایەی من لەدار دەدەن نەوەکانمان ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵدەکەن و بۆ هەتا هەتایە دەشەکێتەوە بژی کوردو کوردستان، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کوردستان. لەناکاو سەیفی قازی وەکوو شێر هاواری کردو دڵی دوژمنانی لەرزاندو هەموو خەڵکی سابڵاغ و کوردستانی ڕاچڵەکاندو گووتی (مەرگێک لەڕێی نیشتمان بێ ـ هەزار گیانی بەقوربان بێ) بەم شێوەیە پێشەواو

هاوڕێیانی لەدار دەدرێن. بەڵام هەیهات تەرمی پیرۆزی ئەم ڕابەرو پێشەوایە هەر چەند ڕۆژێک لە تەمەنی بەهار گوزەرابوو، کە بەهارو جوانی سرووشت و خاک تەرمەکانی لەباوەشی خۆی گرت. سرووشت و بەهار بەشێوەیەک وەریانگرتن کە لە ناو دڵی نیشتمان لە باوەشی دایکی نیشتمان جێگایان بۆ کردنەوە. بە شێوەیەک کە دوای پێشەواو هاوڕێیانی ئەم سروشتە هەزاران پێشەوایان بۆ کوردو کوردستان هێنایە بەرهەم و ئێستا هەر کوردێکی بەشەرەف پێشەوایەکە بۆ دوژمنانی کوردستان..

لەم ڕۆژەدا پێویستە هەموومان پەیمان تازە بکەینەوە لەگەڵ ڕۆحی پێشەواو هەموو شەهیدانی کوردستان، پێشەوای نەمر دوای خۆی وەسیەتنامەیەکی بەجێهێشتووە، هەموو سەرکردەکانی کورد بەگشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی دەبێ زۆر بەوردی بیخوێنەوەو وەکوو وەسیاتنامەی موقەدەس سوێندی پێ بخۆن و جێبەجێکاری وەسیەتەکەی پێشەوا بن هەر سەرکردەیەکی حزبی دیموکرات بە تایبەتی و بەرپرسان بەگشتی ئەگەر ڕەچاوی ڕێگاو ڕێبازی پێشەوا نەکەن و دواین ووتەکانی پێشەوا جێبەجێ نەکەن و لێی لابدەن، ئەو مانای ئەوەیە لە ڕێبازی دیموکرات و پێشەوا لایانداوەو لەهەڵەدان، چونکە هەرگیز دوژمنان لەگەڵ ئێمە ڕاست نین و ڕاستیش نابن، پێشەوای نەمر زۆر باشی ناسیون.

بەرزو بەڕێز بێ یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان.

دوژمنان با بزانن ڕێگای پیرۆزی پێشەوا درێژەی هەیە هەتا سەرکەوتن، ئەمڕۆ بە ملیۆنان کەس ڕێبواری ڕێگای پێشەوان و وەفادار بە ئامانج و ئاواتەکانی پێشەواو شەهیدان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانن.

هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا من پەیمان لەگەڵ ڕۆحی شەهیدەکانمان تازە دەکەمەوە کە هەمیشە ڕێبواری ڕێگای خەباتی پێشەواو شەهیدان بم، هەتا بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجیان تێبکۆشم. تۆش کاتێک ئەم نوسراوە دەخوێنیتەوە پەیمان لەگەڵ پێشەواو شەهیدان تازە بکەوە ئەگەر ڕێگای پێشەوات قوبوڵە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٤

# هێمن لە یادی پێشەوا دا



**فەیسبووکی ناسر حیسامی**

وەختێکی باسی پێشەوام لێ دەپرسی وەختە گریانم بێ. ئەگەر قسەکانم باشیش نەبێ، دەبێ لێم ببوورن. من پێشەوام وەک بوت دەپەرست، ئێستاش وەک بوت دەیبەرستم. ئەما دەکرێ نەختێک ڕەخنەشی لێ بگرم.

من لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا نوقاتی زەعفی پێشەوام نووسیبوو، بەڵام داخەکەم ڕەقابەی بنکەی پێشەوا فرییان دا، بۆچیشیان فڕێ دا؟ لە بەر ئەوەی، نا، پێیان وا بوو نەقدەکەم بەجێ نییە.... با لەتیفتر باسی پێشەوا بکەین: من پێم وا بوو زۆر لەوە زیاتر بوو بۆ پێشەوای میللەتێکی دواکەوتووی وەک کوردی ئەو سەردەمە {ببێ}. هێندە فاسیلەی هەبوو لەگەڵ میللەتەکەی، هێندە پێشکەوتووتر بوو لە خەڵکەکە، بۆ پێشەوای ئەو میللەتە نەدەبوو. ئەو واقیعەن ئینسان بوو. ئینسانی خۆش دەویست.... بەڵی زۆر ناسکتر بوو، زۆر شاعیرتر بوو، زۆر ئینسانتر بوو لە پێشەوای میللەتێک.

...چاکم لە بیرە کەسێک بە ناوی غەفووری مەحموودی هەبوو، عوزوی حیزب بوو. هەتا مەسئوول بوو لە حیزبدا، نەک مەسئوولی ناوەندی ئەما لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب بوو. دوایی، ئەوە ئاشکرا بوو کە جاسووسی ئێران و ئینگلیزیش بوو.

پێشەوا تفی لێ کرد، ئەوە بوو مووچەی لێ بڕێ. بەڵام گەنجەکانی حیزب لە کۆڵی نەبوونەوە. تۆڵەیان لێ ئەستاندەوە و کوشتیان.

لە بیرمە من و هەژار چووینە لای خەبەرەکەمان پێ دا: فلانکەس کوژرا. خودا دەیزانێ جنێوی دا. کوتی: مەلعوونینە ئێوە کوشتووتانە. ئاگای لێ نەبوو کە ئەو قەتڵە سیاسییە کراوە. کوتمان ئێمە شاعیرین. من و هەژار هەردووکمان پێ دەکەنیین. چونکە بە ڕاستی پێمان خۆش بوو کە خائینێک کوژراوە، ئەما ئەو نارەحەت بوو. زۆر چاکم لە بیرە دەیکوت: **ئاخر نازانن ئەوە بابی هەیە، دایکی هەیە، منداڵی هەیە، دەکرا چاکی کەین، دەکرا تەربییەتی بدەین.**

ئەو کابرایە برایەکی نوقستانی هەبوو، قاچی شەل بوو، بە گۆچان دەڕۆیشت. کاتێک پێشەوا ئیعدام کرا، چوو بەو گۆچانەی کە پێی دەڕۆیشت لە قاچی پێشەوای دا، دیارە نەیوێرا دوای ئەوە لە مهاباد بژی، نازانم چیی لێهات. کە وا بوو ئەو کابرایە ڕقی لە پێشەوا هەڵگرتبوو، لەگەڵ وەی پێشەوا ئاگای لە کوشتنی برای وی نەبوو، ئەما ئەو لە لێقەوماندا ئەوەی کرد. ئەوە یەکێک بوو لەوانەی پێشەوا ڕابەرایەتیی دەکردن.

کاکە ڕۆژی دووی ڕێبەندان....من لە پەنای پێشەوا دانیشتبووم.... من شاعیرێکی ڕووت بووم، ئەو لە پەنای خۆی داینام. ئەو دەیویست کە وەختێکی جەمهووری ئیعلان دەکرا هەر من و هەژاری لە پەنا خۆی دانابا. کاکە باوەڕ بکە ئەو ڕۆژە ئەوەندە گریاوم کە قەت لە عومری خۆمدا ئەوەندە نەگریاوم.... پێشەوا گاڵتەی پێ دەکردم... دەیگوت: **بابە بۆ دەگری؟ دەنا ڕۆژ لەو ڕۆژەی خۆشتر دەبێ؟**

بزانە پاش ئەو ڕۆژە خۆشە، من ڕووخانەکەم دیت.... نازانم بۆ نەمردم. ئەگەر پێیان کوتم پێشەوا ئیعدام کراوە بۆ دڵم نەتۆقی؟ ئەگەر بیستم دوژمن هاتەوە وڵاتەکەیان داگیر کردینەوە، ئەوانە هەموو تەئسیری زۆر گەورەیان کردە سەر شاعیریی من ...

هێمن

گفتوگۆ لەگەڵ ڕەفیق سابیر و کەمال میراودەلی،

١٩٧٨، بەغدا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی ناسر حیسامی - ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠٢٤

# میراتێک بۆ هەموو نەسڵەکان




**مەجید حەقی**

نزیک هەشت دەیە بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوای کوردان قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان تێپەر دەبێت. ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لەمەوبەر کاتێک داگیرکەرانی کوردستان پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستانو رێبەری حیزبی دیموکرات، سەدری قازیو سەیفی قازیان لە سێدارەدا وایان زانی تازە پرسی کوردو شۆرشی کورد بۆ رزگاری هەتا هەتایە لە سێدارە دراو تازە کورد ناوێرێ روو لە شۆرش بکات وداوای مافەکانی خۆی بکاتەوە. ٨ دەیە لەمەوبەر کاتێک پێشەوا قازی محەممەدیان لە سێدارەدا وایان زانی ناسنامەی کوردی بۆ هەتاهەتایە لە سێدارە دەدرێ، کورد بە تەواوی ئاسیمیلە دەکرێو زنجیری یەخسیریو بن دەستی قبووڵ دەکاتو بیر لە شۆرش، ناکاتەوە. ٧٧ ساڵ لەمەوبەر کاتێک خۆری ئاسمانی کوردستانیان کوژاندەوە داگیرکەرانی کوردستان وایان بیردەکردەوە تازە کوردستان روو لە خۆر ناکات. خۆری کوردستان بۆ هەتاهەتایە ئاوا بووو خەڵکی کوردستان لە تاریکستان دەمێننەوەو بیر لە خۆر ناکەنەوە.

هەشت دەیە دواى لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، خۆر ئاسمان گشت کوردستان لە هەڵاتندایە، پەیامی پێشەوا قازی

محەمەد بە هەموو کوردستان گەیشتووەو پێشەوا بۆتە سەمبۆلی ئەخلاق، خۆراگری، راستگۆیی، وەفا، تۆلێرانس، یەکسانی، خۆنەویستیو ئاشتی کۆمەڵایەتی.

ئێستا کە یادی شەهیدبوونی پێشەوای سەکردە لە کاتێکدا دەکرێتەوە، کە بە هۆی قۆناغی دوای **شۆرشی ژینا** و **نەورۆزی** ئەم ساڵ تیشکی هیوای نوێبوونەوەو نووژەن بوونەوەی قۆناغی سێهەمی دوای رێنێسانسی بزووتنەوەی رزگاری کورد سەرانسەری رۆژهەلاتی کوردستانی تەنیوەتەوەو ئەم قۆناغە نوێیە وەک کابووسێک دەهۆلێ دەروون بۆشی رژێمی سەرکوتگەرو داگیرکەری کۆماری ئیسلامی رووخاندووە.

پێشەوا قازی محەمەد لە ماوەی کەمی ژیانی رێبەری سیاسی خۆیدا بە هۆی تایبەتمەندیە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە بوو بە خوڵقێنەری هەندێک لە بنەماکانی ئەخلاقی ناو بزاڤی کوردا کە تا ئەمرۆش وەک بنەمای نەگۆڕ لە بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان دا رەچاو دەکرێن:

**ئەخلاق و مرۆڤ دۆستی:** پێشەوا قازی محەمەد لە هەموو هەڵسوکەوتی خۆیدا لە گەڵ دۆستو دوژمن بە رەوشت بوون، ئەخلاقی بەرزو رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی رەچاو کردوە. ئەمرۆ رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە لایەن بەشی هەرە بەرچاوی بزاڤی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان بنەمای ژیان دەزانرێت. لەو رووەوە رێزگرتن لە بنەماکانی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی میراتی پێشەوا قازی محەمەدن کە بۆ ئێمە بەجێ ماونو ئێمە رێبوارانی رێگای پێشەوا درێژە بە گەشەکردنو قووڵکردنەوەی ئەو بنەما فەلسەفیانە دەدەین لە ناو خەڵکی کوردستاندا.

**دەروەست بوونو وفاداری بە پەیمان:** پێشەوا قازی تا کاتی لە سێدارەدان وەفادار بەو پەیمانە مایەوە کە لە رۆژی دووی رێبەندانی ١٣٢٥ لە چوارچرای مەهاباد بە خەڵکی کوردستان دابوو. پەیمانی وەفادار بوونو خزمەتکردن بە گەلو نشتیمان تا دواهەناسەکانی ژیان. کاتێک هێزەکانی داگیرکەری رژێمی ئێران بە کوردستان نزیک دەبوونەوە، پێشەوا قازی محەمەد دەیتوانی لە مەهاباد دەربچێو خۆی رزگار بکات، بەڵام لە پێناو بەرگری کردن لە قەلاچۆی خەڵکی کوردستان، هەرچۆنێک لە مەیدانی چوارچرادا پەیمانی دابوو، سینگی خۆی کردە قەڵغانی پاراستنی نەتەوەکەی. نەریتێک کە لە ناو بزاڤی رۆژهەلاتی کوردستاندا هەروا پێرەوی دەکرێت.

**یەکسانی خوازیو دادپەروەری:** تەنیا یەک مانگو نیو دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٥

یەکیەتی ژنانی دێموکرات دامەزراو. بەوە کۆماری کوردستانو پێشەواقازی محەمەدی سەرۆک کۆمار لە سەر پێویستی بەشداری ژنان لە خەباتو چالاکیەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووری پێداگری کردو پەیامی ئەوەی بە ئێمە دا کە بەبێ بەشداری چالاکانەی ژنان لە پرسە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریەکاندا کۆمەڵگا ناتوانێت رووی ئاشتی، گەشەکردنو بەختەوەری بەخۆیەوە ببینێ. پرسی ژن بۆ بزاڤی نەتەوایەتی لەو روانگەیەوە پرسێکی پرەنسیپی و بنەماییە کە بەداخەوە بە هۆی کولتووری پیاوسالاری لە پەراوێز خراوە.

**ئاشتی کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە فرەچەشنی کۆمەڵایەتی:** لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکان، کۆماری کوردستان توانی جۆرێک پێکهاین لە نێوان چینی جووتیارو خاوەن زەوی پێک بێنێت کە بەرژەوەندی هەردوولا بەشێوەیەکی دادپەروەرانەی سەردەم بپارێزرێو بەوە ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا مسۆگەر بکرێت. هاوکات لە گەڵ ئەوە کۆماری کوردستان لە ژێر رێبەری پێشەوادا رێزی لە هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتیو زمانیەکانی دانیشتووی کوردستان دەگردت. لەو سەردەمەدا کە جارێ پەروەردەی زمانی زکماکی وەک ئەمرۆ نەببوو چەمکێکی مافی مرۆڤی، لە سایەی کۆماری کوردستاندا خەڵکانی غەیرە کورد بۆیان هەبوو بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێننو بنووسن. خەبات لە پێناو ئاشتی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکانی خۆیو رێزگرتن لە فرەچەشنی کۆمەڵگا یەکێک لە پێویستییەکانی هەرە بنەڕەتی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کوردە بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویی نەتەوەیی. گەشەپیدانو قووڵترکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیو رێزگرتن لە فرەچەشنی لە لایەک دەبێتە هۆی ئاسایشو تەناهی کۆمەڵایەتیو لەلایەکی دیکەوە پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی بەدوای خۆیدا دێنێت.

بزاڤی رزگاری خوازانەی کوردستان نزیک هەشتا ساڵ دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، رەساڵەتو ئەرکێکی قورستر لەو سەردەمەی بە ئەستۆیە. لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنو بگۆڕی وەک کۆمەڵگای کوردستاندا لە کاتێکدا کۆماری تیرۆرو داگیرکاری وەک شێرپەنجە هەموو شێوازەکانی ئاپارتایدی سیستماتیک دژی گەلی کورد بەکار دەبات، لەکاتێکدا کە توندڕۆیی ئایینی بووەتە هەڕەشەیەک دژی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان، لە کاتێکدا کە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەورووی داڕشتنەوەیەکی نوێیە، ئەرکی ئێمە رێبوارانی پێشەواقازی محەمەد قورسترو پێویستی بەشداریمان لە خەباتو درێژەدان بە رێبازی شەهیدان ئەخلاقیترو مرۆڤانەترە.

ساڵی ١٩٤٦ لە مانیفیستی راگەیاندنی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات دا خەبات دژی فاشیزم، توندڕۆیی، خەبات دژی هەڵاواردن خەبات دژی پەراوێزخستنی مرۆڤو خەبات بۆ ئاشتی دیموکراسیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنەمای خەباتی حیزبی

دێموکرات ناسران. ئەمرۆ ئەم بنەمایانە و بنەماکانی ئەخلاقی پێشەوا قازی محەممەد هەروا ڕێنیشاندەری خەباتی ئێمەن و پێویستی وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە لەو هەلومەرجەدا پێویستیەکی هەمەگرترو ئەمڕۆییترن. لەو ڕووەوە جێی شانازیە بۆ هەمووسان کە ڕێبواری ڕێبەرانێکی شەهید بن، کە فەلسەفەی ژیانیان، ئەو بەهایانەی ئەوان لە پێناویدا گیانیان لە دەست داوە بوونەتە بەهای گشتیو هەمەگری نەتەوایەتی، ناوچەییو تەنانەت جەهانیش.

ئەرکی ئێمەیە ئەم بەهایانە بناسین، قووڵو بەرینیان بکەینەوەو بە نەوەکانی داهاتوو بناسین. تا لەلایەک بناغەی نەتەوەیەکی تەندوروستو سەرکەوتوو دابنێینو لەلایەکی دیکەوە لە بەهاکانی مرۆڤی خۆمان خاوەن دەرکەوینو ڕۆحی شەهیدانو ڕێبەرانی شەهیدمان شاد بکەین. بەوە زیندوویی ڕۆحی شەهیدان مسۆگەر دەکرێتو خەونی نەوەکانی نەوەکانی خەباتو شەهیدانمان وەدی دێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی ناسر حیسامی - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢٤

---

## شەهید کێیە؟



**شەماڵ تەرغیبی**

لەگەڵ ئەوەدا کە کولتووری شەهیدپەروەری و شەهیدبوون هەرگیز ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەبووە و پارێزەری لە گیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە ئەرکێکی پیرۆز زانراوە، بەڵام وەک ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو دەڵێت: "گەلێک ئازادیی بوێت، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات". گەلی چەوساوە و مافخوراوی کورد، بەدرێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی، لەپێناو بەدیهێنانی ئارمانج و ویستی بەرحەقی، خەباتی کردوە و لە ڕەوتی ئەم خەباتەشدا بە هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەگ و شایستەی خۆی لەدەست داوە؛ ئەوەش نرخی ئەو ژیانە ئازادە و ئەو ڕزگارییەیە کە گەلەکەمان ناچار بووە بیدا.

"مردن بۆ ژیان یان ژیان بۆ مردن"؟ چلۆن ژیان لەو ڕستەیەدا بەرجەستە دەبێتەوە. زۆر ژیان و بە سەلامەت ژیان، ئاواتی هەموو تاکێکە، بەڵام بە چ نرخێک؟ ژینی کۆیلەیی و ژێرچەپۆکەیی و دووردرێژ لە کوێ و ژینی کورت و ئازادانە و بە سەربەرزی لە کوێ؟ وەک مامۆستا هەژار لە "پیرەهەڵۆ"دا دەڵێت: "مان ئەگەر وابێ چ شیرینە نەمان". هەڵبژاردنی ڕێگای

مان و نەمان ورەیەکی بەرز و باوەڕێکی قووڵی دەوێ. پشتگوێخستنی دنیاویستی و نەبینینی گیان و گەیشتن بە قۆناغی مانەوەی ڕوحی و هەرمان، بەخشینی گیان لەپێناوی ئارمانج و مەبەستدا، ئەو تایبەتمەندییانەن کە پێگەی شەهید و ناوەرۆکی وشەی شەهید پێناسە دەکەن.

شەهید هەڵگری پەیامی مانەوە و هەرمانە بۆ نەتەوە و خاکەکەی و وانەکانی لەخۆبوردوویی و مرۆڤبوون دەڵێتەوە. شەهیدبوون واتە دەربازبوون لە بازنەی "من" و کەوتنە نێو بازنەیەکی بەرفراوانتر کە "من" بۆ هەمووانە.

وشەی شەهید بۆ ئێمەی کورد وشەیەکی پیرۆز و جێگەی ڕێز و شانازییە، سەربڵندییە، چراوگی ڕێی ڕزگارییە، عەشق و خۆشەویستییە، ورەبەرزی و بەخشینی گیانە لە پێناو بایەخە نەتەوەییەکاندا، لە پێناو خاکدا کە لە کولتووری ئێمە و زۆربەی گەلاندا لەگەڵ وشەی پیرۆزی دایک هاوتەراز کراوە. کەس ئامادە نییە لەپێناو ماڵ و ساماندا گیانی خۆی بەخت بکات بەڵام سامانی نەتەوەیی بە هەزاران ڕۆڵەی ئەم ئاو و خاکەی کردۆتە گیانفیدای خۆی.

شەهید ئازادانە و ئاگایانە ڕێگەی خۆی بەرەو مەبەستێکی پیرۆز هەڵدەبژێرێت و قارەمانانە بە خوێنی سووری دژی زوڵم و دیکتاتۆری دەوەستێتەوە و ڕێگا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ هەموار دەکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جاری وا هەیە ئەو پرسیارە لە مێشکدا بەرجەستە دەبێتەوە کە شەهید کێیە یان شەهید بە چ واتایەکە؟

وشەی شەهید پێش ڕاگەیاندنی ئیسلام و خۆبەختکردن لەپێناو ئایینیش بۆ کەسانە بەکار هاتووە کە ئامادەبوون لەپێناو ئازادیی گەل و ئاو و خاک و نیشتمانەکەیان گیانی شیرینی خۆیان خۆبەخشانە و دڵخوازانە بەخت بکەن. بە تایبەتی بەو جەنگاوەرانە گوتراوە کە بێباکانە و گیان لەسەردەست ئامادەی گیانفیدایی لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانیان بوون. ئێستا زۆربەی خەڵک پێیان وایە کە ئەم وشەیە بە واتای مردن لە ڕێگەی خودادایە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم وشە بە واتای مردن نییە و مانا سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوون و شایەتبوون.

دیارە ئەرکی ئەم نووسینە باسکردنی مانای وشەی شەهید نییە بەڵکوو لێرەدا دەمانهەوێ بڵێین شەهید مرۆڤێکی واڵا و ئارمانجخوازە کە بەهای بیروبڕوا و ئارمانجەکەی لە سەرووی هەموو بەهاکاندا داناوە. ئاسایش و خزمەت بە مرۆڤەکان لە ئاسایشی خۆی بە گرینگتر دەزانێ. خەمخۆر و پەرۆشی مرۆڤەکانە و بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکان گیان لە سەر دەست و ئامادەی گیانفیداییە. ئەو لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەبێتە هاودەرد، لە شادی مرۆڤەکان شادمان دەبێ و لەگەڵ خەمەکانیاندا

خەم و پەژارە دایدەگرێ. ئەو ئەوەندە هۆگری بیروبڕوا و ئارمانجە پیرۆزەکانیەتی کە قازانجەکانی خۆی لەگەڵ ژیان و سەروەت و سامانی بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی گەل و نیشتمانەکەی بە ئاسانی فیدا دەکات.کەوایە شەهید مرۆڤێکی ڕەها و ئازادیخواز، ناخبین و قارەمانە کە دونیا و هەموو ئەو شتانەی لە دونیادا هەیە بۆ ئەو بایەخێکی نییە و بەئاسانی لێیان دەگوزەرێ و دەگەڕێتەوە بۆ حەقیقەتی مرۆڤایەتی کە خزمەتکردن بە هاوچەشن و مرۆڤدۆستییە.

شەهید نامرێ و شاهیدی هەموو ئەو شتانەیە کە ساڵیانی ساڵ ململانێیان لە سەر کراوە و شایەتە بۆ هەموو ئارمانجخوازی و ئازادیخوازییەکانی مرۆڤەکان بۆ ڕەهابوون لە چنگی زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری، ئەو هەڵقوڵاوی جیهانی نەمانە و لکاوە بە جیهانی هەتاهەتایی هەبوون.

شەهید مرۆڤێکی نموونەیە کە لە هەر زەمەن و لە هەر شوێنێکدا بە ئامادەبوونی خۆی نموونەیەکە بۆ ژیاندۆستی هەموو مرۆڤەکان. شەهید بە شەهیدبوونی خۆی ترس لە مەرگ دەرەوێنێتەوە و کۆمەڵگا زیندوو دەکاتەوە و ناوی خۆی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە باشی و زیندوویی تۆمار دەکات.

لە فەرهەنگی مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا شەهیدبوون ئارمانج نییە و هەروەها مەرگێکیش نییە کە دوژمنان بە سەر مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا دایسەپێنن، بەڵکوو شەهیدبوون مەرگێکی دڵخوازانەیە کە مرۆڤی ئازادیخواز و خەباتکار بە تێگەیشتن و ئاگایی و لۆژیک و شعوور و ڕابوون بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەرزی و گەیشتن بە ژیانێکی مرۆییانە هەڵیدەبژێرێ.

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا بەرز و پیرۆز بێت یادی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# ١٠ی خاکەلێوە



رەزا کەعبی

ئەزموونی مێژووی کۆماری کوردستان لە مهاباد پاش ١١ مانگ کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ بە لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد، ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی بە ڕواڵەت کۆتایی پێهات بەڵام لە کردەوەدا یاد و خۆڕاگیریان و ئەزموونی کۆماری کوردستان هەوێنی خەبات و هەڵسووڕانی گەلێک چالاک و حیزبی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستان بووە و ناویان وەکوو یەکێک لە هێما گرینگەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە سەر زار و لە زەینی خەڵکی کوردستاندا ماوەتەوە.


کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی جەماوەری لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا و وەکوو حیزبێک کە یەکەمجار ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندانی پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بەڕێوەبردووە، خاوەنداریەتی لە هەموو ئەزموونەکانی نەتەوەی کورد لە خەبات بۆ ڕزگاری دەکا و بە لێکدانەوەی هەرکام لەو ئەزموونانە هەوڵدەدا ڕێگەیەک بۆ هەنگاوەکانی دواتر و سەرکەوتنی زیاتر بدۆزێتەوە .
کۆماری کوردستان بە هەموو ئەزموون و دەسکەوت و ڕەخنەکانی سامانێکی نەتەوەیی هەموو کوردستان و نەتەوەی کوردە.
یادی هەموو گیانبەختکردووانی تێکۆشەری کۆماری کوردستان لە پێشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد، ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی بەرز و بەڕێزە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠٢٤

ده ساڵ زیاتره ئەم داوایەم لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بڵاوکردوەتەوە. بەڵام بەداخەوە هێشتا دەبینم خەڵکانێک وێنەی هەڵواسراوی پێشەوا (کە تەوهین و تەحقیرێکی گەورەیە بە کورد و بە پێشەوا) دادەبێن.

--------------------------

## داخوازێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە: با چیترئەو وێنەیەی پێشەوا بڵانەکەینەوە



**خەلیل غەزەلی**

هەموو ساڵێک لە دەوروبەری ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕیانی، خەلکێکی زۆر بەبێ ئەوەی وردبینییان هەبێت، وێنەکەی قازی کە ملی بەپەتەوەیە و لاشەی بێ گیانی شۆر بوەتەوە و ژێرشەڵوارێکی لەپێ دایە، لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ماڵپەڕەکان بڵاو دەکەنەوە. ئەو وێنەیە تەنانەت لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانیشەوە بڵاو دەبێتەوە.

من هەموو سدالێک ڕاشکاوانە ڕام گەیاندوە، ئەوکارە مەکەن. داگیر کەر بۆ شکاندنی کەسایەتیی قازی و هەروەها

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

رووخاندنی گەوهەری کاریزما و خۆشەویستی لە دڵی نەتەوەی کورد، دانستە و بەمەبەستی تەحقیر کردنی سەمبولی نەتەوەیمان ئەو وێنەیەی گرتوە و لە رادەیەکی بەریندا بڵاوی کردوەتەوە و هەر ساڵیس بڵاوی دەکاتەوە.

زۆر بەداخەوە خەڵکێکی زۆر یا لە رووی سادەیی و ورد بیر نەکردنەوە، یا بەهۆی کەم دیقەتی و هیندێکیش دانستە و بۆ تەحقیری سەمبولی نەتەوەیی کورد، ئەو وێنەیە بەشێوەیەکی بەرین بڵاو دەکەنەوە.

ئەوە چەند ساڵە من لەوبارەوە وتار بڵاو دەکەمەوە و هاوار دەکەوم کە بڵاو کردنەوەی ئەو وێنە، بێ رێزیە بە کەسایەتیی کاریزما و سەمبولی نەتەوەیی پێشەوا قازی موحەمەد و هەروەها بێرێزیە بە تێکڕای نەتەوەی کورد. بەڵام زۆر بەداخەوە کەس گوێناگرێ و هەموو ساڵێک ئەو هەڵەیە دووبارە دەکرێتەوە. بە باوەڕی من ئەوە نیشانەی ئاستی نزمی ئێمەیە لە کاری پروپاگەندە و مانەوە لە جەغزی بێ دیقەتی و کاری هەڕەمە.

لێرەدا روو لە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و بەتایبەت رووناکبیران دەکەم و لە هەمووتان دەپاڕمەوە با چیتر ئەو وێنە بڵاو نەکرێتەوە. پێشەوا شیاوی ئەوە نییە وا لەلایەن خۆمانەوە تەحقیر بکرێ!! پێشەوا دەیان وێنەی هەیە کە شیاوی رێبەرێکی نەتەوەیین. بۆ دەبێ راست وێنەیەک بڵاو بکەینەوە کە داگیرکەر دانستە بۆ تەحقیر و بەکەم زانین و بێحورمەتی بە کورد و پێشەوا و کەرامەتی ئینسانی بڵاوی کردوەتەوە.

تکایە هەر کەسێک لەگەڵ ئەم ستاتووسە تەبایە، بەئەندازەی توانی خۆی بۆ پێش گرتن لە بڵاونەکردنەوەی ئەو وێنەیە هەوڵی خۆی بدات.

بە سپاسەوە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٤

## ڕێزگرتن لە شەهیدان، وەفاداریە، نەک دواکەوتوویی و لادان لە ڕێبازی سیاسی،




**محمد سلێمانی**

ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، نەک دواکەوتووی نیە، بەڵکوو وەفاداریە بە ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی ئازادی کوردستاندا گیانی بەنرخیان بە کوردستان بەخشیوە.

ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مێژوویە، نەریتێکی پاشکەوتوانە نیە و کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو دواوە نابـاتەوە، بەڵکوو نیشانەی وەفاداری و ڕیزگرتنە لە خوێنی ئاڵیان کە لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا تێکەل بە خاکی پیرۆزی نیستیمان بووە.

بەداخەوە کـۆمەڵە و هاوفیکرانیـان لە کوردسـتان، زیـاتر لە چـواردەیە لەمەوبەر ئامـانجە سیاسـی و نەتەوەییەکـانی بزووتنەوەی کوردستانیان پێ دواکەوتووانە و بێ سەمەرە بوو و بە شەرمێوونیەوە بە لای مەسەلەی نەتەوایەتیدا دەرۆیشتن. دوای بێ بازاڕی دیکتـاتۆری پرۆلیتاریا بایانـدایەوە بۆ لای مەسەلەی نەتەوەیی کە بە کـارێکی باشی دەزانین و هەردەبێ ئەوەشیان کردبا کە لە کۆمەڵگای کوردستان دانەبڕێن.

بەڕاستی مرۆڤ نازانیت پێناسەی ئێوەمانان لە نێو کۆمەڵدا چیە بۆ دواکەوتوویی و پاشکەتوویی!
ڕێز گرتن لە شەهیدان بۆ دەبێت مەترسی دواکەوتوویی لە سەر کوردستان تەماشا بکرێت، بە دڵنیایەوە ئەو هەڵسەنگاندنە

هیچ جۆرە بنەمایەکی ژیرانەی نیە و بەدوور نیە لە دەمارگرژی سیاسی و دژایەتی پێگە و نفووزی حدکا.

دەبێت لە ڕۆژێکی ساڵدا ڕێز لە شەهیدەکانمان بگرین و پەیمانی وەفاداری لە گەڵ ڕێگای خەباتیان نوێ بکەینەوە، ئیدی ئەگەر وەک حیزب ئەوە بکەین و داوا لە خەڵکی کوردستان بکرێت، بۆ دەبێت هێندێک ئەندامی کۆمەڵە پێیان شتێکی خراپ و پاشکەوتوانە بێت و لۆمەی حیزب لەسەر ئەو هەڵویستەی بکەن و هەوڵی شلوێ کردنی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان بدەن.

بەڵی حدکا بە ئەرکی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دەزانێ ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردستان بگرێ و ڕۆژێکی ساڵ وەک دەرفەتێک بۆ پەیمان نوێ کردنەوە لە گەل ئامانجە سیاسیەکانیان کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەیە دیاری کردووە.

زۆر سروشتیە داواش لە خەڵک بکات ئەو ڕۆژەی بە تایبەتی تر ڕێز بگرن و سەردانی کەس و کاری شەهیدان بکەن.

حدکا و ڕێبەرانی گەورەمان دەمێکە ئەو مەسەلەیان بڕیوەتەوە کە ئێمە بۆ شەهیدەکانمان ڕەش ناپۆشین و خۆمان لە شایی و هەڵپەڕین نابوێرین، حدکا هەر بە قسە و شوعار ئەوەی ناڵێت، بەکردەوە نیشانمانداوە و کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش شاهیدی ئەوەمان بۆ دەدەن.

لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران لە دارمان و دارووخان نزیکتر بۆتەوە و هەلومەرجێکی نوێ لە بەرژەوەندی شۆڕشی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و دەرفەتێکە کە کورد لازمە سوودی باشی لێ وەربگرێ و نێومالی خۆی ڕێکبخات و خۆمان بەدوور بگرین لە ژاوە ژاوی سیاسی و ڕێکخراوەی.

حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەش بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستاندا، بۆ چەند ساڵێک دەبێت هاوپەیمانەتیەکی سیاسی و ستڕاتیژیان بە یەکەوە واژۆ کردوە بۆ ئەوەی پێش بە ئەگەری هەر بەریەک کەوتنەوە بگرن لە داهاتوودا.

بەداخەوە بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو هێرشی بەربلاویان بۆسەر حیزب دەست پێکردوە و کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئەوتۆ بەکار دەێنن کە بە داخەوە هەر لە خۆیان دێتەوە و بێگومان بەو کارەیان

جگە لە خوێ کردنەوە ناو برینەکان و قووڵتر کردنەوەی ناکۆکیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و بەداخەوە خەڵکی کوردستان ناتوانێ دروێنەی باشی لێ بکات و جگە لەوەی مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر تەبایی و کۆدەنگی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت، زیان بە برایەتیش دەگەیەنێ.

دەبوو ئەو بەڕێزانە بە سینگ فراوانی و ڕیزگرتن لە فرە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو داواکاریەی حیزب لە خەڵکی کوردستان وەری بگرن و زۆریش سروشتیە لە نێو گەلانی تریشدا کە ڕێز لە سەمبووڵە سیاسی و شۆڕشگێرایەکانی خۆیان بگرن و حدکاش وەک هێزێکی دیار و کاریگەری نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، مافی خۆیەتی لە ڕۆژێکی ساڵدا، وەک پەیمان نوێکردنەوە لە گەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی ڕێزبگرێ و داواش لە خەڵکی کوردستان بکات لەو ڕۆژەدا بەسەردانیکردن لە بنەماڵەی شەهیدان، پەیمان لە گەڵ ڕێگا و ڕێبازی سیاسیاندا نوێ بکەنەوە و درێژەدەری بەوەفای ڕێگای خەباتیان بین.

ئەوە نەک هەر شتێکی پاشکەوتوانە نیە، بەڵکوو ڕیزگرتنە لە جەوهەری ئەو خەباتەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانمان بە ئەمڕۆ گەیشتووە و مەشخەڵانی ڕزگاری و سەمای ئازادی و جامانەکان لە نەورۆزدا، بێگوومان خەرمانەی خوێنی ئەو شەهیدانەی کوردستانە کە وەک قۆناخێک لە خەباتی سیاسی سەیری دەکەین و بەتەواوی دووره دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گۆڕیوە و ناوەندی بریاری سیاسی و سەربازی تارانی بەتەواوی لەرزاندووە.

مرۆڤی سیاسی و نەتەوەیی هەرگیز هەوڵی بێ ڕێزی و تێکدانی تەبایی و یەکیەتی سیاسی نادا و ئەو کارەش بەدڵنیایەوە جگە لە خۆش خزمەتی بە دەسەڵاتی تاران خێرێک بە کۆدەنگی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگەیەنێت و ڕێبەری کۆمەڵە دەبێت سنوورێک بۆ ئەو بێڕیزیانەی ئەندامانی بە حیزب و جووڵانەوەی سیاسی کوردستان دابنێت.

بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەندامانی کۆمەڵە ئەوە جاری یەکەم و بێگوومان دواجاریان نابێت کە بەو جۆرە هێرش دەکەن و سنووری ئەخلاقی سیاسی بەرامبەر بە حدکا و شەهیدانی دەبەزێنن و لە گومڕایدا بە تەواوی خۆیان بزر کردووە و خەریکە بەو ڕێگایەدا سەریان لە کوچە تاریکەکانی خەیاڵدا دەربێننەوە.

با تۆزێک ڕاشکاو و ڕوون لە گەڵ یەکدیدا قسە بکەین، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرچاوەی هزری سیاسی و نەتەوەیی ناسراوە و خەڵکی کوردستان بە هەڵوێستە سیاسیەکانیان لە شۆڕشی ژینا و نەورۆزی ئەمساڵدا بە تەواوی

متمانەی سیاسی یان بەو حیزبە داوە و بە تیروتوانج تێگرتنی ژمارەیەک لە برایانمان لە نێو کۆمەڵە لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین ناکرێت و لەو پێگە بەهێزەی کەخاوەنیەتی نادرێت و زیاتر خۆشەویست دەبێت.

خەڵکی کوردستان بە خۆشیەوە بەو ڕادەیە لە وشیاری سیاسی گەیشتووە کە بزانێ کام هێزی کوردستان بە تەواوی لە پێناوی خەڵکدا تێدەکۆشێ و بە هەڵوێستێک یان بڕیارێکی سیاسی لابەلا زیانی بە خەبات و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کوردستان گەیاندووە.

حیزبی دێمۆکرات لەو ڕۆژەیدا واتە ١٠ی خاکەلێوە ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان دەگرێ و تەنانەت ئەو کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵەش کە لەسەنگەری خەبات بەدژی دەسەڵاتی تاران شەهید بوون، ڕێزیان لێ دەگرێ و لێرەدا هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی سیاسی و ڕێکخراوەی بە دروست نازانێ و نایکات.

لەو ڕۆژەدا، کە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە لە گەڵ خوێنی تێکۆشەرانی کوردستان، هەوڵ تەبایی و پێکەوە هەڵکردن بدەین و کارێک نەکەین درز بخەینە نێومان و سەر لە خەڵکی کوردستان بشێوێنین و تێکدانی تەبایی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا، بەدڵنیاییەوە شەقامی کوردستان بێزار و تۆرە دەکات.

لە جیاتی بەرهەم هێنان و پەرەپێدان بەو دەمارگرژیە ڕێکخراوەیە لە کوردستان، لە سەر بە هێزکردنی بیری نەتەوەیی و کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی لە کوردستان کاربکەین، چوونکی ئەوە تەنیا ڕێگای خزمەت کردنە بە جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردستان.

جووڵانەوەی سیاسی کورد کاتێک بە ئامانجەکانی دەگات کە یەکگرتووی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێز بکرێت و بە هەموو لایەکیش ئەو برایەتیە لە نێوان هێزەکاندا بپارێزین و ڕێژیمی تاران بە یەک چاوی سەیری حیزب و کۆمەڵە و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەکا و ئەو کاتە دڵیان خۆشە کە لە دونیای مەجازیدا، دەکەوینە شەڕە دندووکە و وێک هەڵناکەین.

شەڕ و ناکۆکی قووڵکردنەوە کردارێکی نەفرەت لێکراوە و ئەگەر قەراربێت دژی بین، نابێت زەمینەی دووبارە بوونەوەی بۆ نەرەخسینینەوە و بە قسە و کردار زیان بە هاوکاری نێوانمان نەگەیەنین.

بێگومان بەیانی توند و هێرشکردنە سەر لایەنی بەرامبەر و ڕەچاو نەکردنی هەستی تەبایی و یەکگرووتویی نێوخۆی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە جووڵانەوەی ساویلکە و هەرزەکارانە، ناکرێت ناوێکی دیکەی لەسەر دابنرێت.

ئەو بەڕێزانەی ڕەخنەی توند لە حیزبی دێموکرات دەگرن ، کە کەسانێک بە ناوی چالاکانی مەدەنی داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە لە ڕۆژەکانی ٩ و١٠ی خاکەلێوەدا بەسەردانیکردنی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، وێرای ڕێزگرتن لە ڕابردوویان، پەیمان لە گەڵ ئامانج و خەباتە سیاسیەکەیاندا نوێ بکرێتەوە، ئەوە نەک شتێکی بەجێیە، بەڵکوو برایانمان لە نیو کۆمەڵەی نەدەبوو بەو جۆرە و دەمارگرژانە بابەتەکەی بەلاڕێدا بەرن و دژایەتی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بکەن کە لەو ڕۆژەیدا پێشەوای مەزن بە دەستی دەسەلاتی پەهلەوی لە سێدارە درا و کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی کورد دێت.

ڕێژیمی ئاخوندی لە دژوارترین قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆیدایە و هێزەکانی کوردستانیش بە لەبەرچاو گرتنی کەش و هەوای سیاسی ئێران و بیری شۆڤێنیستانەی بەشێک لە فارسەکان، لە هەموو وەختێک زیاتر نیازیان بە لێک نزیکبوونەوە و پێکەوەکارکردن هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت ئەو ڕێچکەیە بەهێزتر بکرێت و دەفکری نەخشەڕێگای هاوبەشی سیاسی بۆ داهاتووی وڵات دابین و بە خەونی خەیاڵی دووبەرەکی دروستکردن بە هیچ جێگایەک لە تێکۆشان بەدژی ڕێژیمی ئێران ناگەین.

بەڕێزانی کۆمەڵە لانیکەم دەبوو تۆزێک بیر لە لایەنە خراپەکانی ئەو هەڵمەتە بە دژی حیزبی دێموکڕات دەستیان پێکردووە بکەنەوە و زیانەکەیانی بۆسەر یەکیەتی و کۆدەنگی نیشتیمانی لێک بدەنەوە و تەنانەت خێر بە خۆشیان ناگەیەنێت.

ئەگەر شەر روویدا، کارێکی خراپە و کورد کوژی دەبێت لە نێو بچێت و بەخەتاو تاوانێکی گەورەی نەتەوەیی سەیربکرێ و ئەو بەڕێزانەی بەو خەیاڵانە دەژین، دەبێت ئەوە باش بزانن کە هاوشێوەی ئێوەمانانێک بوون ئەو کاتیش ئاگری ناکۆکی و شەڕی نێوخۆییان هەڵگیرساند و زیانێکی قەرەبوو نەکراوە بە کورد و جووڵانەوەکەی گەیشت و لە ئامانجەکانی دووری خستینەوە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی هەردوک هێزی کوردستان لە زۆر بوواردا هاوکاری و یارمەتی یەکدی دەدەن لە نێوخۆی کوردستان.

کەوابوو زەمینەی هەڵدانەوەی لاپەرە ڕەش و ناخۆشەکان دڵی هیچ لایەک خۆش ناکات، جگە لە لەو بەرپێزانەی کە ئەو خەونەی دەبینن.

ئێمە وەک ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە چاوی ڕەخنەگرانەوە دێراسەی وردی ڕووداوەکانی ڕابرووماں کردوە و لەژێر تیشکی ڕووناکای ئەو هەڵسەنگاندنەشدا، حیزبەکەمان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران هەستی بە زەرورەتی مێژوویی هاوپەیمانی سیاسی و هاوکاری لە گەڵ کۆمەڵ و کۆی هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانی دژبەری ڕێژیمی ئاخوندیدا کردوە و بە دڵنیایشەوە هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەو نیەت و تێگەیشتنە سیاسی و کۆمەلایەتیە پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان لە گەڵ حیزب و هێزەکانی تری کوردستان بەهێز دەکەن و بە هەمووشیان دەیپارێزن و ڕیگری لەو گروپەی دەگرن کە خەریکی ئەو کارەن!

ڕەخنەگرتن و ڕوانینی جیاواز دەوڵەمەندی فرە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتی ژینگەی کوردستان دەگەیەنێ و سروشتی سیاسی و پێکهاتەی حیزب بە جۆرێک ڕەنگ ڕێژکراوە کە ڕێز لە هەر بیر و باوەڕێک بگرێ و خۆی بە دوور بگرێ لە دەمارگرژی و بەکار هێنانی زمانی زبر کە زیان بە کۆدەنگی نەتەوەیی بگەیەنێت.

حیزبی دێمۆکرات خاوەنی ئیرادە و پێگە و خۆشەویستیە لە نێوخەڵک و بۆ پاراستنی تەبایی و یەکگرتوویی نیوخۆی، لە شەرە دندووکەی ڕێکخراوەی بە تەواوی خۆی دەپارێزی و قەزاوەت و داوەریەکەی دەدەینە دەستی کۆمەلانی هەراوی خەڵکی کوردستان لە ئەمڕۆی خەباتی نەتەوەییدا.

بێگومان ئەو بەرپێزانەی کۆمەڵە چاک دەزانن کە ئامانج لەو کارەیان بەداخەوە بەنیەتی خێر نیە و بیرێکی بەتەواوی ناسەلیم و ناتەندروستی سیاسی و کۆمەلایەتی لە پشتەوەیە و ڕێبەری کۆمەلە نابێت لە ئاستیدا بێ دەنگ بێت و بەرپرسانە هەڵوێست بگرێ.

بە شانازیەوە دەڵێم ئێمە پەروەردەی مەکتەبێکی بە تەواوی سیاسی و نەتەوەیین و وەک تەشکیلاتی حدکا بە تەواوی هەست بە بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی دەکا و خۆی لە دڕدۆنگی لادەدات و لە سەفی بەهێزکردن و پەرەپێدانی یەکڕیزی سیاسیدا خەبات دەکات و وەک هێزێکی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی کوردستان دەکا.

ئەو ژمارەیە لە برایانی کۆمەڵە ئەگەر تۆزێک ویژدانی سیاسی و گەل دۆستی یان هەبووایە و لایەنگری یەکڕیزی سیاسی و کۆدەنگی گەلی کوردیان بە لاوە گرینگ بووایە و بەداخ و ئەسەفەوە سەیری پەیوەندییەکانی رابردووی کوردستانیان بکردایە، هەرگیز بەو جۆرە خۆیان لە قەرەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە لە زمانی بزر نەدەدایەوە و بەرەو قووڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان نەدەچوون.

فەلسەفەی شەڕ و تێکدانی تەبایی ئەوەیە کە کەسێکی زۆر نەفام و بیرداخراو هەڵی دەگریسێنێ و بە هەزاران مرۆڤی گەورە و بیر هێور و ڕۆشنبیر کۆتایی پێ نایەت، جا باسی کارەسات و گاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات هەرناکرێت.

حدکا و کۆمەڵە هاوپەیمانەتیەکی سیاسیان لە نیوخۆیاندا پێک هێنا بوو و دیارە ئەو بابەتە هەر بەرێکەوت و لەخۆوە نەهاتۆتە بەرەوە، بەڵکوو زادەی قووڵبوونەوەیەکی مەسئولانە بووە بۆ داهاتووی کوردستان و پێشگرتن لە بارگرژی و بەر یەککەوتنەوەی ئەو دوو هێزەیە و هەر دووک لاشیان هەستیان بەو مەترسیانە کردوە، کە ڕەنگە چەند کەس و گرووپێک بتوانن ئاگری ماڵوێرانکەری شەرێکی دیکەی براکوژی هەڵبگریسێنەوە.

کوردی ڕۆژهەڵات بە هەموو ڕەهەند و بیر و فیکری سیاسی کە هەیانە، مەحکوومین بە یەکگرتوویی و هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی لە سایەی بەرەیەکی گەورە و فراوانی سیاسی و چەکداریدا بەرامبەر بەرژیمی ئاخوندی و بەدی هێنان و پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد.

ئەگەر لە ئێستاوە زەمینەی گونجاو پێک نەیەت و بە یەکەوە کار نەکرێت، جووڵانەوەی سیاسی کورد بۆ جارێکی تر زیانی زۆری بەردەکەوێتەوە. ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ئاوێنەی بالانوینین بۆ کۆی بارووذۆخە سیاسی لە کوردستاندا، چوونکی ئەوان بە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و بارگرژی نێوخۆییان دەبینین وەزعیان چۆنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۲۸ی مارچی ۲۰۲٤

## یادێک لە رۆژی شەهیدانی کوردستان.





### عوسمان کەوکەبی شاد

پێشەوا و سەرکردە و پێشمەرگەکانی کوردستان گیانی خۆیان فیدای ئازادی و سەربەستی گەلی کورد کردووە. شەهیدانی کوردستان بەرژەوەندی گەلی کوردیان وەپێش بەرژەوەندی تاکە کەسی، خاو و خێزان و بنەماڵەی خۆیان خستووەو بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و ئامانجەکانی پیرۆزی کوردایەتی خەبات و تێکۆشانینان کردووە. ئەوان زۆر رێگای دژوار و هەوراز و نێشویان بڕیوە. کۆسپ و چەڵەمەی زۆریان هاتۆتە پێش و بەڵام هەستی پاکی کوردایەتی بۆ سەربەستی کورستان هاندەری ئەوان بووەو و لە سەر رێگای شۆرشگێری و خەبات کردن بەردەوام بوون. زۆر لەو تیکۆشەرانە، ئەشکەنجە و ئازاری جەستە و دەروونی نەماوە کە لە زینندانی داگیرکەرانی کورستان دا نەیچێژن. هەر بۆیە رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، ئەرک و ئەمەگناسی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە. ئێمەی کورد قەرزدار و منەتباری شەهیدانی کوردستانین و پێویستە رێگای پیرۆزی خەباتیان کە ئازادی و سەربەستی کوردستانە بەرنەدەین و بەردەوام بین.

یەکێک لەو سەرکردە بوێر و لێهاتوانەی کورد پێشەوا قازی محەممەد بووە. ئەو رێبەرە مەزنەی نیشتمانپەرەری کورد، زۆر شێلگیرانە لەو کات و زەمانەی جیهان و کوردستاندا پێشەوایی گەلی کوردی بە دەستەوە گرت و ئەرکێکی پیرۆزی کوردایەتی و بەرپرسایەتی خستە سەر شانی خۆی. پێشەوا قازی محەممەد زۆر ژیرانە و بە لێهاتوی و بوێرانە کۆماری کوردستانی لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی، بەرامبەر بە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ دامەزراند. کۆماری کوردستان باوەشی کوردایەتی بۆ کوردی باشور، باکور و رۆژئاوایی کوردستان کردبۆوە. هەروەها بەرپرسایەتیان لە کار و باری کۆماردا پێدا بوون. هەر بۆیە ئەو کۆمارە هی هەموو گەلی کرد بوو و قازی محەممەدیش پێشەوای کورد بە گشتی بوو. پێشەوا هەموو کات بۆ یەکریزی و یەک

دەنگی گەلی هەوڵی داوە و تێکۆشاوە. ئەو سەرکەوتن و ئازادی و سەربەستی گەلی کوردی بە یەکریزی و یەکگرتوی کورد گرێدا بوو. زۆر بە داخەوە ئەو کۆمارە ماوەی ١١ مانگ بەردەوام بوو. هەر چەند تەمەنی کۆماری مەهاباد کورت بوو، بەڵام لاپەرەیەکی زێرینی لە نێو مێژووی کوردستاندا تۆمار کرد، کە هەموو کوردێک شانازی پێوە دەکات.




قازی محەممەد لە شاری مەهاباد لە رۆژی ١ی مای ١٩٠٠ ی زایینی لە دیک بووە. پێشەوا رووناکبیرێکی لێهاتو و پێشەکەوتو بوو. زمان زانێکی باش بوو و زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، هتد.... دەزانی. ئەو وەک پسپۆرێکی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵاتی سەیر دەکرا و رێزی لێدەگیرا. پێشەوا لە ئێش و ئازاری گەلی کورد باش تێگەیشت بوو، هەر بۆیەش بە کردەوە بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی گەلی خەباتی کردوو و گیانی خۆی فیدای گەلە چەوساوەکەی کرد. لەبەر زیرەکی، لیهاتوی، زانایی، بوێری و هەستی پاکی کوردایەتی گەلی کورد نازناوی پێشەوایان بۆ قازی محەممەد بە رەوا زانی.

پێش روخان و داگیر کردنەوەی کوردستان بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری مەهاباد و مەلا مستەفا بارزانی هەوڵیان دا کە پێشەوا لە گرتنی بە دەست لەشکری محەممەد رەزا شا رزگار کەن. بەڵام پێشەوا بە برێوەبەرانی کۆماری کوردستان و بارزانی گوت ئێوە بڕۆن و خۆتان لە گرتن و کوشتن رزگار بکەن. من نارۆم و لە گەڵ گەلەکەم دمێنەوە. گوتی باش دەزانم کە ژیانم دەکەویتە مەترسی، بەڵام من ناتوانم گەلەکەم بە جێ بێڵم. پێشەوا بەو سوێند و پەیمانەی کە لە کاتی راگەیاندی کۆماری کوردستان خوارد بووی و دابووی، بە وەفا مایەوە و گیانی خۆی فیدای گەلەکەی کرد.

رۆژی ١٧ی دیسامبری ١٩٤٧ی زایینی لەشکری حکومەتی ئێران هاتەوە بۆ شاری مەهاباد و داگیری کرد. بە داگیر کردنی مەهاباد کۆماری کوردستان شکا و گەلی کورد بێ کۆمار و سەرۆک مانەوە. تێکشکانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان ئێش و ئازارێکی گەلێک بە تین بوو بۆ هەموو گەلی کورد. سەرتیپ هومایون کە داگیر کردنەوەی کوردستانی پێسپێردرا بوو، لە

کوردستان هەمە کارە بوو و ئەمری کرد کە پێشەوا قازی محەممەد و بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان دەستگیر کەن. پشەوا و هاوکارەکانی زۆر بە شێوەیەکی نادادپەوەران دەستگیر کران و رەوانەی زیندان کران. لە زیندانی مەهاباد پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لە رێکەتی ٣٠ی دیسامبری ١٩٤٦ دادگایی دەکرێن. دادگایی کردنیان نهێنی بوو و کەس نەیدەزانی لە دادگا چی روو دەدات. ئەوان داوایان کرد کە پارێزەر بۆ خۆیان بگرن، بەڵام دادگا رەتی کردبۆوە. دادگای نیزامی بە رواڵەت دادگا بوو بۆ چاو بەستنی گەلانی ئێران و دەرەوە. دادگا کردنیان زۆر بە نادادپەوەرانە بەرێوە دەچوو. لە گەڵ ئەوەیدا کە نەیانتوانی پارێزەر بۆ خۆیان بگرن، بەڵام پێشەوا قازی محەممەد زۆر بوێرانە پارێزگاری لە خۆی و هاوکارەکانی کرد و تەواوی تۆمەتەکانی دادگای رەت کرد بۆوە. پێشەوا زۆر چاو نەترسانە بەرپرسایەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی خست بۆوە سەر شانی خۆی و پارێزگاری لە ئازادی و سەربەستی گەلی کورد کرد بوو. دادگای فەرمایشی شا ویستی کە قازی محەممەد لە راگەیاندنی کۆماری مەهاباد پێشمان بێتەوە و بۆ رزگاری بوونی بپارێتەوە. بەڵام پێشەوای گەلی کورد نەک پەشیمان نەبۆوە، بەڵکو گوتی ئێوە ئێستا هەموو گەلی کورد و کۆماری کوردستان و دێموکراسی و ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد دادگای دەکەن. من لە سەر ئاوات و ئامانجەکانم سوورم و گیانی خۆم فیدای گەلی چەساوە و ماف خورای خۆم دەکەم. پێشەوا وەفادار بە گەلی خۆی مایەوە و سەربەرزانە شەهید کرا و ناوی لە ناو مێژووی کورد و کوردستان هەتا، هەتایە تۆمار کرا. هەموو گەلی کورد قازی محەممەد بە پێشەوا و شەهیدی خۆی دەزانی.

پێشەوا و سەیفی قازی و سەدری قازی لە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی بەرامبەر بە ١٠ی خاکەلێوەی ٢٦٤٧ی کوردی لە کاتژمێر ٣ی بەیانی لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد، ئەو شوێنەی کە پێشەوا کۆماری کوردستانی راگەیاند لە سێدارە دران. دادگای فەرمایشی نیزامی محەممەد رەزا شا بە نادادپەوەری و بە دزی بەرێوە چوو و هەروەها لە سێدارەدانی پێشەوا و سەیفی قازی و سەدری قازی بە دزی بەرێوە چوو.


سەری نەوازیش و کرنوش بۆ پێشەوای شەهید و هەموو شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم و هیوادارم کە کورد رێبازی شەهیدان بەر نەدا، هەتا گەیشتن بە دامەزراندنی کۆمارێکی دێموکراتیکی کوردستان.

وڵاتی نۆرویژ، شاری هامار

رێکەوتی ١٠ی ای ٢٧٢٤ی کوردی (٣٠ی ٣ی ٢٠٢٤ ی زایینی)

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٤

## سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانیدا



ئاشق ئیسماعیلی

بەرەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەوکاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەرەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقولاغ"ی لە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی، داری بێدادییان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی، سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی، وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی، نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەوکاتی ئێرانیان لە سێدارە دا.

پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵ و منداڵی هاونیشتمانانی بکاتە قوربانی، لەژێر داری ئێعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیاندا حەشار دابوو.

ڕەنگە ئەوکات و لەو هەلومەرجە دژوار و سامناکەدا کە کۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی کورد کارەساتێکی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتکەی سەرکەوتندا دەدی، مانا و نێوەرۆکی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو نەبوون. بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەکانی قۆناخەکانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەو وتانەی پێشەوا قازیان باشتر ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی کوردستان، لەو کاتەدا کە دێوەزمەی مەرگی لە بەرانبەر خۆیدا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە، دروشمدان نەبووە و پێشبینییەکی کردوە، کە دواتر بەتەواوی ڕاستبوونی دەرکەوتوە.

**پێشەوا فەرمووی:**

**"ئێوە بە لە سێدارەدانی من هەر قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نییە کە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد قازی محەممەدێکە و ڕێگای ئەو خەباتە درێژە دەدات"**

لە ڕاستیشدا هەر وا بوو. ئەمڕۆ، زیاتر لە حەوت دەیە دوای شەهیدبوونی پێشەوا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی قازی، لە مێشک، هەڵسوکەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی کورددا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش کە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵکرا، لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورددا دەشەکێتەوە.

**پاشان کاتێک ویستیان چاوی ببەستن و قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:**

**"ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانمدا شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن دڕ بە تاریکی دەدا. بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاریی کوردستان"!**

ئەو وتەبەرزە پڕهەست و بوێرانەیە ئەوەندە بەهێز بوو، کە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕوحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێکەڵ بوو. هەر لەو کاتەدا شنەیەکی نەرمی بەهاری لە "کلکەی خەزایی" و "مەحموودکان"ەوە هەڵیکردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەکانی دەم جۆگەکانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش کرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەرڕووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و کوردستاندا بڵاو بۆوە و، خۆی بە هەموو ماڵە کوردێکدا کرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی کوردستانی لە دڵی کوڕان و کچانی کورددا چاند.

لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی تازیەدار دەکا و شەبەقی زێرینی خۆی بە سەر "چوارچرا"، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆماردا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە رووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کڕنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبواری ڕێگای دەبا و پاشان نێوەرۆکی پەیامەکەی پێشەوا لە تویێ تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:

"تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"

یان:

"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە"!

ئێستا، وەک ئاماژەمان پێ کرد، دوای تێپەڕینی ٧٨ ساڵ بەسەر جوانەمەرگبوونی کۆمار و شەهیدکرانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانیدا، بەڕوونی دەرکەوتوە کە سەرەڕای ئەوپەڕی زەبروزەنگی دوژمنان، بیری ڕزگاریی کورد و کوردستان نەک هەر لەکەمیی نەداوە و هەروا زیندووە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەکردنی زیاتردایە و تێکۆشەرانی کورد لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بە دەرسوەرگرتن لە مێژوو و بەکەلکوەرگرتن لە زۆر شێوەی نوێ، تێدەکۆشن و ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەیان بەرز ڕاگرتوە.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا و لە ساڵوەگەڕی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازیدا، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماکۆوە تا ئیلام، میلیۆنان مەشخەڵی ئاگرین کە بەڕوونی ڕەنگدانەوەی ویست و ئامانجی ڕزگارین، لە دەستی نەوەی نوێی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێنەوە و میلیۆنان ڕێبواری ڕێگای پێشەوای نەمر،

لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە و یادکردنەوەی ئەو کەسایەتییە مەزنە دا، دەڵێن:

"بەڵێ، تۆ شەهید بووی، کورد ما
تێکۆشان و دەســــــــتوبرد ما

کوورەی خەبـــات نەکوژایەوە
ڕابوون هەرگیز نــــەبڕایەوە

ئەو دەرســەی بە کوردت داوە
لەبیر ڕۆڵەکانـــــــــت ماوە

بۆتە خوێــــنی نێو دەماریان
بۆتە دروشم و هـــــــاواریان

هێز دەبەخشێ بە هەنگاویان
ڕوونـــاکی دەدا بە چاویان

فێریـــان دەکا ڕێ ون نەکەن
متمانە بە دوژمـــن نەکەن

ئێستا لە هەموو کوردستان
مەڵبەندی خەبات و هەستان

ئاڵات جەنابی ســـەرکۆمار
هەڵدەدرێ لە دێهات و شار

بە دەست ئاشقانی ڕێتەوە
هەر بەرزە و دەشـەکێتەوە"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## ئاسوودە بنوو حەزرەتی پێشەوا!




ڕەزا دانشجوو

### گێڕانەوەی یەکەم

پێشەوا لە نامەحکەمەی پەهلەویدا خەریکی شیکردنەوەی ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانی کۆمارە. پێشەوا ئاگادار لە ئاکامی مەحکەمە گاڵتەجاڕییەکەی پەهلەوی بۆ مێژوو قسە دەکات نەک بۆ ڕزگاربوونی خۆی! بۆ کەسێک کە بە چاوێکی کراوەوە چووبێتە پێشوازی مردن، هەوڵدان بۆ مانەوە بێمانایە. پێشەوا ئاگادار لە بارودۆخی نەگونجاوی ئێران و دەسەڵاتی گەندەڵی پەهلەوی باشتر لە هەر کەسێکی‌تر دەیزانی کە هەمان ڕۆژ کە کۆماری کوردستانی لە چوارچرا ڕاگەیاند حوکمی لەسێدارەدانی خۆی واژۆ کردوە. مانەوە و تەسلیمبوونی پێشەوا هەوڵێک نەبوو بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی، بەڵکوو تێکۆشانێک بوو بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژی گەلەکەی و پاراستنی نەمامی تازەچێندراوی ناسیۆنالیزمی کوردی. نەمامێک کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو و هێرشی با و باران دەیتوانی بە مانای لەنێوچوونی بێت.

دەڵێن هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی هێشتا دەروازەکانی تارانیان بۆ سەرکوتکردنی کۆماری ئازەربایجان بەجێنەهێشتبوو،

"جەعفەر پیشەوەری" پەنای بو یەکیەتیی سۆڤیەت برد و لەوێ نیشتەجێ بوو! پێچەوانە کاتێک تاقمێک لە کەسانی نزیک لە پێشەوا داوایان لێ کرد کە ئەویش زێد و نیشتیمانی خۆی بەجێ بهێڵێت و پەنا بۆ باقرۆف ببات، پێشەوا زۆر بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە: "هەرکەس دەترسێ و نایهەوێت بمێنێتەوە خۆی ڕزگار کات و بڕوات، بەڵام ئەمن هەرگیز خەڵک و نیشتمانم بەتەنیا جێ ناهێڵێم". هەڵبژاردەی پێشەوا مانەوە بوو. ئەمە ڕێبازی بوو، خەونەکانی پێشەوا بۆ کوردستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان تازە دەستی پێ کردبوو، ئامانجی پێشەوا زۆر گەورەتر لەوە بوو، ئەو هەر لە دەسپێکی ڕاگەیاندنی کۆماردا دەیزانی ڕەنگە ڕووبەڕووی چ چارەنووسێک بێتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی پێشەوا چیایی بوون.

کچی پێشەوا دەگێڕێتەوە: "هەندێکجار دایکم نیگەران لە داهاتووی خۆی و منداڵەکان نارەزایی بەرانبەر بە باوکم دەربڕی و دەیگووت: دەزانی دوای تۆ چی بەسەر ئەم منداڵە بێتاوانانەدا دێت؟" پێشەوا لە وەڵامدا دەیگووت: چاوەڕێی ئەوە مەکە لە پێناو منداڵەکانم پشت لە گەلەکەم بکەم!" باخەوانێکی لەسەرەخۆ و ساحێب سەبر کە باوەڕ و ئیمانی بە کارەکەی هەیە و بەبێ ترس لە ئافات و سەرما و بەستەڵەک چاوەڕێی گەورەبوونی ئەو نەمامەیە کە خۆی چاندوویەتی. نهێنیی مانەوەی پێشەوا لە دڵی خەڵکەکەی و نیشتیمانی، باوەڕ بە خۆبوون و ڕێگا و ڕێبازی هەڵبژێردراوی و سووربوون لەسەر بیروباوەڕەکانی بوو. بێگومان ئەگەر پێشەوا لە کوردستان نەمابایەوە و پەنای بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت بردبا، نە ناوێک لە پێشەوا لەنێو کورددا و نە هیچ شتێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەماوە. پێشەوا و کۆماری کوردستان وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ڕێبازی ناسیۆنالیزم کوردییە. دامەزراندنی حیزب و تێپەڕاندنی تاقمێک ئاستەنگ و بیروباوەڕی نادروست وەک عەشیرەگەرایی دامەزراندنی ڕۆژنامە و یەکیەتیی ژنان هەنگاوگەلێکی گەورە بوون لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی بیری هاوبەش لە کوردستاندا.

خاڵێکی گرنگی تر لە سەردەمی پێشەوادا ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی خەڵک هاوکات لەگەڵ باوەڕ بە جودایی ئایین لە سیاسەت بوو، ئەمەش وای کرد پێچەوانەی بانگەشەی درۆ و پڕۆپاگەندەی فاشیزمی فارسی هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەبێت. ئەو ڕۆژەی پێشەوا لە چوارچرا لەم شوێنەی کە ماوەیەک لەوەی پێش کۆماری ڕاگەیاند لەسێدارە درا، تەنیا شتێک کە بیری لێ نەدەکردەوە خۆی بوو! پێشەوا بە دڵێکی ئارامەوە ماڵئاوایی لە کوردستان کرد، چونکە دەیزانی بە مردنی خەڵکەکەی لە کۆمەڵکوژیی داگیرکەر پارێزراو دەبێت. پێشەوا دڵنیا بوو هیچ شتێک ناگەڕێتەوە پێش سەردەمی کۆمار و ئەم ڕێگا ڕزگارکەرەی کە ئەو دەستی پێ کردوە و ڕچەی شکاندوە، ڕۆژێک دەگاتە شوێنی مەبەست.

## گێڕانەوەی دووەم

باوکی شەهید کۆمار دەرئوفتادە یەکێک لە شەهیدانی شۆڕشی ژینا، لە کاتێکدا شەهیدبوونی کورە تازەلاوەکەی دڵی هەرکەسێکی خاوەن شەرەفی ئازار دەدات، بە سەبرتر لە جاران، بە ئیرادەیەکی پتەو، دەڵێت: ناوی کوڕەکەی کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، لە دایک بووە بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە مێژووییە ناو ناوە "کۆمار" و، ئێستاش شانازی دەکات کوڕەکەی هەر لەم ڕێبازەدا شەهید بووە. سەرسوڕهێنەرە! دوای نزیکەی هەشتا ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا، ئێستا باوکێک کورە ڕەشیدەکەی و گەورەترین سەرمایەی ژیانی پێشکەشی ڕێبازی پێشەوا و ئازادی کوردستان دەکات.

باوکی شەهید فەریدون ئەحمەدی لە سەقز بەبێ ئەوەی گلەیی لە کەس بکات خەریکی هەڵقەندنی گۆری کوڕە خۆشەویستەکەیەتی. لەجیاتی گریان و ماتەمین باس لە پێویستی یەکگرتن و درێژەدان بە خەبات دەکات، داوای یەکگرتوویی لە خەڵک دەکات بۆ ئەوەی ئەم ناعەدالەتی و کۆنەپەرستیییە نەمێنێت و کۆتایی پێ بێت.

شەهید شەهریار محەممەدی لە تەنیشت جەستەی بێگیانی شەهید محەممەد حەسەنزادە دانیشتووە، بۆ هاوسەنگەرە شەهیدەکەی نائارامە، شەهریار تاکەڕێگا و بژاردەی مومکین درێژەدان بە خەبات و بەرخۆدان دەزانێت. شەهریار هەرگیز هاوڕێکەی بە تەنیا جێ نەهێشتوە و هەرگیز بە تەنیا جێی ناهێڵێت. ئەو دڵنیایە مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئازادی، دەبێت باجەکەی بدات، و بەبێ بەرخۆدان و شەهیدبوون ناتوانرێت ئازادی بەدەست بهێنرێت.

## گێڕانەوەی سێیەم

نەورۆز و کوردستان دوو هاوڕێی لەمێژینەن. نەورۆز ئەم وڵاتەی زۆر خۆش دەوێت، کەس وەک کورد ڕێزی لێ ناگرێت، کەس وەک کورد چاوەڕوانی هاتنی ناکات. کورد ساڵانێکە چاوەڕێی ڕووداوێکی گرنگە لە نەورۆز. ساڵانێکی زۆرە کورد خەون بە نەورۆزێکەوە ئەبینێت، نەورۆزی ڕزگاری و نەورۆزی بێ داگیرکەر. کوردستان پڕە لە گۆرانی و داهێنان، گەنجانی کورد دەست لە نێو دەستی یەکتر کاتی نەورۆز بە پانتایی جوغرافیای کوردستان گۆرانی ڕزگاری دەڵێنەوە. بۆ کورد هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک چیرۆکێکی جیاوازە و دەکرێ کتێبێکی چەند سەد لاپەڕەیی لەسەر هەڵپەڕکێ بنووسرێت.

نەورۆز و هەڵپەڕکێ ناسنامەی کورد و کوردستانن. لە هەر شوێنێک نەورۆز و هەڵپەڕکێ هەبێت، بێگومان کورد لەوێیە یان سەردەمێک لەوێ بووە. بەڵام نەورۆزی ئەمساڵ زۆر جیاوازە و خوێنێکی تازە ڕژاوەتە نێو دەمارەکانی جەستەی ماندووی نەورۆزەوە. هەموو شتێک بۆنی تازەیی لێ دێت. ئەمجارە دەسماڵی چۆپی لە دەست بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە، پێویستە هەموو لەگەڵ سەرچۆپی هەماهەنگ بن. ئێستا مەشخەڵ لە دەستی ئەو کەسانەدایە کە زیاتر لە هەموو کەس ئاگاداری چۆنیەتیی ڕێگاکەن و هەڵدێرەکان باش دەناسن. دەزانن بۆ لەنێوبردنی تاریکی و گەیشتن بە ڕووناکی دەبێت چی بکرێت. پڕن لە ئیرادە و کۆڵنەدان! داخ لە دڵ، بەڵام پڕ لە سەبر و خۆڕاگر بۆ گەیشتن بە لوتکە و ئامانجی کوتایی.

## لە بەهار هەتا بەهار

ئەو نەمامەی کە پێشەوای نەمر نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر بە باوەڕ و ئیمان بە ئامانجەکانی و داهاتوو و ڕزگاریی گەلی کورد ناشتبووی، ئێستا بووە بە درەختێکی بەهێز. درەختێک کە ڕەگ و ڕیشەی بە پانتایی جوغرافیای بەندکراوی کوردستان لە ئاگرییەوە تا دالاهۆ بڵاو بووەتەوە. نەمامێک کە بە خوێنی پاکی هەزاران شەهیدی کوردستان پاراو کراوە. ئەوانەی خەونی بڕینی ئەم دارە دەبینی، ئێستا زیاتر لە جاران بۆیان دەرکەوتوە کە بڕینی ئەم پیرەدارە کاری وان نییە. لە سێبەری ئەو بزووتنەوە مەزنەی کە پێشەوا بەردی بناغەی دانا، ئێستا نەک هەر نەمامەکە بۆتە دارێکی زەبەلاح، بەڵکوو لە سایەی فێرکارییەکانی جەنابی سەرکردە، کوردستان پڕ بووە لە باخەوانی باوەڕمەند و لەسەرخۆ کە بۆ پەسەندکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی ڕۆژهەڵات ئامادەی هەموو جۆرە گیانفیداییین بیر و هزری پێشەوا لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بڵاوبووەتەوە، ئێستا باوکان و دایکانی کوردستان، قوتابیانی بەئەمەگی قوتابخانەی پێشەوا، شانۆگەر و سەرکردەی مەیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتن.

لە ساڵیادی هەڵفڕینی باڵندە ئێسکسووکەی ئاسمانی کوردستان، خەڵک دەستە دەستە سەردانی. گڵکۆی شەهیدانی ڕێبازی ڕزگاری دەکەن دەکەن و بە پێشکەشکردنی چەپکەگوڵ پەیمان نوێ دەکەنەوە کە تا هەمیشە درێژەدەری ڕێگایان بن.

پەرۆش مەبە, جەنابی پێشەوا! دوای ڕۆیشتنت خەڵکی وڵاتەکەت بۆ ساتێکیش گومانیان لە ڕاستی و دروستیی ڕێبازەکەت نەکرد، کوردستانیان تا هەمیشە درێژەدەری ڕێگای بەڕێزتانن. پەرۆش کوردستان مەبە جەنابی پێشەوا! کۆماری کوردستان هەر زیندووە، زیندووتر لە هەموو کاتێک لە دڵی میلیۆنان کورد لە سەرانسەری ئەم جوغرافیای بەندکراوە، لە هەمیشە پڕ شکۆتر و پڕ بایەختر .

## دەی خاکەلێوە؛ بەشی دوویەم

جەنابی پێشەوا! ئێستا ژنانی کوردستان بوونەتە مەشخەڵ هەڵگری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵات، خەونەکانتان خەریکن دێنە دی، ئێستا ژنانی کورد ئیلهامبەخشن و بەڵێنی ئازادی دەدەن.

ئاسودە بنوو جەنابی پێشەوا! کوردستان لە ڕێڕەوی ڕاسپاردەکانی بەرێزتان خەریکی گەیشتن بە ڕزگارییە. ئاسودە بنوو گەورەم کە کوردستان لەسەر هەست و بەخەبەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و باسێک لەسەر کەسایەتی پێشەوا



**عومەر باڵەکی**

لانی کەم لە دووسەدەی ڕابردوودا کە زۆربەی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای خاک و نەتەوە و زمانی هاوبەش دروست بوون، هەر نەتەوەیەک بۆ پتەوکردنی بناخەکانی دەسەڵاتداریەتی خۆی هەوڵی داوە کۆمەڵێک هێما و ڕەمز بۆ خۆی دروست بکاو گەلی کوردیش لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، بەڵام لە ڕەوتی مێژوودا بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە کۆمەڵێک ڕەمز و هێمای بۆ خۆی دروست کردووەن، وەک ئالای کوردستان، پێشمەرگە، سرودی نەتەوایەتی و جێژنی میللی نەورۆز.

بەڵام هەموومان دەزانین کە کۆماری کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی ئێرانەوە رووخا و لە دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ڕێبەرانی لە سێدارەدران. بەڵام بە ڕوخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی کۆمار جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێ نەکەوت و هەتا ئێستا بە گوڕوتین بەردەوامە. بە داخەوە لەم ڕێگایە دا هەزاران ڕۆڵەی ئەوگەلە زوڵم لێکراوە بە کچ و کور و ژن و پیاو، لە هەموو

چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری گیانیان بەخشیوە و کاروانی شەهیدان ڕۆژ بە ڕۆژ درێژ و درێژتر بۆتەوە. بە بوونی ئەو خەباتە خوێناوییە بۆ ڕێزلێنان لە گیانبەختکردنی هەموو شەهیدانی کوردستان ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی شەهیدان وەک پێویستییەکی مێژوویی خۆی دەنواند. بۆ ئەو مەبەستە نزیک بە ٥٠ ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید بوونی یەکەم سەرکۆماری کوردستانی بە ڕۆژی شەهیدان دیاری کردووە و خەڵکی کوردستان لەو کاتەوە وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی کوردستان ساڵانە لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لەلایەن دڵسۆزان و خەمخۆرانی گەل و نیشتمان یادی شەهیدان بەرز ڕاگیراوە و یادیان کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەو خەباتە دوور و درێژ و خوێناوییەدا هەر ساڵێک کە بەسەر شەهید بوونی پێشەوا و هاورێیەکانیدا تێپەر دەبێ، لاپەرێکی دیکەی پڕ لە شانازی بە مێژووی مافویستی و شوناسخوازی نەتەوەی کورد زیاد دەبێ و ئەوە لە درێژەی خەباتی بێ وەچانی سیاسیی نیزامی ساڵانی ڕابردوو هەتا ڕاپەرینی ژینا و بەرێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزیەکانی ئەوساڵ بە کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە تەواوی دەبیندرێ و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانی نکۆڵیان لێ بکا. لە هەمان کاتدا لە ئاستی هوشیاری و ئیرادەی نەتەوەیی و خەباتی بێ وەچانی میراتگرانی ڕێگای پێشەوا و هەموو شەهیدانی کوردستاندا دەبینین ڕۆژبەڕۆژ دوژمنانی سویند خواردووی کورد زیاتر لە پاشەکشەدان و پێ بە پێی پاشەکشەی دوژمن هەنگاوەکانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لوتکەی سەرکەوتن خێراتردەبن.

بۆ باس کردن و لێکدانەوە لەسەر هەر بابەتێک یا ڕووداوێکی مێژووی وا دروستە هەلومەرجی ئەوکاتەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوداوە ئەگەر بە کورتێش بێ هەڵسنگاندنی بۆ بکرێ. کاتێک باس لە دەی خاکەڵێوە ڕۆژی شەهید کرانی پێشەوا و هاورێیانی دەکەین و دەمانهەوی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد بێنینە بەر باس و ئاشنا بە نەسلی نوێی بکەین وا دروستە بۆ چەند ساڵێک پێش دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژێ کاف و دامەزرانی کۆماری کوردستان بگەڕێنەوە دواوە و بۆ ئەوەی بزانین هەڵومەرجی ئەو کاتی کوردستان بە گشتی وڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی چۆن بووە.

لەو سەردەم دا سیاسەتی رەزاخانی (رەزاشا) لەسەر بنەماکانی دەولەت نەتەوە وای لە ئێران کرد بوو کە هیچ کام لە نەتەوەکانی پێک هێنەری ئێران هەستیان بە ئەمنییەت و ئاسایش و پاراستنی شوناسی خۆیان نەکرد ودوای روخانی رەزاشا وجێگرتنەوەی لە لایەن محمد رەزاشا کە هەمان سیاسەتی بابی درحەق بە نەتەوەکان پێک هێنەری ئێران پێرەو دەکرد وهەموو هەوڵی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەوە بوو کە زمان وفەرهەنگ وکلتووری هەموو نەتەوەکان لە نەتەوەی باڵادەست دا

بتوێنێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین پێک هێنانی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێک بوولە بەرانبەر ئەو سیاسەتەدا ودیفاع و بەرگری بوو لە شوناسی نەتەوایەتی کورد. کاتێک بە پێی هەلومەرجی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی سپای متفقین بۆ ئێران و لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی بە تایبەتی لە کوردستان ئەو هەڵ دەرەخسی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە، هەلەکە دەقۆزرێتەوە و دەسەڵاتی ناوچەکە بەدەستەوە دەگرن.

لەو سەردەم دا ماوەی چەند ساڵێک بوو جووڵانەوەکانی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە لایەن دوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کپ کرا بوون و ڕێبەرانی جووڵانەوەکان یا شەهید کرا بوون و یا دوور خرابوونەوە وجۆرێک کەش وهەوای نائومیدی باڵی بەسەر کوردستان دا کێشا بوو. دامەزانی کۆماری کوردستان لەسەردەستی حیزبی دێموکرات، زیندوو کردنەوەی ئیرادەی نەتەوەیەک بوو کە لە وتارەکەی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

- ئەو سەردەم، سەردەمی خانخانی وعەشائیرە وئەو عەشێرەتانە بە دەسیسە و پشتیوانی دەسەڵاتدارانی تاران ئەو بە دائیم لەگەڵ یەکتر ناتەبان و زۆر جاران کە هەلیان بۆ هەڵکەوتوە یەکتر تاڵان و بڕۆ کردووە. بەڵام کۆماری کوردستان و تواناکانی خودی پێشەوا توانی هەموو ئەوانە لە ژێر ئالای کوردستاندا کۆ بکاتەوە.

- لەو سەردەم دا کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و نەخوێندەوارە و کەمتر ئاشنایە بە مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بوو. کۆماری کوردستان لەژێر ڕێبەرایەتی پێشەوا دا توانی لە ماوەیەکی کەمدا هەتا ڕادەیەکی باش تاکی کورد ئاشنا بکا بە مافەکانی.

بەو خویندنەوە کورتە بۆمان دەردەکەوێ کە پێشەوا لە سەردەمێک و کۆمەڵگەیەکی ئاوادا بەرپرسیاتی ورێبەری جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوە گرتووە و بە ئیرادەیەکی پتەو و کوردانە هەتا دواهەناسەی ژیانی وەفادار بەو ڕێبازە ماوەتەوە.

**بە خۆڕایی نییە شەهید د.قاسملوو دەفەرمووێ «پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوا بوو».**

**لێرەدا لە چەند خاڵێک دا باسی کەسایەتی پێشەوا لە بوارە جیاجیاکاندا و کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە دەکەین:**

١- پێشەوا قازی محەممەد لە مێژووی هاوچەرخماندا یەکێک لەو کەسایەتییە بەرزانەیە کە لەسەردەمی خۆی دا بە دەرکی دروستی لە هەلومەرجی نێوخۆی ئێران و دەوربەر هەڵەکەی قۆستۆتەوە و مێژوویەکی بۆ گەلەکەی دروست کردووە کە ئێستاش دوای تێپەر بوونی ٧٨ ساڵ کاریگەریەکانی بەسەر بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانەوە بە تەواوی دیارە و هەست پێ دەکرێ.

٢- پێشەوا قازی محەممەد بە تەجروبە وەرگرتن لە مێژووی جوڵانەوەکانی کورد، بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی جوڵانەوەی مافخوازی ورزگاریخوازی گەلی کورد بە رێکخراو بکا و هەر ئەوەش وای کرد کە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ولە سێدارە دان وزیندانی کردنی رێبەرانی حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان، دووبارە جوڵانەوە لەسەر دەستی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ بگرێتەوە ودەست بە کاروتێکۆشان بکاتەوە.

٣- پێشەوا توانی بە قۆستنەوەی هەل و فورسەتەکان خەونی لەمێژ ساڵەی گەلی کورد کە بە دەوڵەت بوون بوو بێنیتە دی، هەرچەند تەمەنی ئەو دەولەتە کەم و جوغرافیایی ژێر دەسەڵاتی بەرتەسک بەڵام کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کەم دا بوو بە نوێنگەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێن کە کۆماری کوردستان ئەزموونێک بوو کە ئالۆگۆرێکی گەورەی لە هۆش و بیری نەتەوایەتی گەلی کورد دا پێک هێنا.

٤- پێشەوا لە گەڵ ئەودا کەسێکی ئاینی و دیندار بوو، بەڵام نیشتمانپەروەری و گەڵ دۆستی بە هەموو گوتارو کرداریەوە دیار وهەست پێکراو بوو. ئەوەتا کاتێک سوێند دەخوا بیجگە لە بیروباوەرە ئاینییەکەی بە نیشتمان وئالای شکاوەی کوردستان سویند دەخا. **«بە قورئانی کەریم، بە نیشتمانی شەرافەتمەندی گەلی کورد، بە ئالای پڕ شانازی کە لە شەکانەوەدایە سویند دەخۆم تا دوا دڵۆپی خوێن لە ڕێگای ئازادی وبەختەوەری گەلی کورد دا لە هەوڵ وکۆشیش دریغی نەکەم..... »**

٥- پێشەوا بە مانەوەی لەگەڵ خەڵک و هەڵبژاردنی مەرگێکی سەربەرزانە رێچکە و نەریتی پێشەنگ بوونی بۆ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دارشت و ئەو پەیامەی پێدان کە هەموو کات پێویستە لە ڕێگای ئامانجەکانی گەڵ دا ئامادەی گیانبازی بن. هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ ئەو نەریتەی پێشەنگ بوونە لەنێو قوتابیانی رێبازی پێشەوا و رێبەرانی سیاسیی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەردەوامە. بەڵگەی ئەو بۆچوونە

شەهید بوونی زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب کە لە نێویاندا شەهیدان د.قاسملوو، د.شەرفکندی و بە دەیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەرانی نیزامی.... دەبیندرین.

٦- هەوڵ و هیمەت و کار و تێکۆشانی پێشەوا لەو سەردەم دا وای کرد کە بۆ یەکەم جار گەلی کورد لە کوردستان بە کۆمەڵێک دیاردەی نوێ وەک حیزبایەتی و دێموکراسی ئاشنا بێ و کۆمەڵگەی ناتەبایی کوردی پێکەوە تەبا کرد و توانی بۆ ماوەیەکی هەرچەند کەمیش بێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە داراونەدار، خوێندەوار و نەخوێندەوار بازاری و جوتیار، عەشایر و شاری لە ژێر ئالای کوردستاندا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە خزمەت ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا بن.

٧- پێشەوا باوەری قوڵی بە دێموکراسی بوو، ئەو باوەرە وای کرد کە گەشە کردنی هەست و بیری نەتەوەیی لە کوردستاندا بە ئاقارێکی موسبەت و مرۆڤدۆستانە دا بروا. پێشەوا باوەری بە ڕاوێژ و بریاری جمعی هەبووە و لە هیچ کاتدا تاکرەو و خۆسەپێن نەبووە. وەک خۆی لە وتووێژێک دا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا دەڵێ: «ئەمن بەبێ تەسویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسلەحەتی میللەتی بێ مشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی.»

٨- پێشەوا روح و گیانێکی لێبوردەیی بەرانبەر هەموو دژبەر و جیابیرانی خۆی و کۆماری کوردستاندا هەبوو، گیانی لێبووردەیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە لە ڕۆژنامەکانی ئەودەمی تاراندا قسەی لەسەر کراوە(سەبارەت بە مامەڵەکردنی پێشەوا لەگەڵ ئەو دیلانەی ئەرتەشی شاهنشاهی کە لە شەری قاراوای سەقز گیرابوون)

٩- مامەلەی پێشەوا لە گەڵ کەمینە ئاینیەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە چەشنێک بوو کە نەک هەر لە بەرێوەبردنی رێورەسمە ئاینیەکان ئازاد و سەربەست بوون لە خویندنی منداڵەکانیشیان بە زمانی دایکیان ئازاد بوون و وەک هەموو ئەو منداڵانەی دیکەی کورد لە قوتابخانەکان دەرسیان دەخوێند بۆیە کاتێک پێشەوا وەک سەرکۆمار ناسێندرا ئەو کەمینە ئاینیانە ئاهەنگی گەورەیان گێرا و شیرینی و شەربەتیان بەخشییەوە.

١٠- پێشەوا ڕوناکبیرێکی نەترس و لەهەمان کاتدا کۆمەلناسێکی ڕاستەقینە و بە ئەزموون بوو، لە هەموو ڕێبەرانی پێش خۆی باشتر کۆمەڵگەی کوردەواری ناسیبوو و شارەزای مێژووی پڕ لە کارەساتباری نەتەوەکەی خۆی بوو، بە تەواوی ئاشنای

ویست و داخوازییە نەتەوایەتیەکان بوو. لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکی ئەوەندە بە زمانێکی سادە و ساکار لەگەڵ خەڵک دەدوا کە بەردەنگەکانی لێی تێبگەن بۆیە هەر زۆرزوو دەیتوانی کاریگەری ڕاستەوخۆ بکاتە سەر بیروباوەڕیان.

١١- هەروەکی پێشتر باس کرا پێشەوا مرۆڤێکی بە تەواوی مانا دێموکرات بوو و باوەری قوڵی بە دێموکراسی هەبوو، پێک هێنانی یەکیەتی لاوان و ژنان لەو سەردەم دا کارێکی یەکجار گرینگ و پێشکەوتوانەیە و لە باوەرەکانی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو سەردەم پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری، پێک هاتەیەکی عەشایری و بە تەواوی پیاوسالارانە بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا ڕێچکەی شکاند و بەسەر ئەوداب و نەریتە کۆنەدا زاڵ بوو، ئەوەندە چووە پێشێ کە لە مەرامنامەی حیزب دا دان بە مافی ژنان دابنێ. لە ماددەی ٢١ مرامنامەی حیزبدا بەو شێوە باس لە رۆلی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکا( ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسیی وئابووری وکۆمەڵایەتی دا ژنان وەکو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.) هەر ئەو باوەریە وا دەکا کە لەو وتارانەی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان دەخوێندرێنەوە ئیزەن بدرێ دوو وتار لە لایەن ژنانەوە پێشکەش بکرێ کە هەر دوو وتار هەڵگری باس لە ڕۆلی ژنان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دەکەن (یای ویلمەی سەیادیان ویای خەجیجە حیدری) ئەو ڕوانگەیە وباوەرە هەتا ئێستا لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە و لە کونگرەجیاوازەکانی حیزب دا وەک ماددەیەک لەبەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزب دا گونجێندراوە وبۆتە ئەسڵێکی دانبراو لە کاروتێکۆشانی حیزب و بە پێی هەلومەرجی جووڵانەوە کاری پێکراوە ولە ڕێبازەدا هەتا ئێستا بە سەدان ژن لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێکۆشانیان هەبووە ولە رەوتی خەبات وتێکۆشاندا بە دەیان ژن شەهید وبریندارو ئیعدام کراوەن و لەو نێو شەهیدەکاندا ئەندامی رێبەری وکادرو پێشمەرگەی ژن دەبیندرێ (نەسرین حەداد و سوهیلاقادری) و لەو رۆژەدا کە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە بە پێویستم زانی یادێکیش لە شەهیدانی ژن بکەینەوە چ ئەو ژنانەی لەسەنگەری پێشمەرگایەتی و یا لەسەر شەقامەکانی کوردستان لە شۆرشی ژینادا بە پێشەنگایەتی خۆیان پایەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان وەلەرزە خست، و سڵاو لە روحی بەرزەفریان بکەین کە بە کارو تێکۆشان و ئازایەتی لە خۆ بردوویان سەڵماندوویانە قوتابی ڕاستەقینەی قوتابخانەی پێشەوای نەمرن.

١٢- پێشەوا کاتێک زانی بە هۆی خەیانەتی نێوخۆیی وگەلەکۆمەکی نێودەوڵەتی ناتوانی بەرگری لە کۆماری کوردستان بکا، ڕیگایەکی هەڵبژارد کە تەنیا مرۆڤە باوەرەدارەکان بە ئامانجەکانیان دەتوانن ئەو ڕیگایە هەڵبژێرن. پێشەوا بە زانیاری وئاگاداری تەواوە ئەو ڕێگایە هەڵبژارد وگیانی خۆی فیدای ڕێگری لە کوشتاری خەڵکی کوردستان کرد. لە دواساتەکانی ژیاندا کاتێک دادئەستین نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ چی نەرۆیشتی وئێرەت بەجێ نەهێشت؟ لە وەڵام دا پێشەوا دەڵێ: «لە دەپێشدا لە بەر بەڵێنێک بە نەتەوەی خۆم داوە کە لە نێویان دا بژیم. دووهەم لەبەر ئەوەی پێش بە خوێنرێژی بگرم وبە تایبەتی لەبەر زیندوومانەوەی من، کوشت وکوشتارنەکرێ.» لە حاڵێک دا پێشەوا وهاورێکانی هەم فورستیان

هەبوو ناوچەکە بە جێبهێڵن وهەم دەیانتوانی داوای بخشین لە شابکەن. بەڵام مەرگی پڕ لەشانازیان هەڵبژارد وگیانی خۆیان فیدای مانەوەی گەڵ کرد.

١٣- دادگایی کردنی پێشەوا وهاورێیانی لاپەرەیەکی دیکەیە لە مێژووی پڕ لە شانازی ئەوان، بە پێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست، پێشەوا لە جەلەسەکانی دادگا وەک هەل وفورسەت بۆ دیفاع لە مافەکانی نەتەوەی کورد کەلکی وەرگرتووە نەک دیفاع کردن لە خۆیان. بە وتەی سەروان شەریفی کە وەکیلی قازییەکان بووە، ئەوە قازییەکان بە تایبەتی پێشەوا بووکە دادگای محاکمە دەکرد وهەموو ئەو تاوانانەی درەرحەق بە کوردیان کردبوو بە چاوی دا دەدانەوە.

لە کۆتایی دا وەبیر دێنمەوە، لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و پەیمان نوێ کردنەوەیە لە گەڵ ڕوحی شەهیدان پێویستە خەسڵەتە بەرزە ئینسانییەکانی پێشەوا وهەموو شەهیدان کە لە پێناوی ئازادی وبەختەوەری گەڵ دا گیانیان بەخت کردووە بکەینە سەرمەشق وئەوندەی دەتوانامان دایە بۆ یەکریزی ویەکبوونی کورد هەوڵ بدەین.

با لە ٧٧ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا وهاورێیانی دا هەموو ئۆگران و ئەویندارانی نیشتمانێکی ئازاد وسەربەخۆ، بەڵێن بە روحی بەرزەفری پێشەوا وهەموو شەهیدانی کوردستان بدەین کە هەتا لوتکەی سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگای خەباتیان بین.

بە هیوای وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی کوردستان

ئێوەش سڵامەت وسەربەرزوسەرکەوتووبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٤

## د. عەبدولڕەحمان قاسملوو:

### سەرکەوتنی هەرەگەورەی ئێمە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتە



(بەشێک لە وتاری د. قاسملوو لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاویدا)

وەختێک لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە سێدارە دران، پەیامێک، مەشخەڵێک لەوان بەجێ ما. لە هەموو شتێک گرینگتر ئەوە بوو کە ئەو مەشخەڵە قەت نەکوژێتەوە، لە هەموو شتێک گرینتر ئەوە بوو کە ئەو پەیامە بە نەسڵەکانی داهاتوو بگا. ئەگەر بڵێین حیزبی ئێمە، حیزبی سێ نەسڵی، سێ پشتی کۆمەڵی کوردەوارییە. نەسڵی یەکەم حیزبەکەی دامەزراندوە و پەیامەکەی ناردوە مەشخەڵەکەی هەتا ئەوەندە پێی کراوە نەیهێشتوە بکووژێتەوە. کاری نەسڵی دووهەم زۆر بەزەحمەتتر بووە، لە ساڵی ١٣٢٦وە هەتا ساڵی ١٣٥٧ نزیکەی ٣٢ ساڵ کە فاسلەیەک لە بەینی پەیامی پێشەوا قازی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێکهاتبوو، پێویست بوو لەو فاسلەیەدا کە سەدان لە ئەندامانی حیزبەکەمان لە زینداندا بوون، دەیان ئێعدام کران و زۆریان دەربەدەر بوون؛ پێویست بوو لەو فاسلەیەدا ئەو مەشخەڵە ڕابگیرێ، نەکووژێتەوە و تەحویلی نەسڵی جەوانتر بدرێتەوە.

ئەمن پێم وایە گەورەترین شانازی ئی ئەو کەسانەیە کە وەختی خۆی لە سەر سێدارەی پێشەوا قازییەوە مەشخەڵەکەیان وەرگرت و گەیاندوویانەتە ئەو ڕۆژەی کە ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و مەشخەڵەکەیان داوەتە دەستی نەسڵی جەوان کە تازە پێم وانییە هیچ هێزێک بتوانێ لە دەستی دەرهێنێ، ئەوە گەورەترین شانازی ئەو نەسڵەیە و حەقی هەیە لە تاریخی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە مێژووی میللەتەکەماندا شانازیی پێ بکات.

لە خەباتی دوور و درێژ بۆ ئازادیی گەلان موهیم نییە کەسێک، تەنانەت نەسڵێک لەو خەباتەدا حەتمەن سەرکەوێ. زۆر میللەت هەیە بە دەیان نەسڵ خەباتی کردوە هەتا ئازادی دەست کەوتوە، لەبەر ئەوە موهیم ئەوە نییە کە ئەو نەسڵە کە مەشخەڵەکەی وەرگرت و تەحویلی نەسڵی جەوانی دا لەو خەباتەدا سەرکەوێ. مۆهیم ئەوەیە کە مەشخەڵەکە دراوەتە دەستی نەسڵێکی دیکە کە بێگومان ئەو مەشخەڵە هەتا سەرکەوتنی گەلەکەمان هەتا وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلی کورد هەر ناکووژێتەوە. بەڵام هەروەک گوتم لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، وەختێک پێشەوا وەک سیمبولی کۆماری کوردستان چووە سەر سێدارە پەیامێکیشی بەجێهێشت، ئەو پەیامە چییە؟

ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئەوانەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن، تەنانەت ئەگەر دەیان جار مردنیشیان لە پێش بێت هەتا سەرکەوتن دەست لە خەبات هەڵناگرن. پێشەوا بۆ خۆی بۆ ئەمە نموونە بوو. ئەو پەیامە ئەوەیە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بۆ بەختیاری و سەربەرزی و خۆشیی گەلەکەمانە. تا ئەوکاتە حیزبەکەمان لەنێو گەلی کورددا نفووزی هەیە، تا ئەووەختە کە گەلی کورد پشتیوانیەتی حیزبی دێموکرات هەر دەمێنێتەوە و حەتمەن سەردەکەوێ. ئەو پەیامە ئەوەیە کە لە ڕێگای ئازادیدا میللەتێکی زیندوو دەبێ فیداکاری بکا. ئێمە زۆر لە باشترین و فیداکارترین ئەندامانی حیزب و تەنانەت ئەفرادی غیرە حیزبیمان لەو ڕێگایەدا قوربانی کردوە و شەهید بوون. کاروانی شەهیدانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ درێژتر دەبێ. بەڵام میللەتێک بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە، میللەتێک بیهەوێ نیشان بدا کە سەربەخۆیە و لەنێو میللەتانی زیندوودا جێگای هەیە دەبێ نرخی ئازادیی خۆی بدا، ئازادییش لە تاریخدا نیشان دراوە کە نرخی گرانە و بێ نرخیش وەرناگیرێت.

هەروەها ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئازادی و دێموکراسی تێدەکۆشین و کەسێک ناتوانێ بۆ ئازادی لە دوارۆژدا تێ بکۆشێ و ئێستا خۆی ئیحترام و ڕێز بۆ دێموکراسی دانەنێت. ئەو کەسەی کە بەڕاستی دێموکراتە و بە قووڵی دێموکراسیی خۆش دەوێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە چ لەنێو حیزبەکەماندا و چ لە دەرەوەی حیزبەکەماندا بۆ بیرو باوەڕی جیاوازی خەڵکی دیکە ئیحترام دابنێ. دێموکرات ئەو کەسە نییە کە ئیحترام تەنیا بۆ بیروباوەڕی ئەو کەسانە دابنێ کە لایەنگری

دێموکراتن. هەتا ئەوکاتە یەکێک دەستی بۆ چەک نەبردوە دژی ئێمە، ئێمە تەحەمووڵی بیرو باوەڕەکەی دەکەین و ئەوە یەکێک لەو پەیامانەیە کە پێشەوای مەزن بۆی بەجێ هێشتووین کە دەبێ دێموکرات بین و تا سەریش دێموکرات بین. ئەوە پەیامی ٢ی ڕێبەندانە. ڕەنگە لە ژیانی یەک نەفەردا ٤١ ساڵ زۆر بێت، بەڵام لە ژیانی میللەتێکدا لە مێژوودا ٤١ ساڵ کەمە ماوەیەکی زۆر نییە. ئێمە لەو ٤١ ساڵەدا زۆر سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، بەڵام سەرکەوتنی هەرە گەورەی ئێمە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و دێموکرات و ئینسانی وەک حیزبی دێموکراتە کە پێی وایە لە دواڕۆژدا هیچ دوژمنێک تازە پێی ناوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٤ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٤ی زایینی**

---




١٠
خاكەلێوە
KURDISTAN
٧٧
شەهیدەکانمان مایەی سەربەرزی و شانازیمانن
ڕەحمان نەقشی